دیوانی زێوەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

دیوانی زێوەر

مەحموود زێوەر

کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

ناوی کتێب: دیوانی زێوەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٢١
ئامادەکردنی: مەحموود زێوەر
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی هونەریی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ٣١٥ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ



زێوەر

پێشەکی

خوێنەرانی خۆشەویست و بەڕێز: بەشانازییەوە (دیوانی زێوەر)ی باوکمتان پێشکەش ئەکەم کەوا زیاد لە پەنجا ساڵە کۆچی دوایی کردووە و هێشتا دیوانەکەی بەتەواوی چاپ نەکراوە. بەڵام وەنەبێ کەمتەرخەمیمان کردبێ، بەهەر حاڵێک بووبێ و بەگوێرەی ڕۆژ و توانا توانیومانە خوێنەری لێ بێ بەش نەکەین.

لە ساڵەکانی ١٩٥٦ەوە کەوتمە کۆکردنەوەی زۆری ئەو هەڵبەستانەی کە لای خۆمان نەبوون. چونکە سەرجەمی شیعرەکانی ژیانی خۆی لە سەردەمی (دەربەدەری)یەکەیدا فەوتاوە یا سووتاوە ئەوە هەموو لێی بێ بەش بووین، بەڵام هەوڵی دڵسۆزانەی پیاوچاکان و کۆکردنەوەیان و پاراستنیان زۆر جێی ڕێز و سوپاس و شانازییە بۆمان. لەوانە مامۆستای خوالێخۆشبوو (نەجمەدین مەلا) کە کەشکۆڵێکی تایبەتی بەشیعرەکانی (زێوەر)ی لابوو زۆر جار دوای ئەرکی دەرس وتنەوەی قوتابییانی شەوێ سەرم لێ ئەدا و هانم ئەدا کە نوسخەیەکم بۆ بنووسێتەوە تا بتوانین چاپی بکەین. ئەویش دەستی نەنا بەڕوومەوە و ئەرکی نووسینەوەی گرتە ئەستۆ، هەرچەندە لە نووسینەوە و گواستنەوەی شیعرەکاندا دەستکاری کردبوو بەپێی ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی پەراوێزی بۆ نووسیبوون کە لەمەشدا کەوتبووە هەڵەوە و خوێنەری دوای خۆشی پشت بەو سەرچاوەیە کەوتبوونە هەڵەوە، و چەند هەڵبەستێکی بەختیار زێوەری بەهی زێوەر دانا بوو لەوانە (باسی دونیا) و (هەڵهێنانی مەتەڵ)ی گۆڤاری بانگی کوردستان و گۆڕینی هەڵبەستی (فەلەستین) بە (وڵاتم) دارشتبووەوە بەم جۆرەش بەڕێز (کاکە حەمەی حاجی عارف)، خاوەنی (کتێبخانەی زێوەر) ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆی و ناردی بۆ لای بەڕێز خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) و لە ساڵی ١٩٥٧دا لە چاپخانەی مەعاریفی بەغداد بەچاپکراوی بەشێکی بەناوی (سۆزی نیشتمان)ەوە بڵاوبووەوە و کەوتە دەست خۆینەران.

بەشە چاپ نەکراوە دەستنووسەکەی گەڕایەوە بۆ من و لای خۆم پاراستم، لەم دواییەدا کە نرخ و بایەخ لە جاران زیاتر درا بەئەدەب و شیعر و نووسین، زۆر کەس داوای چاپکردنی تەواوی دیوانەکەیان ئەکرد. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ مامۆستای بەڕێز خوالێخۆشبوو (جەمال محەمەد محەمەد ئەمین)دا یەک کەوتین کە سەرجەمی هەموو شیعرەکانی کۆبکاتەوە و بینووسێتەوە و ئامادەی چاپی بکا و بمداتێ دوای پیاچوونەوەی و ڕازیبوونم لە چاپی بدەم.

مامۆستا جەمال لەسەر ئەرکی مامۆستایەتی خۆیەوە پیاوانە کارەکەی سازدا و بردی ڕەقابەشی کرد و ئینجا هێنایەوە کە چاپی بکەین بەڵام دوای پیاچوونەوە ئەمیش کەوتبووە ئەو هەڵانەوە کە مامۆستا نەجمەدین مەلا پیا ڕۆیشبوو. چ لە گواستنەوەی شیعرەکان و چ لە پەراوێزەکاندا کە لە سۆزی نیشتماندا نووسرابوونەوە و دەقاودەق وەک خۆی بەبێ گۆڕان گواستبوویەوە و دەستنووسەکەی خۆی وە خۆیشی کەوتبووە چەند هەڵەیەکی ترەوە لەبەر نەبوونی سەرچاوە و یەکباڵی ئیشەکەی و دووریشی لە شارەوە کە مامۆستای ناوەندی بوو لە چوارتا و ئەگەر بهاتایە کتێبەکە بەم جۆرە چاپ بکرایە و دەست خوێندەواران

بکەوتایە ئەبووینە مایەی گلەیی و نارەزایی ئەدەب دۆستان و ئێوەی بەڕێز. لەبەر ئەوە ڕازی نەبووم و ناچار ڕووم لێنا کەوا دەست هەڵگرێ لە کارەکەی و ئەو دەستنووس و سەرچاوانەی خۆمانمان بداتەوە دەست کە دابوومانێ و دیوانە ئامادەکراوەکەی خۆیشی بۆ خۆیم گێڕایەوە و مافی چاپکردنی ئەدەمێ دوای چاپکردنی ئەم دیوانە چاپی بکاتەوە بەو دیراسەت و پێشەکییەی کە خۆی بۆی نووسیوە. بەم کارە مامۆستا جەمال ڕازی بوو و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و زۆر سوپاسی ئەکەین.

بێگومان کارێکی وا بەتاکە کەسێک ناکرێ، ناچار ڕووم لە بەڕێزان (پرۆفیسۆر د. عیزەدین و مامۆستا ئەحمەد محەمەد)، ئەمینداری گشتی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی نا کە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن بۆ نووسینەوە و پیاچوونەوە و پەراوێز بۆ نووسین و ڕاستکردنەوەی دیوانێکی ڕێکوپێک بۆ شیعرەکانی (زێوەر) بەپێی ئەو دەستنووس و سەرچاوانەی لەبەر دەستیان هەن بەتایبەت مامۆستا مەحموود بەهۆی کتێبخانەی ئەوقافەوە. جگە لە کەشکۆڵێکی مامۆستای بەڕێز (حەمە عەلی قەرەداغی) کە بۆی ناردین خۆیشی زۆری ئەو شیعرانەشی لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردبۆوە.

بەڵام بۆ ئێمە سەرچاوە بۆ ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی چەند شیعرێک کە لە هەندێ سەرچاوەدا هەڵەی تێ کەوتبوو لە گواستنەوەدا. ئەمەش بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی دیوانەکە و زۆر سوپاسی مامۆستا حەمە عەلی ئەکەین. چونکە زۆری ئەو هەڵبەستانە لای ئێمە لە گۆڤارە کوردییەکانا بەرچاو نەکەوتبوون. بەمانە کارەکە بەرەو هەنگاوێکی پێشتر ڕووی نا.

بۆ ئەوەی دیوانەکە سەرجەمی هەموو شیعرەکانی بێ لە چاپکراوەکانی کاتی ژیانی شاعیر خۆیدا (دەستە گوڵی لاوان) و (چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچی)یشمان لەگەڵ دانان بۆ چاپکردنەوە. لەبەر دوو هۆ: یەکەم: بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕۆڵی شیعری زێوەر نەپچڕێ. دووەم: ئەو خوێنەرانەی ئێستەش کە دەستیان نەکەوتووە لێیان بێ بەش نەبن.

ئەمە کورتەیەکی سەر گوزشتەی چۆنییەتی چاپکردنی ئەم دیوانەیە.

بەڵام چەند ڕایەک دەربارەی زێوەری باوک لە دوو خاڵدا دەرئەبڕم:

یەکەم: زێوەر بەڕابەر و ڕێچکە شکێنی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری دائەنێم لە کوردستاندا چونکە بەر لەو و تا سەردەمی ژیانی ئەویش کەس ئەو بۆچوون و ئەرکە پیرۆزەی نەبووە و نەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

فەرموون ئەوەتا مامۆستا (جەمال بابان) لە یاداشتی منداڵیدا بۆمان ئەگێڕێتەوە کە باوکی مودیری ناحیەی سروچک (بەرزنجە) بووە و (زێوەر)یش ئەو دەمە مامۆستای قوتابخانە بووە، چۆن هانی خەڵکەکەی داوە دوای تەواوکردنی کار و فرمانی ڕۆژانە یان شەو بێن پێیان بخوێنێ.

دووەم: زێوەر بەڕابەری ئەدەبی منداڵ دائەنێم کە بیرەکەی لە خۆیەوە سەری هەڵداوە، بۆ گۆرانی و سروودی کوردی، بەڵگەشم پێشەکییەکەی نامیلکەی (دەستەگوڵی لاوان)ە کە بەقەڵەمی نووسیویە.

خوێنەری بەڕێز، هیچ دیوانێک و نووسراوێک خاڵی نابێ لە کەموکوڕی تەنانەت دوای چاپیش،

لەوانەیە هێشتا زۆر شیعری تری زێوەر مابێ کە ئێمە دەستمان نەکەوتبێ ئەگەر لە دڵسۆزانەوە شتی ترمان زۆر پێ گەیشت بەڵێن بێ لە چاپێکی تردا و لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەڵەکاندا جارێکی تر بەشێوەیەکی قەشەنگتر چاپی بکەینەوە.

سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو دۆست و ئەدەب دۆستانەی کە کەشکۆڵی تایبەتی خۆیان یان چەند نموونەی شیعریان بۆ ناردووین کە بەراوردمان کرد هەموو یەک سەرچاوە ئەگرنەوە کە ئەویش مامۆستا (نەجمەدین مەلایە) لەوانەش بەڕێز کاک ئەحمەد و حەمکولی قەسساب.

مەحموود زێوەر

زێوەر

١٩٤٨-١٨٧٥

زێوەر ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی ئەفەندی مەلا ڕەسوڵی بەبنەچە پشدەرییە و لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی بەرامبەر ١٢٩١ی کۆچی لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانیسکان هاتۆتە دونیاوە. وەک خۆی بۆمان ئەگێڕێتەوە لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٦١٨ شوباتی ١٩٤١ نووسیویە:

«ئەو ڕۆژەی ناردمیانە قوتابخانە تەصادوفی نەورۆزی کورد، مامۆستاکەم وەرەقەیەکی (نەورۆزنامە)شی دا بەمن پارەی بۆ بەرم. منداڵان لە هەموو لایەکەوە هەڵ ئەپەڕین و نەورۆزنامەیان ئەخوێندەوە منیش سەیرم ئەکردن نەم ئەزانی بیخوێنمەوە، کە هاتمەوەماڵەوە دەستم کرد بەگریان، باوکم وتی بۆچی ئەگری. ئەوە پارە بۆ مامۆستا ئەوەش بۆ خەرجی خۆت. وتم بۆ پارە ناگریم. ڕەفیقەکانم هەموو ئەم کاغەزە ئەخوێننەوە و من هیچ نازانم، وتی ڕۆڵە عاجز مەبە من فێرت ئەکەم، میقدارێک خەریک بوو شیعرێ فێر بووم (نوروز شد نوروز شد) ئەنجا وامزانی میرزا شەفیعم...»

دوایی لە حەوت ساڵانە خرایە حوجرەی مەلا سەعید (خواجە ئەفەندی) بۆ بەر خوێندن. قورئان و ناگەهان و گوڵستان ئەخوێنێ، بەدەم فارسی خوێندنەوە دەست ئەکا بە (نصاب صبیان) و ئەچێتە فەقێیەتی، لە پێشا هەر لە سلێمانی، بەڵام لەم ماوەیەدا فارسییەکەی لای خواجە ئەفەندی هەر ئەخوێند، لە پاشا ئەچێ بۆ مەریوان و بانە و لەوێوە بۆ موکریان و ساباڵاخ و بەسەر ڕەواندزدا ئەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و کەرکووک و دێتەوە بۆ سلێمانی لە مزگەوتی (بن تەبەق) مزگەوتی عیرفان دەرزی عیلمی عەروز و قافیە لە لای عیرفان ئەفەندی ئەخوێنێ و ئەبێ بەموستەعیدێکی باش.

زەمان زەمانی تورک و چوونە ئەستەموول باو بووە، ئەمیش هەوای ئەو چوونەی ئەکەوێتە سەر، لە ساڵی ١٣١٧ی ڕۆمیدا ملی ڕێ ئەگرێ و ئەچێ بۆ ئەستەموول، لەوێ لە لایەکەوە لەگەڵ (عالم و ئەدیبە)کانا هەڵسوکەوتی کردووە، لەلایەکیشەوە هەموو دەمێ تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو پیاوە کوردانەدا کە لەوێ ئیش بەدەست بوون کردووە. چوار ساڵێک بۆ خوێندن و زیادکردنی زانیاری دنیا و دیدەیی لە ئەستەموول ئەمێنێتەوە لە پاشا هاتۆتەوە بۆ سلێمانی.

لە مارتی ١٣٢٤ی ڕۆمی و دوای تاقیکردنەوە کراوە بەمامۆستای قەواعیدی زمانی تورکی لە ڕوشدیەی عەسکەری بەمووچەی ٤٠٠ قروش، تا هەڵگیراوە.

لە مارتی ١٣٣٠ کە قوتابخانەکە گۆڕا بەمەعاریفی عومومی و ناونرا (نەشویفەیە) دامەزرا بەوەکیلی مامۆستای یەکەم بەمووچەی ٥٠٠ قروش کە پێیان ئەوت (باش معلم) و مایەوە بەمامۆستا هەتا ئیخلالی ئینگلیزی و لە کانوونی یەکەمی ٩١٨ کرا بە (باشکاتب تەحریرات) بەمووچەی ١٦٠ ڕوپیە.

کە ئینقلاب ڕووی دا لە شارا بێ ئیشوکار مایەوە تا لە ١٩ شوباتی ٩٢١ دا بەمامۆستا دامەزرا لە (نموونەی سەعادەت) بەمووچەی ١١٠ ڕوپیە و لە شوباتی ٩٢٢ دا مووچەکەی زیاد کرا بوو بە ١٢٠

ڕوپیە تا چۆڵکردنی شاری سلێمانی بەهۆی ڕووداوی سیاسییەوە. لە مارتی ١٩٢٥دا سەرلەنوێ بەمامۆستای یەکەم دانرا لە قوتابخانەی سلێمانی یەکەم بە ١٣٠ ڕوپیە لە پاشا مووچەکەی کەم کرایەوە بۆ ١٢٠ ڕوپیە بەهۆی باری ئابووری وڵاتەوە و گوێزراشەوە بۆ قوتابخانەی سلێمانی دووەم و مایەوە تا ساڵی ١٩٣٠ لەوەدوا گوێزرایەوە بۆ ناحیەی بەرزنجە و بەمامۆستایەتی مایەوە وەکو سزایەک و دوور خستنەوەیەک بۆ دابڕان لە کۆمەڵ و ڕۆشنبیران و بێ ئاگا بوون لە ڕووداوی سەردەمی خۆی تا ساڵی ١٩٣٨ و لەوێشەوە بۆ بیارە و لە دواییشدا لەسەر کار لابرا بەمانگانەی (٣,٨٣٢) دینار و هەشت سەد و سی و دوو فلس. کە هی ماوەی خزمەتی کۆنی بوو.

زێوەر لە گوزەراندا زۆر ئامادە نەبوو، بەمووچەیەکی کەمی خانەنشینی شاهانە و سەر بەرزانە ڕای ئەبوارد ئەوەتا لە نامەکەیدا کاتێ نامیلکەی چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچی پێشکەش بەحەسەن بەگی جاف (حەسەن فەهمی) ئەکات تێیدا نووسیوویە: «ئەم ڕجای خوصووصییەم لە خزمەتدا ئەوەندەیە نەعەریضەکەم بەعەریضەی طەلەب بناسە و نەکتێبەکە لە ضمنی هیچ مەطلەبێکا تەقدیم نەکراوە بەئومێدی هیچ جائزە و موکافەئات نەنێرراوە. ڕجا ئەکەم کە ئەویش هەر بەمحەبەت و یادگاری قوبووڵی بفەرموون. بێخود کە تەشریفی لە خزمەتدایە ئەزانێ شارەزایە تا عومرم گەیشتۆتە ئەم وەقتە شیعر فرۆشیم نەکردووە و ئێوەش هەروای بزانن بەگم.» ئینجا لێرەوە با ئەوە بڵێین کە کەسێک خۆی بڵێ شیعر فرۆشیم نەکردووە ئایا ویژدان ئەفرۆشێ؟؟ ستایش و پیا هەڵدان بۆ پلە و پایە و پارە ئەکات؟؟؟

نە ، هەرگیز نە ، زێوەر هەرچەندە خێزان باریش بوو نەفسێکی زۆر بەرز و شاهانەی بووە، دەروێش مەشرەب و ڕەوەند و خواپەرست و دیانەت ڕاگیربووە وە هەر ئەوەش بووە بەوەی جێی متمانەی بنەماڵەی شێخی نەمر بێ ئەوە بوو شێخ ڕەؤوفی کوڕی لە خوێندنا دواکەوت و ئەویش کەسێک کە جێی بڕوا و متمانەی شێخی نەمر بێت (زێوەر)ە و هانای بۆ دێنێت تا نامەیەک بۆ شێخ بنێرێت و باسی هەوڵ و کۆشش و بەردەوامی ڕەؤوفی تیا بکات. بەو نامە شیرین و ئەدەبییە بەرامبەر سەردار و مەلیک و حوکمداری کوردستان نامەیەکی جوان و قەشەنگ و ڕەنگین ئەڕازێنێتەوە و بۆی ئەنێرێ کە دەقەکەی لە بەشی ستایش و پیاهەڵدان ئەخوێنیتەوە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە شێخ زۆری خۆش ویستووە و ڕێزی تایبەتی بۆ داناوە و ئەمیش جێی لە دڵی شێخی نەمردا کردۆتەوە. ئیدی چۆن زێوەر هیچی بۆ شێخ نەنووسیوە و نەوتووە؟

زێوەر چۆن شاعیرانی پێش سەردەمی خۆی لە تورک و فارس و کوردەکان کاریگەرییان هەبووە لە سەری و ڕێباز و ڕێوشوێنی زۆریان بەشیعرەکانیەوە دیارە، هەروەها ئەمیش کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، وەکو مامۆستایانی خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی و ڕەفیق حیلمی و عەلی باپیر و شێخ نوری شێخ ساڵح و عەلی عارف ئاغا شاری ئەخۆڵ و بێکەس و بەختیار زێوەر و زۆری تریش، لەسەر هەمووشیانەوە پیرەمێردی نەمر.

بێینە سەر پەراوێز و شیعرەکانی، ئەوە بوو لە سەرەتاکەدا بەکەمی ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە نەجمەدین

مەلا زۆر پەراوێزی بەهەڵە و ڕا و بۆچوونی خۆی داناوە بۆ شیعرەکان و خوێنەریشی خستۆتە هەڵەوە. ئەوەتا لە هەڵبەستی ئاسایشەکەیدا:

حەمدوللا وا لە دەوری باغی دێ سەنگەر نەما

ئەشقیا شەق بوو شەق پێنج تیر و ماو و زەرنەما

هەر بەختەتی خۆی جۆرە پەراوێزێکی تری بۆ ئەم هەڵبەستە نووسیوە کە زۆر جیاوازی هەیە لەوەی پێشتری. ئینجا لەبەر ئەوەی جیهانی شیعری زێوەر زۆر فراوانە و دابەش ئەکرێت بەسەر حکوومەتدا کە یەک لە دوای یەک هاتووە، دەوری عوسمانی، ئیحتیلالی بریطانیا ، حکوومەتی کوردیی شێخی نەمر و دەوڵەتی عێراق کە لەم هەر چوار بوارەدا ڕۆڵی شیعری خۆی دیوە بەسەرکەوتوویی ئینجا بەڕای من کەسێک شارەزایی تەواوی ئەو سەردەمە مێژووییەی نەبێ بۆی نییە پەلامار بدات و بەپێی ڕاوبۆچوونی ئیمڕۆ شیعرەکان هەڵسەنگێنێ و بیانداتە بەر تانە و تەشەر.

زێوەر بەرهەمی زۆرە لەمانە کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ کراون.

١- ژیانی پێغەمبەران.

٢- دەستەگوڵی لاوان.

٣- چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت.

٤- داستانی (سوزناک کربلا) شیعرە بەفارسی لە چاپ دراوە ١٩٨٨.

٥- چیرۆکی حکوومەتێکی خەیاڵ و بەشێک لە کتێبی (من عمان الی العمادیة) کە ئەوەیان وەرگێڕانە و لە ساڵی ١٩٩٩ لە دەزگای خاک و بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ دووجار چاپ کراوە.

٦- سۆزی نیشتمان، بەشێکی کەمی دیوانی شیعری ساڵی ١٩٥٧ چاپ کراوە.

٧- (فەرهەنگی زێوەر) دەستنووسە و ئامادەیە بۆ چاپ، بریتییە لە ٢٣ هەزار وشەی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زبانی کوردی و من خستوومەتە سەر شێوە ئیملای تازە.

٨- وەرگێڕانی کتێبی (الزنبقة البیضاء) کە هی نووسەرێکی ڕووسی بوو بەناوی (گریگوري بتروف) بەداخەوە کەوتە لای ئامینەخانی خوشکم و نەگەڕایەوە دیارە فەوتاوە.

٩- (دیوانی زێوەر) ئەمەی ئێستە لەبەر دەستایە و ئومێدەوارم کەموکوڕی نەبێ.

ماوەتە سەر ئەوەی کە بڵێین مامۆستا محەمەد مستەفا فاضل مستەفا نامەی ماجستێری لەسەر (زێوەر و ژیان و بەرهەمەکانی) لە زانکۆی سەلاحەدین بەسەرکەوتوویی وەرگرتووە. پیرۆزبایی لێ ئەکەین. زێوەر لە ژیانی خێزانیدا دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان کچی خاڵی بووە ناوی ڕەعنا خانی کچی حاجی حەسەنی سەلیم ئاغای جوامێر ئاغای پشدەری بووە کە ئەکاتە خوشکی فایق (بەختیار) و دوو کچی (زوهرە و حلاو)ی لێ بووە و ژنی دووەمی (شەمسە)ی کچی حەمە سووری مەلا قادر بووە کە ئەویش بەخزمایەتی لە دایکی شەمسە خانەوە ئەگاتەوە بەزێوەر و لە میش سێ کچ (جەمیلە و ئامینە و شایستە) و دوو کوڕ

(مەحموود و حەسەن)ی لێ بووە.

زێوەر لە گوزەراندا زۆر ئامادە نەبوو، مانگانەیەکی کەمی تەقاویتی هەبوو کە لەم دواییەدا بەوە ڕای ئەبوارد هەرچەند خێزانێکی زۆری هەبوو نەفسێکی زۆر بەرزی شاهانەی بووە، دەروێش مەشرەب و ڕەوەند و خواپەرست و دیانەت ڕاگیر بوو، لە خواردنەوە بەدوور بوو حەزی بەجگەرەکردووە، لەم دەوری دواییەدا تا بەنەخۆشی نەگلا بوو زیاتر وەقتی لەگەڵ ئەدیب و شاعیرەکاندا بەباسی لێکۆڵینەوەی (شیعر و ئەدەب) ڕائەبوارد بەتایبەت لەگەڵ مامۆستا مەلا سەعید ئەفەندی کابان دا کە بەڕاستی وەک دوو برا و دوو ئازیز و خۆشەویست هەر شەو لە یەک دانەبڕان و مزگەوتی عیرفان (بن تەبەق)یان کردبووە جێ نزرگە و دانیشتن لەگەڵ ئەمیشا مامۆستا مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسووڵیش هەردەم لەگەڵیان بوو، زۆر حەزی بەدامە و شەترنج و سەیران و دیمەنە دڵڕەفێنەکانی کوردستان بووە.

مامۆستا بەهجەت سەعید کابان ئەگێڕێتەوە:

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧ لە خولێکی تایبەتدا کە بۆ قوتابییانی قوتابخانە سەرەتاییەکان کرابووەوە چەند مامۆستایەک وانەیان تیا ئەوتەوە یەکێک لەوانە خوالێخۆشبوو مامۆستا فائق بێکەس بوو، ڕۆژێکیان لێم پرسی مامۆستا جوانترین و بەهێزترین شیعر بەلای بەڕێزتانەوە چییە؟ فەرمووی ئەم هۆنراوەیەی مامۆستا (زێوەر)ە کە ئەڵێت:

گەرچی ئەرزی هێند بڵندی وەختە لای من بچیتە عەرش
واسیتەی سەربەرزی بۆ ئیجرای ئایینی منی

ئەمە بەشێکە لە هەڵبەستی سروودی (ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی) عەلی باپیر ئاغای شاعیر بێجگە لەوە لە کتێبی (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم)دا بەشێکی تایبەتی بۆ زێوەر داناوە لێرەشدا بەم چوارینە زێوەر هەڵ ئەسەنگێنێ:

زێوەر لە کوردی یا زۆر تەبعی تەڕ و ڕەوانە
بێخود لە فارسی دا هوشیار و نوکتە زانە
نوری موقەللیدە بێ ڕاوکە شیعری نایە
شوکری بەڕاستی ئەیڵێم ئوستادی شاعیرانە

عەلی باپیر ئاغا گێڕابوویەوە کە کاتی خۆی ئەم شیعرەی وتووە. حەمدی زانیویەتی شەش مانگ قسەی لەگەڵا نەکردووە.

عەلائەدین سەجادی لە بەرگی یەکەمی چاپی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەشێکی تایبەتی بۆ زێوەر تەرخان کردووە.

ڕەفیق حیلمی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەمدا بەشانازییەوە باس لە زێوەر ئەکات.

بەڕێز صدیق بۆرەکەیی لە کتێبە بەنرخەکەیدا کە باس لە ئەدەب و مێژووی ئەدەب ئەکا بەشێکی زۆری

بۆ زێوەر تەرخان کردووە لەمانە زۆر و زۆر باسکراون لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ئێستگە و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە، ئەمە کارێکی وای کردووە کەسانێک شانازی بە (زێوەر)ەوە بکەن و بیکەن بەنازناوی خۆیان و دەست لە ناوی باوک هەڵگرن و بیسڕنەوە. لەم ئاخرەشدا و لە پیری و لاوازی لەگەڵ نەخۆشیدا بوون بەدەستەبرا تا لە ڕۆژی ١٠/١١/١٩٤٨ هەر لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی (شێخان)ەکانی ئاسکان، شەقامی کاک ئەحمەدی شێخی ئێستە، تەنیشت مزگەوتی عیرفان (بن تەبەق) لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و گیانی پاکی بەرەو ئاسمانی بەرین ڕێی گرتەبەر و تەرمەکەشی بەرەو گردی گوڵان (جۆگە) بەڕێ کەوت، وەک دێتەوە بیرم و بیستمان لە کاتی هەڵگرتنی تەرمەکەی مقۆ مقۆ و مشتومڕ پەیدا بوو لەنێوان لایەنەکاندا هەر کەسە خۆی بەخاوەنی ئەزانی بەڵام لە پاشا کێشەکە چارەکرا و بەشێوەیەکی ڕەسمی و نیزامی بەرەو گۆڕستان بەڕێ کرا و خەڵکێکی زۆر لەگەڵ تەرمەکەدا بوون و قوتابییان بەڕێز و بەسروودی تایبەتی ماتەمینییەوە ئەم چەند دێرانەیان ئەوتەوە کە لە هەڵبەستی مامۆستا ا.ب هەوری بوو:

کۆستی سەختی جەرگ بڕا
بەرگی ماتەم بۆ گشت بڕا
ئەمڕۆ فەرزە چونکە زێوەر
لە باخی ژین وا چووە دەر
ئەو (زێوەر)ەی گشت ژیانی
کاتی پیری و گەنجی و جوانی
سەرفی ڕێگای مەعاریف کرد
نامرێ کەسێ بەڕووی سوور مرد

ئەم چەند دێرەم لە کاک کەمال قادر شارباژێڕییەوە دەست کەوت کە خۆی یەکێک بووە لەو قوتابییانەی بەڕێز ئەم سرووودەیان خوێندوەتەوە بەئاوازێکی تایبەتی کە گەیشتنە سەر قەبران و ئینجا مامۆستا عەبدولمەجید حەسەن، مودیری مەعاریفی ئەوسا و بەعەرەبی وتارێکی جوان پێشکەش ئەکات و، زێوەر بەباشی ئەنرخێنێ وەک مامۆستا بەهجەت سەعید کابان بۆمان ئەگێڕێتەوە: «لە کاتی بەخاک سپاردنی خوالێخۆشبوو مامۆستا (زێوەر)دا لە گردی جۆگە خوالێخۆشبوو (پیرەمێرد) لەسەر گۆڕەکەی وەستا و وتی: زێوەر بەبیرتە لەگەڵ مەلا سەعید ئەفەندی کاباندا لە کاتێکدا دەرستان بەقوتابییەکان ئەوت تەیارەکانی ئینگلیز بۆردوومانی سلەیمانییان ئەکرد؟».

بەم جۆرە پەردە بەسەر تەمەنی شاعیرێکی پڕ ئەزموونی پەروەردەیی و کوردایەتیدا دادرایەوە وەک خۆی لە پێشەکی دەستەگوڵی لاوان و چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچی دا هەندێ شت ئەڵێت نموونەی خۆبەختکردن بوون وەک خاوەن قەڵەم و هەڵوێست. زێوەر ئەدەبی بەقەڵەم نووسیوە

بەکردەوەش سەلماندوێتی بەرهەمەکانی و نووسینەکانی بەڵگەی هەموو بۆچوونێکن، نازانم چۆن لە چاکە و پیاوەتی و هەوڵ و کۆششی بەڕێز دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول دەرچم کە زۆر زۆر بەپەرۆشی زۆر کاتم لێ گرت و وەڕسم کرد و وەڕس نەبوو هەر بەردەوام بوو بۆ هێنانەدی ئەم دیوانە، بەداخەوە نازانم باسە بەنرخ و سوودەکەی کە بەڕاستی دیراسەتێک بوو بۆ ئەو چینە تازەیە کویێ کەوت و ڕۆشنایی نەدی کە هەر من ئەزانم چ شەونخوونی و هەوڵی تیاداوە، زۆر سوپاسی ئەکەم و زۆر قەرزاریم، هەروەها برای بەڕێز و گەورە و خۆشەویستم کاکە محەمەدی مەلا کەریم کە هەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ چ هەوڵێک و پەرۆشی نیشان داوە بەرامبەر بە لە چاپدانی ئەم دیوانە، خوا ئێوەش ڕوو سوور و سەر بەرزکات بۆ ئەم کارەتان چونکە لە زۆر دەرگامان دا و بەداخەوە لێمان نەکرایەوە وەیان بەڕوومانا داخرایەوە، نازانین (زێوەر) شایانی ئەمەبوو.؟

مەحموود زێوەر

سلێمانی ٤/٧/٢٠٠١

بەشی کۆمەڵایەتی

پاڕانەوە و سکاڵا

ڕیش سپی، ڕوو زەرد و دڵ ڕەش پیری ئاخرشەڕ منم
لەم جیهان و لەو جیهان بێ قیمەت و بێ فەڕ منم
کردەوەی چاکم نییە وەختێ کە سەیری خۆم ئەکەم
خاکسار و شەرمەساری دەشتەکەی مەحشەر منم(١)
ئێستە سواری ئەسپی نەفسم بۆ چەپ و ڕاست لنگ ئەدەم
ڕۆژی ئاخر صاحێبی سەیارەی پەنچەر منم
صاحیب خوانی بەبێ مینەت لە دنیا و ئاخیرەت
یا ئیلاهی هەر ئەتۆی، زۆر بێ نەواو سواڵکەر منم
ڕوو لە دەرگای کێ بکەم، گەر تۆ دەرم کەی چی بکەم
ڕوو ڕەش و بێ ئیلتیجا و بێ کەس و موضطەڕ منم(٢)

....

(١) خاکسار: خۆڵاوی، ئەوەی لە ناو خۆڵا بتلێتەوە.

(٢) ئیلتیجا: پەنا. موضطەر: لێ قەوماو.

لە کوردستاندا گرانی*

سەیری دنیا کە لەگەڵ مەنظەرەیی وێرانی
دوور بە لێی خوێنی برینی دڵە ڕێگاوبانی
یەک دوو سێ پارچە کەلاوە نەبێ ماوە ئەثەری
جێگە هێلانەیی ئاوای نییە تا بڕوانی
شیددەتی گەرمی لە دوو چاوت ئەدا سەیری بکەی
کێوی خاکستەری گەرمە لە هەموو مەیدانی
کوا دێهاتی کە لە خاکی هەموو شێر بوو دەرئەکەوت
فەخری تەئریخی جیهان بوو ئەثەری شێرانی
کوا ئەوانەی قسەیان عەکسی ئەدایە دەرودەشت
پرسی دنیا کە لە کوێن عالەمی بێ پایانی
ئەمڕۆ هیچی نییە مەجمووعی حیکایە و مەثەلە
هەر برینی دڵە ماوە ئەثەری عومرانی
جێگری سەبزەیی باغ و چەمەنە خاکی سیا
صەد هەزاران گەمەی ئاهەنگی لەطیف و جوانی

نایەتە حەددی نیهایەت لە وڵاتما برسی
بۆتە یەک مەقبەرە هەر عائیلەیی جارانی
هەر خراپە کە دەچێ ڕۆح لەبەرێ دەنگی نییە
دڵ وەکو بەردی ڕەق ئەتوێتەوە بۆ نیشتوانی
طەڕەفێ فاجیعە ئەکرێنێتەوە جەرگی وەتەن
طەرەفێکیشی ڕەوە گورگە بەدەم و دندانی
وەک دڕندە لەشی بێ چارە و بێکەس ئەگەزن
ظەفەری ئاخری تورکان ئەمە بوو ئیحسانی
ئەی شەهیدانی وەتەن، ئەی بەفیدای خاکی وەتەن
عەزمتان زیندووە نامرێ بەخودای ڕەببانی
چونکە مەعنای وەطەنت مەملەکەتی ئیسلامە
نە وەکو شام و حیجاز و یەمەن و کەنعانی
تۆ کە خوێنت بەفیدا کرد بگەیە مەقصەدی خۆت
تۆ کە حەملەت ئەنەدۆڵ بوو کە نەما ئیمانی
حیرەتی خستە جیهان هەروەکو ئەجدادی کیرام
بێ شک و شوبهەیە تۆ ئەرشەدی کوردستانی
وا مەزانە لە دڵا خوێنی شەهیدیت کەم ئەبێ
یەکسەر ئەم مەشریقە ماتەم گرتوون، ئینسانی
عەزمی تۆ مەقصەدی تۆ هەرچی کە بووبێ هەر ئەبێ
مەحو ئەکا مونتەقیم ئەڕواحی، ظەلووم و جانی
سەعی تۆ ڕێی حەقە بۆ میللەتی خۆت، ئیستیقبال
سەر دەخا تاجی ظەفەر بەخشی ئەکا ئیستیقلال

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ٥ی ڕۆژنامەی ژیان، ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٢٦ی.ز بڵاوکراوەتەوە. شایانی باسە کە ئەم قەصیدەیە کاتی خۆی بەتورکی نێرراوە بۆ ڕۆژنامەی ژین ئەوانیش لەبەر ئەوە کە تورکی بووە بڵاویان نەکردۆتەوە دوایی دراوە بەشێخ نوری شێخ ساڵح و مامۆستا زێوەر بۆ ئەوەی قەصیدەکە وەرگێڕن بۆ کوردی، شێخ نوری بەشانزە دێر شیعر وەری گێڕاوە و لە ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤ی ١١ شوباتی ١٩٢٦ی زایینیدا بڵاوکراوەتەوە. لە کۆتایی شیعرەکەدا ئەم تێبینییە نووسراوە کە دەڵێ:

«ئەم شیعرانە بەقەڵەمی زاتێکی موحتەرەمی کورد بەتورکی نووسراوەتەوە، ئەم زاتە لە منداڵییەوە لە ئەستەمبوڵ و ئەطرافی ئەستەمبوڵ گەورە بووە لەبەر ئەوە (مع الأسف) بەتەواوی هێشتا زبانی ئەصڵی خۆی کە کوردییە فێرنەبووە و ناتوانێ بەو زوبانە حیسسیاتی دەروونی خۆی بەتەواوی بخاتە سەر قاقەز. خۆی ئێستا لە کەرکووکە لەوێ لە دائیرەی

مەعاریفدایە ئەم چەند شیعرەی لەم ڕۆژانەدا ناردبوو بۆ مەطبەعە چونکە مەطبەعەکەمان بەتورکی هیچ نانووسێ ئەو شیعرانەی ئەولا لە طەرەف بولبولی خۆشخوان و شاعیری شیرین زوبان جەنابی شێخ نوری ئەفەندییەوە و لەپاش ئەو لە طەرەف ئوستادی شیعر و ئەدیبێکی ترەوە کە -لە ناوبردنی مەعذورین- عەینەن تەرجەمە کراوە ئێمەش لەم نوسخەیە و نوسخەی ئاتیدا هەردووکیان ئەخەینە پێش چاوی قارئینی کیرام و تەقدیری حیسسییاتی هەرسێکیان ئەکەین».
ئەمجا لە ژمارە ٥ی هەمان ڕۆژنامەدا لە ڕۆژی ١٨ی شوباتی ١٩٢٦ز تەرجەمەکەی مامۆستا زێوەریش بڵاوبۆتەوە و ئەم پێشەکییە کورتەشی بۆ نووسراوە دەڵێ:
«ئەم شیعرانەی کە عەرز کرابوو لە طەرەف شاعیرێکی کوردەوە بەتورکی بۆمان هاتووە لە طەرەف دوو ئوستادی شیعرەوە تەرجەمە کرابوو ئەووەڵ تەرجەمەکەی کە لە طەرەف جەنابی شێخ نوری ئەفەندییەوە کرابوو لە نوسخەی ڕابوردوودا خرایە پێش چاوی قارئینی کیرام ئەمەیش دووەم تەرجەمەیەتی کە وەعدمان دابوو لەم نوسخەیە دەرجی بکەین».
کاک ئازاد عەبدولواحید دەڵێ: ئەمە لێرەدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم شیعرە شیعرێکی وەرگێڕراوە لە زمانی تورکییەوە، هەمان شیعریش لەلایەن کەسێکی ترەوە وەرگێڕراوە کە ناوی نەهێناوە کەچی مامۆستا نەجمەدین مەلا لە دەستنووسەکەیدا وەرگێڕانەکەی شێخ نوری و دوا بەدوای ئەو وەرگێڕانەکەی وەرگێڕە نادیارەکەشی کە لە ژمارەکەی دوای ئەودا بڵاو کراوەتەوە نووسیوەتەوە بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ئەوەی کردبێ کە ئەمە شیعرێکی وەرگێڕراوە و سەرنجی خوێنەری دەستنووسەکە بۆ ئەو تێبینییە ڕابکێشی.
ئەنجا مامۆستا شێخ نوری کە جارێکی تر بەسەر ئەو دەستنووسەدا چووەتەوە هەندێ وشەی دەستکاری کردووە چەند دانە شیعرێکی تری بەدەستخەتی خۆی بۆ زیاد کردووە ئەویش نەی نوسیووە ئەمە وەرگێڕانە دیارە پشتی هەر بەو تێبینییەی ڕۆژنامەکە بەستووە بەڵام کاتێ ئەم شیعرەی بۆ مامۆستا گیوی موکریانی ناردووە بەمەرەکەبی سەوز نووسیوەتی: (ئەم غەزەلە ئاتییە لام وایە بۆ دەرج شایستە بێ) دیسان بەمەرەکەبی سەوز دەری خستووە کە ئەو وەرگێڕە نادیارە مامۆستا زێوەری شاعیرە کە کاتێ خۆی ڕۆژنامەکە لە ناوهێنانی مەعذور بوو کە دەڵێ (ئەمەش عەینی مەوزوعە هی شاعیری شەهیر زێوەرە) ئینجا شیعرە وەرگێڕاوەکەی زێوەری لەوەکەی خۆی جیا کردۆتەوە.

بۆ وەستا بیلال*

مەسئەلەی وەستا بیلال و بووکی تازەی بوو بەباو
وەختی پەردە پیرەزاڵە، وەختی مەجلیس نێرە پیاو(١)
گوڵ کەماڵی بولبولە زۆر حەیفە کوند زەوتی بکا
پیری هەشتا ساڵەگی چ بکا لە یاری مەستە چاو؟
تەسکەڵەی پێ لازمە وەستا، نەوەک تەسکۆڵەیێ(٢)
ناسمێ دوڕڕی نەسوفتە کەس بەزەربی نەرمەساو(٣)
کاری وەستا کوورەبازی و لوولەسازیی ئاسنە
نەک عەقیق کون کردنە لادە لە فیکری ناتەواو
ئەی مەلا!، فەسخی نیکاحی پیری بێ کێر جائیزە
هیمەتێ، سا، تۆ ڕەهاکە ئاسکی نازگ لەداو

....

* ئەم شیعرە لەلاپەڕە ١٦٣ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣١ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.

موناسەبەی گوتنی ئەم شیعرە وەکو نەجمەدین مەلا دەڵێ بەم جۆرەیە:
ساڵی ١٩٢٠ی ز وەستا بیلال ناوی بانەیی کە چەخماخ ساز بووە و تەمەنی هەشتا ساڵ بووە، کچێکی چواردە ساڵیی مارە کردووە، کچەکە ماوەی ساڵێک لەلای ماوەتەوە وەستا بیلال هیچی پێ نەکراوە، ئەمجا کچەکە هەڵاتووە بۆ شاربازێڕ و وەستا شوێنی کەوتووە.

(١) پیرەزاڵ: پیرێژن.
(٢) تەسکەڵە: دەزگایەکی چەخماخ سازی بووە، تەسکۆڵە، مەبەستی ئافرەتێکی تازە پێگەیشتوو و گەنج و جوان و قەد باریکە، لەنێوان (تەسکەڵە) و (تەسکۆڵە)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە.
(٣) دوڕڕی نەسوفتە: مەبەستی هینەکەی ئافرەتە کە دەست لێ نەدراوبێ، زەربی نەرمەساو: مەبەستی (بیلامانەکەی) پیاوە کە شلەپەتە و بێ هێزی پیاوەتی بێ.

گۆرانیی ئینحیصار*

چوومە شاربازێر بەهەشتی دنیا
دێ بەدێ گەڕام ناو دەشت و چیا
بەحەیرانەوە جوانێ لە شانێ(١)
ئەم بەیتەی ئەوت عالەم بیزانێ
بژی زەکی بەگ بژی ئینحیصار(٢)
نەجاتیمان بوو لە کێشی قینطار(٣)
لەو دیوە چوومە ناحیەی پشدەر
ناحیەی مەردان جێی شێر و خەنجەر
لاوێ لاوکی ئەوت لە شاخی
زۆر بەسەربەرزی زۆر بەگوستاخی(٤)
بژی حکوومەت بژی ئینحیصار
نەجات بووین لەدەست دەستەی طەماعکار
ئەمجا ڕووم کردە ناحیەی سوورداش
ناوچەمی «تابین» دەوری «کەلەباش»
لەسەر شاخەوە کە گوێم بۆ ڕاگرت
کابرای «موغاغی» ئەم فەردەی ئەوت
بژی عەداڵەت بژی ئینحیصار
لەعنەت لە ظاڵم نەفرەت لە غەددار
لە سووورداشەوە چووم بۆ بازیان
ئەهالی هەموو بەشەوق بێ زیان

چوومە قەرەداغ جوانێ بەقەتار
عەکسی دەنگەکەی دابوویە کۆهسار(٥)
ئەی وت: هەر بژی ڕەببی ئینحیصار
نەجات بووین لەدەست هەشت حوققە بەچوار(٦)
چوومە «شارەزوور» مەعدەنی ئاڵتوون
ئەهالی هەموو دڵشاد و مەمنوون
بەهۆرەی کوردی ناو دەربەندیی خۆش
کە ئاوازیان ئەگەیاندە عەرش
خۆش بێ وڵاتمان بژی ئینحیصار
تووتن لە چارەک گەیشتە دینار
سیاچەمانەی شاخی هەورامان
ئامۆزا گیانی پێنجوێنی کوێستان
خاڵەی ڕێبوار لە کوڕە کاژاو(٧)
تەسکین ئەدا بەدڵی سووتاو
خولاصەی قسە، شادیی ئینحیصار
نەشئەی خستە ناو دەشت و کۆهسار(٨)

....

* ئەم شیعرەی زێوەر لە ژین، ژمارە ٦١٢ی ساڵی ١٩٤٠ی ز بەناوونیشانی سەرەوە بڵاوکراوەتەوە لەکۆتایی شیعرەکەشدا «خاڵەی ڕێبوار»ێک نووسراوە، هەروەها لە لاپەڕە ٦٦-٦٨ی سۆزی نیشتمانیش چاپ کراوە بەڵام لەوێدا نووسراوە کە ساڵی ١٩٤١ی ز. گوتراوە دیارە هەڵەیە.

(١) شانێ: واتە لاپاڵێ، پەناییێک.

(٢) زەکی بەگ: مەبەستی ئەمین زەکی بەگە، کە وەزیری ئابووری بوو لە سەردەمی ئەودا ئینحیصاری تووتن دانرا.

(٣) قینطار: قینتار: ئامێرێکە بۆ کێشانە.

(٤) گۆستاخی: ڕووهەڵماڵراوی و بێ شەرمی.

(٥) کۆهسار: کوێستان، ناوچەی شاخاوی.

(٦) حوققە: بۆ کێشانە، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کڕیار و سەلەم و سوود خۆرەکانی تووتن لە پێش دامەزراندنی دایەرەی ئینحیساردا چاووڕاویان لە جووتیارەکان دەکرد هەشت حوققەیان بۆ حیساب دەکردن بەچوار حوققە.

ئەو وشانەی کەوتوونەتە نێو کەوانەوە ئەم جێگە و شوێنانەن کە ئەکاتە دائیرەی ئینحیسار ڕێگەی دابوون تووتنیان تیا بچێنرێ لە ناوچەی سلێمانیدا. زێوەریش ئەم شیعرەی بۆ ئەوە وتووە چونکە بەر لە دامەزراندنی دایەرەی ئینحیسار سەلەم و سوود خۆرەکان، تووتنیان بەپارەیەکی کەم لە جووتیارەکان دەکڕی دیارە دامەزراندنی ئەم دەزگایە بوو بەهۆی بووژاندنەوەی جوتیار و توتن کەرەکان بەمەش خۆشی و فراوانییەکی ئابووری کەوتە وڵاتەوە.

(٧) سیاچەمانە، ئامۆزاگیان، خاڵەی ڕێبوار: ناوی سێ گۆرانی کوردین.

(٨) کۆهسار: ناوچەی شاخاوی و شیو و دۆڵ.

گۆڕینی شیعری سەعدی شیرازی*

«گفتوگۆی پەردە و ئاڵا»

سەعدی فەرموویەتی: لە ناو بەغدا
پەردە بێ دەنگ و دوور لە هەر دەعوا
بێ خەبەر بوو لە حاڵەتی عالەم
هیچ کەسێ بێ ڕەقیب نییە و بێ غەم
تێفکری ڕەنگی سوور بووە بەیداخ
ڕووبەڕووی هات بەگورجی و گوستاخ(١)
وتی: ئەی پەردە نازک و نازدار
سەیری من کە لەشم پڕە لە غوبار
بۆ هەمیشە ڕەفیقی وەک ماهی
هاودەمی نەوجەوانی دەرگاهی
یا، لەلای نازەنینی گوڵ ڕەنگی
دەفعەییێک تووش نەبووی بەدڵتەنگی
منی بێ چارە وام بەدەست شاگرد
لە سەفەردام لە دەشت و شاخ و گرد
خزمەتم زۆرە قیسمەتم دەردە
قەدری تۆ بۆچی زیاترە؟ پەردە!
وتی: بەیداخ سەرم لە هەیوانە
وەکو تۆ نیم سەرت لە کەیوانە(٢)
ئەوی نابینێ چاوی جێگا و ڕێ
عاقیبەت لووتی دێتەوە بەرپێ

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٤٣-٤٤ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

سەعدی شیرازی: ناوی عەبدوڵڵایە و کوڕی مەشرەف بەسەعدی شیرازی ناوبانگی دەرکردووە. شاعیر و صۆفییەکی بەناوبانگە، خاوەنی کتێبی گولستان و بوستان و کوللیات و چەند کتێبێکی ترە. دەڵێن: لە بنەڕەتا کوردە و خەڵکی هەورامانە. ساڵی ١٢٩٠ی ز. لە شیراز کۆچی دوایی کردووە. برێ لەم مەعلوماتە لە (معجم المؤلفین ١٥١/٦) وەرگیراوە.

(١) گۆستاخ: نەترس و بێ پەروا، ڕووهەڵماڵراو.

(٢) کەیوان: ئەستێرەی زوحەل.

لەسەر شێوەی هەورامی*

نەو بەهار بەزمەن...

پەرێ عوشاقان! نەو بەهار بەزمەن
خۆشیی دەروونەن، سەیرانەن، ڕەزمەن
عالەم دڵ گوشا ئاهەنگش عەزمەن
گەشت و گوزاری سەروی یارانەن
ناز و نەزاکەت عیشوەدارانەن
جەبێن گوڵ چنان مەستەن خەرابەن
بێ هۆش و سەرخۆش جورعەی شەرابەن
شەڕەن، ئاشتییەن، ڕازەن، نیازەن
ورشەی شەوقی نوور عەینی ئیجازەن!
عالەم بەرگی سەوز پۆشا سەراسەر
یەکسەر جەننەتەن سەحرا و دەشت و دەر
قەهقەهەی کەبکەن وە هەر هەردەوە
نەوای بولبولەن باز وە دەردەوە
زاری عاشقان نازی نازداران
ساقی مەی ڕێزەن جە بەزمی یاران
نێرگس دیدە مەست لالە ڕەنگ سوورەن
گوڵ مەسنەدنشین بولبول ڕەنجوورەن
تیپ تیپ وە ڕەم ڕەم خۆشفەن غەزالەن
شۆخەن شیرینەن، ئەبرۆ هیلالەن
شەونم چون لوئلوء مەدرەوشۆ جە دوور
چمان گەوهەرەن یا نە قەترەی نوور
(زێوەر) ئارەزووش وەسڵی دڵدارەن
غافڵ حەزینەن فەسڵی بەهارەن

....

* ئەم شیعرە لە ل ١٠٠-١٠١ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

بەهاری زێوەر*

نێرە پۆڕێکی خاڵ و خەت نەخشاو
بانگی کردە ڕەفیقی ناو چەم و ئاو
بێنە سەیران و سەیری ئەم چەمەنە
ئەم هەموو دەشتە جەننەتی وەتەنە
کە زەوی بەرگی ئەتڵەسی پۆشی
کەوتە سەر عەردی نەغمەیی خۆشی
یەک کەڕەت سەوزە شیو و دەشت و کێو
گوڵ بەدەم، گۆپکە دارە داری مێو
گوڵی قەیسی و هەڵووژە سوور و سپی
نۆبەدار ئەرغەوانە ڕاست و چەپی
تیپانی نێرگس و سوپای لالە
یاسەمین و گوڵاڵە و ژاڵە

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ٥ی ساڵی ٥ی ساڵی ١٩٤٤ی ز. دا بەناوونیشانی سەرەوە بڵاوکراوەتەوە.

تەیارە*

دێوێکە گیانی تیا نییە ئەکشێ بەچەشنی مار
بێ دەست و قاچ و خوێنە بەبێ گۆشت و بێ دەمار
ناو جەرگی پڕ لە ئاگرە هەردەم کە دێتە ئێش
خۆراکی ئاوە بێ دەم و دان بێ سمێڵ و ڕیش
هەرچەندە بێ پەڕە کە لەگەڵ کەوتە ئاسمان
چەند ڕۆژە ڕێگە زوو دەبڕێ ناگرێ وچان
ناڵین و گرمەگرمی لە هەستان و ڕۆینا
هەورە برووسکەیێکە بەسەر گیانی دوشمنا
ئەم دێوە گەورە بەچکەی زانینە ئەی هەژار
زانینە دێو لە ئاسن ئەکا و باڵەکەی لە دار
زانینە گیان ئەخاتە لەشی دار و بەردەوە
زانینە زێڕ و زیو کە دەرێنێ لە هەردەوە

زانینە شاخی گەورە وەکو لۆکە شڕ ئەکا
زانینە جەرگی شەو کە لە ڕووناکی پڕ ئەکا
دەریا کە بوو بەڕێگەی ڕۆژ و شەوی هەموو
زانین نەبێ کە هێزی ئەوەی بێ مەگەر چ بوو؟
زانستییە چرایە وەکو زێڕی باخەڵە
گیانی وڵاتە بۆ سەر و گوێی دوشمنە پەڵە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٤٢-٤٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

دیسان*

بوخارە دانش و ماکینەیە ئەجسام ئەسووڕێنێ
کە جیسمێ جەوهەری گوم کا لە ژێر بارا ئەبۆڕێنێ
سەماوەر دەم ئەکەی چا جۆش ئەدەی کوێخا لە ئاخردا
ئەبینم ژانەسەرتە زگ لە برسانا ئەقۆڕێنێ
کەسێ غەیبی نەکا ئەسڵ و نەسەب جینسی موعەییەن بێ
بەچەشنی فەحلی دابەستە لە مەیدانا ئەکۆڕێنێ
شەڕی ژینە لەسەر سەتحی زەمین کەوتۆتە ناو عالەم
لەناو ئەم حەربەدا نادان حەیاتی خۆی ئەدۆڕێنێ
ئەگەرچی مالیکی ئاو و ئەرازین چونکە بێ خێرین
بەسەر سەرمانەوە هەردەم یەکێ قەمچی ئەسووڕێنێ

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٠٩ی سۆزی نیشتماندا بەو ناوونیشانەی سەرەوە چاپ کراوە.

سینەما*

داخی حەسرەت نەخشی بەست ئەمساڵ لەتەختی سینەما
بۆ ئەوانەی ڕائەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما(١)
کێ ئەڵێ حەربە گرانی زۆر پەریشانە جیهان
تۆ بچۆرە سینەما وا تێ ئەگەی برسی نەما
کوڕ لە باوک کچ لە دایک شەرمیان لاخستووە
سینەما کارێکی وای کرد هیچ مناڵ ترسی نەما
بۆ تەماشا زۆر کوڕ و کچ بوونە هاوڕێی باوک و دایک
هیچ غەمی باوکیان نییە، وای درهەم و فلسی نەما(٢)

یەک بەیەک کۆشش ئەکەن تا زوو بچن بۆ ژوورەوە
با هەزار جار بانگ بکەن وا لۆجەو کورسی نەما
عیلم و فەننی ئەوروپا فێربوون کە سەیری وێنە بێ
ئاگری حەسرەت ئەمێنێ هەر لە لەوحی سینەما
پێم بڵێن تا ئێستە چی فێربوون منیش دێم جاربەجار
تا نەڵێن پێم پاش ملە زێوەر کەوا شانسی نەما(٣)

....

* زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٤٥ی ز. گوتووە لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (أ) ل٢٤٥دا بەناونیشانی «بۆ سینەما» نووسراوە لە ژمارە ٤ی گەلاوێژی ساڵی ٦ی ١٩٤٥دا لەژێر عینوانی سینەما بڵاو کراوەتەوە.

(١) سینەما، لەنیوە دێری یەکەمدا دوو وشەی لێکدراوە بەمانای «سینگی من»ە لەنیوەی دێری دووەمدا یەک وشەیە و بەمەبەستی سینەمایە. لەنێوان سینەما و سینەمادا جیناسی تەواو هەیە و زۆر جێگرتووە.

(٢) درهەم: پەنجا فلس.

(٣) ئەم دێرە شیعرە لە کەشکۆڵدا نەبوو.

گاڵتەو گەپ و خۆ هەڵکێشانی قرژاڵ*

چوومە جێیەک بەبێ کشە و بێ دەنگ
دیم لەوێ ڕاکشا بوو یەک خەرچەنگ(١)
هەستی کردم لە ڕاستی خۆی وەستا
بانگی کرد کێیە هاتە جێگای تەنگ
کێیە دەستی لە عومری خۆی هەڵگرت
هاتە ئەم بیرە، قوولەیی شەوەزەنگ
من وتم: زێوەرم، موسوڵمانم
نوێژ ئەکەم دوژمنم بەدینی فەرەنگ
تۆ مەگەر چیت لە ڕێی موسوڵمانان
وا لە من ساکنی بەعەزمی جەنگ!
وتی من غیرەتم وەکو شێرە
حەملەی من زیاترە لە پڵنگ
شیر و تیر نامبڕێ ئەوەند سەختم
هەمە شەش پێ لەوەختی حەملە و جەنگ(٢)
نێشی دندان و ئێشی زەخمی من(٣)
نەوەکو مار و عەقرەبە، نە نەهەنگ(٤)

تا لە بەغدا زەمین کەرێ نەزەڕێ
بەرت نادەم نەکەویە حاڵی کەشەنگ
ئەو کە تەعریفی خۆی وەها بۆم کرد
کەوتمە وەسوەسەی خەیاڵی تەنگ
مەدحی خۆی هێندە کرد ئەمن ترسام
ڕەنگی سوورم چووە موقابیلی ژەنگ
لەرزە کەوتە جەمیعی ئەندامم!!
خۆی لە من کردە شێر و بەبر و نەهەنگ
هەڵمەتی دایە قاچم و ڕام کرد
دەنگی ناڵەی نەڕۆی دوو سەد فرسەنگ
ساعەتێ مات و مەست و حەیران بووم
هەروەکو سەرخۆشی شەراب و بەنگ
ئاخری من وتم چییە ترسان؟
ئەسلەحەم پێ نییە پەیاکەم سەنگ
خرکێ کەوتبوو بەئەسپایی(٥)
چووم هەڵم گرت بەبێ تەقە و بێ دەنگ
هەروەکو ڕۆستەمی زەمان تێم گرت
کەوتە سەر پشتی زوشتی کوشتی سەنگ
شوکری خوام کرد لە ڕاستی خۆم سەد جار
دڵ ڕەحەت بووم لە دوشمنی بەد ڕەنگ
لێم موعەییەن بوو ئەو هەموو مەدحە
هەموو کابوو بەبای دەدا خەرچەنگ
زێوەرا، هاش و هووش مەسەلمێنە
تا لە سینەت نەدەن بەشێر و خەدەنگ

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٦١-٦٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ: زێوەر لە کاتێکا ئەم هەڵبەستەی داناوە کە قرژاڵێکی لە حەوزی بن تەبەقی مزگەوتی عیرفان دیوە. [مزگەوتی بن طەبەقی عیرفان لە سلێمانییە کەوتۆتە ژۆر مزگەوتی گەورە بۆیەش پێی دەڵێن (بن طبق)، چونکە کارێزاوێکی تێدایە بەپلیکانەوە بۆی دەچییە خوارێ. بۆیەش پێی دەڵێن عیرفان چونکە مەلا عەبدوڵڵا عیرفان ئیمام و مودەڕیسی بووە. پاش ئەو مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسوڵ و حاجی مەلا مارفی خاوێیی مەلای بوون].

(١) خەرچەنگ: قرژاڵ.

(٢) حەملە: هەڵمەت و پەلاماردان.

(٣) نیش: نووک.

(٤) عەقرەب: دووپشک.

(٥) خرکێ: بەردێ.

چایخانەکەی دەروێش شەریف*

ئەگەر دەروێش شەریف دەروێشە بۆ ذیکری خودا ناکا
وەگەر خۆ سۆفییە بۆ ڕوو لە خەتمە و خانەقا ناکا
ئەگەر سوننی ڕەوشتە سەبی عومەر بۆ ئەکا دایم(١)
وەگەر خۆ شیعەیە بۆ ڕوو لە سەحنی کەربەلا ناکا
ئەگەر چاخانە گیررە مشتەری بۆ نارەزان یەک یەک
وەگەر خۆ بانگدەرە بۆ سەر منارە بۆ سەڵا ناکا
ئەوەم لا خۆش بوو ڕۆژێ شێخ محەمەد ڕووی لەپاشا کرد(٢)
وتی پاشا: شەریف بۆ فەرقی شێخان و مەلا ناکا
وتی ئینسان نییە وەک بزنە جرتە تووڕەیە دایم
شییاکەی گەر لە... هەڵسووی لە گاگەلدا هەوا ناکا
بلوکم ماعیری شاعیر زەریف بمناسە ئەی سۆفی(٣)
ئەزانی ماعیری وەک من لە دنیادا حەیا ناکا

....

* بۆ ئەم هەڵبەستە بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ٢ساڵی ٢ لاپەڕە ٥٦ لەگەڵ باسێکی تێروتەسەل لەلایەن مامۆستا فازڵ محەمەد عیرفان.

(١) شێخ محەمەد گولانی.

(٢) سالح پاشا.

(٣) بلوک بچووک کراوەی بلەیە، بلەش بچووک کراوەی ئیبراهیمە وە مەرام لە سەید ئیبراهیمی حەفیدە.

درۆ*

بڵێسەی خەرمەنی دەوڵەت درۆیە
شەرارەی مەزرەعەی ثەروەت درۆیە
موجەسسەم بێ صەداقەت مانگە یا ڕۆژ
ئەمما مەعنای شەوی ظوڵمەت درۆیە
ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەی نەوجەوانم
خەزانی باخەکەی حورمەت درۆیە

ئەتۆ بنوارە مەیدانی زەمانە
عەلەمداری سوپای نەگبەت درۆیە
درۆزن ڕوو ڕەشە لای خەلق و خالیق
سەبەب بۆ لەعنەت و نەفرەت درۆیە
درۆیە دەفعەیێک ناشتا ئەکا چاک
بەڵێ تیغی ڕەگی خزمەت درۆیە
درۆیە واسیطەی تەخریبی ئەخلاق
چراغی مەجلیسی غەیبەت درۆیە
صەداقەت پیشەی ئەربابی نامووس
لەکەی داوێنەکەی عیصمەت درۆیە
لەگورگ و ورچ و فیل و شێر مەترسە
دڕندەی صاحێبی هەیبەت درۆیە
ئیلاهی! ڕاستی چی بێ خراپی
کەوا مەقبوولی ناو میللەت درۆیە
مەسەلمێنن درۆزن بچنە جەننەت
ئەگەر بێتو بچن جەننەت درۆیە

....

* زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٢٨ی ز. گوتووە لە لاپەڕە ٢٥-٢٦ی سۆزی نیشتماندا بەناوونیشانی «درۆ» چاپ کراوە.

ئەزانم بینووسم!*

ئەزانم بینووسم بۆ هەر کەسێ من عەرز و حاڵ ئەمڕۆ
لە عەرزی حاڵی خۆم داماوم و صاحێب مەلال ئەمڕۆ
شکایەت کەم لە ئەبرۆی دڵگەشی یا چاوی خونخواری
بڵێم چی من لە تەئثیراتی زولف و خەتت و خاڵ ئەمڕۆ
ئەڵێن فەوتاوە باسی بولبول و گوڵ، شەمع و پەروانە
کەچی شەمعی گوڵی ڕۆخی بتێکی بێ میثال ئەمڕۆ
چراغی بەزمی عوششاقی، گوڵی گوڵزاری ئافاقی
بەناچار ئەبمە بولبول، ئەبمە پەروانەی جەماڵ ئەمڕۆ
ئەگەر تەنقید ئەکەن، تەقدیر ئەکەن ئەم ڕێگە ڕێگامە
کە بچمە سەیری لەنجەی دلبەری قەد ئیعتیدال ئەمڕۆ

کە مەنهەجمان لەسەر دینە نەوەک دینە بڵێن: موفتی
ئیتر لادە لە فتوای فاسید و قەولی بەتاڵ ئەمڕۆ
بەحوسنێکی خودا دادی وەکو نووری دوو چاوانە
مەکەن مەنعم بەقوربانی بکەم عەقڵ و کەمال ئەمڕۆ

....

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی «شێوەی زێوەر» لە ژینی ژمارە ٥٧٢ی ١٩٣٩/٦/٢٩ی ز. دا بڵاوکراوەتەوە. لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلاشدا لە لاپەڕە ١٦٥-١٦٦ نووسراوەتەوە.

بولبولێ لای گوڵێ

بولبولێ لای گوڵێ بەدەنگ و سەدای
وتی: چەند خۆشە وەسڵی جانانە
باخەوان ڕوو نەکاتە ئێرانە
ئەو ڕەزا قورسە تف لە شکڵ و ڕەزای
**
بۆیی ڕیحان و غونچەی چەمەنم
پەرچەم و لێوی یار ئەخاتە نەزەر
ئەی فیداتم وەرە نەسیمی سەحەر
بێنە موژدەی ویساڵی گوڵ بەدەنم
**
شەوقی لەمپایە شەو لە بەرچاوم
ڕووی گوڵ ئاتەشێن ئەخاتە خەیاڵ
مەشقی منداڵە پڕ لە خەتت و خاڵ
وەرە بۆ سەیری قەلبی نووسراوم

بەرخی بێ دایک ئەگەر دەبارێنێ

قیسمەتی گورگە گۆشتی تازە و تەڕ
ئاسمان چاوی کوێرە، گوێشی کەڕ
شین و شادی بە کەیفی خۆی دێنێ
باخی ڕەنگینی کائینات ئەمڕۆ
مەسکەنی قەومی وەحش و باربارە
مەدەنییەت پەرستە، غەددارە
پارە ناکا دوو سەد هەزار ڕۆ ڕۆ

خەڵک ئەڵێن: کۆنە شاعیرە زێوەر
کەی شعوورم بووە لە هیجرانا
ئاوی چاوم ڕژا لە گریانا
بێ تەماشایی شەمسەکەی خاوەر

سەد تاجری دین

سەد تاجری دین خۆی لە زەرەر داوە لە دەرتا
بەسراوە دڵی موئمین و کافر لە کەمەرتا
سەودایی شەڕ و شۆڕە لەگەڵ ئێمە لەسەرتا
باکم نییە لەو خەنجەرە کردووتە بەبەرتا
شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بەئیشارەت

**

بۆ تۆیە موسەللەم لە جیهان شاهی یی خووبان(۱)
داماوە لە تەصویری برۆت مانی یو سەحبان(۲)
مومکین نییە ئەم سوورەتە تەرکیبی لە ئینسان
تۆ صاحیبی ئەم چاهی زەنەخدانە بی، قوربان(۳)
سەد یوسفی کەنعانی ئەبێ بێتە ئیشارەت

**

دەریای خەیاڵم کە وەکو دیجلەیە جۆشی
نوطقم کە وەکو ڕەعدی بەهارانە خرۆشی(٤)
غەمزە و نیگەهت خستمیە بەحری خەمۆشی(٥)
چاوت وەکو شووشەی مەیە خۆت بادەفرۆشی(٦)
ڕۆحی بەنی ئادەم ئەکڕی بێتە تیجارەت

**

کەشتیی ئەمەلم کەوتەوە تۆفانی تەئەسسوف(۷)
نایێ بەسەرمدا کەڕەتێ بادی تەلەططوف(۸)
مەدحی لە دڵا جارییە بێ دەردی تەکەللوف(۹)
ئیسمێکی شەریفی هەیە مەنعە لەتەصەڕڕوف(۱۰)
جیسمێکی لەطیفی هەیە قابیل بەصەدارەت

....

(۱) شاهی خووبان: گەورەی جوانان.

(۲) مانی: نەخش و نیگارکێشێکی بەناوبانگی ئێرانییە داوای پێغەمبەرییەتیشی کردووە لە سەردەمی بەهرامی یەکەمی ساسانیدا کوشتیان و پێستیان گروو هەڵیان هاخنی و لەبەر دەرگای شاری جوندیسابوردا هەڵیان واسی تا خەڵک سەیری بکەن.
سەحبان: سەحبانی کوڕی وائیل؛ خۆش گوفتارێکی دەم و زمان ڕەوانی عەرەبە نموونەی ڕەوانبێژی و زمانپاراوی بووە لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا ساڵی ٦٧٤ی زایینی مردووە. واتە: مانی بەوێنە و نیگار سەحبان بەقسە و گوفتار هەردووکیان داماون ناتوانن وەصفی جوانی برۆی تۆ بکەن.
(۳) چاهی زەنەخدان: چاڵی چەناگە.
(٤) ڕەعد: هەور
(٥) بەحری خەمۆشی: دەریای خامۆشی.
(٦) بادەفرۆش: شەراب فرۆش.
(۷) تەئەسسوف: تأسّف: خەم و خەفەت خواردن.
(۸) باد: با. تەلەططوف – تلطف: سۆز و بەزەیی نواندن.
(۹) تەکەللوف – تکلف: شتێ بەزۆر بەسەر خۆتیا بێنی.
(۱۰) مەنعە لە تەصەڕڕوف: واتە مەمنووع (من الصرف)ە غەیرە مونصەریفە: (ممنوع من الصرف) ئیصطیلاحێکی عیلمی نەحوە، هەر ئیسمێک جەڕڕە و تەنوینی نەچێتە سەرێ پێی دەڵێن: (ممنوع من الصرف).

فەلسەفە*

چاوکزبووە، گوێ کپبووە. قەد خەم بووە، دان کەل(۱)
بەم حاڵەوە خواخوامە کەوا ڕاکەمە سەر کەل
سەربەستی لەسەر بەرزییە، تۆیش وای لە نشێوا
قاچت شەلە، دەستت پەلە، بێ سوود ئەکوتی پەل
هەر مەنفەعەتی شەخصییە گوفتاری بەسوودت
بۆ خواردنە تەئسیری هەموو ئاگری مەنجەڵ
هەر کردەیی ڕاست، تۆ ئەگەیەنێ بەمەرامت
ناگاتە ئومێدی بەقسە، زۆر زلی تەنبەڵ
وەک مەرثیەخوان عەشقی عەلیی کرد بەبەهانە
دەم پڕ وەطەن و عەشقە دڵیش جێگەی مونحەل
گۆڕاوە زمانم وەکو تەبدیلە زەمانم
سێوم بووە توففاح و بەهێشم بەسەفەرجەل
ئێستێ بکە ڕاوەستە برا موشکیلە ئیشت
ڕێگا هەموو گیراوە بەخەندەق، بەتەم و تەل

....

(۱) قەد خەم بووە: پشت کۆماوەتەوە یا چەماوەتەوە لەبەر پیری.
* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە لاپەڕە ٥٠–٥١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

نەفست مەگەسە*

نەفست مەگەسە، هەروەکو هەنگوینە عەلائیق
بەم ڕەنگە چلۆن کەشفی ئەکەی سیرڕی عەلائیق
میوانی سەراپەردەیی دیوانی خودایی
بۆ خزمەتی حەق نیتە ئەتۆ توحفەی لائیق
مەیلت لە هەوای نەفس و لە ئارایشی خۆتە
مەشغوولّی بەئەنهار و ئەراضی و حەدائیق
دەستی هەوەست کورتە لە دەرگاهی موناجات
طوولانییە بۆ دامەنی دنیاو و خەلائیق
تۆ لادە لە حیقد و حەسەد و عوجب و تەکەبوور
داینێ طەمەع ئەوسا دەبییە عاشقی لائیق
ئەی مەردی ڕەهی سالیکی مینهاجی شەریعەت
خوێنین کە دەروونت وەکو ئەندامی شەقائیق
ڕەنگ زەرد بە وەکو شەصت پەڕو، لالّ بە وەکو سۆسەن
ئەوسا بەهەموو مەطلّەب ئەتۆی واصیل و فایق
(زێوەر) وەنییە مونتەعیظیش بی بەنەصایح
شاعیر هەر ئەکەن دایمە ئەفکاری دەقایق

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٤٧-١٤٨ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٩٠یشدا بڵاوکراوەتەوە.

باسی زستان*

زستان وجوودی ساغە دەماری بەقووەتە
ئەمڕۆ کە بیست و پێنجی شوباتە شەبابیە
ئەم هاژە هاژە بارش و عود و ڕوبابیە
دەرحەق فەقیر و کوێر و هەتیو بێ مرووەتە

**

دنیا بووە بەبەحری سپی شاخ و شیو و دەشت
ناودێ جزیرەییێکی ڕەشە چەشنی مالّطەیە[١]

ئەم بەفرە بەفری ڕاستە نەوەک بەفری گالّتەیە
ڕێگا بڕاوە (ڕان) کە لە دێوە بچێتە گەشت

**

گردن کەچی سوپاهی زوموستانە شاخ و دار[٢]
سەر شۆڕ و بێ طەڕاوەت و بێ مەنظەرەی جوان
بێ سەبزەزاری ڕێگەی ئاوی سپی و ڕەوان
بێ قاسپە قاسپی کەبک و بەبێ نەغمەی هەزار[٣]

**

هەستام بە لەرزە لەرزەوە تا ئاستانی شاه
زستان کە شاهی لەشکرە بەڵکو بکا دەوا
عالەم لە ظولمی لەشکری ئەو کەوتە حەل وەلا
پێم وت: دەخیلی تۆم بەدڵ ئەی شاهی مەه کولاه

**

ترست ببێ لە خالیقی دنیاو و شای بەهار
سولّطانی عەدل پەروەرە شاهی کەرەم نوما
دێنێتە پێشەوە کە دەکا دەفعی سەد جەفا
شمشێر بەدەست و نێزە بەکەف سەد هەزار هەزار

**

ئەمجا بەپێکەنینەوە زستان وتی: مەلا
تۆ غافلّی لە حالّی من و وەزعی کائینات
بەحری سپی بوخاری ئەنێرێتە سەر وڵات
عیلمت نییە بەحالّەتی ئەرز و هەموو سەما

**

هەستام کە بچمە خزمەتی بەحری سپی وتی:
دانیشە لێرە ئەم سەفەرەت هەر نەدامەتە
ئەم وەزعی حالّە موددەی تاکو قیامەتە
بۆچی ئەکەویە ڕێگە وەکو شێتی سەر پەتی

**

بەحریش ئەلّێ: لە ڕۆژەوە پەیدا ئەبێ بوخار
ڕۆژیش جەوابی وایە موئەثثیر کە خالیقە

تەقسیمی ڕزقی عالەم ئەکا چونکە ڕازیقە
خاڵی نییە لە حیکمەتێ زستانە یا بەهار

**

ئەمڕۆ بەبەفر و تەرزە ئەتۆی خستە زەمهەریر
هاوین کە هاتە پێشەوە بەفراو ئەخاتە دەشت
ئەم دەشتە وشکە گەرمە ئەبێتە سەرای بەهەشت
کاروون و دیجلە دێتە وجوود بۆ غەنی و فەقیر

**

ئەم جارە شیعری جوانی (ضیا)م هاتەوە خەیاڵ*
ئەیخوێنمەوە هەمیشە وەکو زیکری ئەهلی حاڵ
«سبحان من تَحیَّر في صنعه العقول»
«سبحان من بقدرته یعجز الفحول»

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٥٨-٦٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە هەروەها لە لاپەڕە ٤٠-٤٣ی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەمەڕ مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)شدا چاپ کراوە.

(١) ماڵطە: دوورگە و دەوڵەتێکە کەوتۆتە نێوان صەقەلیە و لیبیا، پایتەختەکەی (لاڤالیت)ە. ساڵی ١٩٦٤ سەربەخۆیی وەرگرت.

(٢) زوموستان: زستان.

(٣) کەبک: کەو. هەزار: بولبول.

* ئەم شیعرە عەرەبییە هی ضیا پاشای تورکە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەگ لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا بەهی خەییامی لە قەڵەم داوە. (ن.م).

خەرقەییێکم هەیە*

خەرقەییێکم هەیە ڕەفیقی سەفەر
ماوتی خاصی شاری «مانچستەر»
خزمەت و مییننەتی ئەوەند زۆرە
نادرێ شەرحی ئەو بەسەد دەفتەر
باخوصووص لەم زەمانی هیجرەتەدا
شەو لەجێی لێفە، ڕۆژ لەجێی بیستەر
جاربەجار موتتەکا و سەرتی منە
ڕاکشێم گەر لە کێو و دەشت و دەر

ڕوو لە مەجلیس بکەم عەبای شانە
وەختی باران و بەفر ئەبی بەسوپەر
وەختی نوێژ ڕای ئەخەم وەکو بەرماڵ
مەوریدی ویردی حەزرەتی داوەر
ڕۆژێ لێم هاتە حیددەت و شیددەت
وتی ئەی بێ خەبەر لە نەفع زەرەر
من کە بدڕێم ئەتۆ موعەططەل ئەبی
غافڵی تۆ لە حاڵی خۆت یەکسەر
چاری بەرماڵی نوێژ بکە بۆ خۆت
تا خەلاص بم منیش لە ڕەنج و کەدەر
وتم ئەی یاری هەمدەم و جانی
خۆت ئەزانی کە نیمە سیم و زەڕ
کەس بەخۆڕایی شت بەکەس نادا
باخوصووص بۆ غەریبی خانە بەدەر
وتی تۆ شاعیری بەشوهرەتی، خەڵک
وەکو بیستوومە پێت ئەڵێن زێوەر
یەک قەصیدە بنووسە بۆ زاتێ
خواستی بەرماڵ بکە بەنەظمی دورەر
وتم: ئەی خەرقە کۆنی هەرجایێ
ئابڕووی من ئەبەی وەکو سواڵکەر
بەڵکو نووسیم و مایەوە بێ جواب
ئەو عەزابە خراپترە لە سەقەر
من نە ئەهلی (توقع)م نە طەڵەب
نوێژە نایکەم هەتا نەکەومەوە حەضەر
وتی: من پێن ئەڵێم بنووسییە کۆی(١)
جوابی خۆش وەرگری بەفەتح و ظەفەر
وەک دەڵێن: ئاغەیانی (دێبووکری)
هەموو ئەربابی جوود و فەضڵ و هونەر
گەر بنووسی قەصیدەیێ بۆیان
مەقصەدی تۆ ڕەوا ئەبێ بەنەظەر

وتم: ئەو ئاغەیانە نامناسن
پێم دەڵێن سائیلێکە بێ سەروبەر
وتی: ئاغای (قەڕاڵی) چۆنن لات
هەموو دیندارن و عیبادەت وەر
وتم: ئاغای قەڕاڵی دەروێشن
شێخ شوناسن لەگەڵ مەلان بەکەدەر
وتی: شێخ لە (کۆکە) زۆر کۆکە
صاحێبی مولک و ماڵ و بزن و مەڕ
وتم: ئەو شێخە چونکە نامناسێ
ڕەنگە ئەصڵا نەکاتە نامە نەظەر
وتی: ئیلخانی حاجییە و سەردار
صاحێبی نام و شان و شەوکەت و فەڕ
ئەرشەدی خانەدانی کوردستان
ئەنجەبی طائیفەی هونەرپەروەر
لەو طەلەب کە مەچۆرە لای هەرکەس
باغی فیکرت لەوانە دێتە ثەمەر
وتم: ئەی هەرزەگۆیی هەر جایی
ئەی حەماقەت مەئابی بێ سەروبەر
زاتی وا ڕەخش بەخشە صاحێبی خوان
(فەضل) و (یەحیا) لە قاپی یا نۆکەر
زۆر لەلام نەنگە لەو طەلەب کەم، کەم
ئەغڵەبی خوارە سەطری بێ میسطەر
وتی: ئەی حاجی بابەشێخ چۆنە؟
سەید و عالم و کەریم سییەر
دەفعەیێ بۆ زیارەتی کە نەچووم
چۆن بنووسم بکەومە باس و خەبەر
وتی: ئەی ئاغەیانی دەوری سەقز
صاحێبی طەبعن و هونەر گوستەر
ماڵی ئەو تاقمە وتم وەقفە
بۆ غیاث و شەریف شەهد و شەکەر

ناوی بەرماڵ لەلای ئەوان بێنم
پێم ئەڵێن: شێت بووە لە هەوڵی خەتەر
وتی: ئایا ئەمیر (تومان) چۆنە؟
وتم: ئەی حیلەبازی ئەفسونگەر
دەوڵەتی ئەو کچە، کچیش بۆ من
زۆر مەحاڵە غەریبم و بێ پەڕ
وتی: زاتێ هەیە خووجەستە صیفات
ئاسمان پایە و بڵند ئەختەر
کامی هەرکەس ڕەوا ئەبێ لای ئەو
نووری (زەنبیل) و سەید و سەروەر
مونکیری جاه و پایەی شەڕەفی
هەروەکو عەوعەوی سەگە بەقەمەر
صوبحی گوڵشەن صەفای فەسڵی بەهار
یا هەناسەی نەسیمی وەختی سەحەر
هەروەکو خوڵقی ئەو فەرەح بەخشە
هەروەکو فیکری ئەو عەبیر ئاوەر
مەرکەزی دائیرەی فەضائیل و جوود
لە سەمای عیلم و حیلمدا میحوەر
بابی ئەو مەلجەئی خەواص و عەوام
بۆ فەقیران و بێ نەوایە پەدەر
کۆهی حیلم و تەحەممول و تاقەت
ڕەونەقی بەحری فەضلە وەک گەوهەر
خضری ڕاهی مەردی گوم گەشتە
سەددی ڕێی زوڵم ئەکا وەک ئەسکەندەر
نەجلی پاکی بەتوول و شێری خووا
زوهدی بۆ (بەکرییە) و بەوەرعی (عومەر)
کە ئەمانەم لە خەرقە بیست فەورەن
وتم: ئەی ئافەرین ڕەفیقی سەفەر
هیممەتی سەیدە کە هاتیە قسە
لە کەراماتا بووی بە دانشوەر

بەشی من هیچ نەمایەوە ئیللا
کە دوعای بۆ بکەم بەسۆزی جگەر
سەییدا گوێ نەدەیتە خواهیشی ئەو
مەطلەبی من دروست بکە بەنەظەر
من بەبەرماڵی خۆم بگەم بەسمە
هیممەتی تۆم ئەوێ وەکو ڕەهبەر
من نە دەروێشم و نەپیر و مرید
ڕەنگە نوێژیش نەکەم لە وەختی سەفەر
تەوصییەی تۆم ئەوێ لە ڕێگەوبان
بۆ سواریش ئەگەر ببێ یەک کەر!؟

شایانی باسە سەید عەبدولحەکیمی زەنبیل بەم چەند دێرە جوابی مامۆستا زێوەری داوەتەوە. ئەمەش دەقەکەیەتی لە کەشکۆڵی (أ)وە ڕاگوێزی دەکەین:

ئەی عەزیز و ڕەفیقی دانشوەر
نییە خۆشتر لە شیعری تۆ زێوەر
من کە خەجڵەت ئەبم لە عەرزی جەواب
هەیە ئومێد لە تۆ بەسەرفی نەظەر
خەرقەییێکت هەیە ڕەفیقی شەفیق
خەرقە بۆ تۆ وجوودی ئەو یەکسەر
ئەو لە بەرماڵەکەت جگەرسۆزتر
کە لە بەرماڵ دوعا ئەکا بەئەثەر
چۆن نەگرمە گوێی نەصیحەتی ئەو
هەیە گوفتاری زێدە وەک گەوهەر
خەرقە هەرچی ئەڵێ لە گوێ بگرە
بانوێژیش نەکەی لە وەختی سەفەر
زووە بۆ ڕۆیینت مەکە تەعجیل
بەفر زۆرە بەئێمە گەییوە خەبەر
وەختی ڕۆیین خەبەر بدە خادم
کەشفی ڕێگات بکا لەهەر کیشوەر
ڕۆح ئەنێرم لە بەدرەقەی تۆدا
لاکین ئینصاف نییە قوبووڵی خەتەر

مومینان و سەعید و قۆچ و ڕەشید
بە حەکەم دابنێن لە ئەهلی هونەر
من سەلامم هەیە لە خزمەتیان
بیگەیێنە بەعەشقی پیر و پدەر
خەرقەکەی ماوتە ئومێد وایە
بەصەفای دڵ دوعا بکا بێ شک مەر

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٢١٨-٢٢١ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ١٩-٢٣ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٧، لاپەڕە ٢٢-٢٣دا بڵاوکراوەتەوە هەروەها لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٤٧دا بەشێکی لێ بڵاوبۆتەوە.

موناسەبە و هۆی وتنی ئەم شیعرە وەکو نەجمەدین مەلا لە پەراوێزی کەشکۆڵی (أ)دا نووسیویەتی و دەڵێ: ساڵی ١٩١٩ی ز چونکە مامۆستا زێوەر هاوکاری شۆڕشی شێخ مەحموود بوو دوای ئەوەی شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان بەدیل گیرا زێوەر هەڵات چووە کوردستانی خۆرهەڵات لە گوندی زەنبیل لای سەید عەبدولحەکیم ماوەیێک مایەوە ئەمجار لەم هەڵبەستەدا خواستی بەرماڵێکی نوێژ ئەکا لە سەید عەبدولحەکیم وەیان بیگەیینێتەوە بەرماڵی خۆی.

دەربارەی ژینامەی سەید عەبدولحەکیمیش، نەجمەدین مەلا لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٤٧ نووسیویەتی دەڵێ: سەید عەبدولحەکیم کوڕی سەید عەبدولڕەحیمی حافظە، ساڵی ١٢٩٢ی کۆچی ١٨٧٥ز لە کوردستانی خۆرهەڵات لە گوندی زەنبیل هاتۆتە دنیاوە خوێندنی لای زاناکانی سابڵاخ، مهاباد لە قوتابخانەی مزگەوتی سوور تەواو کردووە ناوبراو بەکوردی و فارسی و عەرەبی شیعری وتووە لە هونەری شیعردا دەست درێژ بووە ساڵی ١٣٥٧ی ک ١٩٣٨ی ز لە گوندی زەنبیل کۆچی دوایی کردووە. هەر کەسێ دەیەوێ زیاتر لە مەبەستی ئەم شیعرە حاڵی ببێ با سەیری لاپەڕە ١٨٩ی «گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری» نووسینی مامۆستا زێوەر خۆی بکا.

(١) کۆی: وشەیەکی فارسییە بەمانای جێگەی هانا بۆ بردن.

عەرەق ناخۆم*

عەرەق ناخۆم کە تووشی دەردی سەر بم
گرفتاری هەزار دەرد و خەتەر بم
هەچی خوا حەز نەکا ئەیکەم بەسرڕی
ئیتر بۆ شەرمەزاری ناو بەشەر بم
عەرەق ناخۆم کە عومرم کورت و کەم بێ
بەجوانی بۆ گرفتاری زەرەر بم
عەرەق ناخۆم کە دووچاری وەرەم بم
هیلاکی خەستەگی قەلب و جگەر بم
عەرەق ناخۆم کە «مقطوع النسل» بم
حەزم وایە کە بابی سەد پسەر بم

عـەرەق ناخـۆم کـە بێ هۆش و خـیـرەد بم
لە حـاڵی دۆست و دوژمـن بێ خـەبەر بم
عــەرەق ناخــۆم لە قــاقــا و پێکەنـینم
بەجـارێ مـەسـخـەرەی ئەهلی نەظەر بم
عــەرەق ناخــۆم ئەڵێن: «داء الکؤول»ە
لە حـەشـریشـا بەرەنگاری سـەقـەر بم
عـــەرەق ناخـــۆم بەدینار و بەدرهەم
نەتیـجـەش عـەینی کـەر تابیع بەزەڕ بم
ئەگـــەر فـــەزڵ و هونەر لەم کـــارەدایە
لە خـوا خـواسـتم وەهایە بێ خـەبەر بم
نە خـــەییـــامم نە قـــائانیی درۆزن
لەبەر چاکـیم نیـیـە گـەر لێی حـەذەر بم
لە بۆن و بۆگـــەنی بێـــزارە تەبعم
فـیـدای ئەمری خوداو و پێـغـەمبـەر بم

....

* مامۆستا زێوەری شاعیر لەم شیعرەیدا بەئاشکرا دژی شەراب و عارەق خواردنەوە وەستاوە و هەستی ئایینی و خواپەرستێتی خۆی دەربڕیوە و عەرەقی کردووە بەبنەمای ئەم هەموو نەخۆشی و دەردی سەریانەی کە لە شیعرەکەدا ڕیزی کردوون.
ئەم شـیـعـرە لە ڕۆژنامـەی ژینی ژمـارە ٥٧٤ی ٢٠ی تەمموزی ١٩٣٩ی ز.دا بڵاوکـراوەتەوە لە لاپەڕە ٢٦-٢٧ی سـۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.
خیرەد: عەقڵ و هۆش.
مەسخەرە: گاڵتە پێکراو و شوێنی قەشمەری.
نەظەر: نظر: عەقڵ و دانش.
داء الکؤول: نەخۆشیی ئیدمان و توانای دەست لێ هەڵگرتن نەمان. شـایانی باسە کە (بێکەسی شاعـیر) بەقەصـیدەیەک جوابی ئەم شیعرەی مامۆستا زێوەری داوەتەوە.

عارەق ئەخۆم*

بێکەس ١٩٤٣

من عــارەق ئەخـۆم کـە بێ کـەدەر بم
کـەمێ لە دنیـای دوون بێ خـەبەر بم
گـەلێ سـزام دی لە ڕووی عـەقـڵـەوە
بادەی مـەی بخـۆم بێ هۆش و کـەر بم
عــافـێـتی تۆ بێ بامێ و قــوبوولّی
با مـن بەعـــــارەق تـووشی زەرەر بم

بەهەشت کـە پڕبێ لە وشکە سـۆفی
ئاواتەخـــوازم هەر لە سـەقـــەر بم
نامـــەوێ بەرگی ڕیا و زاهیـــدی
ئەگەر بەو بەرگەش زۆر موعـتـەبەر بم
کـورسـیی مـەیخـانەم لەلا خـۆشـتـرە
لەوەی کـە لەسـەر تەختی قـەیسـەر بم
ســـاقی دەخـــیلە بمدەرێ جـــامێ
با لـە عــــالـەمی مـــادە بەدەر بم
ڕزگـــــارم ببێ لە چەنـد و چوونـی
مـوددەتێ بۆ خـۆم بێ دەردی سـەر بم
* لاپەڕە ١٣٨ دیوانی بێکەس چاپی دووەم - کتێبخانەی (الطلیعة) کەرکووک.

خۆڵ بارانی سلێمانی*

ئەی فـــەلەک گـــاهێ بەتەرزە بەردە بارانمان ئەکـــەی
گـــا ، بەبارانێکی زۆر مـەعـرووضی تۆفـانمان ئەکـەی
دەستی خۆمان بۆچ شکاوە، خۆڵ لەسەر عەردی نەما ،
خـــۆڵ بەســـەرمـــانا ئەڕێژی؟ خـــانە وێرانمان ئەکـــەی؟
بەفـرەکـەت جـوان و سـپی بوو تێکەڵاوت کـرد بەخـۆڵ
کـــەیفی خـــۆتە هەر چلۆنێ مـــەیلی فـــەوتانمان ئەکـــەی
گـــەر خـــەیاڵی پێکەنینی بێ بەدڵدا دەفـــعـــەیێک
دەســتــبـەجێ کـــارێ ئەکـــەی دووچاری گـــریانمان ئەکـــەی
گەر قەناعەت کەین بەنانێ ڕوو لە ماڵی کەس نەکەین
تووشی سـەد قـۆڕتی وەکـو تێـڵان و لێـدانمان ئەکـەی
گـەر مـەعـاشـمـان زەم کـرێ یا ، مـایە تۆزێ زیاد بکا
موبتەلای شورب و قومار و فیسق و سەیرانمان ئەکەی
گـەه بەدەست بادی شـەماڵ و گـەه بەدەم بادی سـەمووم
تووشی سەرمای زەمهەریر و سۆزی نیرانمان ئەکەی(١)
ئێــمــە چین بۆچی لە سـایەی تۆ حـەرامـە ڕاحـەتی؟
تۆ لەلات چاکە لە خۆشی و چاکە حیرمـانمان ئەکـەی
ئەی فـەلەک باکـمـان نیـیـە لوطفی خـوامـان (کـافی)یە
حەپس ئەکەی؟ یا نەفی ئەکەی، یا تیرە بارانمان ئەکەی؟

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٣٣ی زایینی بەبۆنەی بارینی بەفرێک کە دوایی خۆڵی بەسەردا باریوە وتوویەتی و لە ل٣٩-٤٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە، شایانی باسە کە حەمدی صاحێبقرانیش بەبۆنەی لافاوەکەی ساڵی ١٩٣٢ی ز

که زیانێکی زۆری لە شاری سلێمانی داوە شیعرێکی زۆر بەسۆزی گوتووە تێیدا دەڵێ:

بۆ مەضەڕڕەت هەر تەنەززوولتان کە فەرموو بۆ زەمین

عادەتت وایە کە کوردستان بکەیتە مەرحەلە... هتد

(١) زەمهەریر: شوێنێکە لە دۆزەخدا ئێجگار ساردە پلەی سەرمای لە ئاستی پلەی گەرمای ئاگرەکەی دایە. نیران: کۆی نارە، واتە: ئاگر.

ئابووری*

١٩٢١م

مامە هۆمەر سەد شوکر تۆ قووەت و چاوت هەیە

هەر لە دێیەک چەن ڕەز و عەرد و بەراویشت هەیە

تووتنەکەت قیمەت نەکا سەد ئیشی تر بۆت قابیلە

دێبەرت زەرعی پەمۆکەی ئاوەڕیس چاوت هەیە

تووتنەکەت قیمەت نەکا مازوو گەزۆ، پێستە و خوری

شاڵی زۆر جوان و نەجیبی دەشتی خۆشناوت هەیە

قۆڵ لە پەستەک هەڵبکێشە و بچۆرە کێوی بۆ شکار

بۆ تیجارەت وەک دەڵەک، وەک ڕێوی سەگلاوت هەیە

خەڵکی گوندی ڕۆخی زێی بادین و کوێ وانێک بیە

تۆش فەقەت زۆر گۆشتی ماسێ پێستی سەگلاوت هەیە

شازدە کوندەی قۆڕ و پێنج سەد بەرچنار بوو بەکەڵەک

هەر بە(با) ئەڕواتە بەغدا چونکە تۆش ئاوت هەیە

مەسرەفت گەر زۆرە چا لێ مەنێ بۆ دەعییە

باسوق و سنجووق و گوێز و مێوژە خۆلاوت هەیە

هەرچی میوەی ناو بەهەشتە تۆ لە بەردەستا هەیە

کاڵەک و هەرمێ و بەهێ هەنجیری ڕێژاوت هەیە

عادەت و چاولێکەری وا چای بەحورمەت کردووە

فەزڵەیە بیخۆیتەوە دۆشاو و خۆشاوت هەیە

قۆندەرە و پۆتین نەبێ کەوشی سولەیمانی و کڵاش

وەختی بەفریش کاڵەیی گازەرد و پێتاوت هەیە

تووتنەکەت قیمەت بکا ئەو پارە بەس بۆ تۆ نییە

قەرزی کوتاڵ و شەکر، تۆش ڕەنجی ناو ئاوت هەیە

بەو سەر و پێچە زلە و پشتێنە هەشتا زەرعییە

بەو کڵۆنجە مەخمەرە لۆچی ئەتۆیش ناوت هەیە

....

* ئەم شیعرە بەو ناونیشانەی سەرەوە لە ل٢١-٢٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. لە ژین، ژمارە ١٢٢٨، ساڵی ١٩٥٤ی. ز. هەر بەو عینوانەی سەرەوە بڵاو کراوەتەوە وە بەهەڵە دراوەتە پاڵ خوالێخۆشبوو جەمال عیرفان چونکە شەقەڵی شیعری زێوەر لێرەدا بەئاسانی دیارە، لەوە ئەچێ کاتی خۆی بەهەڵە بەناوی (جەمال عیرفان)ەوە بڵاو کرابێتەوە چونکە جەمال عیرفان هەرگیز شیعری نەوتووە و شاعیریش نەبووە. وە لەو کاتەشدا سانسۆر لەسەر شیعر و نووسینی زێوەر هەبووە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بۆیە بەناوی خوازراوی جەمال عیرفانەوە بڵاوی کردۆتەوە.

وەرن یاران*

وەرن یاران! تەماشاکەن چ ڕەنگین نەو بەهارێکە؟

لە فەیزی ڕەحمەتی بارش هەموو جێ سەبزە زارێکە(١)

شنەی بادی بەهاری ڕەوح بەخش و عەتر پەخشانە

بەگریە و ناڵە هەوریش عاشقێکی بێ قەرارێکە

چ فەڕڕاشێکە پەنجەی قودرەتی؟ بۆ کائینات ئەمڕۆ(٢)

دەر و دەشت و بیابان لالەزار و میرغوزارێکە(٣)

شکا هۆردووی سەرما، هەڵوەشا جەمعییەتی سۆپا

هەموو ڕووی کردە سەحرا هەر مەسیرە تازە شارێکە

سەحەرگاهان لەناو باخا ئەڵێی مرواریی باریوە

لە ئاوونگی هەوا هەر بن چنارێ سەرچنارێکە

جریوەی تەیری تازە جێگەیی طەیرەن ئەبابیلە

لەکن ئەهلی بەصیرەت ڕوود و عود و ساز و تارێکە

تەبیعەت تەڕ بووە یەکسەر نەماوە سۆفیی وشکی

یەکێ پابەندی کارێکە، یەکێ دڵبەندی یارێکە

دڵی فەللاح و جووتیار و سەپان پڕ نەشئەو و کەیفە

دەروون تاریک و ڕووگرژە ئەوی صاحێب عەمارێکە

بەدەوری شارەدا هەر وەک (تەشیلە) سووڕئەدا جامباز**

گوڵۆڵەی کەوتە لێژی نەی ئەزانی تەڕ بەهارێکە

کەسێ چاوی لە نەفعی خۆی و مەحوی عالەمێ ببڕێ

بەظاهیر شکڵی ئینسانە، بەباطین هار و مارێکە

نەما حاجەت ڕەئیسی بەلدە ناوێ موحتەکیر بگرێ
بەڵێ مەعبوود کە دای، مەحموود وەکو ئێمە هەژارێکە***

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧١-١٧٢ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٦ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.

موناسەبەی گوتنی ئەم شیعرەش وەکو نەجمەدین مەلا دەڵێ: «ساڵی ١٩٢١ی ز لە بەهاردا باران نەباریوە، دەغڵودان لەلایەن خەلەفرۆشەکانەوە شاردراوەتەوە و گران کراوە. لە دواییدا بارانێکی خۆش باریوە دەغڵودان هەرزان بووە ئەم بەم هۆیەوە (زێوەر ئەفەندی) ئەم هەڵبەستەی سەرەوەی وتووە.

(١) فەیز: فەیض: خێر و بەرەکەت. بارش: باران. سەبزەزار: سەوزایی شیناوەرد.

(٢) کائینات: بوونەوەر.

(٣) لالە: گوڵێکی جوانە پتر لە شوێنی شێدار و قەراخ ئاودا دەڕوێ بەعەرەبی پێی دەڵێن: (شقائق النعمان) گەلێ جۆری هەیە، هەیەتی سێ پەڕە هەیەتی پێنج پەڕەماڵیش و کێویشی هەیە، ئەوەی لە کێو دەڕوێ پەلکەکانی سوور و بن پەلکەکانی لەککەیەکی ڕەشی پێوەیە لە هەوەڵی بەهاردا بەسەلک ئەنێژرێ.

** تەشیلە: مەبەستی کابرایەکی خەلە فرۆشە ناوی عەبە تەشیلە بووە.

*** مەحموود مەبەستی مەحموود ئەفەندی کوڕی قادر ئاغایە کە ئەوکاتە ڕەئیسی بەلەدییە بووە.

نیشانەی مەحەببەت*

نیشانەی مەحەببەت لە کەسدا نەماوە
هەچی تووش ئەبی مەرحەبایە و سڵاوە
مەحەببەت لە لێوایە تا مەرکەزی (ح)ی
عەداوەت لە قەلب و دڵانا چەقاوە(١)
چلۆن کەتمی عەشق بکەم ئەی پەری ڕوو
بەسەنگی جەفا شیشەیی دڵ شکاوە(٢)
بڵێم ئاسکی ناسکە، ڕاستە فیکرم
سڵ و وەحشە، دوژمن بەصەیباد و ڕاوە
سەر و ریشەکەم بوو بەفر و، کەچی دڵ
چ منداڵە بۆنی دەمی شیری خاوە
لە ڕەغمی زەمانە وەرە ئەی سەمەن بۆ(٣)
بنیشین بەنۆشین و بۆسەیش عەلاوە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨٦-١٨٧ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤٦ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری بەیان، ژمارەی ١٤٢، لاپەڕە ١٨دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) مەرکەزی (ح) قوڕگە مەبەستی ئەوەیە کە خۆشەویستی خەڵکی بۆ یەکتری سەر زارەکییە و لە ناخەوە نییە، دۆست و برادەری ڕاستەقینە یا هەر نییە یان زۆرکەمە. بەڵام دوژمنایەتی و ناحەزی نێوان خەڵک جێگیر و لە ناخەوەیە.

(٢) کەتم: شاردنەوە. سەنگی جەفا: بەردی ستەم و زۆرداری. شیشە: شووشە.

(٣) لە ڕەغمی: بەکوێرایی چاوی. سەمەن بۆ: ئەوەی بۆنی وەک گوڵی سەمەن خۆش بێ.

سەمەن: گوڵێکی شینابییە پێی دەگوترێ (مس پەرە) گەڵاکانی زۆرە، گوڵەکەی زەرد و سپی و شینە دەشگونجێ و شکە لە بنەڕەتا (سیمین) بووبێ واتە باڵا سپی وەک زیو.

دیاری*

کەسێ چاک بێ کرداری
لێی قبووڵ بکە دیاری
ئەوەی کەوا بەد فیکرە
قەت دیاری لێ وەرمەگرە
هەیە نانێ ئەبەخشێ
خۆی پێوە هەڵ ئەکێشی
بەبار مننەت دادەنێ
بەخشێ حوققە هەرزنێ
تۆیش بەخشینی چاکت بێ
دەست و دڵی پاکت بێ
مەبە دیاری بۆ کەسێ
دڵت کە لێی بترسێ
دیاری بۆ مەحەببەتە
بۆ دۆستیی و ئولفەتە
دیاری مەکە بەبەرتیل
بێ حورمەت ئەبی و زەلیل

....

* ئەم هەڵبەستە لە لاپەڕە ١ی دەستنووسی شاعیر وەگیراوە. لە لاپەڕە ٩٦ی سۆزی نیشتمان و لاپەڕە ١٣ی دەستە گوڵی لاواندا چاپ کراوە.

پەند و ئامۆژگاری

خۆت سووک بەغائیلەیی سەد مەرامەوە
تا ماوی ڕابوێرە بە نامووس و نامەوە
خۆت ڕۆستەمی زەمانە بەخۆت حاتەمی جیهان
فەخرت نەبێ بەباب و بەخاڵ و بەمامەوە(١)
مەوزووعی ئەهلی فیکرەتە پەروانە و چرا
پەروانە و چرا چووە ناو فیکری خامەوە

تۆو خوا لە ڕەغمی زاهید و سۆفی بڵێن: کە بێت
موطریب بەتار و عوودەوە، ساقی بەجامەوە
ئەم وت: لە داخی دەهر ئەچمە کونجی عابیدان
زانیم: تەمەڵ عەدوویی خوا بوون گەڕامەوە
بازاڕ ئەنێیتە کۆڵ و لە مەسجید ئەکەی دوعا
دین زۆر موقەددەسە، بەوە نایێتە دامەوە
گاهێ لە ڕۆشنایی و گاهێ لە تیرەگی
گەردوون میثالی تۆبە بەسوبح و بەشامەوە
ئەم بەیتە چەندە خۆش بوو لەلام یاری نازەنین
ئەیخوێندەوە بە لەهجەیی پڕ ئیحتیرامەوە

ئەم شیعرە ساڵی ١٩٢٤ی زایینی بەبۆنەی ڕووداوێکەوە گوتراوە، ڕووداوەکەش ئەوە بوو کە پیاوێکی نوێژکەر و سۆفی لە ڕۆژێکا بازاڕی سلێمانی بۆمباران کراوە، ئیتر بووە بەهەرا و هۆریا و خەڵک ڕای کردووە ئەویش لەوکاتەدا فەردەیەک کووتاڵی دزیوە لە ماڵی خۆیا شاردوویەتیەوە تاپۆلیس چوون لێیان سەندۆتەوە (ن.م) بەدەست لێدانەوە. (سۆزی نیشتمان لاپەڕە ٢٠-٢١).

....

(١) زێوەر لێرەدا ئەوە ئەسەلمێنێ کە نازناوی زێوەر لەقەبی شیعری تایبەتی خۆیەتی و لە کەسەوە بۆی نەماوەتەوە.

گاڵتە و قەشمەری*

ڕووی کردە کار گاهی تەڕەقیی وڵاتەکە
یەعنی وڵاتی کوردە بەبێ دەستەڵاتەکە
تەدریسی عیلمی فەلسەفەیە، فەننی تازەیە
وەحشەت لە شارەوە گەییە قاتە قاتەکە
جاران کە سوخمەیێکی نە ئەردوو و بەهەفتەیێ
ماکینە دەستە. ئێستەکە، وەستا خەیاتەکە
ئەربابی عیلم و دانش ئەوەند زۆر بووە بەناو
لایان خەیاڵی باتیلە پردی سیراتەکە(١)
کەوش و کڵاش و کاڵەو و پێتاو فڕێ درا
کەوشی فەرەنسە ڕەونەقی خستە وڵاتەکە
جاران کە عەشقی جینسی لەتیف باوی سەندبوو
ئێستاکە نووری مەجلیسە بەزمی لیواتەکە(٢)

سەیری کە چۆن تەریقی تەڕڕەقی کرایەوە(٣)
ئاڵا فەرەنگەیە حەرەکاتی سەعاتەکە
ڕێوی نەبێ کە ترسی لە ڕاوکەر هەیە کەمێ
کەس خەونی لانە ماوە موحیتە نیشاتەکە(٤)
دین بوو کە سەددی ڕێگەی ئەم ئەهلە وەحشە بوو
کەس سواری نابێ کەوتووە وەک لاکە لاتەکە
چاخانەیە، سنووقە، مەقاماتی تازەیە(٥)
دێرێکی کۆنە مەسجید و صەوم و صەلاتەکە(٦)
لایان وەهایە دوژمنی دین بن، تەررەقییە
نایانەوێ نزیکی خوابێ، حەیاتەکە
شەو کەیفە، عەیشە، عوشرەتە فیکری تەمەددونە
ڕێگای سەعادەتی ئەوە، دێ، بۆ حەیاتەکە

....

* زێوەر ئەم شیعرە گاڵتە ئامێزەی بەبۆنەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەڕواڵەت پێشکەوتن کە بەسەر وڵاتدا هاتووە و خەڵکی تۆزێک -بەتایبەت گەنج و تازە پێگەیشتوو- لە ئایین دوورکەوتونەوە ساڵی ١٩٢٨ی ز گوتووە لە سۆزی نیشتماندا لاپەڕە ٨٠-٨١ چاپ کراوە.

(١) باتیلە: باطلە: بۆش، پڕوپووچ، پردی سیراتە: پردی صراط.

(٢) لیواتە = لواطە: نێربازی (نەجمەدین مەلا دەڵێ: ئەم نیوەشیعرە هی فایق زێوەرە؛ کوڕی شاعیر.

(٣) تەریق: طریق: ڕێگا

(٤) موصیت = موصیط، نیشات = نشاط واتە کەسێک ترسی لا نییە، چوست و چالاکی وڵاتی داگرتووە.

(٥) سنوق: مەبەستی سندووقی گرام فۆنە کە جاران گۆرانی لەسەر تەسجیل کراوە.

(٦) دێر: پەرستگای مەسیحییەکان. کە ڕاهیبی تێدا دەژی.

ئامۆژگاری*

تۆ کە سادەی عەرەق مەخۆ ڕۆڵە
هاو پیاڵەت موونافیق و زۆڵە
هێزی قاچت نییە هەتا ڕاکەی
دەستەکانیش لە بۆ دیفاع کۆڵە
لووس کە عارەق بخواتەوە بێ شک
هەروەکو دێڵە ئارەزووی گۆڵە
کاکە تۆیش گەر بەجاهێڵی فێربووی(١)
یا کەری، یاخۆ پارەکەت مۆڵە

مامە تۆیش ڕیشەکەت سپی تێکەوت
لازمە بچیە تەکیەکەی سۆڵە
باوەڕێکتان ببێ بەشەرع و حەدیث
خوا ئەسێنێ لە موجریمان تۆڵە
هەرچی ئیشێ بکەی غەیب نابێ
وا مەزانە کە سەر زەمین چۆڵە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٠٤-١٠٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) جاهێڵی: نەفامی یان جاهێڵی: گەنجی لاون

دیسان پەند و ئامۆژگاری*

خێر و صەدەقە بکە بەفەقیر(١)
ئەمما فەقیرێ سەقەت بێ یا پیر
طەلەبەی علووم حەفەظەی قورئان
هەموو قابیلن بەخێر و ئیحسان(٢)
دەروێشی عیفریت زەلامی ملهووڕ
کە پێیان ئەڵێن: دەروێشی کەڵهووڕ
خێریان پێ مەکە ئەوانە ساغن
خاوەنی ماڵن زۆر بەدەماغن
لە پەنای سوالا نەرم و سەرکزن
لە حەقیقەتدا ئەغڵەبیان دزن
موعاوەنەتی شەخصی بێ چارە
زەڕڕە بەزەڕڕە لای خوا دیارە
کەسێ بەکاربێ یا هەشت نۆ ساڵ بێ(٣)
خێری پێ مەکە نەک فێری سواڵ بێ
تەماڵی مەکە بەو زیو و زەڕە
کەسێکە عوضوی جەمعی بەشەرە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٤١-٤٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە لە لاپەڕە ٢٢ی دەستنووسی شاعیریشدا هەیە. کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە ٤٠٧ی ساڵی ١٩٣٤ی ز لەگەڵ پەخشانێکدا بەبێ ئەوەی ناوی زێوەری لەسەربێ بڵاوکراوەتەوە.

(١) بکە (ژیان)، بدە سۆزی نیشتمان و دەستنووس.
(٢) قابیلن (ژیان)، لایقن سۆزی نیشتمان ئەم دێرە شیعرە لە دەستنووسی شاعیردا نییە.
(٣) با هەشت نۆ ساڵ بێ ژیان بام هەشت نۆ ساڵی بێ سۆزی نیشتمان و دەستنووسی شاعیر.

پەند و ئامۆژگاری*

زەمانە هەر کەسی هێنایە مەیدان
ئیطاعەی فەرزە لای قەولی حەکیمان
مەڵێ: من فاضیلم ئەو بێ کەماڵە
مەڵێ: من ئیختیارم ئەو منالە
مەڵێ: من دەوڵەمەندم ئەو فەقیرە
مەڵێ: ئەو هیچە من باوکم ئەمیرە
خەیاڵ و فکری بێ مەعنان ئەمانە
بڵێی من عالمم ئەو هیچ نەزانە
هەچی فەضڵێ کە تۆ ئەیکەی بەحوجەت
ڕەزا بە بەو بەشە بێ دەرد و میحنەت
ڕەئیسی میللەتێکی خاوەن ئۆردوو
کەس نازانێ باوکی گاورە یا جوو؟
هونەر ئەمڕۆ بەسەعیی و عیلم و دینە
حەسادەت کاری شەیتانی لەعینە

....

* ئەم شیعرە بەو ناوونیشانەی سەرەوە لە لاپەڕە ٤٠-٤١ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.

پەند و ئامۆژگاری*

یەک عەیبی خەڵک ئەبینی خۆت صاحێبی هەزاری
خەڵکت لەلا خەرارە خۆیشت و وەکو دەواری
ظاهیر فەقیر و سالم بەڕەنگ و بەرگی عالم
ئەمما لە ناو دەروونا مارێکی زەهرداری
چۆن پێت بڵێم: موسوڵمان؟ یا فەردی نەوعی ئینسان
دووری لە خێر و ئیحسان مەستی مەی و قوماری
دەستت لە صنعەتا بێ ناوت لە حورمەتایە
قەلبت لە غەفڵەتا بێ قەڵب و زەلیل و خواری

....

* ئەم شیعرە لە ل٣١-٣٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

ئەی عالمانی حەق بین

ئەی عـــالمانی حـــەق بین تەدریس بکەن بەبێ کین
لادەن لـه تـەعن و تـەلعـین لادەن لـه وردەکـــــاریی(١)
ڕێی دین گوشادە دەروێش، بەمن چی بوویتە بەنگ کێش
بنوارە مـــورشـــیـــدی پێش مــەنوارە بەنگ و مــاری
هەتا بلـّـێن خـەتای کـرد شـیـّـخی ڕەضی یو طووسی
هەروەک قەدیم بەسیی ساڵ ناگەیتە (قاضی لاریی)(٢)
ئەی تاجــرانی صــادیق وەی کــاســبــانی لایق!
ڕەحـــمێ لەگـــەڵ خـــەلایق دە بە دوازدە توجــاری
هەر مــوشـــتـــەری کـــە دێتــە بەردەم دوکــانی ئێـــوە
صــابوون مــەدەن لە ژێر پێی، نەشــتــەر لە شــادەمــاری

....

(١) تەعن = طەعن: تانە و تەشەرە. تەلعین: لەعنەت کردن. وردەکاریی: قووڵ کردنەوەی شتی بێ هوودە. زێوەر لەم دێرە شیعرەدا هێرشێکی ڕەوای کردۆتە سەر شێوەی خوێندنی بڕێ مەلا و فەقێی ئەو سەردەمە کە بەحاشیە و پەراوێز هێندێکیان هێندێکیانیان بەر تانە و تەشەر داوە بەڵکو هی وایان هەبووە ناحەزی خۆی بەکافر زانیوە و لەعنەتی لێ کردووە زیاد لەوەش ئەوەندەیان وردەکاری لە شوێنی بێ هوودەدا کردووە ئەوەندە خۆیان بەشتی پێویست نەبووەوە خەریک کردووە بەجۆرێک فەقێی وا هەبووە هەموو تەمەنی خەریکی خوێندنی دوو سێ کتێبی نەحو و صەرفی عارەبی بووە نەشی زانیوە دەڵێ چی، هی وایان هەبووە بەهەزارەها بەڵگە و قونە قەیدی نەحوی لەبەر بووە بەڵام نەیتوانیوە چوار پێنج دێر بەعەرەبییەکی ڕێکوپێک بنووسێ.

(٢) شێخی رەضی: رضی الدین الاسترابادی شەرحێکی دوور و درێژی لەسەر شەرحی جامی کردووە کە (جامي = الفوائد العنيائية) بۆ خۆی شەرح و شیکردنەوەی کتێبی (كافية)ی ئیبن و حاجیبە.

طووسی: نصيرالدين الطوسي ١٢٠٠-١٢٧٣ز. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی گرینگە یەکێ لەوانە کتێبی (تجريد الكلام)ە لە عیلمی عەقیدە و خواپەرستی دا.

قاضی لاری: کتێبێکی (مصلح الدين الانصاري) بە شەرح و لێکۆڵینەوەیە لەسەر (شەرحی قاضي مير) کە ئەمیش شەرح و لێکۆڵینەوەیە لەسەر کتێبی (هداية الحكمة)ی (أثيرالدين الأبهري) لە عیلمی مەنطیق دا.

گرتنی چەخماخسازەکان*

شــایعــە کــەوتە هەمــوو جـێگە و بیــســتم خــەبەرێ
کـە حکوومـەت بەسـزا سنفی تفـەنگ سـاز ئەگـرێ
شــۆڕش و غـــولغـــولە هەســـتـــا لە هەمـــوو کـــۆڵانێ
بووە ئەو ڕۆژە کـە زیرۆح هەمـوو یەک یەک ئەمـرێ(١)
تێکچوو کوورەو دەمـە، لاچوو چەکوش و گیـرە و گاز
کـونجی دووکـانەکـەیان لێ بووە کـونجی سـەقـەرێ

تەسکەڵەو (زەردەمل) و (لوولە) و (چەرخ) و (خشکە)(٢)
کلکە مـــشکە لە کـــونە مـــشک ئەنرا تا نەبرێ
(نەرمەساو) باوی نەما (کلکە شێرە) و (فەڕدۆنی)
(چێوەسان)، (جەڕڕە حەتیتە) بووە داری چەپەرێ(٣)
تاقمی زەبتییە وەک باز و هەڵۆ سووری ئەخوارد(٤)
بۆ دوو (بێـچوو) لە پەنایێک بگرن قوڕبەسەرێ(٥)
زیکەزیک (عەینە مەل) و بوونە (مەلەخ) وەستاکان(٦)
باوکی خـاوەن شـەفـەقـەت ڕووی نە ئەکـردە پسـەرێ
هەورەبان بوو بووە بەست تێی ئەخزان ورد و پچووک
سواری کۆڵی یەک ئەبوون وەک مەسەلی سەربەسەرێ
پێ پەتی هاتوو هەڕای کـرد بەبێ کـەوش و کـڵاش
تازە شـاگـردە یەکێ جـووکـەیێ، گـوێچکە کـەرێ
لەنگەری گـــرت لە هەوا بازی ئەدا وەســـتـــایێک
وتی: ئەســـتـــۆم بشکێ نیـــو نمەکم لێ نەنرێ
تووشی وەسـتـایەکی تر بوون کـە لە گـردی سـەیوان
وتـی دەروێشم و دەروێش ئەبێ هـەر مـــــار بگرێ
کـــوڕی ئازا لە هەمـــوو جـــێگەیێ خـــۆی ئەنوێنێ
ئافـەرین وەسـتـا عـەزیز دەست بەسیـلاح هاتە دەرێ
خـەنجـەری کرد بەکـەمـەریا کـە لەسـەر فـیـشـەک لغ
وتی: فـەرقی نیـیـە ئەمـڕۆ چ مـوشـیـر و نەفـەرێ
گـــەرچی دۆســـتی من و ئەربابی شـــەو و ڕۆژی منە
باسی وەسـتـا ڕەشـیـد زۆر خـۆشە کـە شـەرحی بدرێ
هەر بەچەرمـە ڕەقـەکـەی ڕاسـتـەوە بوو پێـیـان وت:
کـــوڕە دانیـــشـــە مـــەڕۆ نابێ لە بۆ تۆ زەرەرێ
سـەگ و تانجـیی و گـەماڵ و توولە شـوێنی کـەوتن
وەخـتـە بوو قـوڕ بەسـەرە چەرمـەڕەق و خـۆی بخـورێ!
ئاشناکـەم لە تەنیـشت حـوجـرە فـەقـیـرە، بەسـتـەزمـان
کـاڵەک و نانی ئەخـوارد بیـسـتی لەناکـاو ئەسـەرێ
هێـــزی ئەژنۆیی بڕا هەم حـــەپەســـا هەم ترســـا
لە وجــــوودیا بەقــــەدەر زەڕڕە نەمـــابوو هونەرێ

وتی: ســا ئێــوه له بەرکــەن جلەکــانم نەوەکــو
لێم بسـێنن بەسـزا، جـەردە، لە شـار بچـمـە دەرێ
عــاریان بێ بەخــوا دائیــرەی چەخــمــاخــســاز
لە ولاتـا ئەتـەقن هەریـەکــــە بۆ جێ و گــــوزەرێ

* مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ: لە دەورەی دەوڵەتی عوسمانیدا کۆمەڵێک وەستا لە شاری سلێمانی سەریان دابووە یەک دەستگایان دانابوو کارخانەیان کردبووەوە. تفەنگیان دروست ئەکرد و پێیان ئەوتن: (جەخماخ ساز) حکوومەت ئەمەی پێ ناخۆش بوو، کە تفەنگ زۆر بێ و دەست ئێلاتی کورد بکەوێ کە ڕاو و ڕووتی پێوە بکەن. ئەمجا هات دەستگاکانی لێ داگیر کردن و کارخانەکانی پێ داخستن و دەستی کرد بەگرتنی وەستاکان. زێوەریش ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی وت: (سۆزی نیشتمان لاپەڕە ٨٣-٨٥).
(١) زیرۆح: ذی ڕوح: خاوەن گیان، گیانلەبەر.
(٢) ئەو وشانەی لە ناو کەوانەدان ناوی دەستگای چەخماخسازیی ئەو سەردەمەن.
(٣) ئەو وشانەی ناو کەوانەکان ئامێری چەخماخسازی بوون.
(٤) زەبتییە: ضبطیە: پۆلیس و یاساوڵی عوسمانی بوون.
(٥) بێچوو: جۆرە پارەیەکی ئەو سەردەمە بووە.
(٦) عەینەمەل: باڵدارێکی ڕەشە لە چۆلەکە گەورەترە زۆر دژی کوللەیە، کۆمەڵ کۆمەڵ دەژیەن بۆ میوە و بەروبووم زیانی زۆرە، هەر ساڵێک کوللە زۆربێ لە شوێنێک دانیشتووانی ئەو شوێنە دەنێرن بۆ ئەو ناوچانەی (عەینەمەل)یان تێدایە ئاوی کانی دەهێنن و بەدەغڵودانی هەڵ دەپرژێنن لەم ڕووە گوایە عەینەمەل بەشوێن ئاوی ولاتەکەی خۆیدا دێت ئیتر دەست دەکا بەقەلاچۆکردنی کوللەی ئەو شوێنەی ئاوەکەی لێ پرژاوە.

کاربەدەستانی ئیستیبداد*

وەک تیـر لە کـەوان دەرئەپەڕن تـاقـمی مـەئمـوور
بۆ قــاوەو و بۆ چای بەرەو خـــوار و بەرەو ژوور
بۆ لاقــە مــریشکێ ئەچنە کــانیی ئەزمــڕ(١)
بۆ قـوبڵی ئەڕۆن لێـرە هەتا چەشـمـەی ئامـوور(٢)
[یازیق ســزە ئەی قـــوجـــە حکومت أمناسی
کیم یەسڵەیە جگەر سزی کیمدر سزە مشکور]

* ئەم پارچە هەڵبەستە لە ل٥٣-٥٤ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە. زێوەر لێرەدا چاوچنۆکی و بەرتیل خۆری مووچە خۆرانی ڕژێمی سەردەمی پاشایەتی و داگیرکەری عێراقیمان بەگوێدا دەسرپێنێ.
(١) کانیی ئەزمڕ: سەرچاوەی ئاوێکی سارد و سازگارە کەوتووەتە ئەو دیو دەربەندی کێوی ئەزمڕ و بەسەر شاربازێڕدا دەڕوانێ.
(٢) چەشمە: سەرچاوە. ئاموور: چەمی ئاموور، ئاموور: ڕووبارێکە کەوتۆتە شیمالی ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە لە نێوان سیبریا و مەنشوریا. چوار هەزار و سێ سەد و حەفتا و حەوت کیلۆمەتر درێژە و دەرژێتە بەحری ئاخۆ تسکەوە.

ستایشی ئاسایشی*

حـەمـد و لیللا وا لـە دەورەی بانـی دێ سـەنگەر نەمـا
ئەشقیا شەق بوو شەقەی پێنج تیر و ماووزەڕ نەما(١)
دائیـمـا شـوکـری حوکـوومـەت کـەن ئەهالیی سەرچنار
تەشـقـەڵەی کـوردی گـەڕی جـافی زیانی مـەڕ نەمـا
چاکی کـرد بۆ خـۆی مـچیل مرد و دوکـانی شاردەوە(٢)
چونکە خـۆبادان و دەست دانانی سـەر خـەنجـەر نەمـا
ڕوو لە هەر جـێـیـەک ئەکـەی بۆ خـۆت بچۆ باکت نەبێ
لووتی لۆتی شـۆڕە سەر سمت و کەفـەڵ وەروەر نەما(٣)
(با) نـەبێ کـەس لێـفـە نافـڕێنێ بنوو بێ غـەم بەشـەو
گـەندەدز لێــفــە فــڕێنی ســاڵی پێــشــووتر نەمــا
نانتـان بێ غـەم بخـۆن ئەی ئەهلی ڕەحم و مـەرحەمـەت
تووخــوا و تووبی ڕەسـول پاڕانەوەی ســواڵکەر نەمــا
سـەیری کـۆڵانان بکە ئێـسـتـا کـە چەند پاکـە و تەمـیـز
پیسیی و تۆزی سەرەنگوێلک لە ڕێی مەعبەر نەما(**)
خـواجە فـەندی گـەر دڵی عـاجز نەبێ عـەرزی ئەکـەم(٤)
ڕۆژی دەرسی کـوردییـە تەئریخـەکـەی (نادر) نەمـا(٥)
(صــاحـبــا أمــیـدگــاها دەست بوسم) تێـپـەڕی(٦)
دەرسی کوردیی خۆم ئەخوێنم باوی ئەسکەندەر نەما(٧)

* وەکو دەڵێن: لە دوای نەمانی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر ئاژاوە و بێ گەورەیی کەوتبووە ناوشاری سلێمانییەوە، ولات بێ گەورە و نیظام و ئاسایش بوو دز و پیاوکوژ زۆر بوو بوو و برسێتی و بێ ئیشی باو بوو. ئەگێڕنەوە دز و ئەشقیا بەجۆرێک زۆر بوو بوون شەو بەسەر بانەکانەوە گەڕاون چییان بەردەست کەوتبێ دزیویانە. تەنانەت دەگوترێ جاری وا هەبووە پشتێنی پیاو دز پڕی داوەتێ و سەرێکی بەدەست دزەکەوە بووە و سەرێکیشی بەدەست خاوەنەکەیەوە بووە. ماوەیەک گوریس کێشەکێ و سمرسمرێنیان لەگەڵ یەکتریدا کردووە. زۆر کەس کە ئەم ئاشووب و نائاساییەیان بەچاوی خۆیان بینیوە ئێستا لە ژیان دان و دەیگێڕنەوە. ئیتر شیعرەکەی زێوەر ئاماژەیە بۆ ئەو سەردەمە. شایانی باسە کە مامۆستا نەجمەدین مەلا لە پەراوێزی ل٣٠ی سۆزی نیشتماندا شتێکی تری دوور لە واقیعی کردووە بەمووناسەبەی ئەم شیعرە بەپێویستی نازانین بینووسینەوە.
(١) ئەشقیا: پیاو خراپ. پێنج تیر و ماوزەڕ: دوو جۆرە تفەنگ بوون.
(٢) مچیل: پیاوێکی شێرگەر بووە لە سلێمانی (ن.م)
(٣) وەروەر: دەمانچە.
(**) مەعبەر: شوێنی پێدا ڕابووردن.

(٤) خواجه ئەفەندی: ناوی عەزیز کوڕی وەسمان ئاغا کوڕی ڕەسوڵ کوڕی حەسەن لە نەوەی عەلی بانوشیرە لە هۆزی گەلاڵییە ساڵی ١٨٤١ی ز لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە لە ژیاندا زۆر خزمەتی زانستی کردووە و مەدرەسەی تایبەتی کردۆتەوە زۆر خەڵکی تێدا فێری خوێندەواری بووە، ساڵی ١٩٤٢ی ز کۆچی دوایی کردووە.

(٥) مەبەستی کتێبی (تاریخی نادری)یە کە ئەو کاتە خوێندنی باو بووە.

(٦) لە سەردەمی حوکمی عوسمانیدا لە سلێمانی نامە بەفارسی دەنووسرا کوردی باوی نەبوو.

(٧) ئەسکەندەر: مەبەستی نامیلکەی (ئەسکەندەر نامە)یە.

باسی دونیا(١)

دەقی شیعرەکە لە ڕۆژنامەکەدا، ئەم پێشەکییەی بۆ نووسراوە: ئەم شیعرە لە وەختی خۆیدا لە تەرەف ساحێب ئیمزاوە بۆ دەرج و نەشری تەودیعمان کرابوو. «فقط مع الاسف» تا ئێستا لەبەر زەیقەت مەجال مومکین نەبوو، لێمان ببورن.

ساحێب ئیمزا: واتە ناوی شاعیرەکە (فایەق زێوەر)ە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە زیاتر مۆرک و شەقەڵی (زێوەر)ی پێوەیە بەڕاستمان زانی بەناوی خۆی خودی (زێوەر)ەوە بڵاوی بکەینەوە خوێنەری بەڕێزیشی لێ ئاگادار بکەین. ئەمە و چەندین شیعری تری سەردەمی خۆی بەو جۆرە بڵاو کراوەتەوە. دیارە ڕەقابە لەسەر شیعرەکانی زێوەر بووە لەلایەن حاکمی سیاسی ئەو سەردەمەوە.

گەهـ بەفر و باد و بارەش و سەختیی و مەرارەتە
گـەهـ گـەردەلوول و تۆز و بوخـار و حـەرارەتە
سەددی تەریقی ویسالی و موحیبانی عالەمە
میحنەت هەمیشە قیسمەتی ئەولادی ئادەمە
دنیا چ ڕەنگ ڕەنگە، گەهی سوورە گەهـ سپی
باوەڕ نییە بەڕاستی کەوا ڕاستە یا چەپی

**

دەشت بوو بەشاخ و شاخ و تەپە چوونە ئاسمان
حەیوان و تەیری وەحشی پەنای خستە ناومان
لەم بەفرەدا بەسەیر و هەوەس مەیلی ڕاو ئەکەین
هەر شەوێ خەیاڵی گۆشتی سەر پلاو ئەکەین
هەی هەی چ غافڵین و چ بێ باک و سەرسەرین
حەیوانی کێوی بێ خەبەرە، (قەومی) خۆ خۆرین

**

شاهەنشەهی جبال مەگەر شاخی بەرزی پیر(٢)
ئەم سیلسلەی جبالە لە ژێر چاویا ئەسیر

وا سەیری شەرق و غەرب و جنوب و شیمال ئەکا
ئەم مەنزەرەی لەتیفەیە دەفعی مەلال ئەکا
سوورکێو، سەگرمە، گۆیژە و قەندیل سوپاهیە
تەختی زەمینە قووببەی گەردوون کولاهیە

**

ئەم بەفرە زیوی خالیسە یا بەحری یاسەمین
یا قەترەیەکی ڕەحمەتە کەوتۆتە سەر زەمین
سەرچاوەی حەیاتی شەتی دیجلەیە و فورات
دنیای فەیز و نیعمەتە بۆ ئەهلی کائینات
ئەمرۆ جەفای سەردیە (سبحەی سەفای) دڵ
ئەم بەفرە جازیبەی تەرەب و شەوقی بولبولە

**

ئەی سەبزەیی بەهار ئەی خونچەی ئەمەل
لابەی لە چاوی ئێمە هەموو عیللەتی سەبەل
کەی تۆ لە خاکی پاکی وەتەن جلوەگەرد دەبی
کەی ڕۆشنی دەروون و جەلابی نەزەر دەبی
دڵشادم ئێستە ئاخری ئەم دەردە مەرهەمە
دوای (عُسرِیُسرَ) نەصی خوداوەندی ئەعزەمە

....

(١) ئەم شیعرە لە سۆزی نیشتماندا مامۆستا نەجمەدین مەلا بەدەستکاری خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە بەڵام ئەم دەقە ڕاستییەکەیەتی کە لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٢٦دا بەئیمزای فایەق زێوەر بڵاوکراوەتەوە بەڵام لە ڕاستیدا هی (زێوەر) خۆیەتی.

(٢) (شاخی بەرزی پیر) مەبەست پیرەمەگروونە.

سەرگوزەشتەی کاربەدەستانی دەوری عوسمانی*

باسی مەئمووری دەوری عوسمانی
هەمووی مەعلوومە لای سولەیمانی
نیک و بەد هەرچی بوو ئەوا ڕابوورد
شیر نەما، دۆ برا، کە مانگا مرد
غایەتێ باس ئەکەم لە یەک مەئموور
وەختی ئینگلیز کە تاوی دابوو تەنوور

پیاوێ قەرزی ئەبێ ئەچێتە شکات
حەقی چەند ساڵەکی بدا کە نەجات
ئەنووسێ قەبضەیێک مودیری زەمان
کە ئەبێ بێتە لام فڵانی فڵان
خاوەنی قەرز ئەچێتە سەر کابرا
قەبضەکەیشی لە ڕووی ئەوا دەرئەخا
پیاوی بێ چارە پێی ئەڵێ: ئەی یار
حەقی تۆ ثابیتە بەبێ ئینکار
نیمە من عالەمێ بکەم ڕازی
ضەبطییە و تۆ مودیر لەگەڵ قازی(١)
بەقەدەر حەقی تۆ ئەبێ دیاری
بۆ مودیر بەگ بەرم نەکا لاری
پیاوی چاک بە، ڕەفیق بە، تووبی خوای
حەقی خۆت وەرگرە مەچۆرەوە لای
مەسئەلە حەلل و فەصڵیان کرد زوو
لێک ترازان بەدڵ خۆشی هەردوو
کە ئەوەی بیست مودیر دڵی ئێشا
ضەبطییەی نارد و کابرای کێشا
وتی: بۆچی نەهاتی هەووەڵ جار
وتی: ئیش حەل کرا بەبێ ئینکار
وتی: تۆ خائینی نەفام و مناڵ
بدە سەد ڕوپیە و مەچۆرەوە ماڵ
ڕقی زۆر بوو مودیر، جەریمەی کرد
نەک جەریمە، کە قیمە قیمەی کرد
ئەمەبوو حاڵی ئەسبەق و سابیق
خوا بکا ئیتر وانەبێ لاحیق

....

* ئەم سەرگوزەشتە شیعرییە لە ل٦٤-٦٥ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.
(١) ضەبطییە: زەبتییە، پۆلیس

سیاسەت*

لینی وتی: بازێ ئەبەمە میسر و فەڵەستین(١)
بۆ خۆم ئەبمە سەروەر و سوڵتان و سەلاتین
هیتلەر وتی: لینی! مەکە زۆر موشکیلە ئیشت(٢)
تۆ بەم حەرەکە مەیگرە گوو ڕیشم و ڕیشت
مەغروور بوو قسەی هیتلەری نەکری بەقرانێ
هێنایە وجوود واتەی هیتلەر بەتەکانێ

....

* ئەم سێ دێرە شیعرە لە لاپەڕە ١٠٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراون.
(١) مەبەستی مۆسۆلینییە کە یەکێک بووە لە پیاوانی بەناوبانگی ئیتاڵیا و دامەزرێنەری حزبی فاشیستی (الاتحادی)یە ساڵی ١٩٢٩ی ز موعاهەدەی (لاتران)ی مۆر کرد کە ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان کورسی ڕەسولی و ڕژێمی ئیتاڵیا ١٨٨٩-١٩٤٥ز.
(٢) هیتلەر: سەرۆکی حزبی وەتەنی سۆشیالیست (نازی) سەرۆکی ئەڵمانیا بوو، شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرساند و کاتێک دەورەی بەرلین گیرا خۆی کوشت.

ئامۆژگاری*

چونکە دنیا، هەرچی بیبەخشێ ئەبێتە عارییە(١)
گەر قوبوولی کەی بەخۆشی عیللەتی بێ عارییە(٢)
حوڕ نەبیت ناژیت، لە عالەم لەززەتی تۆ مردنە
ڕاستێکی دنیا و قیامەت لەززەتی ئەحرارییە
داعییەی گەورە و ڕیایی و خزمەتی یاری فەقیر
تا دەوامی بێ خراپی لەم دیارە دیارییە(٣)
داری دەس قەڵباغی سەر پۆتین پێ ناتخاتە پێش
داری دەستی میللەتی پێشکەوتووان بێدارییە(٤)
میللەتی ئەسڵاو هەتا بێ چارە بوون چاریان هەبوو(٥)
ئێستە کە چاریان پەیا کرد شەئنیان بێ چارییە(٦)
قەت مەڵێ: من کورد و مەدحەت تورک و سەعدوون عارەبە(٧)
جوملە ئیسلامین براییمان لە شەرعا جارییە
قەومی کورد هێشتا مناڵە لانک و بێشکەی پێ ئەوێ
بۆ قەومی شێری شادمان پڕ قورگ و زاریە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٠٧-١٠٨ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) عارییە: عاریە: خواستەمەنی، ئەوەی بیدەی بەیەکێکی تر بەو هیوایە لێی وەربگریتەوە.

(٢) عیللەتی بێ عاری: هۆی بێ ئەدەبی و کەم تەربیەتی. لەنێوان (عارییە) و (بێ عارییە)دا جۆرە طیباقێک هەیە.

(٣) دیار: وڵات. دیارییە: ئاشکرا و دەرکەوتوو. لەنێوان (دیار) و (دیاری) جۆرە جیناسێکی جوان هەیە.

(٤) بێداری: بەخەبەری و هۆشیاری لە نێوان (داری) و (بێداری) جیناسی ناقیص هەیە.

(٥) میللەتی ئەسلاو: مەبەستی گەلانی سلاڤە.

(٦) بێ چارە: بەدبەخت و چارەڕەش. چاریان هەبوو: چار، لێرەدا واتە قەیصەر.

(٧) مەدحەت: مەبەستی مەدحەت پاشای تورکە (١٨٢٢-١٨٨٤ز) یەکێک بووە لە هەرە پیاوانی لێهاتووی عوسمانییەکان، زۆر قانوون ناس و ئیداری بووە ماوەیەک والی بەغدابووە.

سەعدوون: مەبەستی (عەبدولموحسین ئەلسەعدوون)ە کە بە (عەبدولموحسین پاشا) بەناوبانگە. ساڵی ١٨٧٩ی زایینی لە ناصریە لە دایک بووە بۆ خوێندن نێردراوەتە ئاستانە لە (مدرسة العشائر) دەرچووە دوایی چووەتە (المدرسة الحربية) ئەویشی تەواوکردووە، بووەتە زابتێکی لەشکری عوسمانی دوایی بووەتە (مرافقي) سوڵتان عەبدولحەمید، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کراوە بەوەزیری داخیلیە، ئەمجا کراوە بە سەرەک وەزیران هەروا بووەتە سەرۆکی (مجلس الأعيان) و (مجلس النواب)یش، ساڵی ١٩٢٩ی.ز. خۆی کوشتووە.

چ خۆشە؟*

چ خۆشە حوکمی عەدالەت، نەمانی مەحکوومی
چ خۆشە ڕەفعی سەفالەت شیعاری مەظلوومی؟
لە بەینی قەوم و میلەلدا چ خۆشە مەوجوودیی
چ ئافەتێکە حەقیقەت بەڵای مەعدوومی
چ نەگبەتێکە ئیلاهی جەهالەتی میللەت
چ دەوڵەتێکە موئەید ئەساسی مەعلوومی
نەما لە سایەی عەدلی ئیلاه و لوطفی خوا
لەسەر خراپەی ئەم کوردە سایەیی بوومی
لە فەیضی لوطفی خواوە ویلایەتی مووصڵ
نەجاتی بوو بەتەواوی لە پەنجەی ڕۆمی
بەڵێ نەتیجەی زوڵم و جەفایە بۆ هەر کەس
بەرۆکی خۆی ئەگرێ عاقیبەت بەمەشئوومی
کولاهی فەخری هەموو کوردەکان گەیشتە فەلەک
کە تورکی دا بەزەویدا خەیاڵی مەوهوومی
کە عوصبەتول ئومەم ئەم حوکمە عادیلانەی دا
حەیاتی دا بەعێراق و نەماوە مەحروومی

بژی بەعەدلەوە عوصبە لەگەڵ بەریتانی
چرای وڵاتە قەراریان بەلەفظی مەفهوومی

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بەهۆی ئەوەوە گوتووە کە ساڵی ١٩٢٤ی ز لەلایەن مەجلیسی عوصبەتول ئومەمەوە، ولایەتی موصڵ لە تورکیا دابڕا و خرایەوە سەر عێراق. (سۆزی نیشتمان لاپەڕە ٤٦-٤٧)

من ئەڵێم*

من ئەڵێم: لازم نییە فێربم لە دنیادا حیساب
پێم ئەڵێن: ئەی چۆن نەجاتی خۆت ئەدەی ڕۆژی حیساب؟(١)
من ئەڵێم: مەهدی لە دنیادا نییە و زیندوو نییە(٢)
شاه ئیسماعیل ئەڵێ: ئەتهێنمە بەر داری عەزاب(٣)
من ئەڵێم: هیچ حەوسەڵەی سەیری کیتابم لا نییە
پێم ئەڵێن: مەجبوور ئەبێ بگری بەدەستێکت کیتاب
من ئەڵێم: هەر باری عەشقی ئالی حەیدەر کافییە
ئەهلی سوننەت پێم ئەڵێن: سەرباریە حوببی صەحاب(٤)
ئێوە مەهدین یا نەبی یاخۆ لە بابی پرس ئەکەم
ئەم سوئالەی من لە ئاخردا دەمێنێ بۆ جەواب
من ئەڵێم: کەی میللەتی خۆت خۆش ئەوێ غەمیان ئەخۆی؟
پێم دەڵێ: وەختێ شەرابێکم ببی گۆشت و کەباب
من ئەڵێم: کەی یادی حەشر و دۆزەخ و ئاگر ئەکەی
پێم ئەڵێ، وەختێ ببینم سووفیی و مەللای خەراب

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٣٦-٣٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) حیساب: لە نیوە دێری یەکەمدا مەبەستی زانینی ژمارە و لێکدانەوەیە، لە نیوە دێری دووەمیشدا مەبەست ڕۆژی قیامەتە.

(٢) مەهدی: مەبەست حەزرەتی مەهدییە کە گوایە لە ئاخری زەمانا دێتەوە بۆ ناو خەڵک.

(٣) شاه ئیسماعیل: مەبەست شا ئیسماعیلی صەفەوییە کە بەزۆر خەڵکی کردووە بەشیعە. ئەم شا ئیسماعیلە ساڵی ١٤٨٧ی ز هاتۆتە دنیاوە لە ئەردەبیل هەر لەوێش ساڵی ١٥٢٤ی ز مردووە. بناغەدانەری حکوومەتی صەفەوییە بەبنچینە دەچێتەوە سەر ئیمام موسای کاظم لە کاتێکا ئێران پشێوی تێدابوو چووە سەر حوکم و فارس و ئازربیجانی داگیرکردن ساڵی ١٥٠٣ی ز نازناوی پاشایەتی بۆ خۆی پچڕی و وڵاتی داگیرکردن لە ڕۆژهەڵاتەوە تا هوراتی گرت و لە جنوبەوە بەغدای خستە ژێر دەستی خۆیەوە دەستیشی بەسەر نەجەف و کەربەلادا گرت مەزهەبی شیعەی بڵاو کردەوە. لەگەڵ عوسمانییەکان کەوتە شەڕەوە لە شەڕی چاڵدێراندا ساڵی ١٥١٤ی ز تێ شکا.

(٤) صەحاب: کۆی ئەصحابە واتە یار و هاوڕێکانی پێغەمبەر.

شێته هەر کەس*

شێته هەر کەس وا تەماشای ئێستەی هیتلەر ئەکا
یا بەهەڵپەی خۆترێنی ئەو کەمێ باوەڕ ئەکا
ئەو کەسەی بڕوا بەنەصری ئاخری ئەڵمان ئەکا
یا کەرە و دەرکی نییە یا تێ ئەگا و خۆی کەر ئەکا
هەڵمەتی نازی ڕووەو خاوەر سەراپا حینەتە
ئاگرێ سوور بێ موحەققەق خۆی بەخاکستەر ئەکا(١)
ئاخری ئەم هەوڵ و ئەم پێشکەوتنەی خۆکوشتنە
کێ ئەسەلمێنێ کە پووشو شەڕ لەگەڵ ئەخگەر ئەکا(٢)
ئاو و گڵ هێنای بەشەق بۆ ساحەی مەوت و فەنا
ظاهیرەن مەقبەر لە توێی خاک و گڵی خاوەر ئەکا
زوو ئەگەر بێتوو بگاتە شەرقی ئەوسەط من ئەڵێم:
سینگی نازی حەز لە نووکی سونگیی و خەنجەر ئەکا
ئەم تەم و هەور و هەڵایە یەک شەوە، تێپەڕ ئەبێ
ئاخری ڕۆژی ظەفەر ڕۆژێ لەکەل سەر دەرئەکا

....

* ئەم شیعرە لە (ژین)ی ژمارە ٦٤٧دا بەناوونیشانی «شاعیرێکی بەناوبانگ و ئەدیبێکی شیرین زمان وا ئەڵێت» بڵاوکراوەتەوە. لیژنەی لێکۆڵینەوەی دیوانی پیرەمێرد بەهی پیرەمێردیان دانابوو بەڵام ئەو پسپۆڕ و برادەرانەی مسوەددەی دیوانەکەیان هەڵسەنگاند بوو تێکڕا داکۆکییان لەسەر ئەوە کردبوو کە هی زێوەر بێ نەک هی پیرەمێرد بۆیە ئێمەیش خستمانە نێو دیوانی زێوەرەوە. بەتایبەتی کە زێوەر یەکێک بووە لەو دژ بە(نازی)یانەی کە هەرگیز نەرمی نەنواندووە بەرامبەر بەفاشیزم و نازییەت، هەموو کات هەڵوێستی تایبەتی خۆی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵسان و دانیشتنیا دەربڕیوە خەتی ڕیجعەی بۆ خۆی نەهێشتۆتەوە.

(١) خاکستەر: خۆڵەمێش.

(٢) ئەخگەر: پشکۆ ئاگر، خەڵووزی گەشاوە و داگیرساو.

سیاسی نیم*

سیاسی نیم و عەسکەر نیم بەڵام دیارە بەئاثاری
کە هیتلەر لەڕ بووە نەیماوە هەڵپەی پار و پێراری
لە بەر کەڵبە و بڕەی وردکردووە ورچێکی کوێستانی
لە ئاویشا بەجارێ دوو نەهەنگ داویە پەلاماری
ڕەفیقیشی کە مۆسۆلینییە مەعلومە لای عالەم
لە دەست یۆنان گەییشتە ئاسمان فریاد و هاواری

ڕەفیقی حیزە، خۆی بێ هێزە، مانەندی کەری دێزە
بەتۆپینیش ڕەزایە مەرگی هاوەڵ بوو بەسەرباری
بەتوند و تیژی هاتە پێشەوە هیتلەر بەڵام دوایی
پەتی پچڕا و، هیوای بڕا، دەفی دڕا، نەما چاری
دەخیل ئەی خێڵی ئینگلیزی صەقالیا پڕ لە ئیسلامە
ئەبێ چاودێری بکرێ چ دێهاتیی و چ ناوشاری
سەداکەی فاتیکان فتوای جیهادی دابوو بۆ سەر ڕووس
منیش فتوا ئەدەم (پاپا) بەپایەک بێننە یاری

....

(*) زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٤٤ی ز. لە بابەت جەنگی هیتلەرەوە گوتووە، لە ل٥٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

تێک ڕژاون

تێک ڕژاون خۆ بەخۆ سوور بوو بەخوێن دەشت و چیا
ئینتیقامی ئەهلی ئیسلامە لە ناو ئەسپانیا
گەر هێلاسلاسی موسڵمانانی خستە ناو کەمەند(١)
حەق تەعالا دەستبەجێ بۆی نارد شەقی ئیتالیا
چونکە ئەووەڵ خزمەتی ئیسلامەکانی کرد حەبەش
ناوی چاکەی باقییە لای ئەورووپا و ئاسیا
هەر ئەڵێم: باسی سیاسەت ناکەم و لێی دوور ئەبم
عاقیبەت ئەمخاتە نووسین ظوڵمەکانی تورکیا
ستالینیش نەبێ نوطقێ بدا بۆ کوردەکان
خاک و ئاو و جێگەمان دوای خستوون فینلندیا
دەست لەمل قەومی عەرەب کەن موتتەحیدبن دوو بەدوو
شوهرەت ئاوازەتان ئەڕوا هەتا ژاپۆنیا

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٩ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە لە پێشەوەشی ئەو دێرە نووسراوە کە دەڵێ: «زێوەر ساڵی ١٩٣٥ بەهۆی هێندێ شۆڕش و ئاژاوەی جیهانەوە وتوویەتی».

(١) هیلاسلاسی: هایلەسلاسیە: ئیمپراتۆری حەبەشە بووە ساڵی ١٩٣٠ لەگەڵ ئیتالییەکان بەشەڕ هات. ساڵی ١٩٣٥ پەنای بردەبەر ئینگلیز.

فەلەستین*

گریانە فەلەک چاوی لە ئەحوالّی فەلەستین!!
بوریانە مەلەک جەرگی لە ئەهوالی فەلەستین
لەعلی یەمەنە سوور بووە شاخی هەموو ئاخۆ
ڕەنگینە بەخوێنی ژن و مندالّی فەلەستین
شەللالەی ئاو سەیری مەکە زۆرە لە دنیا
شەللالەی خوێن سەیرە لەناو مالّی فەلەستین
هەر کوشتنە، خوێن ڕشتنە، ئیعدامە، لە هەر لا
سووتاوە بەبۆمبای عەدوو بالّی فەلەستین
جەژنە، خەنەبەندانە لە هەر شار و دیارێ
خوێناوە خەنەی بازن و خەلّخالّی فەلەستین
لاشەی شوهەدا دەعوەتی ئینگلیزە لە سەحرا
کردوویەتی بۆ وەحش و قەل و دالّی فەلەستین
شەو چاترە لەم عەصرە کە عەصری مەدەنی بێ
ئیثباتی قسەم شاهیدە ئەقوالی فەلەستین
ئەی هیندو عەرەب، تورک و عەجەم، کوردی موسولّمان
چۆن جوولەکە بێ حاکمی فەعالی فەلەستین
وا ئەهلی صەلیب هاتەوە سەر قودسی موبارەک
ئەی ڕوحی صەلاح لابەرە زیلزالی فەلەستین
بێ ڕزق و ئیرادە هەموو مەئیوس و پەرێشان
بۆتە ڕەمەزان ئەووەلی شەووالی فەلەستین
صەهیوونی لە ئەلّمانەوە دێ خاوەنی مولّکە
خاوەن نییە بێ مایە و حەمالّی فەلەستین
ئینگلیز، بەحەرب داخلّی ئەم خاکە نەبووی تۆ
چۆن ڕووت هەیە خۆت کردووە بەجەنرالّی فەلەستین
ڕێی حەق ئەگرن طالبی عەدلن هەموو ئیسلام
بەو واسیتەوە ڕەوشەنە ئیقبالی فەلەستین
مەشهوورە کە جوو لەشکری دەججالە، لە ئاخیر
مەهدیی هەیە بۆ چارەی دەجالی فەلەستین

گەر موددەعی بەم قەتل و قیتالە دلّی خۆشە
گوم نابێ لە ئەحفاد و لە ئەنجالی فەلەستین

....

* ئەم شیعرە کاتی خۆی مامۆستا زێوەر بەو شێوەی سەرەوە گوتوویەتی و بەمەش شاعیر لە سنووری ولاّت چۆتە دەرەوە و هەلّوێستێکی پیرۆزی نواندووە و هاوبەشی لێقەوماوانی فەلەستینی کردووە بەگوێچکەی زەمانەیدا سرپاندووە کە چەوسێنراوەکان و گەلە ژێردەستە و ئاشتیخوازەکان هەموویان یەک هەلّوێست و یەک مەبەستیان هەیە. کەچی مامۆستا نەجمەدین مەلا هاتووە شیعرەکەی لەو ئاسۆ فراوانەوە هەلّگێڕاوەتەوە بۆ بارە کوردایەتییەکە و وشەی (فەلەستین)ەکانی گۆڕیون بە (ولاّتم) لە سۆزی نیشتمانیشدا لاپەڕە ٣٧-٣٨ هەر لەسەر شێوەی نووسینی نەجمەدین مەلا چاپ کراوە. ئێمە خستمانەوە سەر شێوەی خۆی بەمەش زۆر خوێنەری چەواشە کردووە ئەمەش بەلّگەیەکی حاشاهەلّنەگری دەست تێوەردانی خوالێخۆشبوو نەجمەدین مەلایە بۆ چەواشەکردنی مێژووی شیعری و هەلّوێستی زێوەر چ بەرامبەر بەکورد و چ بەرامبەر بەبیانەش.

ئیستقبال بۆ تازە پێگەیشتووەکان(١)

صوبحینی ئەم تەجەدود، بۆ تۆیە ئەشەباب
بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن خادمی حەیات
ئەی ئافتاب فەجری ئەمەل مایەی حەیات
صوبح سەعادەتێکی عەجەب و پاک و بێ صەحاب
هەر چاوەڕوانی تۆیە دەسا فرسەتە شەباب

**

ئەی فەجری غوبار و کەدەر عالەمی ئەمەل
چاوی لە تۆیە کە ئومێدی هەموو کەسی
ئەلحەق عیلاجی دەردی دەوایەکی نەورەسی
هیند چاوەڕێ بوو چاری هەتا پێکەنی صەبەل
فەرموو درەنگە وەختی طلوعێکە بێ حجاب

**

بەلّکو کە صەرفی ماضی تاریک و هەولّناک
بکرێتەوە خەتی لە پڕ دلّ بچێتەوە
نەختێ بەهاری عەیش و وەتەن و وەختی بێتەوە
شاهید خەزان عومری بکاتە سینە چاک چاک
بکرێتەوە فەهمی ماضی پڕ عەزاب

**

ئەی نووری سیدەکان و وەتەن وەقتی غیرەتە
تەحصیلی عیلم و مەعرەفە مایەی شەرەف
تێ کۆشە بۆ سبەینێ نەوەک بتکەنە هەدەف
صوبحینی خاک و ئەم وەتەنە لات ئەمانەتە
خزمەتی وەتەن شەرەفی هەموو بۆ تۆیە ئەی شەباب

**

ئەی موحتەرەم موعەلیمی هۆشیار و بەویقار
ئەی دوشمنی جەهالەت و ئەی خادمی بەشەر
ئەی خەصمی یەئسی دائیمی ئەی مایەی ظەفەر
ئەی مەحضەری سەعادەت میللەت بەئیفتیخار
لادەن لە ڕووی ماء وەتەن زیللەت نیقاب

**

ئێوەن بەنووری عیلم منەوەر ئەکەن وڵات
ئێوەن کە خزمەتی وەتەن میهرەبان ئەکەن
تەنویری فیکری عالەم و تەعلیم شەئن ئەکەن
ئیحضاری مەعریفەت ئەکەن فرصەتی نەجات
پڕ نوور ئەکەن وڵاتی وەکو شەوقی مەهتاب

**

مەحبووبەی جوانی وەتەن شۆخ و ماهڕوو
ئارایش بەخشڵی عیلم دەن مەکەن قصوور
تەنویر کەن بەشوعلە بەهێزی کەن ثبور
قەد بێ جیازی ئەم کچە هەرگیز مەدەن بەشوو
بەڵکو ببێ وەتەن لە سەعی ئێوەوە فیضاب

**

ئیتر ئەکەم بەیانی خلوصی و تەشەکوران
تەقدیمی ئیحترامی خصوصی بەدڵ و بەجان
بۆ خزمەت جەنابی مودیر و موعەلیمان
ئەم بووکە سەبزە با بکەم دیاری و خەڵات
هەرچەندە زەرەری هیچ نییە شەوقی ئافتاب

م. نووری

....

(١) شێخ نووری شێخ ساڵحی شاعیر لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ٨٣ی ٢٤ی تشرینی دووەم ساڵی ٩٢١دا ئەم هەڵبەستە بڵاودەکاتەوە زێوەریش وەڵامی دەداتەوە.

ئەی بولبولی!*

ئەی بولبولی حەدیقەی موڵکی هونەروەری
دەرحەق بەلوتفی خاصی جەنابت خەجاڵەتین
لەو مەدحە بێ غەشە هەموو بێ قەدر و قیمەتین
قابیل بەمەسلەکی ئودەبایە سوخەنوەری
«للّە درّکم» کە گەیشتوویتە ئەنوەری(١)

**

شوکرت ئەکەم بەناوی مودیر و موعەللیمان
مەدحت ئەکەم بەناوی ڕەفیقانی موحتەرەم
ئەی نووری دیدەیی وەتەنی پاک و موحتەشەم
دەرحەق بەعیلم و مەکتەب ئەتۆ هاتوویتە زوبان
فیکری بڵندی تۆیە گەیشتۆتە موشتەری(٢)

**

خاکی وەتەن کە گەوهەری هاڕاوەیە هەمووی
وەک سورمە وایە بۆ نەظەری ئەهلی مەعریفەت
نایێتە ڕێی ژمارە کە لەو دایە هەر صیفەت
پڕ ئاوەکەی حەیاتە هەموو شیشەو و سەبووی
بێ نرخە گەوهەری کە نەگا زوو بەجەوهەری

**

چاوی لە دەستی ئێمەیە ئەم دایکە بێ کەسە
دەورەی تەجەددودە، ئەمە عەسری تەکامولە
عەیبێ کە نەقص و گەورەیە ئەمڕۆ تەکاسولە
خوێندن لزوومە سا چ لە مەکتەب چ مەدرەسە
بەسیە سەماعی چەنگ و نەی و عومری سەرسەری

**

عیلم و فنوونە بۆتە چرای موڵکی سەر زەمین
فەننە جەمادی کردووە ئەمڕۆ بە «ذو حیات»
دیقەت کە تۆ بەچاوی حەقیقەت لە کائینات

جەهلە کە بۆتە باعیثی فەوتانی موڵک و دین
عیلمە کە صاحێبی دەگەیێنێ بەسەروەری

**

یارەب! هیدایەتێ مەربووطی قودرەتە
بێ بەش نەبین لە نیعمەتی عیلمێ کە نافیعە
دەرخەی چرا بەحورمەتی زاتێ کە شافیعە
لامان بدەی لە جەهل و نەفامی کە ظوڵمەتە
فەرمان فڕیوە جیقەی سەرما نەبێ فەڕی**

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی لە وەڵامی هەڵبەستێکی شێخ نووری شێخ ساڵحەوە کە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ژمارە ٨٣ی ٢٤ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢١ی ز بڵاوکراوەتەوە.
شیعرەکەی زێوەریش لە لاپەڕە ٢٢-٢٤ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) لله درکم: واتە پاداشی چاکەدانەوەی ئێوە هەر بەدەست پەروەردگارە. ئەم ڕستەیە لە عەرەبیدا وەکو پەندی پێشینانی لێ هاتووە بۆ مەدح و دوعای چاکە بەکاردەهێنرێ.
ئەنوەری: شاعیرێکی ناوداری فارسە.
(٢) موشتەری: مەبەستی ئەستێرەی موشتەرییە.
** فەڕ: عەقڵ و ژیریی. جیققە: چقەی پاشایەتییە شتێکە وەکو تاج و نەجمە بەکڵاوەوە شەتەک دەدرێ.
واتا عەقڵ و هۆشمان فڕیوە و بێ عەقڵی نەجمە و نیشانی سەرمانە.

وەرامی زێوەر بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح*

ئەی مەرحە لە پەیمایی فەضای لایەتەناهی
ئەی دافیعی حوزن و کەدەر و ڕەنگی سیاهی
ئەی شەمعی ئیلاهی
ئەی نووری سەماوات و زەمین ڕەهبەری گوم بوو
ئەی ڕۆشنی بەخشایی غەریبانی موکەددەر
ئەی ماهی مونەووەر
هەرتۆی کە بەشەو مونیسی مەردانی غەریبی
تۆ واسیتەی خۆشیی ئەغیار و حەبیبی
بۆ خەستە طەبیبی
سەیرت ئەکەن ئەهلی وەتەن و دوور لە وەتەن هەم
شەمعێکی لەطیفی لە نەزەر دیدەیی عالەم
بێ مەسرەفی درهەم

جەزری هەیە، مەددی هەیە دەریا، سەبەبی تۆی
سەرباخ و خیابان لە وەوە زینەتی عەردە
وەک مەرهەمی دەردە
توو عەشقی جەمالت وەرە ئەی قاصیدی یەزدان
نامەم بگەیێنە بەدەسی مەردی سوخەندان
یاری شەکە ڕەفشان(١)
ئەو ساکینی هەولێرە کە شارێکی قەدیمە
ئۆتێلی شەریف مەسکەنە بێ یار و نەدیمە
دۆستێکی حەمیمە
عەرزی بکە ئەی تووتیی صەحرایی مەحەببەت
سەرمەستی ئەدەب، سەرخۆشی صەهبای مەحەببەت
دانای مەحەبیەت(٢)
چوارشەممە بەسەیارە و عەرڕادە لە هەرلا(٣)
سەیرانە لە سەیوان و لە شەخسان و لە صەحرا
سەیرێکە دلارا
ئەم ساڵ وەکو ساڵان نەبوو ئەم شارە بەهاری
بۆتە گوڵی ناو چیمەنی ئاهووی تەتاری
وەک نەقش و نیگاری
نازک بەدەنان دێن و ئەچن عیشوە فرۆشن
وەک حۆری ئەڕۆن سوندوس و ئیستەبرەق ئەپۆشن
مەهوەشن و بەهۆشن(٤)
ئەو قۆریە شکاوە کە دەکەی یادی، نەماوە
سەیرانگەهی یارە بووەتە دەشتی سەماوە
تەغییری تەواوە
جێ گۆڕکەیە ئێستاکە مەسیر بووەتە وەیس(٥)
ئەو دەشتە لەطیفە بووەتە لانی غەزالان
جێی لەیلە لەگەڵ قەیس
(نووری) مەبە عاجز وەکو ئێرانەیە هەولێر
جێی عیلم و عەمەل، فەضڵ و هونەر، لانەیە بۆ شێر
هەم مەنبەعە بۆ خێر

فەرزی بکە ئۆتێلە کە لای صۆفی شەریفە
زۆر ئەهلی سلێمانی لەوێ بۆتۆ حەریفە
شارێکی زەریفە
هاو شەهرییەکانت کە لەوێن مەردی گوزیدەن
مەعلومە هەموو صاحێبی ئەفعالی حەمیدەن
شابەیتی قەصیدەن
بیخوێنەرەوە گوفتەی وەک شەککەری نالی
لابا لە مەذاقا کە ببێ ترشیی و تاڵی
شیرینە مەئالی
(عاجز مەبە قوربانی کە ئەمە دەورە نە جەورە
ساقی کەرەمی یەک بەیەکە نۆرە بەنۆرە)*

....

(١) شەکەرە فشان: شەکەر ئەفشان بۆ وەزنی شیعر وشەکە سووک کراوە. بەواتا شەکر پرژاندنە مەبەستی قسەی خۆش و تەڕ و پاراوە.

(٢) صەهبا: شەڕاب. موحببەت: خۆشەویستی.

(٣) عەڕڕا: عرّادە: عەرەبانە.

(٤) سوندوس و ئیستەبرەق: لیباس و کاڵای ئاوریشم و زەڕکەش

(٥) وەیس: سەیرانگە و مەزاری پێشەواییێکە بەناوی وەیس قەرەنی. مایی دەشت: ئەوسا لە قەراغ سلێمانی بوو، بە تەواوی شوێن کارگەی جگەرەی ئێستایە.

* نەجمەدین مەلا ئەم دێرە شیعرەی خستۆتە ناو کەوانەوە بەهی نالی داناوە گوایە زێوەر تەضمینی کردووە بەڵام لە دیوانی نالی دا بەرچاوم نەکەوت.

***

ئەم شیعرە لە لاپەڕە **٢٣٩-٢٤٢**ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە. هۆی وتنی شیعرەکەش وەکو نەجمەدین مەلا لە لاپەڕە **٢٣٦**ی کەشکۆڵەکەدا نووسیویەتی ئەمەیە «ساڵی **١٩٣٩**ی ز. شیخ نووری شێخ ساڵح کە ئەوسا لە هەولێر کاربەدەست بوو هەڵبەستێکی موستەزادی نارد بۆ مامۆستا زێوەر ئەویش هەر لەسەر ئەو وەزن و کێشە وەرامی دایەوە جارێ لە پێشەوە هەڵبەستەکەی شێخ نووری ئەنووسین ئەمجا وەرامەکەی زێوەر، ئەمە هەڵبەستەکەی شێخ نوورییە:

ئەی بادی صەبا! پەیکی خەیاڵاتی ئەدیبان
ئەی میر وەحەیی فێنکی زامی دڵی سووتاو
ئەی بادی خەرامان!
وەختێ کە ئەدەی شەو لە لق و پۆپی درەختان
سەد دەنگی نەیی و ناڵەی عوودت بەفیدابێ
ئەی موطریبی ناڵان!

گەر تۆ نەئەبووی ئەی ئەثەری قودرەتی لاهووت
چۆن پێ ئەکەنی غونچە دەمی فەسڵی بەهاران
ئەی نەی زەنی بۆستان
چۆن ناڵەی مەحزوونی کەوی دامەنی کێوان
تەئثیری ئەکردە جگەری لەت لەت و برژاو
ئەی موونیسی مورغان
ئەی بادی صەبا هەستە مەوەستە وەکو ئینسان
ڕوویێ بکەرە مەسکەنی جارانی سولەیمان
مەدفوونە لە سەیوان
ئەو شارە کە مەشهوورە بەکاشانەیی بابان
یەنبووعی ئەدەب، کانی هونەر، مەعدەنی عیرفان
هەم لانەی شێران
سەیرێ بکە بنوارە بەشار و بەکەنارا
دەورێ بدە نەختێ لە دەمی صوبحی بەهارا
ئەی بادی دلارا!
ئەم نامەیە جوان بگرە بەدەستێکی بلوورین
ڕازاوەتەوە چونکە بەمیهر و مەه و ئەنوەر
عەینەن وەکو ئەفسەر
بەو شەرتە لە تەقدیمی ئەوا واسیتە بێ ژین*
بیخەیتە سەری شاهی ئەدەب حەزرەتی (زێوەر)
ئەی بادی پەیەمبەر!
زاتێکی ئەدیبە بەئەدەب چۆرە حوزووری
عەرزی بکە چاکە بەدڵی ئێوەیە نووری
هەر ماتە لە دووری
عەرزی بکە ئەی هەیکەلی شیعر و ئەدەبیات
بێدەنگی بەسە گیانە! لە ئۆتێلی شەریفا**
ئوستادی ئەدەب شاعری پڕ فیکر و خەیاڵات
نابێ بەزەییت بێ بەغەریبێکی زەعیفا
مەظلووم و نەحیفا
ئاخۆ ئەثەرێ ماوە لە سەیرانگەهی یارە***
چوارشەممە ئەڕازانەوە نەو ڕستە نیهالان
وەک توولی نەمامان

لاگـــیـــره بەســـەریانەوە وەک ڕۆژی درەخـــشـــان
گـــەردانە لە ملدا ئەبووە مـــاه و ســـتـــاره
بەم فەسڵی بەهاره
چواشـەمە کـە دێ ناڵە ئەکـا دڵ لە قـەفـەسـدا
وەک مورغی ستەمدیدەی مەحبووس و موکەددەر(١)
وەک کـۆتری پا بەسـتـە لە ئەثنایی هەوەسـدا
مـەبهـووت و سـەراسـیمـە مـوکـەددەر لە مـوقـەددەر
بێ تاب لە نەفەسدا
دائیم دڵەکـەم ئێـسـتـە لە لای قـۆریە شکاوە****
ئەو جێـیـە کـە مـەشـهـووره بەمـەڵبـەندی نیگاران
جێی سوحبەت و سەیران
چۆنە ئـەثـەری مـــــاوە، وەیان بـۆتـە کــــەلاوە
کـــیـــسـرایی سلێــمـــانیـــیـــە ئاثاری نەمــاوە
هەر بوومی لەناوە

....

* شێخ نووری مەبەستی ئەوەیە کە مامۆستا زێوەر ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بخوێنێتەوە واتە ڕۆژنامەکە واسیتەی گەیاندنی شیعرەکەی شێخ نووری بێ بۆ زێوەر.
** مەبەست بە (ئوتێلی شەریف) چایخانەی دەروێش شەریفە کە ئەوسا شاعیر و ئەدیبەکان لەوێ بوونەوە.
*** سەیرانگەهی یارە: مەبەستی گردی (مامە یارە)یە کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە جاران سەیرانگا بووە ئێستا مەزاری پیرەمێردی شاعیر و ئەوڕەحمان بەگی بابان و جەمیل صائیبی لێیە.
(١) لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (ناتەواویەک هەیە لێرەدا) -ئاراس-
**** قۆریەشکاو: سەیرانگایەکی سلێمانییە.

خوابی خەرگۆشی*

خـوابی خـەرگـۆشی هەتاکـەی، وەعـدەی بێـدارییـە(١)
دوژمنی خـــۆت و منداڵت ئـەژدەهای بێکـارییـــە
پیـاوی تەمەڵ دوژمنی خـۆی و عـەدووی هەر کـەسـە
قـەولی «الکاسب حـبـیب الله» لە عـالەم دیارییـە
چاو لەمـووچە و توورەکـانە مـەبڕە دائیم ئەی زەلام(٢)
مـایەیی دنیـا و دینت کـەسب و صـەنعـەتکارییـە
سـەد غـەرامـافـۆن فـیـدای هۆهۆیی جـووتیـارێ بکە
جوقـقـەی شاهی بەپەنجـەی خزمـەتی جـووتیـارییـە(٣)

وا بەجـێـمـاوی لە خـێڵ ناگـەیتـە کـوێسـتـانی مـراد
کـوردە! سـادەی غـیـرەتێ. غـیـرەت نەوەی دیندارییـە
مـەغـریبی باری گـەیاندە مـەنزڵی ئەمن و ئەمـان(٤)
تۆش لە ناو قـوڕدا چەقـیـوی عـەیش و نۆشت زارییـە
«لـیس للانـســان الاّ مـــاســعی» بیـــخـــوێنەوە
سەعی و غـیـرەت ئەمری مەشرووعە، کەلامی بارییە
بەسـیـە شـۆربا خـواردنی ناو تەکـیـەکـان و خـانەقـا
ڕووت لەدەرگاهی (تَوکُّل) بێ سەبەب بێ عـارییە(٥)
مونکیری شێخی تەریقەت نیم، حەقیقەت پێت ئەڵێم
چاوت ئاوسـا هێندە نووسـتی، وەعـدەی هۆشـیـارییـە
صـووفی! جـەرگم بۆتە خوێن، فـەوتاوە دنیـا و دینمـان
چەند هەزاران پیـاو و ژنمان بوونە عـەبد و جـارییـە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١١-١٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە لە پێشەوەشی نووسراوە: «ئەم هەڵبەستەی خوارەوە ساڵی ١٩١٢م لە گۆڤاری هەتاوی کورد لە ئەستەموول چاپ کراوە.»
(١) خواب: خەو. خەرگوش: کەروێشک. خوابی، خەرگوشی: واتە کەروێشکە خەو یان خەوی کەروێشکی.
(٢) توورەکانە: ئەو موچەیەیە کە خزمەتکار لەسەر خەرمان ئەیدرێتێ.
(٣) جوققە: نیشایەکە بەکڵاوی شاهانەوە کراوە. لە تۆقی سەریان بەقەوس بەرزبۆتەوە.
(٤) مەغریبی: واتە ئەوروپایی.
(٥) توکل: تەوەککول: واتە پشت بەخوا بەستن دیارە پشت بەخوا بەستن بەبێ ئەوەی کە کابرا بۆ خۆی هیچی لە دەست بێ پەسند نییە، لە حەدیثدا هاتووە کە کابرایێک هاتە خزمەت پێغەمبەر عەرزی کرد قوربان! وشترەکەم ببەستمەوە یان تەوەککولم بەخوابێ؟ پێغەمبەر فەرمووی بیشی بەستەوە وتەوەککولیشت بەخوابێ.

ئەم سپی و سوورە

ئەم سپی و سوورە چەشنی لەشکری ڕووس
ڕاو ئەنێن سـاردیی شـیـتـای عـەبووس
وەکـــو چەرچڵ هەور ئـەگـــرمـــێنێ
ئەمـــر ئەکـــا دوشـــمنانی ئەفـــڕێنێ
قـــاسـە قـــاسـپی کـەوە و چریکەی قـــاز
ڕوو لە کـوێسـتـان ئەکـەن بەسـەد ئاواز
چاووڕاوی نەمـــاوە هیـــتلەری دەی
غـــەمی نـاڕوا بەســـەد قـــەرابەی مـــەی

حەق حەقی کۆتر و نەوای بولبول
مارشی فەسڵی بەهارە بۆ شای گوڵ
پیرەمێردیش بەهەڵپەڕین جوانە
چونکە نەورۆزی گردی سەیوانە
گردی سەیوان بەئەرغەوان ڕەنگین
ئاسمان خۆزگە خوازە بێ بەزەمین
کوردە سا هەستە وەختی جۆماڵە
شاخی کوێستان کە ئیستە خاڵ خاڵە
شەتڵی تووتن بچێنە، گوڵ ببڕە
پەردەی زوڵمەتی شەوت بدڕە
وادەی کارە بۆی مەنوو، هەستە
گیانلەبەر نەشئەدار و سەرمەستە
دەنگی بلوێری شوان و هۆهۆی جووت
ئەوەیە بۆ ژیانی میللەت قووت

بڕوام پێ بکەن*

قەسەم بەسێبەری شاخ و شنەی نەسیمی بەهار
بەقاسپە قاسپی کەو و دەنگی کۆترانی نزار
بە ئاوی صافی چیاو و هەوای بێ تەپ و تۆز
کە مەقصەدم نییە ئیللا تەڕەققیاتی دیار[1]
تەڕەققیاتی دیاریش یەکێ لە وان عیلمە
دووەم زەراعەتە سێیەم صەناعەتێکی بەکار
چەهارەمین وەسیلەی عەمارەت و تەعمیر
کە ڕووبکاتە هەموو جێگە دێ بێ یاخۆ شار
ئەمانە هەموو مەبعووثی تازە ڕێکی ئەخا[2]
ئەوە وەکیلی هەموو میللەتی فەقیر و هەژار
وەکیلی پێشوو قوصووریان نەبوو حەقیقەت ئەڵێم
هەتا لێوای نەخۆشی کەوتە دارەدار بەدار
حەکیمی حاذیقی پێ لازمە نەخۆشی ضەعیف
هەتاکو قووەت و خوێن دێتە ناو وجوود و دەمار

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٤٤-٤٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. ئەو ناوونیشانەی سەرەوەی دراوەتێ لە ل ٩ی دەستنووسی

شاعیریشا هەیە بەڵام بەبێ ناوونیشان.

(١) تەرەققیاتی دیار: پێشکەوتن و سەربەرزی وڵات.

(٢) مەبعووث: مەبەستی ئەندامانی پەرلەمانی نوێنەرانە کە ئەوکاتە پێیان وتوون (مەبعووث).

فەلسەفە*

بێ فائیدە سەودازەدەیی پارەو و پوولی[1]
بێ سوودە کە بەسراوی خەمی پەرچەمی لوولی
ڕێی ڕاستی قەت ناگری، هەر چەوتییە ڕێگات
لەم عەرصەی دنیایە وەکو هاودەمی کوولی
نوستووی لە بەرابەر صەنەمی عیففەت و ئەخلاق
بۆ زەوق و صەفا و ڕاهی سەفاهەت چ عەجوولی
مەحروومی لە دەرگاهی هەموو ئەهلی سەعادەت
خۆشیت چییە لای ئەهلی هەوەس ئێستە قوبووڵی
ئەمڕۆ بەفەرەح ڕادەبوێری لە هەموو جێ
وەڵڵاهی سبەی قوڕ بەسەر و مات و مەلوولی
ڕۆژ و شەوت ئەڕوا بەعەبەس دوور لە ئیطاعەت[2]
شەرمەندی دەرگاهی خوداوەند و ڕەسوولی
هاومەجلیس و هەم پیاڵەی سوڵتان و خەلیفەی
بۆ حیرص و طەمەع پێشڕەوی هۆردوویی مەغوولی[3]
هەرچەندە جگەر گۆشەی گەورەی شوهەدابێ[4]
گەر بێ عەمەلی لەککەی بەرچاوی بەتوولی[5]
بەهلوولی بەدینداری و زەغلوولی بەگوفتار[6]
حەققەن نە ئەوی، نەئەمی بێ دین و جەهوولی
ئەی غافڵی بێ کردەوە بێ ئاوی و بێ زاد
وریابە سەفەر کردەی سەحرای بەطوولی

....

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە لاپەڕە ٣٤-٣٥ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.

(١) سەودازەدە: ئەوەی دەردی عەشق یا خۆشەویستی یا هەر شتێکی تر کاری تێ کردبێ. یا بە مانا پەرێشانە.

(٢) عەبەس: بێ هوودە و بێ سوود.

(٣) هۆردووی مەغوول: لەشکری مەغوولەکان کە بەسەرکردایەتی جەنگیزخان بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی نێوان صین و بەحری ڕەش داگیر کرد.

(٤) گەورەی شوهەدا: مەبەستی حەزرەتی حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلییە.

(٥) بەتوول: بتول: مەبەست حەزرەتی فاطیمەی کچی پێغەمبەرە.
(٦) بەهلوول: باڵوڵی دانا صۆفییەکی سەردەمی (هارون الرشید) بووە. بەتەواوی دەستبەرداری دنیا بووە، بەشێتیان داناوە.
زەغلوول: سەعد زەغلوول (١٨٦٠-١٩٢٧ز) تێکۆشەرێکی میسری بەناوبانگە خەطیبێکی زمان پاراو و نیشتمانپەروەرێکی نموونە بووە لە مەدرەسەی ئەزهەر خوێندنی تەواو کردووە، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی میسر بووە ماوەیەک وەزیر بووە، دامەزرێنەری پارتی (وەفدی) میسریش بووە.

شاخی تاریدەر*

ئەمشەو کە دەی تەمووزە لەسەر شاخی تاریدەر
چەند خۆش بوو عەکسی ئاگرو شەوقی ضیای قەمەر
ئاگر حەرارەتێکی ئەبەخشی لەسەر زەمین
مانگیش برووەدەتێکی بڵاو کردەوە لەسەر
بەه بەه لە خاشەخاشی گەڵای سەر درەختەکان
هەی هەی لە قاسپە قاسپی کەوی شاخەکان سەحەر
سەرمای هەوای مانگەشەو و گەرمیی ئاگریش
ڕەنگێکی ئیعتیدالی پەیا کرد بوو مەقەڕ
لایێ وزەی سەماوەر و لایێ جزەی کەباب
دۆی سارد و مزری بوو بەمەزەی چای پڕ شەکەر
شاخانی ئەوروپا بەفیدای ئەم مەقامەبن
هەر مەنظەرە طەبیعییەکەی مەحوەکا کەدەر(١)

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی لە تەمووزی ساڵی ١٩٣٥ی ز. کە بۆ گەشت و سەیران چووە بۆ شاخی تاریدەر لەشارباژێڕ گوتووە. لە ژیانی ژمارە٤٩١ ساڵی ١٩٣٦ بڵاوکراوەتەوە هەروەها لە ل١٥-١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) مەحوەکا: واتە: مەحو ئەکا، لەبەر کێشی شیعرەکە سووک کراوە.

مەتەڵ*

کۆنە شارێکە لە جێیێکی دەشت
حورووفەکانی دووی کەمە لە هەشت
دووانی تەبیعەت داویە بەخەڵک
سیانی چشتێکە بۆ ڕووی ئەرز بەکەڵک
وەری گێڕیەوە پەڵەی نەمێنێ
چشتێکی وایە عالەم ئەژیێنێ
لەیەک تا پێنجی هێندە بەتامە

لێرە بەرەو خوار خۆراکی عامە
دووان و سیان و چوار دەردی بێ دەوا
سیانی دوایی خەڵک شەقییە لە دوا
یەکی سەرەتا و دووانی دواییینە
بە دوو ڕوو لە ڕووی دایک شیرینە
چواری ئاخری حیساب گەرێکە
لە شازدە خانە خەبەر دەرێکە

....

* ئەم شیعرە لە ژینی ژمارە ١٠٤٩ی ١٩٥١/٥/١٠دا بڵاوبۆتەوە لە لاپەڕە ١٢٣ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.
هەڵهێنانی مەتەڵەکەش: شاری خورماڵە چونکە پیتەکانی شەشن (خ و ر م ا ل). دوو پیتی سەرەتای بەشێوە نووسینی سەردەمی زێوەر دەبێتە: (خو: خوو) پیتی یەکەم ودووەم و سێیەم دەبێتە: خۆر (ڕۆژ) ئەگەر خۆرەکە هەڵگێڕیەوە و نوختەی خێیەکەش لابەری دەبێتە (ڕۆح).
لە پیتی یەک تا پێنجەم دەبێتە (خورما). پیتی دووەم و سێیەم و چوارەم (و،ر،م) دەبێتە (وَرَم)ی عەرەبی و دەردێکی کوشندەیە. سێ پیتی کۆتایی واتە(م،ا،ل) دەبێتە (ماڵ) و هەموو خەڵک بۆی تێدەکۆشێ. پیتی یەکەم و پێنجەم و شەشەم واتە (خ،ا،ل) دەبێتە (خاڵ) کە دوو مانای هەیە یەکەمیان برای دایک دووەمیان نوختەییێکی ڕەش یا ماوی لەسەر ڕوخسار یا شوێنێکی تری جیسم بێ هەردووکیشیان لای ئافرەت خۆشەویست و شیرینن. پیتی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم واتە: (ر،م،ا،ل) بەشێوەی نووسینی عەرەبی دەبێتە (رمّال) لەسەر کێشی (فعّال) سیفە موبالەغەیە و بەکەسێک دەگوترێ کە زانیاری (ڕەمڵ) بەباشی بزانێ و حسابگەر بێ. زانیاری ڕەمڵ بریتییە لەوە کە لەسەر ئەرز چەند خەتێک بکێشرێ و خانە بکرێ بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوەی شتی نەزانراو و غەیبی پێ بزانێ.
شایانی باسە کە زانیاری ڕەمڵ شتێکی خەرافی و پڕ و پووچە و لەگەڵ زانستی ڕاستەقینەدا ناگونجێ.
ئەوەش لە بیرنەکەین کە مامۆستا ئەخۆڵ «ئەحمەد دەروێش» بە دە شیعر ئەم مەتەڵەی زێوەری شی کردۆتەوە ئەمەش شیعرەکانە.

جوابی زێوەرە ئەی پیری پڕ مەعنا و ورد خاڵە!
ئەوا دۆزیمەوە ئەمجا مەتەڵ شەش پیتە خورماڵە
یەک و دوو کەوتە سەریەک بوو بە(خوو) مەوجودە لای عالەم
لەلای هەندێ پەسند ئەکرێ و لە لای بەعزێ بەڵایە و غەم
کە سیانیان کەوتە پاڵ یەک خۆری ئاڵتونین لە دەشت و دەر
گوڵ و میوەو درەخت و گیا ئەبووژێنێتەوە یەکسەر
وەری گێڕی بەبێ نوختە ئەبێتە ڕوح لە دونیادا
کە بۆ ژینە لە ئینسان و مەل و پادار و بێ پادا
لەیەک تا پێنجی خورمایە بەڵێ تامدار و شیرینە
بەڵام خۆشتر هەیە خاڵە! لە لای تۆش زۆرە هەنگوینە
لە دوو تا چوار کە یەک کەوتن (وەرەم) دەردێکە بێ ئامان
کە تووشی هەر کەسێ بوو ئەیکوژێ بێ فایدەیە دەرمان
بەڵام سێ پیتی دوایی ماڵە بۆ شاو و گەدا ئاوات

وەکو سەعدی ئەڵێ: سەتتاری عەیبە و (قاضي الحاجات)
یەک و پێنج و شەشی کێیە ئەوەندە خۆشەویست، خاڵە
وەکی تر داغی دڵدارە نیشانەی ڕوومەتی ئاڵە
لەسێهەم پیتەوە تا شەش ئەوە (رمّال)ە تالع گەر
بەڵام عەیبی نەبێ پاداشی لای کامتانە تۆ و زێوەر
ئەگەر لای خۆتە تێرمان کە ژەمێ خۆم و بلە و گۆران(۱)
بەڵام گەر لای جەنابی زێوەرە ڕێکی ئەخەین خۆمان

(۱) خۆم: ئەخۆڵ: ئەحمەد دەروێش
بلە: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد
گۆران: مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران

جوابی مەتەڵ*

جوابی مەتەڵ شارێکی خۆشناو
وەهات عەرز ئەکەم ئەی حورمەت گیراو
لە شاری کوردان (جەننەتی ثانی)
ئەگەر حەز ئەکەی ئەتۆ بیزانی
ئەووەڵی (بێ)یە ئاخریەکەی (هێ)یە
بەه چەندە خۆشە! (بانە) ئاوا بێ
با، بۆ (موثبەتە)، (نە) بۆ مەنفییە
بانە دوو هیجا و چواری حەرفییە
ئەووەڵی لابەی ئانەی قیمەتدار
دیوارێ برمێ بنە قووەتدار
(هێ)ی لێ لابەری بانێکی بەرزە
یاخوا مەحفووظ بێ لە بەلا و تەرزە
سەر هەڵوەشێن قیمەت ئەبەخشێ
دیوار برمێنی قووەت ئەبەخشێ
گەر بێ بناغەی هەڵگێڕی و گوم بێ
ناوی بڵندی ئەو وەختە هەڵدێ

....

* لە ل ۱۲۵ی سۆزی نیشتمان دا نووسراوە: کە لەژمارە یەکی گۆڤاری دیاری کوردستان ساڵح زەکی بەگی ساحبقران ساڵی ۱۹۲۵ی م مەتەڵێکی جوانی نووسیبوو مامۆستا زێوەریش بەشیعر جوانی وەرام داوەتەوە جارێ ئەمە مەتەڵەکەی ساڵح زەکی بەگە:

شارێکی خۆشناو موثبەت و مەنفی
لەم سەرو لەوسەر مەعنای دوو حەرفی

خانەنشین*

مودەدێکە کە مەحکوومی گەلێ ناکەس و کەس بووم
وەک بولبولی کەم دانەیی ناو کونجی قەفەس بووم
مەحکوومی هەموو نەوعە موفەتتیش کە دەهاتن
گۆیا (وسوواغا)ن و منیش عەینی حەرەس بووم(۱)
تەسدیقی بەیاناتم ئەکردن کە درۆش بوو
دوو ڕوو سیفەتیم گرتبوو وەک عەینی عەدەس بووم(۲)
سەد شوکر نەجاتم بووە سەربەستم و ئازاد
شاهێن نەظەرم ئێستە کە جاران کە مەگەس بووم(۳)

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی بەبۆنەی خانەنشینی خۆیەوە ساڵی ۱۹٤۰ی ز. گوتووە. شیعرەکە ئاوێنەیەکە بۆ تاقیکردنەوەی ژیانی وەزیفی شاعیر خۆی. نارەزامەندیی خۆی بەرامبەر ئەو ژیانە تاڵە دەربڕیوە گلەیی خۆی لە ڕۆژگار دەکا، چونکە هیچ کاتێک زەمانە بەئاوات و ئارەزووی شاعیر نەبووە.
(۱) وسوواغا پیاوێکی ئازا و دلێر بووە ئەوکاتە سەرۆکی پاسەوانان بووە.
(۲) عەدەس: نیسکە لە پەندی پێشینانماندا نیسک کراوە بەنموونەی بێ باری ئەگەر کەسێک بێ بار بێ و دووڕوو بێ دەڵێن: وەکو نیسک وایە بەر و پشتی لێک جیاناکرێتەوە.
(۳) شاهین نەظام: واتە ڕوانینم وەکو شاهین وایە.
شاهین: پەلەوەرێکە لە شێوەی هەڵۆ چاوی یاری پێ دەشوبهێنن لە توانای ڕاوکردنی دڵی دڵداراندا.

پردی وەتەن*

وا تەواومان کرد پردی (تەگەران)
بەسەریا بڕۆن گەلی هاوسەران
پردێکی تریش بۆ (قەلاّ چوالان)
نۆرە دێتە سەر (سیوەیل و ئالان)
پۆستەی شاربازێڕ ئیتر ئاو نایبا
ڕەنجی مەلەوان دراوە بە با
زستان و بەهار ڕێگا بەندان بوو
مەئمووری چوارتا ئەهلی زیندان بوو
ئێستا وا ڕێیان بۆ کرایەوە
تەنها پردێکی سیوەیل مایەوە
ئەویش بەخێرێ دێتە کایەوە

مـــسكێن زاڵـمـی لێ تەكـــايەوە
بەفـری سـەر (گـمـۆ) وا تـوايەوە[1]
هەژار لە بێگار وا حــــەســـــايەوە
(ئەدهەم) لەم دەشــتــە لەبەر هەتاوە
ئەچەوســێــتـــەوە هێــزی نەمــاوە
قــەی ناكــا با ئەو بســـوتێ خــاوە
بەڵام خـــزمـــەتی هەر لە پێش چاوە
بـا ئــەو وێـران بـێ وەتــەن ئـاوابێ
فــيكری هەمـــوومـان وا چاكــە وابێ

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بەناوی (ئەدهەم ئەفەندی)یەوە لە ژینی ژمارە٦٠٩ بڵاوكردۆتەوە. ئەدهەم ئەفەندی مامی فایەق هۆشیار و ئەحمەد زرنگە بووە، ئەو كاتە سەرپەرشتی دروستكردنی پردی تەگەرانی كردووە.

(١) گمۆ: چیایەكی بەرزە كەوتۆتە ناوچەی شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی.

نامەوێ...*

نامـەوێ گـۆشـتی لات و بزنی گـەڕ
منەتی شـێخ جـەمـیل بەكـێری كـەر
خـواردنی ئێــمــە تا كــەوی جەبەلە
سەد كەڕەت گووی خلە بەگۆشتی بلە
مـیر عــەلی دەستی وا بەكـەو فـێـرە
تا پشــیلەیش لە گـۆشتی كەو تێرە

....

* ئەم شیعرە بەعینوانی «شەش باڵی»یەوە لە لاپەڕە ٢٤٦ی كەشكۆڵی (أ) هەیە و لە سەرەتایەوە نووسراوە «ساڵی ١٩٤٠ی ز. كە مامۆستا زێوەر لە بەرزنجە مامۆستا بووە فەرموویەتی.

بەشی کوردایەتی

ماڵ جوێ کردنەوە*

١٩٢٤

یابە! فەرزەن تۆ شای سەر زەمینی
ڕازیم بەبەشی خۆم و مسکێنی
دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ
منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی
هەواکەی شاهۆ، ئاوەکەی قەندیل(١)
لائەبا لە دڵ ئێشی برینی
قەت ڕێک ناکەوێ دەست لەمل یەک کەن
حەنتووش دەلاوی و ڕەسووڵ سیرینی
من لام باش نییە سواری شانم بی
وا عەرزت ئەکەم هەر بەشیرینی
خورمای خۆت بۆ خۆت مێوژم بۆ خۆم
(لكم دينكم ولي ديني)

....

(*) ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٣٥-٣٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە ڕووبەڕووی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە شاری سلێمانیدا خوێنراوەتەوە.

(١) شاهۆ: شاخێکە لە هەورامان.

ئەی شەماڵ*

ئەی شەماڵ! ئەی شەماڵی شاخی شیمال!
ئەی فیدای جیلوە و شنەت سەر و ماڵ
حورمەت و حەسرەتی منی بەدحاڵ
بگەیێنە بەشاخی باخی میشال
جارێ ئیفایی ڕەسمی تەعظیم کە
بۆسەیی لاتەناهی تەقدیم کە(١)

**

چونکە ئەو شاخە زەوقی میللییەت
عەشق و سەودا و خەیاڵی حوڕڕییەت
تیا دەژی فیکری بەرزی کوردییەت
لە بەهەشت زیاترە بەقودسییەت(٢)

چونکە ئەو شاخە بەرزە گوڵگوونە(٣)
مەعدەنی ڕۆحە شاخی ئاڵتوونە

**

تورک ئەڵێ: قەبری کوردە ئەو شاخە
بام بڵێ، چونکە باطینەن باخە
باخی مەردانی چوست و گوستاخە
جێی وەطەن پەروەری جگەرداخە
تورکەکان نەشئەیان دەرئاغۆش کرد(٤)
بۆچی تەئریخیان فەرامۆش کرد

**

هەر فیدائی لە ئینقیلابا چوو
پێی مەڵێ مردووە بڵێ زیندوو
چونکە بێ شوبهە مووەدەتێکی زوو
شێری مەیدان لە نەسلی پەیدابوو(٥)
قارەمان و دلاوەرانی پەسین
وەتەن ئیحیا ئەکەن بەعەزمی مەتین(٦)

**

گڵ و بەرد و درەختی خوون ئالوود(٧)
میللەتێکی جەسیم ئەخاتە وجوود(٨)
ناصیری کوردە حەزرەتی مەعبوود(٩)
کوردی مەزڵوومی دەستی تورکی عەنوود(١٠)
ماڵ و منداڵی کوردی بێ چارە
بام پەرێشان کرێن و ئاوارە

**

ئەی شەماڵ! پێی بڵێ: لە بەعدی سەلام(١١)
بەرزتری تۆ لە عەرش و کورسی لە لام
قابیلی تۆیە حورمەت و ئیکرام
نووری تۆ نووری مانگ و ڕۆژە تەمام
مەئمەنی خاصی قەومی کوردانی(١٢)
ئەبەدیی مەنزیلی شەهیدانی

**

ئوفوقت ئەرخەوانییە کە بەهار(١٣)
ڕەنگی سوورت شەفەق ئەکا ئیظهار
ئینعیکاسی تەصادومی ئەنوار(١٤)
تاجی قەوس و قەزەح ئەکا بەنیشار(١٥)
لالە زارت کە سوور و ڕەنگینە
عەکسی خوێنی شەهیدی ڕێی دینە

**

ئەو مەقامە، مەقامی، لاهووتە(١٦)
سورمەیی چاوی قەومی مەبهووتە(١٧)
جێی زیاراتی ئەهلی ناسووتە(١٨)
ئەو گڵە بۆ حەیاتی دڵ قووتە
کورد نەڕەنجێ لە خوێنی ڕێژراوی
نەخشی سەر ڕۆحە بەردی خوێناوی

**

قەومی صاحێب مەتانەت و بەثەبات
چونکە بێ قەدرە لای هەوای حەیات(١٩)
حورمەت و غیرەتی ئەکا ئیثبات(٢٠)
باقییە عەزمی تاکو ڕۆژی مەمات(٢١)
عاقیبەت شاخی بەرزی کوردستان
عەلەمی کوردی تیا ئەکا جەولان

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی بەهۆی ڕووداوە خوێناوییەکانی ٢٤ی ئایاری ساڵی ١٩٢٥ی ز گوتووە کە ئەو هەموو ناودار و مەزنە پیاوانەی کورد لە تورکیا لە سێدارەدران و ئافرەت و منداڵ و پیر و جوانی کورد بەنووکی سونیەوەکران و خانوو بەرە و گوند و شارۆچکە و شاریان بەدەستی کەمالییەکان سووتێنرا و خاپوور کرا خەڵکەکەشی دەربەدەر کران و وڵات کوندەبەبووی تێدا خوێند.

شایانی باسە کە ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١ی ١٩٢٥/٧/١٠ بڵاو کراوەتەوە لە لاپەڕە ١٧-١٩ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە هەروا لە ل٢٤٢-٢٤٤ی کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا- کە لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی لە سلێمانی نمرە ٣٩ پارێزراوە – نووسراوەتەوە شەش دێری سەرەتاییشی واتە یەکەم تا شەشەم لە ژمارە ١ی گەلاوێژی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. لەگەڵ ژینامەی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە.

(١) واتە جارێ پێش هەموو شتێک دابونەریتی چوونە لای گەوران چۆنە بەتەواوی بەجێی بێنە ئەم جار دەست بکە بەماچ کردنی یەک لە دوای یەک.

(٢) قودسییەت: ڕێز و نرخ، پیرۆزی.

(٣) گوڵگوونە: گوڵ ڕەنگ.

(٤) دەرئاغۆش کرد: گرتییە باوەشی.

(٥) لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا و سۆزی نیشتماندا نووسراوە (شێری مەردان) لە نەسلی پەیدابوو.

(٦) ئیحیا: إحیاء: ئاوەدانکردنەوە. مەتین: قایم و قۆڵ.

(٧) خوون ئالوود: خوێناوی.

(٨) جەسیم: جسیم: گەورە و مەزن.

(٩) مەعبوود: خوای پەروەردگار.

(١٠) عەنوود: عنود: سەر ڕەق و سەرپێچی کەر.

(١١) لە بەعدی سەلام: لە دوای سەلام.

(١٢) مەئمەن: مأمن: جێگای ئاسایش و ئارام.

(١٣) ئوفوق: أفق: ئاسۆ.

(١٤) ئینعیکاس: إنعكاس: ڕەنگدانەوە. تەصادوم: تصادم: لێککەوتن، بەیەکدادان.

(١٥) قەوس و قەزەح: پەلکە زێڕینە، شۆقە زێڕینە. نیثار: بەقوربان بوون.

(١٦) لاهووت: زانستییەکە پەیوەندی بەخودا و خودا ناسینەوە هەیە و باسی شتی غەیرە ماددی دەکا بەپێچەوانەی ناسووتەوە کە هەر باسی شتی ماددی دەکا و لە سروشت و مرۆڤ ئەدوێ.

(١٧) مەبهووت: سەرسام.

(١٨) ئەهلی ناسووت: مرۆڤ.

(١٩) هەوای حەیات: ئارەزووی ژیان.

(٢٠) ئیثبات: اثبات: چەسپاندن.

(٢١) مەمات: ممات: مردن.

ئەم کوردە*

ئەم کوردە عەجەب ساحێبی بەختێکی زەبوونن
هێشتاکو ئەڵێی داخڵی سەحرای نەبوونن(١)
نانێ بەدووسەد سینەیی سۆزان کە پەیا کەن
بێ بەهرە لەویشن بەمەسەل عەینی فروونن(٢)
بێ بەش لە هەموو نیعمەت و ئازادیی عالەم
پامالی جەفای دەهرن و مەنفووری عویوونن
بۆ قۆندەرە و قەمچیی زاڵم هەموو لەشیان
خاراوە لە پێستا وەکو گامێشی چەتوونن
ئەقوامی زەمین ساحێبی ئاڵتوون و قصوورن
ئەم کوردە لەبەر زۆریی قوصوور ماڵیکی توونن(٣)
هەر میللەتێ قەدی بوو بەئەلف پیر و جەوانی
هەر قەومێ وەنەوشە و گوڵە وا قەد وەکو نوونن

کەس کەشفی نەکرد سیرڕی دەروونیان لە جیهانا
بێ شەرح و بەبێ حاشیە وەک کۆنە متوونن
سەرڕای ئەوە دوژمن بەیەکن جوملە عەشیرەت
حەقیانە ئەڵێن کورد هەموو مەحکوومی جنوونن
ئەم حاڵە دەوامێکی تەبیعی هەیە بۆ کورد
تا غافڵ و بێ بەهرە لە عیلم و لە فنوونن

....

* ئەم قەسیدەیە جگە لە شیعری شەشەم – لەگەڵ کورتە ژینامەیەکی شاعیر لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ١ی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. دا بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕەکانی ١٠٦-١٠٧ی سۆزی نیتشمانیشدا چاپ کراوە چ جیاوازیەکمان لە نێوان ئەم دوو سەرچاوەیەدا بەدی نەکرد.

(١) زەبوون: لاواز و بێ تین.

(٢) فروون: کۆی (فرن)ە بەمانا تەندوور و شتی وا.

واتە: چۆن تەندوور بەسینگ سووتاوی و هەزار دەرد و ئازار نانێک پەیدا دەکا کەچی لەگەڵ برژاندی خێرا ناهێڵن سوودی لێ ببینێ نانەکەی لێ دەکەنەوە و دەری دەهێنن بەو جۆرە گەلی کوردیش بەهەزار ناڕەحەتی تا شتێکی دەست دەکەوێ کەچی لەگەڵ هاتە بەرهەم خێرا لێی داگیر دەکەن و لێی بێ بەهرە دەبێ.

(٣) (قوصوور)ی یەکەم کۆی (قصر)ە بەمانا خانوو باڵەخانە. (قصوور)ی دووەم بەمانا کەمتەرخەمی و نەفامییە. مالیکی توونن: واتە خاوەنی توونی حەمامن.

کوردە ڕۆژی غیرەتە*

کوردە ڕۆژی غیرەتە، لەم ڕۆژە ویجدانت ببێ
تۆ، کە ئیسلامی شوکور، کردەی موسوڵمانت ببێ
کوردە! ناوت کەوتە ناو ناوانەوە، گوێ ڕاگرە
لازمە بۆ تۆش بەدایم کردەوەی جوانت ببێ
دەرحەقی هاوشەهریی و هاومەذهەب و هاودینەکەت
ئیقتیدارت گەر هەیە ئینعام و ئیحسانت ببێ
دەس لە بێ ئینصافی هەڵبگرە ئەگەر مەردی بەناو
ڕەحم و ئینصافت لەگەڵ زومرەی فەقیرانت ببێ
گەر قەصابی یا بەقاڵی، یا عەلافی یا توجار
خۆت بەلەعنەت قەت مەکە باوەڕ بەقورئانت ببێ
چەند هەزار دینار ئەکەیتە مەصرەفی قەصر و بینا
باوەڕت بێ بۆ دە دوازدە ساڵە ئیمانت ببێ

پارەکەت وا بوو بەبارێ لێرە تۆ نایبەیتە گۆڕ
شەرتە بۆ ڕێگەی قیامەت تۆشەو و نانت ببێ
کوردە قەومی تۆ ذەلیلە تۆش بە سەودا مەیکوژە
میللەتی خۆ خۆر مەبە ئەخلاقی ئینسانت ببێ
گرد و دەشت و کێو ئەکێڵێ سەعی ئەکەی بۆ چارەکێ
یەک دەقیقەش یادی چوونە گردی سەیوانت ببێ
تاکو مومکین بێ درۆ و ناڕاستی و غەشcompleteشت نەبێ
ڕووی خەندان، خوڵقی مەردان، فکری چاکانت ببێ
کاسبی و قازانج و تێکۆشین پەسەندی عالەمە
نەک بەجارێ پشت لە حەق کەی مەیلی شەیطانت ببێ
تا، بەئومێدی وەظیفەی، ئەی جوان هەر ڕاسیبی
عەشقی عیلم و مەشقی حیلم و شەوقی عیرفانت ببێ
عیلمە ئەتخاتە مەقامی بەرز و جێگەی ئیفتیخار
عیلمە بۆت نێزیک ئەکا گەر فیکری کەیوانت ببێ
ساڵی سەعی و غیرەتە ساڵی وەفاو و ڕەحمەتە
تۆ کە نەیبەخشی چ سوود موڵکی سولەیمانت ببێ
نوێژ و ڕۆژوو و حەج و عەمرە نەفعی هەر بۆ خۆت هەیە
خۆت لە پەنجا نەوع ئەخۆی، یادێکی جیرانت ببێ

....

* ئەم شیعرە لە ژینی ژمارە ٦٩٠ی ساڵی ١٩٤٢ی ز.دا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارەی ٧ی ساڵی ٩ی ١٩٤٨ی ز. لاپەڕە ٣٩-٤٠دا بڵاوکراوەتەوە.

کێیە؟*

کێیە تا سەر لە فەضای دەرد و غەمابێ، مابێ(١)
ئەوە هەر کوردە کە چاوی لە هەوابێ، وابێ
هەر، سلێمانییە عیفریتی حەسەد سواری بووە(٢)
هود هودی خۆش خەبەرم گەر لە«سەبا» بێ، با، بێ(٣)
ڕاستی ڕێگەی ڕاستت ئەدەب و ئەخلاقە
نەمدی هەرگیز لەکەسێ ڕووی لە(کەچا) بێ چا بێ(٤)
مارە بۆ گەردن و ماڵت چ خومار و چ قومار(٥)
گەرچی باوە، ئەوە پیاوە، بەشەرابێ ڕابێ

ئەی وەتەن پەروەری تەن پەروەری پڕ لاف و گەزاف
ئەسەری خزمەتی تۆ چین، بەحیسابی سا بێ
چ زەمانێکە؟ زمانی تەڕ و پاراوی ئەوی
غایە و فیکری لە هەرکەس کە مەلا بێ، لا بێ
وەرە مەیدانی هونەر گەر ئەتەوێ بەرزیی وەتەن!
وەصڵی مەحبووبە بەبێ ڕەنج و عیتابی نابێ

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی، ١٩٢١ وتووە لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٨ی ساڵی ٩ی ئابی ١٩٤٨ی ز. دا بڵاو بۆتەوە، لە لاپەڕە ١٦–١٧ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.

(١) فەضا: بۆشایی، دەشت، صەحرا.

(٢) عیفریت: دێو.

(٣) هودهود: پەپوسلێمانکە. سەبا: وڵاتی سەبەئە (سبأ) واتە ئەگەر پەپوسلێمانکە وەکو چۆن خەبەری بەڵقیس و وڵاتی سەبەئی هێنایەوە بۆ حەزرەتی سلێمان ئەگەر بۆ منیش خەبەرێکی ئاوا خۆش دێنێ بابێ بۆ لام و بۆم بگێڕێتەوە.

(٤) ڕووی لە کەچا بێ چابێ: واتە ڕووی لە کەچی و ناڕاستی بێ و چاک بێ.

(٥) خومار: سەرمەستی.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان*

هیچ کەس نییە بەسۆزی دڵ و سینەم ئاشنا
شادم کە دڵ بەدەردی دەوای کوردە موبتەلا(١)
ناشکێ بەتۆپ و بۆمبا، سەر ئەفرازە قەومی کورد(٢)
لایق نییە بەتەبعی بڵندان درۆ و ڕیا
تابیع بەقەصد و حیسسی هەوایە حقووقی ناس
جەبرەن ئەسیری باطیلە حەق، وا کرا فیدا(٣)
حەقق و مرووەتێ نییە بۆ ئێمە، قەومی کورد
بۆ (ئەهلی) حەق موعینی ئەتۆ دائیم ئەی خودا
دنیا لە غەشش و حیرص و ڕیا و مەنفەعەت پڕە
ئالوودە پێ، فەزاحەتە، پابەندی ئیفتیرا(٤)
ویجدان و قەلب و حەوسەڵەی ئەم هەموو کەسە
ئای، وای، بەرد و ئاسنە، ناگرێتە گوێ صەدا!
مەغلووبی جەهل و فەقر و سەفالەت بووە موحیط(٥)
ئالایە بێخی میللەتەوە لەهبەی فەنا(٦)
هەر میللەتێ خەریکە حقووقی لە دەست گرێ
ئەم قەومە کۆنە بۆ نییەتی حەققی ئیعتیلا؟!(٧)

بێ غایە، بێ نەتیجە چلۆن گیان فیدا بکا
لایق مەبینە بۆ سەری ئەم میللەتە جەفا
بەستەی سیاسەتی دووە لە حاڵی زاری کورد
لەم بوعدی لاتەناهییە بێ شەوقە وەک سوها(٨)
موڵک و حەیات و ثەروەتی ژێر باری ذیللەتە
لەم ظوڵمی بێ ئەمانە، خودامان بدا پەنا!
وا هەرچی عاطیلە ئەکرێنرێت و مەحو ئەبێ
بەم عەسری حازرە کە دەڵێن عەسری ئیستیفا(٩)
ئاه ئەی فەقیری بێ کەسم ئەی کوردی بێ خەبەر!!
ئەی طوعمەی مەصائیب و قەهر و شەڕ و جەفا(١٠)
بدڕێنە، لادە، جامەی ژێر باری میحنەتت(١١)
ئەی کورد! بەعەزم و غیرەتی خۆت فەرزە ئیرتیقا(١٢)
بۆ خاتری ڕەزایی خوا و عەشقی ئەحمەدی
بەسیە نیفاق و بەسیە شیقاق و ڕق و ئەذا(١٣)
وا ئەرمەنی و یەهوودی حەقی گرتە دەستی خۆی
بۆ بۆ حقووقی شەرعیی خۆت ناکەی ئیددیعا(١٤)
ئیجاب ئەگەر سیلاحە، دەسا وەختی فرسەتە
حازر بە! گەر بەکوشتنە، ئیثباتی موددەعا(١٥)
هەر کەس خەریکی خزمەتی ئەهلی تەغەللوبە(١٦)
بێ دەنگ بووە حقووق و ناکەن کەمێ حەیا
ئەی گەورەکانی کورد و بەگ و میر و زابتان!
یەک بن هەموو تەوەققوفە لەم عەسرەدا خەتا(١٧)
ئەی شێخ و سەیید و عولەما یەک صەدایی حەق!!
بۆ ئینتیباهە لازمە «حّي على الصلا»
کورد هیممەتی بڵندی هەیە صەوڵەتی هەیە(١٨)
سا با، ئەویش لیوای حکوومەت بڵند بکا(١٩)
ئەڵبەت لە بەینی میللەتی کورد چەند (صەلاحەدین)
پەیدا بووە بەغیرەتە و ئەکمەل و دەها
حەققێکی ئیبتیدائی کە ئێستە نەسێنرێ
بۆ کورد لە عاقیبەت چ نییە نووری موقتەدا(٢٠)

کورد ئاخری موئەییەدە، خۆی حاکمە و ئەمیر
لەم عەزمە ڕوحی حەزرەتی (مەحموودە) پێشەوا(٢١)

....

* ئەم هەڵبەستە «جگەر خوێن» بەشێوەی کوردی بۆتان وتوویەتی، ساڵح زەکی بەگی صاحێبقران کە نازناوی (ئەمییرە) کردوویەتی بەتورکی. زێوەریش کردوویە بەکوردی شێوەی سلێمانی (ن.م).
ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٩-١١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١)موبتەلا: گیرۆدە.
(٢) سەر ئەفرازە: واتە سەربەرز. دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا (ئە) کە تۆزێک سووک بکرێ و (سەرەفرازە) بخوێندرێتەوە.
(٣) هەوا: هەواو هەوەس. (جەبرەن: جبراً) واتە بەزۆرەملێ. واتە مافی خەڵک بەگوێرەی هەوا و هەوەسی تاقمێک بەڕێوەدەچێ، حەق و ڕاستی دەست و پێ بەستراوی باتڵن و حەق بووەتە قوربانی ناحەق.
(٤) ئالوودە: تێکەڵاو بوو، تێهاڵاو. پابەند: پێ بەستراو. ئیفتیرا: درۆ هەڵبەستن و بوختان.
(٥) مەغلووب: ژێرکەوتوو، بۆڕدراو.
(٦) لەهبە: بڵێسە ئاگر. لەهبەی فەنا: واتە کڵپە ئاگری سووتێنەر.
(٧) حەققی ئیعتیلا: مافی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە وە پێشکەوتن.
(٨) بوعدی لاتەناهی: مەسافەییێکە کۆتایی نەبێ، لێرەدا مەبەستی دنیاییێکی پان و پۆڕە. سوها: ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکانی کۆمەڵی حەوتەوانە. (بنات النعش) لەبەر دووری و پچووکی نابینرێ.
(٩) ئیستیفا: استفاء: عەسری ئیستیفا: واتە ڕۆژگاری ماف وەرگرتن.
(١٠) طوعمە: خۆراک. مەصائب: بەڵا و موسیبەت. قەهر: ڕق و کینە.
(١١) جامە: پۆشاک، کراس.
(١٢) ئیرتیقا: إرتقاء، بەرزبوونەوە و گەیشتن بەئامانج.
(١٣) نیفاق: نفاق: ئەوەیە شتێک دەربڕی عەکسی ئەوە بێ کە لە دڵتایە. (شیقاق: شقاق): دوژمنایەتی و کێشە و نیزاع. ئەذا یان ئیذا (اذاء): ئازار دان، ئازار وەرگرتن و تەحەممول کردنی.
(١٤) ئیددیعا: إدّعا: داواکردن.
(١٥) ئیجاب: پێویست. ئیثباتی موددەعا: چەسپاندنی هەڵوێست.
(١٦) ئەهلی تەغەللوب: بەرەی سەرکەوتوو، ئیستیعمار و داگیرکەر.
(١٧) تەوەققوفە لەم عەسرەدا خەتا: واتە لەم ڕۆژگارەدا ڕاوەستان لە تێکۆشان و پاڵدانەوە خەتاییێکی گەورەیە.
(١٨) صەوڵەت: صولە، هەڵمەت و شاڵاو بردن.
(١٩) لیوا: (لواء)، ئاڵا.
(٢٠) واتە مافێک کە لە سەرەتاوە بۆ کورد نەسێنرێ و نەچەسپێنرێ لە دواییدا کە کار لەکار ترازا تازە چ ڕووناکییەک دەست ناکەوێ بیکەینە ڕێوشوێنی کەوین.
(٢١) موئەییەد: مؤیّد: یارمەت دراو. مەبەستی شاعیر بە (حەزرەتی مەحموود) شێخ مەحموودی حەفیدە کە لەو سەردەمەدا پێشەوا و زەعیمی ڕاستەقینە و دڵسۆزی کورد بووە و ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و چەند جار دژ بەئینگلیزە داگیرکەرەکان جەنگاوە و بەرەنگاریان بووەتەوە و برینداری و گرتن و حەپسخانە و ئاوارە بوون و شاربەدەرکردنی تۆزقاڵێک لە هەڵوێستی ڕەوای گەلەکەی نەهێنایە خوارێ.

هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن*

ئەی غونچەی ئومێدی هەموو پیر و جەوان
بێدارەوە بەوەختی جلیت بازیی و مەیدان
عالەم هەموو هەستاوە خەریکن هەموو مەردان
بشکێنە بەبازووی هونەر تەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و عەطالەت
تۆ دەردی جەهالەت بووەتە سەددی ژیانت
یا شوعلەی غەم ئاگرە بۆ ڕۆحی ڕەوانت
لەم کەشمەکەش و حادیثە بەستراوە زوبانت
بشکێنە بەبازووی هونەر طەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و عەطالەت
دایکی وەطەن ئیقباڵی بەئیقبالی ئەتۆیە
چاوی لە تەڕەققی و هەموو ئامالی ئەتۆیە
ڕوشدت کە ببێ خەزنەیە وا ماڵی ئەتۆیە
بشکێنە بەبازووی هونەر طەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و جەهالەت

....

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە لاپەڕە ٤٥-٤٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

مەعاریف*

مەعاریفە کە بڵندیی ئەدا بەقەومی هەژار
جەهالەتە کە دەکا مەحوی سیلسیلەی تاتار
فنوون و عیلمە کەوا بۆتە باعیثی ئیقباڵ
جەهالەت و حەسەدە بۆتە مەنشەئی ئیدبار
برادەران و ڕەفیقانی خۆم مەبن غافڵ
لە تەربیە و ئەدەب و سەنعەتێکی باش و بەکار
وەتەن وەتەن وەکو «کوکوُ»ی کۆترە باریکە
ببێتە ویردی زوبان و دڵت بەلەیل و نەهار
بەماڵ و دەوڵەتی دنیا مەنازە ئەی حاجی!
بینای مەکتەب و پردێ حیسابە ڕۆژی شومار

حەیاتی ئێمە حەواڵەی سەخای ئەشرافە
که گەورە لوطفی نەبێ قوڕ بەسەر سەفیل و صیغار

....

* ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە ٦ی ساڵی ١ی ١٨ی ١٩٢٢/٩ی ز. بەناوی شاگردی مەکتەب: فایەق زێوەرەوە بڵاوبۆتەوە لە لاپەڕە ١٤-١٥ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.

فەلسەفە*

١٩٢٢

چاوەکەم حوسنت زیاد ناکا بەلاپێچی سەرت
کافییە بۆ صەیدی دڵ غەمزە و نیگاهی دلبەرت
تۆ زوبانت تیژ بکە بۆ جەلبی قەڵبی عالەمێ
فائیدەی ئێستا نەماوە نووکی تیژی خەنجەرت
مادەری پیری وەطەن ئوفتادەیە و بێ دەستەڵات
نەوجوانا! خزمەتێ بنوێنە دەرحەق مادەرت(١)
ئەی مودەڕڕیس عیلمی دین و فەننی دنیام پێ بڵێ:
تا ڕەواجی بێ لە لای ئەم خەڵکە جوببە و مێزەرت
ڕێگەیێکم پێ نیشان دە پێی بژیم لەم عەصرەدا
وەرنە من باوەڕ ئەکەم زاهید! بەڕۆژی مەحشەرت(٢)
پێی دەڵێن: ئەم عەصرە عەصری ئینتیباه و ئیرتیقا(٣)
تۆیش کەچی هەر نووستنە هەر ڕاکشانە جەوهەرت
تۆ کە ماری پێوە داوی چاری تریاکێ بکە(٤)
کەی شیفایە ناڵە ناڵ و کەوتنی سەر بوستەرت(٥)
تا هەوای سەیری موغەننی و نەغمەیی تارت ببێ
ڕۆژی ڕووناکت شەوێکی تازە نەحسە ئەختەرت(٦)
ڕێگەیێ باشت نیشان دەم. تۆ لە جێی تاقە و غەزەل(٧)
ئیفتیخارە گەر لە بەرکەی شیعری باشی (زێوەرت)

....

* شاعیر ئەم شیعرەی بەناوونیشانی فەلسەفەوە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی وتووە لە لاپەڕە ٢٤-٢٥ سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. لە(ژین)ی ژمارە ١٠٨٣ی ساڵی ١٩٥١ی ز. دا لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی شاعیر و وێنەیەکی کوردانەیدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) مادەر: دایک، مەبەست نیشتمانە.

(٢) زاهید (سۆزی نیشتمان)، واعیظ (ژین).

(٣) ئینتیباه: انتباه: هۆشیار بوونەوە.
ئیرتیقا: ارتقاء: بەرزبوونەوە و پێشکەوتن.

(٤) تریاک: دەرمانی زەهر و مارەنگازی.

(٥) بوستەر: وشەیەکی فارسییە واتە سەرین.

(٦) نەحس: شووم، ئەختەر: ئەستێرە.

(٧) تاقە: جۆرە خشڵێکی ئافرەتە لە دراوی زیو دروست دەکرێ یا دانە دانە بەکڵاوی سەرەوە ئەچەسپێنرێن و پێی دەگوترێ کڵاوەسەر. یان بەزنجیرە بەلاسەرەوە هەڵدەواسرێ پێی دەگوترێ لاگیرە.

غەزەل: شیعری دڵداری بەڵام لێرەدا بەمانای پارچە قوماش بەکارهاتووە. نالی دەفەرمووێ:

قوربان وەرە با ئەم غەزەلە تازە لەبەر کەین
عیزز و شەڕەفی نالییە تەشریفی قەدی تۆ

سەر زەنش*

ئەگەر بۆیا و پۆدرە هەڵبگیرێ ئەم فرۆفێڵە
گەلێ جوان ئیختیارە، زۆر سمێڵ وەک ئەسپەرەی بێڵە
موجەسسەم بێ ئەگەر دین و حەمییەت سووڕەتێکیان بێ
گەلێ دێن شکڵی مەیموونە گەلێ شێریش وەکو دێڵە
لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ خالیق بەمەردی بێرە ناو مەیدان
سەداقەت ڕێی سەعادەت بێ، چ سوود ئەم چەوتیی و چێڵە
بەغەیرەز قەومی کورد مەحروومی سەعێن هەمدەمی غەفڵەت
هەرچی قەومێ شعووری بێ لە سەحرای کۆششا وێڵە
چەکی هەر میللەتێ عیلمە و مەعاریف، بۆ ژیانی خۆی
لەناو ئێمەیش -خوا فەوتی بکا- جەهلە چەکی خێڵە
زەمینت سەختە مەوزووعت نەتیجەی تازە نابەخشێ
نە، زیهنت کول بکە، نەخامە، ئەم مەیدانە مەیکێڵە!!

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٠٨ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.

کوردێکم ئەوێ

کوردێکم ئەوێ زرنگ و چالاک
بۆ موددەعی چوست و بێ باک
کوردێکم ئەوێ کە ڕۆژی ئەمڕۆ
جێ خەنجەرەکەی نەکا بەسیواک

کوردێکم ئەوێ بەهۆش و دانش
بۆ وەزعی زەمانە خاوەن ئیدراک
کوردێکم ئەوێ نەکا مەرایی
بۆ خاوەنی فلس و مولک و ئەملاک
کوردێکم ئەوێ کە خواش بناسێ
ئیمانی ببێ بەشاهی (لولاک)
کوردێکم ئەوێ نەبێ بەدایم
مەشغولی خەو و خەیاڵ و خۆراک
کوردێکم ئەوێ کەمال و فیکری
لای میللەتەکەی بگاتە ئەفلاک
کوردێکم ئەوێ کەوا نەترسێ
هەرگیز لە وەزیر و میری سەفاک
کوردێکم ئەوێ کە هێزی وابێ
بێگانە بخاتە سەر زەوی و خاک
کوردێکم ئەوێ لە رێی وەتەندا
بێ غەش بکەوێتە خزمەتی چاک
کوردێکم ئەوێ هەموو برابن
هیچ فەرقی نەکا نەباب و نەداک
گەورە بەبچووک بڵێ براله
چوکەش کە بەگەورەکەی بڵێ کاک
بەم ڕەنگە ئەگەر دەستم کەوێ کورد
بێ گیانی ئەکەم هەزار زوحاک

ڕۆژی نوێ ژمارە ٤ ساڵی ٢ لاپەڕە ٧٨

لەم وەختە*

لەم وەختە کە پڕ فیتنە و ڕێ بەستنە ئێستا
خۆشی کە ببێ مردنە، یا نووستنە ئێستا
دوو یاری وەفادار و بەبێ غەش نییە هەرگیز
هەرچی کە تەماشای ئەکەم دوشمنە، ئێستا

ئاشووب و بەڵا و فیتنە وەکو تەرزە ئەبارێ
هەر جەردەیی و هەر دزیی و کوشتنە ئێستا
فەرقێکی لەگەڵ شیعە نەما مەذهەبی سوننی
هەر گرتن و لێ بردن و تێ خستنە ئێستا
لەم شارە کەوا مەنبەعی ئاشووب و فەسادە
دەرمانی شیفای خەستە دڵان ڕۆینە ئێستا

....

* زێوەر بەم شیعرەی لایەنێکی زۆرداری و ئاشووبی سەردەمی عوسمانییەکان دەردەخا. وەکو ئاوێنەیەکی باڵانوما هەموو ئاژاوە و نەخۆشی دز و جەردەیی ئەو ڕۆژگارەی تێدا دیارە.
ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٥٢-٥٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. دوو دێر شیعری یەکەم و دووەمیشی لە گەلاوێژی ژمارە ١ی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. لەگەڵ ژینامەیەکی کورتی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە.

خۆشەویستی و ئەوین

لابده پەردە*

لابدە پەردە، ئەی گوڵی ڕەعنا!
دەرکەوێ با دوو نێرگسی شەهلا
یا دوو لەعلی عەقیقی بێ هەمتا
تا بە جان ئێمە بێینە سەر سەودا
کائیناتێ ئەخەیتە وەجد و تەرەب(١)
بەتەماشایی ماهەکەی نەخشەب(٢)
وەهـ چ خۆشە شەهدی گوفتارت(٣)
هەی لە جیلوەی بەنازی ڕەفتارت
بەهـ لە غەمزەی دوو چاوی سەححارت(٤)
بارەکەڵڵا لە حوسن و ئەنوارت(٥)
سوپەرت بێ هەمیشە هیممەتی غەوث(٦)
حافیزی چاوی بەد، کەرامەتی غەوث
تۆی شەهەنشاهی حوسن و ساحێب تاج
حازرن شاهیدان بەجیزیە و باج(٧)
هەموو تەسلیمن و نیانە عیلاج
هەر بەتۆ لایقە عەتایی خەراج(٨)
مەجلیسی تۆیە بارەگاهی فەرەح
دوور لە ڕووی تۆیە خوابگاهی تەرەح(٩)
ئەی بتی شۆخ و نازک و گوستاخ(١٠)
نەفەسێکم نییە بەبێ سەد ئاخ
بوومە مەجنوونی دەشت و سەر کەل و شاخ
چاوەڕێی لوتفم ئەی بە ڕوو گوڵەباخ
مەرحەمەت کە بەناڵە و فەریاد
بە جەفا مەمکوژە وەکو فەرهاد
چەند خۆشە لە فیرقەتا کاغەذ
وەرگری تۆ لە پۆستەدا کاغەذ
وەک شیفایە لە هیجرەتا کاغەذ
نیصفی وەسڵە لە میحنەتا کاغەذ

خەبەری دولبەری شەکەر گوفتار(١١)
وەک تەداوی حەکیمە بۆ بیمار
صەیدی کردم بەداوی غەمزە و ناز
دولبەری چیهرە ئەسمەری چاوباز(١٢)
دولبەرانیش ئەخاتە بەحری نیاز
شاهبازێکە زۆر بڵند پەرواز(١٣)
وەنییە هەر شێتی عەشقی من بم و بەس
سارییە دەردی عەشقی بۆ هەرکەس
شوعلەی حوسنی دلبەری مەهوەش(١٤)
دڵی کردووە بەکوورەی ئاتەش(١٥)
کەس نەناس و بەدەعیە و سەرکەش
لە هەموو لوتف و مەرحەمەت بێ بەش
لەکەفی دا دی جەوری، دوورە خەلاص(١٦)
عادەتی کوشتنە بەغەیری (قیصاص)
نییە هاوڕەنگی تۆ لەسەر ڕووی ئەرض
گەر بەسەریا بڕۆی بە طوول و عەرض
چۆن نەبێ میهری تۆ لەسەرمان فەرض(١٧)
بە زوبان دێم ئەکەم تەشەککیم عەرض(١٨)
لە جەفای عاشقان بەسە ئیفراط(١٩)
نۆبەتە بۆ وەفا و عەیش و نیشاط
با نەڵێن خەڵکی عاقڵە و واعیظ(٢٠)
عالمی چاکە عادلە واعیظ
چونکە لای ئێمە جاهیلە واعیظ
گوفتوگۆ و وەعزی باطلە واعیظ
مەسلەکی عاشقانە وەجد و سەماع(٢١)
بەهەزار وەعظ ناکرێن ئیقناع
خۆشە فەسڵی بەهار و دیدەنی باغ
نەغمەی بولبولان لە گوڵبەنی باغ(٢٢)
سەیری ئەشجاری بەرزی مەعدەنی باغ
سەیری ئارایشی مولەووەنی باغ

غایەتی بێ حەبیب ئەبێتە ئەسەف
شەوقی عومرت هەموو ئەچێ بەتەلەف(٢٣)
ماهی من ظاهیرە لە ناو ئافاق(٢٤)
دائیما بەدرە، ناکەوێتە میحاق(٢٥)
حوسنی ئەو عالەمێکی خستە مەراق
کەس نەماوە کە بۆی نەبێ موشتاق
شوهرەتی حوسنی گەییە عەرش و فەلەک
بوونە خەددامی، بارەگاهی فەلەک
ئەی مەهی ئاسمانی حوسن و جەمال(٢٦)
لە غەمی بەدری ڕووتە بوومە هیلال(٢٧)
ئەو کەسە بۆتە صاحێبی ئیقباڵ(٢٨)
کە نزیک بێتەوە لە بەزمی ویصاڵ(٢٩)
هەر غەمی تۆیە بۆتە هاو دەردم
زەربەی عەشقە چیهرەی زەردم(٣٠)
هەروەکو ئەهلی بێ میزاجە زەمان
مەسلەکی ثابتی نییە بۆ مان
دەردی دنیایە ناکرێ دەرمان
مەر لە دنیا ئەجەل بکا دەرمان(٣١)
خەڵەفاوین لە ئافەتی، من و تۆ
بەش بڕاوین لە نیعمەتی، من و تۆ
دولبەری شۆخ و شەنگی دیدە سیاه(٣٢)
گەه بەغەمزە گەهێ بەتیری نیگاه
عاشقانی بەبێ خەتا و گوناه
هەموو خستۆتە دەرد وناڵە و ئاه
دوورە بۆ دولبەران وەفاکاری
سەهوە بۆ نائومیدەگان زاری

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (أ) بەشی دووەم لاپەڕە ١٢٣-١٢٦دا چاپ کراوە.
شایانی باسە ئەم شیعرە سەرەواکانی هەموو پیتەکانی هیجایی لە خۆگرتووە. لەبەر ئەوە لێرەدا پیتەکانی سەرەوا بەعەرەبی نووسران.
(١) کائینات: بوونەوەر. وەجد: عەشق و دڵداری، تەرەب = طرب: کەیف خۆشی.

(٢) ماهی نەخشەب: واتە مانگی شاری نەخشەب. مەبەستی ئەو مانگەیە کە حەکیمی کوڕی عەتا لە وڵاتی (ماوراء النهر) لە شاری نەخشەب بەدەرمانی کیمیاوی مانگێکی دەستکردی دروست کردووە و لەسەر شاخێک داینا وە لە شەو ماوەی چوار سەعات ڕێگا بەدەوری خۆیدا ڕووناکی دەبەخشی.
(٣) شەهدی گوفتارت: قسەی شیرینت.
(٤) سەححار (سّحار): سیحرباز و ئەفسووناوی.
(٥) حوسن: جوانی. ئەنوار: کۆی نوورە، واتە ڕووناکی و پڕتەو بەخش.
(٦) غەوث: مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە.
(٧) جیزیە: جزیە: سەرانە و خەرج و باجێکە لەو کافرە کیتابییانە دەستێنرا کە لە وڵاتی موسڵمانان دەژیان لە جیاتی واجباتی نیشتمانی.
(٨) خەراج: بەشێکی دیاریکراوە لە بەروبووم ئەدرێ بەمیری. لە ئەرزێکی دیاریکراوا.
(٩) خوابگاه: شوێنی نووستن + تەرەح= ترح: خەم و خەفەت و ناخۆشی.
(١٠) گۆستاخ: ڕوو هەڵماڵراو و بێ پەروا و نەترس و سەربەست.
(١١) شەکەر گۆفتار: شیرین قسە و گفتوگۆ خۆش.
(١٢) چیهرە: ڕوخسار.
(١٣) شاهباز: شاباز گوایە گۆشتی مردارەوە بوو ناخوا.
(١٤) شوعلە: بڵێسە ئاگر، شۆق و ڕووناکی. مەهوەش: ئەوەی ڕوخساری وەکو مانگ جوانە.
(١٥) کوورەی ئاتەش: کوورەی ئاگر، ئاگردان.
(١٦) لە دەستنووسەکەدا بە بەتاڵی هێڵراوەتەوە -ئاراس-
(١٧) میهر: خۆشەویستی.
(١٨) عەرضی تەشەککی: بەیانکردن و ڕوونکردنەوەی لێقەوماوی و شەکوای حاڵ.
(١٩) ئیفراط: ئەوپەڕگرتن لایەنی ئیجابی.
(٢٠) واعیظ: ئەو کەسەی نەصیحەتی خەڵک دەکا.
(٢١) وەجد: عەشق و خۆشەویستی.
(٢٢) گوڵبەن: داری گوڵ.
(٢٣) لە دەستنووسەکەدا بە بەتاڵی هێڵراوەتەوە -ئاراس-
(٢٤) ئافاق: کۆی (أفق)ە بەمانا گێتییە.
(٢٥) بەدر: مانگی شەوی چواردە. میحاق: ئەو کاتەیە کە مانگ دەگاتە ئەو پەڕی لاوازی و لەبەرچاو ون دەبێ ئەم حاڵەتەش لە دوا ڕۆژەکانی مانگی عەرەبی و لە یەکەم ئێوارەی مانگی نوێدا ئەبێ. کە مانگ زۆر باریک و زەعیفە کەم کەس دەی بینێ.
(٢٦) مەهی ئاسمان: مانگی ئاسمان.
(٢٧) هیلال: مانگی یەک شەو.
(٢٨) صاحیبی ئیقباڵ: خاوەنی نگین.
(٢٩) بەزمی ویصال: داب و نەریت و هەرا و بەزمی بەیەک گەییشتن.
(٣٠) چیهرەی زەردم: ڕوخساری زەردم.
(٣١) مەر: مەگەر.
(٣٢) دیدە سیاه: چاوڕەش.

بنازم*

بنازم پەرچەمت زللەی لە کەللەی عوود و عەنبەردا(١)
صەفای ڕوخسارەکەت طەعنەی لە ئاوێنەی سەندەردا(٢)
شەڕ ئەفرۆشێ بەعالەم بێ سەبەب ئەو چاوە مەستانە
هەچی هاتە تەماشای چاوی تۆ سینەی لە خەنجەردا(٣)
بەڵێ عومری (خضر) قیسمەتمە گەرچی عومر کۆتابێ(٤)
کەسێ نەقدی حەیاتی خۆی بەیاری شۆخ و ئەسمەردا
لە تەعریفی قەدی مەوزوونی، شاعیر کەوتە وریایی
هەموو دێڕێکی ئەفکاری خەیالاتی لە «میسطەر»دا(٥)
کە زاهید هاتە سەیری قەوسی ئەبرۆی تۆ بەناچاری(٦)
فڕێی دا سەبحە و سەججادە سەد لەقڤەی لە مینبەردا
دەمی تۆ خونچەی نەشکوفتەیە، یا نوقتەی مەوهووم(٧)
بەخەندە دوڕ بەسەر لەعلا و لەعلیشی لە شەککەردا(٨)
بەرامبەر حەلقەی پەرچەم خەدەنگی چاوی مەخموورت(٩)
بەعەینی وەک (جیهان بەخشە) لەگەڵ تیری لە(ئەژدەر)دا(١٠)
بەمەرهەم زەحمەتە زەخمی دڵی بێچارە ناگیرێ
بە تەحریکی برۆ ئەو شۆخە دەردێکی بە (زێوەر) دا

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ)، ل١٢٨ و کەشکۆڵی (ب) لاپەڕە ٦دا نووسراوەتەوە. کاک محەمەد عەلی قەرەداغیش لە گۆاری بەیان ژمارە ١٣٧ لاپەڕە ١٩ بڵاوی کردۆتەوە.

(١) عوود: داری عوود. عەنبەر: گیایەکی بۆن خۆشە.

(٢) ئاوێنەی سکەندەر: ئاوێنەی ئەسکەندەر: دەڵێن: ئەسکەندەر ئاوێنەیەکی هەبووە هەموو دنیای تێدا دیار بووە.

(٣) مەبەستی بە (خەنجەر) برۆی یارە.

(٤) عومری خضر: تەمەنی خدری زیندە، مەشهوورە دەڵێن: خدری زیندە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە و تارۆژی دنیا وێران بوون نامرێ.

(٥) میسطەر، مسطر: خەتکێش، جاران مەلا و فەقێ و خەت خۆشەکان شتێکیان دروست دەکرد لە مقەبا و لە دەزوو دەیانهێنا دەزوویان بەسەر مقەباکەدا ڕایەڵ دەکرد و دەیان چەسپان بەمقەباکەوە ئەمجار ئەو کاغەزەی بیان ویستایە شتی لەسەر بنووسن مقەباکەیان دەخستە ژێری و دەستیان بەسەر دادەهێنا شوێنی دەزووەکە لەسەر کاغەزەکە دەردەچوو و خەتخەتی دەکرد ئەمجار نووسەرە کە بەسەر خەتەکاندا دەینووسی، بەو مقەبا و دەزووەیان دەگوت میسطەر. واتە ئامێری خەت.

(٦) زاهید: خواناس، بەزۆری بۆ خواناسی لە خۆبایی بوو بەکار دەهێنرێ. سەبحە: تەزبیح. سەججادە: بەرماڵ. مینبەر: شوێنی خوتبە خوێندنەوە.

واتە: زاهیدی لە خۆبایی کاتێ سەیری کەوانە برۆی تۆی کرد تێگەیشت و بۆی ڕوون بووەوە کە ئەوە میحرابی حەقیقییە ناچار تەزبیح و بەرماڵە ڕواڵەت کارییەکەی فڕێدا و شەقێکیشی لە مینبەر و شوێنی وەعظ و نەسیحەت کردنەکەشی هەڵدا و وازی لێ هێنان و ڕووی کردە میحرابی جووت ئەبرۆی تۆ.

(٧) خونچەی نەشکوفتە: غونچەی نەپشکوتوو، نوقتەی مەواهووم: جەوهەر، جوزئی (لایتجزأ) ئەو نوختەیەیە کە بۆ کەرت کردن نەشێ. زۆربەی زانایانی عیلمی کەلام لایان وایە کە (جزء لایتجزأ) نییە و شتێکی خەیاڵییە بۆیە شاعیریش بە نوقتەی مەوهوومی ناو بردووە.

(٨) دوڕ: مەبەستی ددانەکانی یارە. لەعل: پوک یان لێوی سوور.

(٩) حەلقەی پەرچەم: زولفەکانییەتی. خەدەنگ: تیغ. مەخموور: مەست و سەرخۆش

(١٠) جیهان بەخش و ئەژدەر: دوو پاڵەوانی کۆنی ئێرانی بوون. ئەژدەر بەمانا (ئەژدەها)ش هاتووە.

باعیثی دووریتە*

باعیثی دووریتە گەر دڵ ناڵە و ئەفغان ئەکا(١)
دەردی هیجرانە سەبەب گەر دیدە خوون ئەفشان ئەکا(٢)
هەر زەمان ناری فیراقت دێتە ناو کوورەی دەروون
میروەحەی ناڵەم لە هەر لا ئاگرێ پەخشان ئەکا(٣)
تۆکە جەللادی بەئەڵماسی موژەت دڵ کون مەکە
زەخمی ئەبرۆت کارییە چارێ لە هەر دەرمان ئەکا
شەمعی ڕووت کەوتۆتە ناو زوڵماتی زوڵفی وەک شەوت(٤)
دڵ وەکو پەروانە هەردەم مەیلی خۆ سووتان ئەکا
نەو غەزالێکی تێدایە دڵ فڕێن و دولبەرە(٥)
سا بەخۆڕایی نییە دڵ مەیلی کانیسکان ئەکا(٦)
قەت بەمەقسوود و مەرامم ئاسمان دەوری نەدا
باغی خەڵقی دڵ گوشاد و باغی من وێران ئەکا
گەر هیلالی ئەبرووانت بێتە عەرصەی ظاهیری
سەد وەکو زێوەر بەساتێ دێت و خۆی قوربان ئەکا

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٣١-١٣٢ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٨ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە. لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیانیش لە لاپەڕە ٨٢دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) ئەفغان: داد و هاوار و گریان.

(٢) خون ئەفشان: خوێن ڕژان.

(٣) میروەحە، مروحە: پانکە، باوەشێن.

(٤) زوڵمات، ظلمات: تاریکایی.

(٥) نەوغەزال: بەچکە ئاسک، مەبەست کیژۆڵەی تازەپێگەیشتووە.

(٦) کانیسکان، کانی ئاسکان: گەڕەکێکە لە سلێمانی. دەڵێن کانییەکەی پێش دروستکردنی سلێمانی جێی ئاسکان بووە.

که تۆ ڕۆیی*

که تۆ ڕۆیی، بەجوز ناڵاندن و گریان زووبان چبکا(١)
که ئاهوو ڕەم بکا، صەییاد بەجوز ناڵە و فوغان چبکا(٢)
لەسایەی عەسکەری موژگان و طوڕڕەی زولفی شەوڕەنگی(٣)
نیگارم پادشای حوسنه، له حاڵی عاشقان چبکا(٤)
ئەلا ئەی عاشقی بێ دڵ نیگارت میهرجۆ نابێ(٥)
له قاپیدا عەبەث کەوتووی، فەقیره دەرگەوان چبکا(٦)
بەوەعز و پەندی دانا مەردی نادان بەهرەوەر نابێ
که بەخت و تالعی ڕەش بێ گەڕانی ئاسمان چبکا
له هەرلا ئیتتیفاقێ بوو، ئەگەر کێوه عەدوو هیچه
که پەشه ئیتتیفاقی بوو ئەبێ فیلی دەمان چبکا(٧)
به حوکمی حەق ڕەزا نابی ئەبەد مەطروود و مەحکوومی
ئەلا ئەی نەفسی دوون شەیتان ئەبێ غەیری زیان چبکا(٨)
که بەد خولقی تەبیعەت بێ بەمیصقەل زەحمەته لاچێ(٩)
له دەست بووجەهل و ئەمثالی ڕەسووڵی ئینس و جان چبکا
له دووریی تۆ ڕەقیبان و هەموو دنیام لەلا مەحوه
که فەسڵی گوڵ نەما، بولبول له باغ و باغەبان چبکا
له جیلوەی گوڵ لەنەشئەی مەی، له عەکسی تەلعەتی ساقی
که دڵ ژەنگی غەمی تیابێ ئەبێ (زێوەر) لەوان چبکا

....

* ئەم شیعره له کەشکۆڵی (أ) لاپەره ١٢٩ و کەشکۆڵی (ب) لاپەره ٧-٨ وەرگیراوه. لەگۆڤاری (بەیان)ی ژماره ١٢٧ لاپەڕه ٧٨دا چاپ کراوه.

(١) ڕۆیی: کورت کراوەی (ڕۆیشتی)یه. بەجوز: بێجگه.

(٢) ئاهو: ئاسک. ڕەم: هەڵاتن، ڕاکردن، هەڵتریزاندن، صەییاد: نێچیرەوان.

(٣) طوڕڕه: له بنەڕەتدا مۆرێکی شاهانەیه ئەنرێ بەکاغەزی تایبەتی پاشاوه یان بەپاره و سکەیەوه. ناو و نازناوی پاشای بەخەتێکی پێچ پێچاوی تێک چڕژاو لێ هەڵکەندراوه. شاعیران بەکاری دێنن بۆ زولفی پڕ پێچ و لوول کراو و تێک چڕژاو. طوڕڕەی زولفی شەو ڕەنگی: واته زولفێک که وەک مۆری طوغرا پێچ پێچ و لوول تێک هاڵاو بێ و وەکو شەوی تاریکیش ڕەش و کەسکوون بێ.

(٤) نیگار: وێنه، مەبەستی یارەکەیەتی، دەڵێ: یارم پاشای جوانییه چ کاری بەحاڵ و چۆنیەتی عاشقان نییه.

(٥) میهرجۆ: خاوەن عەطف و بەزەیی، یان ئەوەی بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕێ.

(٦) عەبەث: بێ هووده.

(٧) پەشه: پشیله. فیلی دەمان: فیلی تووڕه.

(٨) نەفسی دوون: نەفسی پەست و پله نزم.

(٩) میصقەل: ئالەتی مشتوماڵ کردن.

ئەی نەفسی دەنی!*

ئەی نەفسی دەنی هەروەکو فیرعەونی له کیبرا
ئەم حەشمەت و مەغرووریيه تاکەی له هەموو لا(١)
بۆ غەرق و هیلاکەت لەشەتی ئەشک دەمادەم(٢)
پەیدابووه وا صاحێبی حوسن و یەدی بەیضا(٣)
بۆ میللەتی مووسای ئەڵێ: موعجیزه ڕوومه
خۆی بەچچه یەهودێکه عەدووی موسلیم و تەرسا
بازاڕی هەموو گرتووه. وەک یوسفی ثانی(٤)
لافی ئەوەیه زینده بکا دینی یەهوودا
بەززازه، بەنازه، چ عەجەب سیحر طیرازه(٥)
بۆ (موشتەری) ئەنوێنێ ڕۆخی زوهرەیی زەهرا(٦)
ئەی حەییەکه، بەد بەختەکه، بێ دینەکه کافر!(٧)
سوێندت دەدەم ئەمجاره بەئەلهاو و بەمووسا
تۆ و عەشقی (شوعەیب)ی نەبی و حورمەتی (ئیسحاق)(٨)
بۆ خاتری ئوفتادەیی دەر بانی کلێسا(٩)
گوێ مەگره له ئەقوالی ڕەقیبی وەکو (هامان)(١٠)
ئیظهاری مەکه فیتنەو و ثابیت مەکه دەعوا
ئایین و وەفا قاعیدەی میهر و نەوازش(١١)
بنوێنه لەگەڵ عاشقی دڵ خەستەی شەیدا
دەم، بەستەیه یا فوندوقه چاوت وەکو بادام(١٢)
ڕوو لالەیی نێو جەننەته، قەد سەرووی دلارا
زولفت چییه، ڕەشماری دەسی ساحیری میسره(١٣)
چیهرەت چییه خەزنەی زەڕی (قاڕونه) له دنیا(١٤)
سەرخۆش بووه (زێوەر) بەمەیی ناز و مەحەببەت
لەو لەعلی لەبه، بۆ مەزه چەند بۆسه، بلێ: ها(١٥)

....

* ئەم شیعره له لاپەڕه ١٣٠ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕه ٧-٨ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوه.
محەمەد عەلی قەرەداغیش له گۆڤاری بەیانی ژماره ١٢٧ لاپەڕه ٨٩-٩٠ دا بڵاوی کردۆتەوه، بڕێ جیاوازی له نێوان

سەرچاوەکاندا هەیە.

(١) ئەم نیوە دێرە شیعرە لە بەیانی ژمارە ١٢٧دا بەم جۆرەیە: (ئەم سەڵطەنەت و حیشمەتە تاکەی لە هەموولا)

(٢) لەشەتی: کەشکۆڵ (أ–ب) لە «یەم»ی بەیان.

(٣) یەدی بەیضا: دەستی سپی و شوعلەدەر، مەبەستی دەستی حەزرەتی مووسایە کە موعجیزەی ئەوەبووە وەک چرا دەستی ڕووناکی بەخشیوە.

(٤)ئەم نیوە دێرە ئاماژەیە بۆ فرۆشتن و کڕینی حەزرەتی یوسف کە عەزیزی میسر کڕی.

(٥) طیراز: لە هەموو سەرچاوەکاندا (طەراز) نووسراوە سیحر طیراز: واتە سیحرباز، یان سیحراوی.

(٦) ڕوخ: ڕوو. ڕوخی زوهرەیی: ڕووی گوڵاوی.

(٧) حەبیبەکە: کوڕە جوولەکەیەک بووە زۆر جوان خاس و شێوە شیرین بووە لەسەر خواستی سەید ئەحمەد ئەفەندی حەمەی دایە مامۆستا زێوەر ئەم هەڵبەستەی لە جوانی و ستایشی کوڕە جوولەکەکەدا داناوە.

(٨) شوعەیب و ئیسحاق: دوو پێغەمبەری خودا بوون.

(٩) ئوفتادەیی: لە (بەیان)ی ١٢٧دا (ئیفتادە) نووسراوە.

(١٠) هامان: ستەمگەر و زۆردارێکی بێ بڕوای سەردەمی حەزرەتی مووسایە. وەزیری فیرعەون بووە.

(١١) ئایین و وەفا: لە بەیانی ١٢٧دا (ئایین وەفا) نووسراوە.

(١٢) فوندوق: فندق: بەعەرەبی پێی دەڵێن: بندق.

(١٣) ئاماژەیە بۆ سیحربازەکانی فیرعەون کە لەگەڵ حەزرەتی مووسادا بەرامبەری و حەنە حەبەشییان کرد.

(١٤) چیهرە: ڕوو، ڕوخسار، قاڕوون: دەوڵەمەندێکی سەردەمی حەزرەتی مووسا بووە، لەسەر بێ باوەڕی و سەرسەختی خۆی بەخۆی و سەرو سامانییەوە خوا ڕۆی برد بەزەویدا.

(١٥) لەعەلی لەب: واتە لێوی وەک لەعل سوور. بۆسە: ماچ.

دەماغ ئەمشەو...*

دەماغ ئەمشەو موعەتتەر بوو، صەبا بۆی دولبەری هێنا(١)
حەیاتم تازە بوو ساقی شەرابی ئەحمەری هێنا(٢)
فیدای چاوی ڕەشی بێ دڵ ئەگەر نەیبا بەپەنهانی
بە قوربانی دوو ئەگریجەم، صەبا لەو عەنبەری هێنا(٣)
عەرەق کەوتۆتە سەر ڕوومەت وەکو شەونم لەسەر ڕووی گوڵ
خەیاڵی قەددی تۆی کرد، دڵ موافیق عەرعەری هێنا(٤)
ئومێدی ئابی وەصڵم بوو، هەوای کیبرت زیاتر بوو
بەسەر خانەی دڵی سووتاو زەمانە صەرصەری هێنا(٥)
بە غەیری من کە مەحرووم لە ماچی لێوی شیرینی
لە دنیا گەر هەبوو مەردێ لە چاهی غەم دەری هێنا(٦)
ئومێدی قەتڵی کێی بوو وا منی کێشایە خزمەت خۆی
بە حیلە و مەکر و عەییاری نەسیم ئەسکەندەری هێنا

بەپایەی شیعری ڕەنگاوڕەنگ خەیاڵی تازەگی دێنێ
لە دنیا کێ بەئوستادی خەیاڵی (زێوەر)ی هێنا!

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (أ) ل١٢٧دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ل٦ی کەشکۆڵی (ب)دا دووبارە بۆتەوە.. کاک محەمەد عەلی قەرەداغیش لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧، ل١٩دا بڵاوی کردۆتەوە.

(١) موعەتتەر، معطر: عەتراوی. صەبا: بای بەری بەیان، لە ئەدەبی کۆندا بەپەیامبەری نێوان یاران و دڵداران دانراوە.

(٢) شەرابی ئەحمەر: شەرابی سوور.

(٣) عەنبەر: گیایەکی بۆن خۆشە، بەمایەیەکی بۆن خۆشیش دەگوترێ کە لە ناوسکی یان ڕیخۆڵەی ماسی دەری دەهێنن.

(٤) عەرعەر: سەرووی کێوی، درەختێکە کەمێک لە سەرووی عادەتی کورتتر و پچووکترە.

(٥) صەرصەر: بای بەهێز یان بای سارد.

(٦) چاهی غەم: چاڵی غەم و ناڕەحەتی.

شایانی باسە کە ئەم قەصیدە زۆر لە قەصیدەکەی وەفایی شاعیر دەکا کە دەڵێ:

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

تا دەگاتە کۆتایی و دەڵێ:

بەبێ شاباشی سەر بەقسەی (وەفایی) گوڵ چرا نابێ
کە بولبول هەر زمانی هەن هەندە پەروانەش سەری هێنا

(سالم)یش فەرموویەتی- بەڵام کێش جیایە-

ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت، مەه ئافتابی هێنا

(ئەوڕەحمان بەگی بابان)یش دەڵێ:

شنەی هەوای بەیانی، بۆنی بەهاری هێنا
ئەم بۆنە عەترە بێزە نەشئە و خوماری هێنا

شێتی ڕووتە*

شێتی ڕووتە، بۆیە وا سەر ڕووتە دائیم ئافتاب(١)
شەرمەساری بۆتە وا مەحجوب و پەنهانە گوڵاب(٢)
ماهی نەخشەب سیحربازێ بوو کە شەوقێکی هەبوو(٣)
تۆ بەبێ سیحر و دەغەڵ شەو تا سەحەر وەک ماهتاب(٤)
من لە کوورەی فیرقەتا ناکەم خەیاڵی غەیری تۆ(٥)
ئارەزووی باغی بەهەشتە دائیما ئەهلی عەزاب
ساقی بادەی ئەرغەوانی بێنە، وا خەملیوە گوڵ(٦)
شیشەی تۆبەم شکاند تا دەسکەوێ شیشەی شەراب(٧)

گوڵ لەسەر تەختی چەمەن شاهێکە، بولبول موطریبە
باغەبان ئامان دەخیلم، دێم و تۆ نەمدەی جەواب!
زاهیرەن زاهید خەریکی دەس بڕینی عالەمە
بۆیە وەک دز خۆی خزاندە گۆشەی کونجی خەراب
نامەوێ ئابی حەیات و تەخت و جاهی خوسرەوی
گەر مویەسسەر بێ ویصالی دولبەری شیرین خیطاب
بمدەرە بەرتیری تەعنە تۆش وەکو عالەم، ڕەزام
گەر نەبێ میهرەت بەقەهرت شادمانم بێ حیساب
تۆ لە (زێوەر) قەت مەڕەنجێ خاکی دەرگات کا بەسەر
چونکە شێت هەرگیز نەبۆتە مەوریدی تەعنە و عیتاب

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل١٣٤–١٣٥ و کەشکۆڵی (ب) ل١٣. هەروەها ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری بەیان ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ئافتاب: ڕۆژ، خۆر.

(٢) بۆتە: سووککراوی (بۆنتە)یە، واتە: شەرمەزاری بۆنی تۆیە. گوڵاب: گوڵاو.

(٣) ماهی نەخشەب: لە پیتی (أ)دا شەرح کراوە سەیری شیعری (لابدە پەردە ئەی گوڵی ڕەعنا...) بکە.

(٤) ماهتاب: ئەوەی وەک مانگ بدرەوشێتەوە.

(٥) کوورەی فیرقەت: ئاگری لێک جودا بوونەوە. واتە من لەکاتی هەرەسهێنانی ئێش و ئازاری دووری تۆ و سووتان بەئاگر لە تۆ جیابوونەوە هەموو خەیاڵ و هەست و نەستم هەر گەیشتن بەتۆیە چونکە ژیان لە نزیک تۆ تامی بەهەشتی هەیە دووری لە تۆش ئازاری دۆزەخی هەیە ئەهلی دۆزەخیش هەموو ئاواتێکیان چوونە بەهەشتە.

(٦) بادەی ئەرغەوانی: شەرابی وەک گوڵە ئەرخەوان سوور.

(٧) شیشە: شووشە.

مەحبووسی جەفات کردم*

مەحبووسی جەفات کردم و نەت خستە ڕیعایەت(١)
بێ جونحەو و بێ واسیتەی جورم و جینایەت(٢)
شاهێکی کەڵە ماهیی و ماهێکی سوپەهدار
لای کێ بنوێنم وەرەقی زوڵم و شیکایەت
گاهێ بەخەدەنگی مووژە، گاهێ بەنیگاهێ
سەندووتە لە من هۆش و خیرەد، فەهم و دیرایەت(٣)
بەم حوسنە لەسەر عاریضی تۆ عاریضە ئێستا
بێ باکیی و جەورت گەییە ڕوتبەی غایەت

ئەم بەندەیە بەو خەندەیە دڵ زیندووە سادەی
تەجدیدی بکە عومرم، ئەوا هاتە نیهایەت
ئازاری دڵی خۆت مەدە ئەی واعیظی مەجلیس!
فەرقی نییە لای ئێمە چ وەعظ و چ حیکایەت
بێ پەردە لەگەڵ (زێوەر) ئەتۆ هاتییە مەیدان
نەت خستە موعەمماو و دەرت کرد لە کینایەت

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٧ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) مەحبووس: بەند کراو. جەفا: لێ دوور کەوتنەوەی خۆشەویست، دەنگ لێ دابڕین، زوڵم و ستەم. ڕیعایەت: چاوەدێری.

(٢) جونحە، جورم، جینایەت: گوناه و کردنی کاری ناڕەوا.

(٣) خیرەد: عەقڵ. فەهم: تێگەیشتن. دیرایەت: زیرەکی.

پەرێشانم*

پەرێشانم بەتاتای کاکۆڵی موشکینی سەر شانت(١)
بریندارم بەتیری غەمزەیی دوو چاوی فەتتانت
هەناسەم ئاسمانی گرتە بەر، بێ طوڕڕەیی لوولت(٢)
سوروشکم لەعلی ڕوممانە بەبێ چیهرەی درەخشانت(٣)
نەسیمی صوبحدەم جارێ لە عەتری زولفەکەی بێنە(٤)
دەوای هەر دەردە، تەقصیرێ مەکە، جانم بەقوربانت
ئەمن وەک زەڕڕەی بێ جیلوە، تۆ خورشیدی عالەم گیر(٥)
چلۆن دەستم بگاتە خاکی پاکی چاکی دامانت
ئیرادەم وایە تەرکی عالەمی دنیا بکەم یەکجار
ئەگەر نەمخاتەوە داوی هەوای کاکۆڵی ئەفشانت(٦)
بە ئومێدی سەحابی فەیضی تۆیە گوڵشەنی سینە(٧)
دەروونم لالەسان داغە بەشەوقی بەرقی هیجرانت(٨)
لە دەورەی لەعلی لێوت قافڵەی خەت باری خۆی لێ خست(٩)
بەغەیری (زێوەر)ی بێ دڵ نەما توشنەی زەنەخدانت(١٠)

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل١٣٦ وەرگیراوە.

(١) تاتا: تاڵ تاڵ. موشکین: مووی ڕەشی بۆن خۆش.

(٢) طوڕڕە: مۆری شاهانە: لێرەدا مەبەستی زولفی پێچ پێچ و تێک چرژاوە کە وەکو طوڕڕە وایە.

(٣) لەعل: بەردێکی گرانبەهای سوورە، ڕوممان: هەنار. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: فرمێسکەکانم وەکو دەنکە هەنار سوورن.

چیهرە: ڕوخسار. درەخشان: ڕەوشەن و ڕووناک.
(٤) نەسیمی صوبحدەم: شنەی بای بەیانی.
(٥) زەڕڕە، ذەڕڕە: ماددەیەکی پچووکە بەشکردن هەڵناگرێ. بێ جیلوە: بێ شۆق و نادیار. خورشید: خۆر.
(٦) کاکۆڵی ئەفشان: زوڵفی بڵاو و بێ تەرتیب و شێواو.
(٧) سەحاب: هەور. فەیض: لێشاوی ڕەحمەت. گوڵشەن: باخ.
(٨) لالەسان: لالە ئاسا، وەک گوڵی لالە. لالە بۆ خۆی گیایەکی پچووکی کێوییە زۆرتر لە شوێنی تەڕ و شێداردا دەڕوێ لەسەرەتای ناوەڕاستی مانگی بەهاردا پێ ئەگا گوڵێکی سووری هەیە لە ناو گوڵەکەدا خاڵێکی ڕەش هەیە وەکو داخ وایە. شەوق: شۆق و ڕووناکی. بەرق: برووسکە. هیجران: جودابوونەوەی دوو خۆشەویست لە یەکتری.
(٩) لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە، لەعلی لێوت: واتە لێوی وەک لەعل سوورت. قافڵەی خەت: کاروانی خەت، مەبەستی ئەوەیە کەوا لە دەوری لێوی (گەنەموو) سەری هەڵداوە تیا جێگیربووە. نالیش دەڵێ:

چ شیرینە خوطوطی دەوری لێوت
بەڵێ مەعلوومە خۆش خەططی یاقوت

(١٠) توشنە: تینوو. زەنەخدان: چەناگە.

ئەساسی عەیشی*

ئەساسی عەیشی ئێمەی خستە سەحرا تیرە بارانت(١)
شکستی دا بەتابووری خەیاڵم تیپی موژگانت
ئەتۆ وەک یوسفی و من لە چاهی میحنەتا بەندم(٢)
ئەما من دیم لە خەودا کەوکەبی ڕوخساری ڕەخشانت
بە شمشێری برۆ ئەمرۆ سوپەهـ سالاری خووبانی(٣)
مەگەر ئینسان لە ڕۆحی خۆی ببوورێ بێتە مەیدانت
خوا شەوقێکی وای بەخشی بەدڵ قەت تێر لە تیر نابێ
لە موغناتیس گەلێ جاذیبترە بۆ جەذبی پەیکانت(٤)
ئەگەرچی نائومێدی باغی وەسڵی تۆم ئەما ناڵێم
بە تاراجی خەزانی ئاهی من چێ باغ و بوستانت
شەرابی عەهدی جەم بۆ کەی، دەخیلم هەستە سا، ساقی(٥)
بینای فەقر و غەمم لابە! بەجیلوەی جەور و جەولانت
دڵی (زێوەر) بەغەمزەی چاوەکەت مەشکێنە جێی خۆتە(٦)
تەرەحوم کە لە ڕێگای لوتف و عەهد و شەرتی جارانت

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٥-١٣٦ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.
(١) ئەساسی عەیشی ئێمە: بناغەی دیواری ژیانی ئێمە.
(٢) چاهی میحنەت: چاڵی غەم، لێرەدا مەبەست ماڵی حەزرەتی یەعقووبە کە بەهۆی لێ ونبوونی یوسفەوە یەعقووب تووشی

ئەو ناڕەحەتی و خەم و خەفەتە بوو لە سەرووی هەموویانەوە چاویشی کوێر بوو. جا بۆیە لە ئەدەبی کلاسیکیماندا بەماڵی یەعقووب دەگوترێ چاهی میحنەت، یان میحنەتخانە یان بیت الأحزان... هتد. ئیتر ئەو ماوە دوور و درێژە حەزرەتی یەعقووب نە بەخەو و نە بەوەحیی و نە بەزاهیر یوسفی نەدی، بۆیە لێرەدا شاعیر خۆی لە یەعقووب بەختەوەرتر دەزانێ و لە نیوە دێری دووەمی شیعرەکەدا دەڵێ: من لە یەعقووب بەختەوەر ترم چونکە لە خەودا ئەستێرەی ڕوخساری ڕەخشانتم بینی و تۆزێک بیرۆشیم پێی هات.
(٣) سوپەهـ سالاری خووبان: سەر لەشکری جوانان.
(٤) مەعنای ئەم شیعرە تێکڕا بەم جۆرەیە دەڵێ:
خوا عەشق و سۆزێکی وای خستۆتە دڵمەوە هیچ کاتێ و بەهیچ جۆرێ تێر ناخوا لە تیری موژگانت تا تیری بۆ بهاوێژی ئەو زیاتر شێتگیر دەبێ و زۆرتر هەوەسی تیری تۆی دەبێ چونکە دڵ بۆ خۆی وەکو موگناتیس وایە تیری موژەشت لە ئاسن دروست کراون و دیارە موگناتیسیش کێشی ئاسن دەکا و بۆ لای خۆی ڕای دەکێشێ.
(٥) عەهدی جەم: سەردەم و ڕۆژگاری جەمشیدی کوڕی تەهمورث چوارەمین پادشای پێشدادیانە، دەڵێن لە سەردەمی ئەودا ئاگر و ئاسن دۆزراوەتەوە هەر لە ڕۆژگاری ئەودا دەستووری کشتوکاڵ دانراوە. واتە شەرابی کۆنی ڕۆژگاری جەمشید بۆ کەی بوو تاکەی هەڵدەگرێ (مەشهور وایە دەڵێن شەراب تا کۆن بێ باشترە) سا دەخیلت بم ساقی هەستە بۆم بێنە با بەسەریەوە نێم و خەم و خەفەتی پێ بە با دەم.
(٦)غەمزە: چاو هەڵتەکاندن. واتە دڵی زێوەر بەچاو هەڵتەکاندن و ئیشارە مەشکێنە چونکە ئەو دڵە جێ و مەکانی خۆتە و کەسی تری تێدانییە، جا کەوابێ تۆ بۆ بەخۆڕایی ماڵی خۆت وێران دەکەی!!

شکاندی*

شکاندی شیشەی عەیش و نیشاطم چاوی سەححارت(١)
فڕاندی تاعەت و تەقوا و عیبادەت، زوڵفی زوننارت(٢)
بەقەد سەرووە، بەدەم غونچە، بەچاو نێرگس، بەڕوو وەک گوڵ
سەراپا باغی حوسنی جانفزایی باغ و گوڵزارت(٣)
لە ئەوقاتی تەغافول قیمەتی چینە نیگاهێکت(٤)
خەتایە، نرخی دنیایە نیگاهی چاوی بیمارت(٥)
بە باڵا سەروی، ڕەفتاری وەکو «کەبکی دەرێ» وایە(٦)
فیدای باڵای بەرزت بم فیدای عینوان و ڕەفتارت
بەڕۆح هاتوونە سەودا، بۆ تەماشای موشتەری ناکەی
لەسایەی شەککەری لێوت عەجائیب گەرمە بازاڕت
بەباڵای بەرز و سوخمەی سەوز و تەرزی دلبەری تاقی
کەوا تاقەی عیراقی، زۆرە وەک یوسف خڕیدارت(٧)
تەشەککور لازمە (زێوەر) لە ئاثاری وەفا و میهری(٨)
عەجەب تەئسیری کردە ئەو دڵە ئەفغان و هاوارت(٩)

....

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) لاپەڕە ١٣٨ وەرگیراوە.

(١) شیشه: شووشه، عەیش و نیشاطم: ژیان و هێز و توانام. چاوی سەححارت، چاوی سیحربازت.

(٢) زونار: ئەو پشتێنەیە کە جاران پیاوە مەسیحییەکان لە پشتیان دەبەست بۆ ئەوەی لە موسڵمانەکان جویێ بکرێنەوە. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: چۆن زونار لە پشت بەستن نیشانەی ئەوەیە کە ئەوەی لە پشتی بەستووە موسڵمان نییە، بەو شێوە زوڵفی تۆش دین و ئیمانی لە من فڕاندووە و کردوومیە گاور و جوولەکە.

(٣) جانفزا: گیان ژێنەرەوە.

(٤) چینە: مەبەستی وڵاتی (چین)ە.

(٥) خەتایە: مەبەستی وڵاتی (خەتا)یە.

(٦) کەبکی دەری: سوێچکە.

(٧) خڕیدار: موشتەری و کڕیار: ئاماژەیە بۆ کڕینی عەزیزی میسر کە لە بازاڕی میسردا حەزرەتی یوسفی کڕی گوایە لەبەر جوانی ئەوەندە موشتەریی زۆر بووە هەر کەسە لە عاست خۆیەوە چی هەبوو بردی بۆ بازاڕەکە بەهیوای ئەوە یوسف بکڕێ تەنانەت دەڵێن پیرێژنێک دوو گلۆڵە مووی هەبوو ئەویش چووبوو خۆی کردبوو بەکڕیار، لێیان پرسی پیرێژن! کوا بەم دوو گلۆڵە مووە یوسف دەکڕدرێ لە وەڵامدا پیرێژن وتی: خۆ ئەگەر بۆشم نەکڕدرێ پێم دەڵێن موشتەری یوسف بووە.

(٨) میهر: خۆشەویستی.

ئەفغان: ناڵە و گریان.

ئەنجومەن ئارایە*

ئەنجومەن ئارایە ڕووی ئەنوەرت(١)
تووتیایە بۆ بەصەر خاکی دەرت(٢)
زەمزەمە یا کەوثەرە چاهی زەنەخ(٣)
لەعلە یا یاقووتە لێوی ئەحمەرت(٤)
کەسبی هاڕووتی ئەکا چاوی ڕەشت(٥)
چەندە فەتتانە جەمالی ئەسمەرت
بێ سەبەب لێم زویر ئەبی لێم دوور ئەبی
جان و دڵ هەردوو بەقوربانی سەرت
حوسنی بێ پەردەت پەسەندی عالەمە
بێ موبالاتی لە زیب و (زێوەر)ت(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٩ی کەشکۆڵی (أ) و ل١٥ی کەشکۆڵی (ب) و گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧ ل٢٠دا هەیە.

(١) ئەنجومەنی ئارا: مەجلیس ڕازێنەرەوە. ئەنوەر: ڕووناک.

(٢) توتیا: کل، سورجە. بەصەر: چاو. خاکی دەرت: خاکی بەردەرگات.

(٣) چاهی زەنەخ: چاڵی چەناگە.

(٤) لێوی ئەحمەرت: لێوی سوورت.

(٥) هاروت: یەکێکە لەو دوو فریشتەیە کە لە قورئانا ناویان هەیە و کاتی خۆی خەڵکیان فێری سیحر کردووە دوایی خوا غەزەبی لێ گرتوون و لە بیرێکا لە وڵاتی بابل سەرەوژێر هەڵی واسیون و تا ڕۆژی قیامەت دەمێننەوە بەو شێوەیە

بەهەڵواسراوی هەموو کاتێکیش تینوویانە و دەمیشیان ناگاتە ئاوی بنی بیرەکە. ئەم دووە لە ئەدەبی کۆنماندا نموونەی سیحربازی و جادووگەرین.

(٦) زیب: جوان.

چ شیرین جیلوەییێکی گرتووە*

چ شیرین جیلوەییێکی گرتووە سەوزەی کەوا شیرداخ(١)
کەوا شێر داخ ئەکا شوعلەی نیگاهێکی کە بێ گوستاخ(٢)
هوجوومی کردە مولکی دڵ سوپای موژگانی گەڕیاوە
بەمیسلی عەسکەری عوسمانیی و تەسخیرەکەی (سابڵاخ)
سوپاهی حوزن و غەم جەمعن لە لام، ئاهم فەلەک گیرە
بەڵێ بۆ زینەتی لەشکر ئەبێ ئامادەبێ بەیداخ(٣)
هەموو دڵ عەکسی تۆی بۆ خۆی بەوەجهی یادگاری گرت
لە نوسخەی موعەتەبەر بێ غایەتە جۆبایی ئیستینساخ(٤)
بەیادی شەهدی لێوی دولبەری زەنبوور قەد، دائیم(٥)
سەراپا جەرگ و دڵ وا لەت لەتە تێیدایە سەد سۆراخ
کە نەگریم و نەناڵێنم لە دووریی تۆ ئەبێ چ بکەم؟
نسیبی عاشقی بێ چارە شەو گریانە ڕۆژیش ئاخ
ئەگەر ئەهلی کەماڵی ڕوو لە ئارایش مەکە هەرگیز
لە مەعنا تێفکرە، مەنوارە ڕوخسار و سەر و ساچاخ
چ ظاهیر بینن ئەهلی ئەم زەمانە فەرقی کەس ناکەن
(مونەووەر) دڵ پەرێشانە بەشانەی پۆشتە و پەرداخ
لە کەس ناترسێ بۆیە حاڵی (زێوەر) ئێستە ناپرسێ
چ موحتاجە بەمورغی خانە بازو وەحشیی سەرشاخ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤١-١٤٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل١٦ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری بەیان ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) جیلوە: دەرکەوتن، شێوە. سەوزە: گەنم ڕەنگ. شیرداخ، جۆرە قوماشێکی خەت خەتاوی سەردەمی شاعیر بووە.

(٢) شوعلە: تروسکە. نیگاه: تیلەی چاو. گوستاخ: نەترس و پێ پەروا. داخ: بریتییە لە شیشە ئاسنێکی سەرپانی تایبەتی بەئاگر سووردەکرێتەوە هەموو خاوەن ئاژەڵێک گوێی مەڕ و بزن و حەیواناتی خۆی پێ داخ دەکا بۆ ئەوەی لە هی یەکێکی تر جیابکرێتەوە. لەنێوان (شیرداخ) و (شێر داخ)دا جیناسی موڕەکەب هەیە، چونکە یەکەمیان یەک وشەیە و دووهەمیان دوو وشەی بەیەکەوە بەستراون.

(٣) واتە: لەشکری خەم و خەفەت لە دەورم کۆبوونەتەوە و دووکەڵی هەناسەم بەرزبۆتەوە بۆ عاسمان، دیارە ئەمەش شتێکی سروشتییە چونکە بۆ ڕازاندنەوەی لەشکر ئاڵا پێویستە. کەوابوو دووکەڵی هەناسە بووەتە ئاڵای لەشکری خەم و خەفەتم.

(٤) واتە: دڵم وەکو کامێرەیەکی فۆتۆگراف وێنەی تۆی بۆ یادگار گرتووە و بەس، نەک بەو هیوایە کە بیرۆشی بەو وێنەیە بێ و واز لە تۆ بێنێ چونکە تۆ بۆ خۆت نوسخەی ئەصڵیت و وێنەی دڵم ئیستینساخە دیارە تا نوسخەی ئەصڵی ببێ نوسخەی گیراوە ئیعتیباری پێ ناکرێ چونکە فەرقی ئەم و ئەو عاسمان و ڕێسمانە.

(٥) شەهد: هەنگوین، شیرینی. زەنبوور قەد: قەدباریک. زەنبوور: زەردەواڵەیە، یان شامە تزینکەیە کە هەردووکیان قەد باریکن شاعیران بەکاریان هێناوە بۆ ئافرەتی قەد باریک.

کەسێ تەشبیهی باڵای تۆ. .*

کەسێ تەشبیهی باڵای تۆ بەسەرووی نەونەمامی کرد
زمانی لازمە ببڕن بڵێن تەرکی کەلامی کرد
لە بەردەم کەعبەیا گەر مەنعە، صەبیادیی لە بەرچی بوو
لەبەر میحرابی ئەبرۆتا دوو چاوت قەتڵی عامی کرد!
بەمەدحی ڕووی و مووی و قامەتی ڕێکت زمان لاڵە
ئەگەرچی دڵ بەپەنهانی خەیاڵێکی تەمامی کرد
ئەتۆی ڕۆژێ کە پێت دانا لە خانەی سینەما دڵ ڕۆی
عەجائیب قەدری میهمانی نەگرت و زوو قیامی کرد
مەڵێن: مورغی دڵت بۆچی گرفتاری نیگارت بوو
بە غەممازیی هەزارێکی وەها مەحبووسی دامی کرد
نیگاهێکی نەکردە قەلبی زارم دولبەرم ئەمڕۆ
وەکو ئاهوو، وەکو تاووس بەبەر چاوما خەرامی کرد
صەبا! گەر تۆ بەکۆی جانانە واصڵ بووی بڵێ: (زێوەر)
لە حەسرەت ئیشتیاقی تۆ بەجارێ تەرکی کامی کرد

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٢-١٤٣ی کە کەشکۆڵی (أ) و ل١٧ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە، هەروەها لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣٧ ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

مورغ: باڵندە. گرفتار: دووچار. غەمماز: توانج گر. هەزار: بولبول. ژمارەیەکی دیاریکراویشە. مەحبووس: بەندکراو. دام: داو. قەلبی زار: دڵی ناڕەحەت و بریندار. ئاهو: ئاسک. خەرام: کردەوەیێکە کە لە ڕووی نازەوە بێ کینایەیە لە ڕۆیشتنی بەناز و لارولەنجە. صەبا: شنەبای بەیانی. کۆی جانانە: هەوار و مەندەڵی خۆشەویستان. کام: ئارەزوو.

زاهید وەرە*

زاهید وەرە ئەمجارە بکەن تەرکی هەموو کار(١)
بێنە نەزەری دولبەری پڕ دانشی عەییار(٢)

ئەی شێخ و مەلا پیر و جوان ئێوە لەبەرچی
نایێنە تەماشا و نیگەهی ڕۆژی دووسەد جار
شەو ڕۆژە، بەڕۆژ، ڕۆژ ونە، حەیران لە فەلەکدا
وەختێ کە لە ماڵ بێتە دەرێ تورکی ستەمکار(٣)
ڕوومەت گوڵ و موو سونبول و قەد وەکو عەرعەر(٤)
بۆ سەیری ئەوەستێ لە سەما سەبعەی سەییار(٥)
میحرابی برۆی جووتە وەکو قەوس و موژەی تیر
تێی کردووە ڕوو ئەرمەنی و شیعەو و کوففار
ئەی دڵ بەعەبەث ناڵەی بێ فائیدە بۆچی
تەئسیری نییە ناڵەی عاشق لە دڵی یار
زێوەر! بەسە زاری کە لە زاریت هەموو عالەم
بێزارن و غەمبارن و ئەندوە و دڵ ئازار

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٤-١٤٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ل١٨ی کەشکۆڵی (ب)یشدا هەیە.

(١) زاهید: صۆفی بەڕواڵەت خواپەرست.

(٢) دانش: عەقڵ و کارەمایی. عەییار: زۆرزان تێهەڵاتوو چاوبەست و پیاو خەڵەتێن.

(٣) تورک: لە ئەدەبی کۆنماندا بەمانا جوان و ڕێکوپێکییە. ستەمکار: زۆردار و زاڵم.

(٤) سونبول: سمڵ، گوڵی سمڵ. عەرعەر: سەرووی کێوی، درەختێکە کەمێک لە سەرووی عادەتی کورت و بچووکترە.

(٥) سەبعەی سەییارە: (السبعة السيارة): حەوت ئەستێرەن: (عطارد، الزهرة، الأرض، المريخ، المشتري، زحل، أورانوس). ئەمەیانساڵی ١٧٨١ زانایەک کە ناوی (هرتسل) بوو دۆزییەوە دوو ئەستێرەی تریش دۆزراونەوە (نبتۆن و بلوتون) نبتۆن ساڵی ١٨٤٦ی ز (لی فرییە) دۆزیەوە. (بلوتون)یش ساڵی ١٩٣٠ی دۆزرایەوە واتە: وێنە و نیگاری یارم وەکو مێرگ و مێرغوزارێکە هەموو جۆرە شتێکی جوان و بۆنخۆشی لە خۆگرتووە و بەڕوومەتی وەکو گوڵی و کەزیەی بۆن خۆشی و قەدی ڕاستی عەرعەری نەک تەنیا بنیادەم و خاوەن عەقڵ و فامی سەرسام کردوون و بەس، بەڵکو ئەستێرە گەڕۆکەکانیشی هێناونە سەیر و تەماشا کردن.

یەک لەحظەی ویصالت*

یەک لەحظەی ویصالت ئەی ماهی میهر پەروەر(١)
نایدەم بەتەخت و تاجی داراو و مولکی سەنجەر(٢)
کێ بێ بەڕابەرت بێ، موژگانی خەنجەرینت(٣)
جەوهەر دەبا لە خەنجەر، خەنجەر ئەدا لە جەوهەر(٤)
یاڕەب حەیاتی ئێمەی بۆ خستە ناو هیلاکەت
دەم چەشمەی حەیاتم مەحبووبی چیهرە ئەسمەر(٥)

هەرکەس بەدەردی عەشقت سووتا دەروونی ڕوونی
بۆ ئاتەشی مەصائیب دەڕوا وەکو سەمەندەر(٦)
ماددەی نیشاطی ئێمە یا هیجرە یا گرینە
بۆ فیعلی عاشقانتا، ئەو شۆخە بۆتە: مەصدەر
مەنوێنە دیدە جانا، بنوێنە ئاینەی ڕوو
تا ڕووی ببێتە بەر بەند ئایینەی سکەندەر(٧)
دەنووکی وەک قولنگە بۆ سەطحی صەفحەی گوڵ
بولبول ئەگەر ببینێ یەک دەفعە ڕووی دولبەر(٨)
(زێوەر) لە تەعنی زاهید بێ باک و بێ خەیاڵە(٩)
کەی خەوف ئەکا لە مالووم ڕەند مەشرەبی قەلەندەر(١٠)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٣-١٤٤ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە.

(١) لەحظە: چاوترووکاندن. ویصال: پێ گەیشتنت. ماهی میهرپەروەر: مانگی ڕۆژپەرست.

(٢) دارا؛ داریوش کودومان: پاشای ئێران بووە ساڵی ٣٣٥-٣٣٠ پ.ز کوڕی داریوشی دووەم بووە. ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی ٣٣٣پ.ز بەسەریدا زاڵ بوو.

(٣) خەنجەرین: خەنجەر ئاسا، تیژ وەکو خەنجەر.

(٤) (جەوهەر)ی یەکەم: ئەو خاڵ و پەڵەپەڵانەیە کە بەسەر خەنجەری دەبانەوە دەبینرێ بەتایبەتی کاتێ کە مشتومالّ دەکرێ. (جەوهەر)ی دووەم مەبەستی جوزئی لایەتەجەززایە کە قبووڵی کەرت کردن ناکا، مەبەستی ئەوەیە ئەوەندە تیژە جەوهەر دەپێکێ.

(٥) چەشمە: سەرچاوە. چیهرە: ڕوخسار.

(٦) ئاتەش: ئاگر. سەمەندەر: گیانلەبەرێکە لە شێوەی مارمێلکە لە ناو ئاو و وشکانیشا دەژیا هەر کاتی بگاتە ئاگر ماددەیەک لە لەشی خۆی دەردەکا ئاگرەکەی پێ دەکوژێنێتەوە لەم ڕووەوە گوتوویانە سەمەندەر گیانلەبەرێکە لەناو ئاگرا ناسووتێ.

(٧) ئاینەی سکەندەر: ئاوێنەی ئەسکەندەر، دەڵێن ئەسکەندەری مەکدۆنی ئاوێنەیەکی هەبووە هەموو دنیای تێدا دیار بووە.

(٨) واتە: ئەگەر بێتو بولبول جارێ ڕووی یار ببینێ بێ شک گوڵی پێش چاو دەکەوێ و بەدەندووکی شڕوڕی دەکا و دەیخاتە لاوە.

(٩) تەعن، طەعن: تانە و سەرزەنشت.

(١٠) مالووم: پیاوی ئایینی جوولەکانە. قەلەندەر: دەروێش، کەسێک هیچ شک نەبا دەستی لە دنیا شتبێ.

چاوی وەک بادامی تۆ*

چاوی وەک بادامی تۆ عومری بە با دام ئەی پسەر(١)
ئاگرت بەردایە خەرمانی وجوودم وەک شەرەر(٢)
ظوڵمەتی ئابی حەیاتە گیسووانی عەنبەرین(٣)
یا وەکو «هالە» لە ناوخۆی گرتووە شوعلەی قەمەر(٤)

دەم بەدەم هەر لەحظە، هەر ساتێ ئەناڵێنم بەجۆش
ئەی خوا ساکەی حەبیبم سەر لە ماڵ بێنێتە دەر؟
صەبر و هۆشم چوو بەتاڵان ئەقڵ و فامیشم نەما
لەشکری دەرد و فیراقت حەملەیان هێنامە سەر
بەس ببارێنە سوروشک ئەی دیدە ڕەنجت بوو عەبەث(٥)
بەس بناڵێنە ئەتۆ ئەی دڵ لە یار ناکا ئەثەر
ئیلتیفاتێکی نەماوە گاه گاهێ دلبەرم
بۆ نەکەم خاکی هەموو دنیا بەسەر، خاکم بەسەر!
ئینتیخابی کردووە (زێوەر) لە دنیادا یەکێ
دەستی لێ هەڵناگرێ گەر بێتە ڕێی سەد شۆروشەڕ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٥-١٤٦ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) پسەر: کوڕ. لە نێوان (بادام) و (با، دام)دا ڕەگەزدۆزییەکی جوان هەیە.

(٢) خەرمانی وجوودم: خەرمانی تەمەنم. شەرەر: پڕیشکە ئاگر.

(٣) ظوڵمەت: تاریکی. ئاب: ئاو. گیسووانی عەنبەرین: زوڵفی بۆن خۆش وەک بۆنی عەنبەر. واتە: زوڵفی ڕەش و بۆن خۆشت کەوا دەم و چاوی داپۆشیوی تاریکایی دەورەی ئاوی حەیاتە؟ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەڵێن: ئاوی حەیات لە تاریکاییدایە.

(٤) هالە: ئەو شێوەیە کە مانگ خەرمانە دەدا و هەوری ڕەش دەوری دەدەن و تاهەورەکان ڕەش و پڕتر بن شۆقی مانگەشەوەکە جوانترە.

(٥) سوروشک: فرمێسک. عەبەث: بێ هوودە.

صوبحی گوڵشەن*

صوبحی گوڵشەن کەی ئەگاتە لەززەتی لەیلی ویصال(١)
شەمعی مەجلیس کەی بەرابەر بوو لەگەڵ شەوقی جەمال(٢)
پڕتەوی نووری جەبینت لالەیی هەر مەجلیسە(٣)
شەوچرای بەزمی دڵانی، بێتە مەیدانی خەیاڵ
شاهڕاهی کۆیی تۆ هەروەک طەریقی جەننەتە(٤)
هەر کەسێ ئەو ڕێگە بگرێ هاتە سەر ڕێگەی کەماڵ
دەستی من ناگاتە داوێنت، لە ئەوجی عیززەتی
من گەدای بێ نەوا، تۆ پادشای صاحێب جەلال
دەفعەیێ سا شادمانم کە بەوەعدەی وەصڵی خۆت
تابەکەی عومرم گوزەرکا هەر لە ڕێی هیجر و مەلال

بادیەی غەم بێ دەلیلە دڵ لە ناویا کەوتووە
چاوی لوتفی خۆتی سەرخە، بێ بەسەر چەشمەی زولال(٥)
نەونیهالی ئارەزۆی هەر کەس زەرە گەر بێ زەرە
ئیعتیباری هەر کەسێکە «زێوەر» ئێستا نەقد و ماڵ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٨-١٤٩ی کەشکۆڵی (أ) وەگیراوە.

(١) صوبحی گوڵشەن: سەیر و سەفای ناو باخ دەمەدەمی بەیانی و پێش هەتاو کەوتن کە ئەوکاتە باخ و گوڵزار خۆ بەجوانی دەنوێنن. لەیلی ویصاڵ: شەوی بەیەک گەیشتنی دوو دڵ و دڵخواز و خۆشەویست.

(٢) شەمعی مەجلیس: چرای مەجلیس. شەوقی جەماڵ: شۆقی جوانی یار.

(٣) پرتەو: ڕووناکی. جەبین: ناوچاوان، ڕوخسار. لالە: گوڵێکی جوان و بەشۆقە بەزۆری لە جێگای تەڕ و شێداردا دەڕوێ بەعەرەبی (شقائق النعمان)ی پێ دەگوترێ گەلێ جۆری هەیە سێ پەڕ، پێنج پەڕ، ماڵیش و کێویشی هەیە کێوییەکەی پەڕەکانی سوور و بنی پەڕەکانی خاڵێکی ڕەشی پێوەیە.

(٤) شاهراه: شا ڕێ. کۆ: کەژ و کێو

(٥) دەشێ ئەم نیوە دێرەی دووەم بەم جۆرە بێ، (چاوی لوتفی خۆتی سەرخە بیبە سەر چەشمەی زولال).

هەرگیز*

هەرگیز نەبووم بەخۆشیی ئەم کائیناتە مائیل(١)
ئیللا لە گەردنی تۆ دەستم بکەم حەمائیل(٢)
دەریای غەم شەپۆلی یەلکانی جیسمی هەڵدا(٣)
تێک چوو وجوودی نابود، کەوتۆتە گێژی هائیل(٤)
ساقی بەعەشقی پیرت چاوم لە دەستی تۆیە(٥)
دەستی کەرەم پەیاپەی مەگرە لە مەردی سائیل(٦)
ئەی عاریفی حەقیقەت، وەی سالیکی تەریقەت(٧)
پیری موغان پەنایە بۆ حەللی هەر مەسائیل(٨)
عەکسی جەماڵی جانان شەوقی لە هەر دڵێ دا
گەر کێوە زوڵمەتی غەم زوو بوو وجوودی زائیل
هەر ناڵە ناڵی دڵمە وەک قومرییێکی بێ باڵ(٩)
تاکەی ببێ بەوەصڵی ئەو سەر و قەددە نائیل(١٠)
دیسان ڕەقیبی وەک سەگ ڕووی کردە ئاسکی ماڵی(١١)
کوا صاحیبی دیانەت مەنصووصە دەفعی صائیل(١٢)
عومدەی مەرامی عاشق جەلبی دڵی نیگارە
وەک فەزڵەیە لە لای ئەو، سیم و زەڕ و فەضائیل

چۆن نامەیێ بنووسێ وەختی فیراقی جانان
(زێوەر) کەوا سوروشکی وەک سەددە، بۆتە حائیل

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٩-١٥٠ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) مائیل: ئاواتەخواز.

(٢) حەمائیل: ئەوەی ڕاست و چەپ لە مل کرابێ وەک فیشەک لەغ و شمشێر و تەسبیحی دەروێشان و دوعای لە کیف گیراو و شتی وا.

واتە: هەرگیز من بۆ خۆشی و ژیان بەسەربردن لەم بوونەوەرەدا ئاواتە خواز نەبووم و، نابم مەگەر بۆ ئەوە کە خوا بۆم بڕەخسێنێ دەستم لە گەردنی تۆ لاونیو وەربهێنم و لە ئامێزت بگرم.

(٣) یەلکان: مەنجەنیق.

(٤) هائیل: ترسناک.

(٥) ساقی: گەنجی شەراب گێڕ. پیرت، پیر: مەبەست پیری مەیخانەیە.

(٦) سائیل: سواڵکەر.

(٧) عاریفی حەقیقەت: عارف: بەشێخێکی پێگەیشتوو دەڵێن. سالیک ڕێڕەو. طەریقەت: تەریقەت: ڕێ و شوێن و دابونەریتی صۆفیانە و دەروێشانە.

(٨) پیری موغان: پیری سەر گەورەی موغەکان.

(٩) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە جووت جووت بەیەکەوە دەژین.

(١٠) نائیل: بەمراد گەیشتوو.

(١١) ڕەقیب: بەدکار، ئەو کەسەی جاسووسی بەسەر دوو دڵداری عەشقەوە دەکا. ئاسکی ماڵی: مەبەست کچی جوان و تازە پێگەیشتووە.

(١٢) صائیل: هەڵمەت بەر. مەنصووصە دەفعی صائیل: واتە لە ئایینی ئیسلامدا گێڕانەوە و دەرکردنی هەڵمەت هێنەر بۆ سەر گەنج و خەزێنە دەقێکی چەسپێنراو و بنەڕەتییە لە قورئان و حەدیثدا هەیە.

لە گۆشەی حوزنەدا...*

لە گۆشەی حوزنەدا ماوم، زەلیلی کونجی هیجرانم
دڵی خۆم زۆر بەخۆم سووتا لە چاوی پڕ لە گریانم(١)
ئەگەر حاڵم ئەپرسی -دوور لە چاوت- کوێرە بیناییم
بەڕەنگی پەرچەمت ئەمڕۆ سیبەه ڕۆژ و پەرێشانم(٢)
هەتاکەی مەستی خوابی غەفڵەتی ئەی بەخت، ئیمدادێ
لە تەئثیری منیش یەکبارە شێواون ڕەفیقانم(٣)
قوصوورم گەر هەیە قوربان وەرە ئەمجارە ببەخشە
هەچی کردوومە، کردوومە، پەشیمانم، پەشیمانم(٤)
بە نیمە نازەکەت ڕوحم، بەنیمە خەندە دڵ حازر
خەیاڵی خام نەکەی هەرگیز ئەمن هەر عەبدی جارانم(٥)

بەمیشلی مووری بێ چارە لەبەرپێی هەر کەسا کەوتووم
هەتا ڕەنجیدە خاطر بێ لە من شاهی (سلێمانم)(٦)
مەڵێ (زێوەر) چییە، بێ جەوهەرە من تالیب بەئەو نابم
لە بۆ قەتعی غەمی قەلبت وەکو تیغی خوراسانم

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٢-١٥٣ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ل٢٥ی کەشکۆڵی (ب)یشدا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٠ شدا بڵاوکراوەتەوە.
(١) کونجی هیجران (کەشکۆڵی أ) دەشتی هیجران سەرچاوەکانی تر.
(٢) سیبەهـ ڕۆژ: ڕۆژی ڕەش.
(٣) خوابی غەفڵەتی: خەوی بێ ئاگایی.
(٤) هەچی: هەرچی.
(٥) خەیاڵی خام: خەیاڵی خاو. عەبد: کۆیلە.
(٦) موور: مێروولە. ڕەنجیدە: زویر، ڕەنجاو. خاطر: دڵ.
لە کۆکردنەوەی (موور) و (سولەیمان) و (لەبەرپێ داکەوتن) ئاماژەی بۆ ئەو چیرۆکەی قورئان کردووە کە لە سوورەتی (نمل)دا دەیگێڕێتەوە: کە کاتێ سولەیمان و لەشکرەکەی بەدۆڵێکدا دەڕۆیشتن لە شارە مێرووەیەک نزیک بوونەوە مێروولەیەک بەمێروولەکانی تری گوت (... یاأیها النمل ادخلو مساکنکم لایحطمنکم سلیمان وجنوده وهم لایشعرون) «سوورەتی نەمل ئایەتی ١٨». واتە ئەی کۆمەڵی مێروو هەریەکەتان بچێتەوە شوێنی خۆی با سلێمان و لەشکرەکەی پانتان نەکەنەوە و نەتان پرووێنن.

لا بوون لە پەیوەندی*

١٩٢٢م

قیمەتی باخی بەهەشتە غونچەیی خەندانی خۆم
حەسرەتی ئاوی حەیاتە قەترەیی گریانی خۆم(١)
تۆبەیێکم کردووە وەک کێوی ئاسن مەحکەمە
تا لە دونیادا بمێنم عەشقی چاومەستانی خۆم
نیعمەتی دنیا سەراسەر با لە بۆ تۆ بێ ڕەقیب(٢)
بەسمە تەنها فیکری بیکر و جیلوەیی جانانی خۆم(٣)
دەشتی تەنهایی چ خۆشە بۆ منی پڕ غائیلە
چونکە تەنها غار ئەکەم هەم ئەسپ خۆم مەیدانی خۆم
تازە تەڵقینم ئەکەی لادەم لە عەشقی گوڵ ڕوخان(٤)
تووخوا لێم لادە واعیظ دینی خۆم ئیمانی خۆم(٥)

من بەسەد ئیسویچرە و چین و خەتای ناگۆڕمەوە(٦)
ئەرخەوانی گردی سەیوان، ئاوی کانێسکانی خۆم(٧)
بۆچی بوختان کەم کە شەیتانە گوناهم پێ ئەکا
من چ شەیتانم نییە هەر نەفسمە شەیتانی خۆم
بۆیە زۆر پێم خۆشە پیریی و خەمیدە قامەتی
چونکە دەستم هەر دەگاتە گۆشەیی دامانی خۆم
سەیلی عیصیانم ئەگەر دیجلە و فوراتە قەترەیە
سەددەیی ڕێگەی نەجاتە پاشای گەیلانی خۆم

....

* ئەم شیعرە لە ل٣٢-٣٤ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) ئاوی حەیات: کانییەکە ئەڵێن هەر کەسێ لێی بخواتەوە نامرێ.
(٢) ڕەقیب: بەدکار، ئەوەی بەدکاریی لەنێوان یاران و دڵداران دەکات.
(٣) فیکری بیکر: بیری ورد و تازە پەی پێ بردووە.
(٤) گوڵ ڕوخ: بەکەسێ دەوترێ دەم و چاوی وەکو گوڵ سوور و نازک بێ.
(٥) واعیظ، واعظ: ئامۆژگاری کەر.
(٦) ئیسویچرە: سویسەرە. خەتا: ناوی کۆنی سەرووی وڵاتی چینە کە بەناوبانگە بەبۆنی خۆشی میسک.
(٧) نەجمەدین مەلا دەڵێ: (لەم نیوە شیعرەدا ئەرخەوانی گردی سەیوان و ئاوی کانی ئاسکان ئەبێ ورد بکرێتەوە. چونکە خۆمان ئەیزانین بەڵام پێویستە خاوەر شوناس موستەشریقێکیش بیزانێ.
ئەرخەوانی گردی سەیوان: گردی سەیوان گۆڕستانی شاری سلێمانییە، ئەرخەوان: درەختێکی بێ بەرە بەگردی سەیوانەوە بەزۆری ڕواندراوە لە بەهاردا گوڵێکی ئاڵ ئەکا زۆر جوانە. کانی ئاسکان گەڕەکێکی سلێمانییە ئاوێکی خۆشی هەیە بەڵام لە شیعرەکەدا «کانی سکان» ئەخوێنرێتەوە.

لە هیجرا*

لە هیجرا ڕوو لەساقی و شیشەیی صەهبا نەکەم چ بکەم
وجوودم گەر بەفەرشی مەیکەدە و مینا نەکەم چ بکەم؟(١)
لە ناو طۆفانی ئەفکارا نەهەنگی (لا الە) هەستێ
تەشەببوث گەر بەکەشتیی نووحی (إلا الله) نەکەم چ بکەم؟(٢)
مەتاعی حوسنی ئەو مەحبووبە نەقدی داغ و سەودایە
لە بازاڕی موحەببەتدا بەڕۆح سەودا نەکەم چ بکەم(٣)
ئەوا مەحروومی خۆی کردم، دڵی بردم، دەری کردم
بە سۆزی دڵ هەموو دەم ڕوو لە قاپیی خوا نەکەم چ بکەم

له هەرلا ضـــەبطی ناكـــەم ـــموددەعی تا تۆ ڕەئیـــسم بی
بە قـانوونی مـرووەت گـەر ڕەجـا ئیـجـرا نەكـەم چ بكەم
بە ڕوتبـەی وەصـڵی ئەو ناگـەم ئەگـەر عـومـرم هەمـوو دانێم
لە دەست ئەو زاڵمـە لەم كارە ئیـسـتـیـغنا نەكەم چ بكەم(٤)
ئـەڵێـن: ئـەوراقـی زوڵـمـی تـۆ تـەواو نـابێ بـەتـەحـــــــریـرات
وەكـو (زێوەر) بەتەقـریر گـەر ئەدای مـەعنا نەكـەم چ بكەم(٥)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥١-١٥٢ی کەشکۆڵی (أ) و هەروەها ل٢٥ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧ ل ٨٦یش دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) هیجر: دووری لە یار. ساقی: مەی گێڕ. شیشە: شووشە. صەبا: مەی. مەیكەدە،: مەیخانە. مینا: شووشە و پیاڵە.

(٢) نەهەنگی (لا اله): مەبەستی کوفر و خوانەناسییە. تەشەببوث: دەستەودامان.

(لا اله) بۆ خۆی نەفییەکی گشتییە ئەگەر بەتەنها بگوترێ (کوفرە) چونکە نەفی هەموو پەروەردگارێک دەکا. بەڵام وتنی (الا الله) نەفییە گشتییەکە خاص دەکا، بوون و وجوود بۆ پەروەردگارێکی خاوەن توانای حەق دەچەسپێنێ، کەوابوو (لا اله) بەتەنیا وەکو تۆفان و شەپۆڵی دەریا و نەهەنگی لەناوبەر وایە پێویستی بەکەشتی ڕزگار بوون هەیە. جا لێرەدا شاعیر دەڵێ: ئەگەر لە نێو تۆفانی فکر و ئەندێشەدا نەهەنگی سامناکی خوا نەناسی و گومڕایی دەوری من بدا، ناعیلاجم دەستەودامێنی وتنی (الا الله) ببم ئیعتیراف بەبوونی خوایەکی عالم و زانا و خاڵی لە هەموو خەوش بکەم کە ئەم ئیعتیراف و دان پیانانە وەکو کەشتی نوح وایە ڕزگارم ئەکا لەو تۆفان و دەردی سەرییە. دەی کە وا نەکەم چی بکەم و چارم چییە؟!

(٣) (سەودا)ی یەکەم بەمانا عەشق و ئەوینە. (سەودا)ی دووەم بەمانا کڕین و فرۆشتنە، لە نێوان دوو وشەی (سەودا) و (سەودا) دا جیناسی چوون یەک هەیە.

(٤) ئیستیغنا (کەشکۆڵی) (أ) ئیستیعفا (بەیان) ئیستیغنا: واز لێهێنان.

(٥) گەر (کەشکۆڵی) (أ) ئەر (بەیان).

بەم فیرقەتی تۆ..*

بەم فـــیـــرقـــەتی تۆ هەروەكـــو دێوانە دەناڵم
بەرقی غــــەمی تۆ ئاگـــری بەرداوەتە مـــاڵم
پەروانەم و پەروای ســەری خــۆم نیـــیـــە بێ تۆ
دێوانەم و ســــەحـــرا بووەتە خــانەو و مـــاڵم
پەنجـەم وەكـو تیـشـە لە فـیـراقت لە فـەرق دا
فـــەرهادم و كـــوا ئەرمـــەنیی دیدە غـــەزاڵم؟(١)
خاڵی سیـەهت كەوتە ئەسـەر لەعلی بەدەخـشـان
بۆ نەیكەمـە قـوربانی لە بت فـیكر و خـەیاڵم(٢)
بۆ پەرچەمی پڕ چینی ئەتۆ ڕۆحـە فـــیـدای بێ
بۆ قـیـــمـەتی مـاچێكە دەبەخـشم سـەر و مـــاڵم

هەرچەندە كـە طوڕڕەی وەكـو ڕێحـانەی باغـە
پابەندی ئەوێ نیم و ئەسـیـری خـەت و خـاڵم(٣)
هیـــجـــرانە لە یاران و ڕەفـــیـــقـــان و عـــەزیزان
مـەعلوومـە كە وەک قـومـریی بێ چارە دەناڵم(٤)
دوێنێ كـە لە جـانیب منەوە تـووشی خـەفـەت بووی
یارەببی دەسـی مـن بخـــــەیە كـــۆتەی زاڵم(٥)
مـەشـغـــوڵی خـەیاڵی لەبی لەعلی نمەكـــینە
ساعات و دەقیقە، شەو و ڕۆژ و مەه و ساڵم(٦)
ڕەحـــمـت لە دڵا بێت و نیـگاهێ بەســـە بۆ مـن
گـــاهێ بەغــەڵەط تۆ خـــەبەرێ بگرە لە حـــاڵم
(زێوەر) بەتـەمـای مـیـهـر و وەفـای تۆیە ئەگـەرچی
نەی دیوە بەجـوز یاری جـەفـا پیـشـەو و زاڵم(٧)

....

* ئەم شیعرە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧وەرگیراوە.

(١) تیشە: تەشوێ. فیراق: دووری. فەرق: ناوەڕاستی تۆقە سەر. ئەرمەنی: شیرینی ئەرمەن، دڵداری فەرهاد. دیدە غەزال: چاوی وەکو چاوی ئاسک جوان.

(٢) خاڵی سیەهت: خاڵی ڕەشت. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە لەکان دەردەهێنرێ. بەدەخشان: وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئێرانە بە کانی لەعل بەناوبانگە. لێرەدا لەعلی بەدەخشان: مەبەست لێوی ئاڵ و سوورە.

(٣) طوڕڕە: زولفی پێچ پێچ و لوول. پابەند: قاچ بەستراو.

(٤) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە.

(٥) کۆتە: کۆت و زنجیر.

(٦) لەب لێو. لەبی لەعلی. لێوی سوور وەکو لەعل. نمەکین: پاراو و بەتام و مەزەدار. مەه و ساڵم: مانگ و ساڵ.

(٧) میهر و وەفا: خۆشەویستی و ئەمەکداری، هەروەها (میهر) و (وەفا) ناوی دوو دڵداری ئەوینن وەکو مەجنون و لەیلا، شیرین و خەسرەو، شیرین و فەرهاد، وامیق و عەزرا، بەهرام و گوڵەندام، مەنیجە و بیژەن.

چریكەی بولبولی دڵ*

چریكەی بولبـولی دڵ، شـۆڕشی ئەفـغـانی پڕ جـۆشم
چ خۆشە! گەر بگاتە سەمعی یاری مەست و مەدهۆشم؟!
بە نەشئەی چاوەكەی مەستم، كەوا ئوفتادەیی خاكم(١)
وە گەر نە عالەم ئەیزانێ نە بەنگ كێشم نە مەی نۆشم
لە داغی لالەیی چیـهـرەی ئەرێژێ دیدە سـەیلی خـوێن
لە حەسرەت سونبولی زوڵفی وەكو عەبدی سیاپۆشم(٢)

له هیجری خوسرەوی خووبان و شیرینی زەمان هەرگیز
نە کیسا و باربود ئەم شەو صەدای نایێتە بەر گۆشم(٣)
نەوەک هەر کوشتەی تەعنەی ڕەقیب و تیری ئەعداتم
ذەلیلی تالیعی خۆم و ئەسیری پەرچەمی تۆشم(٤)
مەڕەنجێ گەر دەهان بەستە و زوبان لالم لە خزمەتدا
له گریە و نالە و شێوەن وەکو پەروانە خامۆشم(٥)
چ موحتاجە بە (زێوەر) ئەو کە ماه و شاهی خووبانە
فەریدی عالەمە، بۆیە بەجیلوەی قەددی مەدهۆشم(٦)

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل٠١٥٠-١٥١دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٢٧ ل٠٨شدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ئوفتادە: کەوتوو.

(٢) لالە: گوڵی لالە. چیهرە: ڕوخسار. سەیل: لافاو. سونبولی زولفی: واتە زولفی کە وەکو سونبول وایە لە شێوە و شکل و بۆندا. عەبد: کۆیلە. سیا پۆش: ڕەش پۆش.

(٣) خەسرەوی خووبان: پاشای جوانان. لە کۆکردنەوەی (خەسرەو و شیرین)دا ئاماژەی کردووە بۆ چیرۆکی دلداریی شیرین و خەسرەو. نەکیسا و بار بوو: دوو گۆرانیبێژی سەردەمی خوسرەوی پەروێز بوون، یان دوو ئامێری مۆسیقان.

(٤) تەعنە، طەعنە: تانە و لۆمە. ڕەقیب: بەدکارو ناحەزی نێوان دلداران. ئەعدا: دوژمن. تالیع = طالیع: بەخت و شانس.

(٥) دەهان: دەم.

(٦) ئەو کە ماه و شاهی خووبانە: ئەو کە مانگ و پاشای جوانانە.

ئەی دولبەری شیرین*

ئەی دولبەری شیرین سوخەنی غونچە دەهانم!
لەو وەصفی دەمی بەستەیەتە، بەستە زوبانم(١)
بێزارم و بێ زاریی شەوم نەبووە کە بڕوا
بێ طەلعەتی ئەو شەمسەمە تاریکە ژیانم(٢)
بۆ سەیری ڕوخی ئاتەشییەت! بوومە مەجووسی
لەم عەصرە منیش واریثی زەردەشتی زەمانم(٣)
چاوت کە «گەلاوێژ»ە «سووها» ڕەنگە گەلاوێژ
هەر دەربکەوێ لەرزە ئەخاتە دڵ و گیانم(٤)
تەصویری گوڵ و باخچە ئەکەن غەیری گوڵی ڕووت
حەیرانی غەڵەت کردنی ڕەسسامی جیهانم(٥)
ئەو ڕوویی فەرەح ئاوەرە وەک فەجری بەهارە
من لەو ڕووەوە هەرچی بڵێم ڕووتە بەیانم

دوورن لە هونەر هەرچی هەیە صاحێبی دینار
مەمنوونی پەلی پینەچیی و شانی سەپانم

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٥-١٥٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە هەروەها لە ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری (بەیان)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) دەهان: دەم. سوخەن: قسە و گفتوگۆ. بەستە: بەری دارێکە لە ڕەگەزی گوێز، شاعیران کردوویانە بەنموونەی دەمی پچکۆلە. شایانی باسە جیناسێکی جوانیش لە نێوان (بەستە) و (بەستە زوبان)دا هەیە.

(٢) بێزارم: ناڕەحەت و خەمناک. بێ زاریی: بێ گریان و ناڵە. لە نێوان دوو وشەی (بێزار) و (بێ زار)دا جیناسی تەوا هەیە. طەلعەت: دەرکەوتن. شەمس: خۆر.

(٣) ڕوخ: ڕوخسار: ڕوخی ئاتەشی: واتە ڕوخساری بەشۆق و بەتین و سوور وەک ئاگر.
واریثی زەرەشت: میراتگری زەردەست پێغەمبەر کە ئاگری بەشتێکی پیرۆز داناوە.

(٤) سوها: یەکێکە لە ئەستێرە نادیار و بێ شۆقەکانی کۆمەڵی حەوتەوانە (بنات النعش).

(٥) غەڵەت کردنی (کەشکۆڵی أ) - غەڵەط کاریی (بەیان).

وا مەستی مەیی...*

وا مەستی مەیی غەمزەی خوونڕێزی نیگارم
تا ماوە جیهان باقییە مەستیی و خومارم
«وامیق» بەخەیاڵاتی سەری طوڕڕەیی «عەزرا»
وەک من نەبوو سەودازەدەیی پەرچەمی یارم(١)
حەسرەت زەدەیی حوسنی «ئەیاز»ی بەنیگاهێ
صەد «غەزنەوی» ناگاتە مەقامی دڵی زارم(٢)
گیرۆدەیی «نەمرود» میزاجێکە دڵی من
بێ بت شکەنی داخڵی ناو کوورەی نارم(٣)
غەم عەینی تەمی کۆهی (دەماوەند)ە لەسەر دڵ
ئەمما بەسوروشکم وەکو (ئەڵوەند)ە کەنارم(٤)
مەقصوودی دڵم وەصفی بینای (میهر)و(وەفا)یە
بێ (میهر) و (وەفا) زەحمەتە ئارام و قەرارم(٥)
وا تێ مەگە «زێوەر» کە بەبێ ڕووی تۆ شادە
بێ تۆ شەوە ڕۆژم، بەخودا ناڵەیە کارم
دووڕی عەدەنە طەلعەتی نیکۆیی نیگارم
سەروی چەمەنە قامەتی دڵ جۆیی نیگارم(٦)
نەخشینە بەنووکی قەڵەمی صونعی ئیلاهی
دنیا ئەگرێ قووەتی بازووی نیگارم

فیکرم هەموو ڕەنگینە لە فەیضی دڵی خوێنین
ئەی من بەفیدای خەنجەری ئەبرۆی نیگارم
ئەستێرەی ڕوخساری دڵی عالەمی سووتان
بورهانی مونەججیم بوو مەگەر ڕووی نیگارم
بیستوومە بەدام و بەشکار ئاسک ئەگیرێ
ئینسان ئەگرێ دیدەی ئاهوویی نیگارم
دەعوای شەهادەت ئەکەم و، جەننەت ئەگەر بوو
تاری کەفەنم ڕوشتەی گێسوویی نیگارم
ئەو نیعمەتە پڕ لەذذەتە ڕۆژێ، کە ببینم
دەستی من ئەسەر گەردن و ئەستۆی نیگارم
بەدبەختییە ئازادی لە زەنجیری مەحەببەت
بەم ڕەنگەیە تا سیلسیلەی مووی نیگارم
(زێوەر) بەحەذەر بە ئەمە ئاشووبە پەیابوو
ئیمان ئەدرێ قووەتی بازووی نیگارم

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٤ی گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧ وەرگیراوە. هەروەها لە ل٢٦ی کەشکۆڵی (ب)یشدا هەبوو. وا دیارە ئەوەی بەیان لەم وەرگیراوە.

(١) وامیق و عەزراء: دوو دڵداری بەناوبانگی کۆنن وەکو لەیل و مەجنوون، شیرین و خەسرەو، شیرین و فەرهاد. شاعیری بەناوبانگی ئیرانی (عونصوری) بۆ یەکەم جار داستانی دڵداری و ئەوینی ئەم دوو قوڕ بەسەرەی نووسیوە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٤٩ی زایینی فەصیحی گورگای کردوویە بەهۆنراوە.

(٢) ئەیاز، هەیاس: وەزیری سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بووە زۆر عاقڵ و دانا و تێگەیشتوو بووە. غەزنەوی: سوڵتان مەحموودی غەزنەوی. دڵی زارم: دڵی ناڕەحەتم.

(٣) نەمروود: ئەو پاشایە بوو کە لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا بوو بەکێشە و نیزاعیان دواییش بەمێشوولە مرد. لە شیعرەکەدا (زێوەر) ئیشارەی بۆ چیرۆکەکەی حەزرەتی ئیبراهیم کردووە، کە چۆن بتەکانی شکاند و دوایی تەورەکەی لەسەر شانی بتە گەورەکەیان دانا و، کە لێیان پرسی ئەرێ ئیبراهیم تۆ خواکانی ئێمەت شکاندووە؟ وتی ناوەڵڵا بتە گەورەکە وای لێ کردوون... دوایی مەنجەنیقیان بۆ داخست و خستیانە ناو ئاگرەوە بەڵام نەسووتا و بەسەلامەتی ڕزگاری بوو.

(٤) دەماوەند: بەرزترین لووتکەی کێوی ئەلبورزە نزیکی ٦٣٠٠م لە دەریاوە بەرزە.

ئەڵوەند: چەمێکی گەورەیە پێک دێ لە چەند ڕووبارێکی پچکۆلە کە هەڵدەقوڵێن لە کێوەکانی (ئەڵوەند کۆە). بەشێکی ئەم ئاوانە بەنێو ئێراندا دێ بەرەو ڕۆژهەڵات، هێندێکیشی بەرەو غەرب دێ لەگەڵ دیجلە تێکەڵاو دەبێ. بەڵام (زێوەر) لێرەدا دەبێ مەبەستی ڕووباری ئەڵوەندی لای خانەقین بێ.

(٥) (میهر) و (وەفا) لە نیوە دێری یەکەمدا بەمانا خۆشەویستی و وەفایە، لە نیوە دێری دووەمدا ناوی دوو دڵداری کۆنن.

(٦) لێرە بەم لاوە واتە نۆ دێرە شیعری کۆتایی قەصیدەکە لەگەڵ ئەو قەصیدەیەی کە بۆ بلەنەخشینی گوتووە یەکێکن تەنها جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە ئەم لە جیاتی (برایم) وشەی (نیگارم)ی بەکارهێناوە.

بلە نەخشین*

دووڕی عەدەنە طەلعەتی نیکۆیی برایم
سەروی چەمەنە قامەتی دڵ جۆیی برایم
نەخشینە بەنووکی قەڵەمی صونعی ئیلاهی
دنیا ئەگری قووەتی بازوویی برایم
فیکرم هەموو ڕەنگینە لە فەیضی دڵی خوێنین
ئەی من بەفیدای خەنجەری ئەبرۆیی برایم
ئەستێرەیی ڕوخساری دڵی عالەمی سووتان
بورهانی مونەججیم بوو مەگەر ڕوویی برایم**
بیستوومە بەدام و بەشکار ئاسک ئەگیرێ
ئینسان ئەگرێ دیدەیی ئاهوویی برایم
دەعوای شەهادەت ئەکەم جەننەت ئەگەر بوو
تاری کفنم ڕووشتەی گیسوویی برایم
ئەو نیعمەتە پڕ لەذذەتە ڕۆژێ کە ببینم
دەستی من ئەسەر گەردن و ئەستۆیی برایم
بەدبەختییە ئازادیی لە زنجیرەی مەحەببەت
بەم ڕەنگەیە تا سیلسیلەیی موویی برایم
(زێوەر) بەحەذەر بە ئەمە ئاشووبە پەیابوو
ئیمان ئەدزێ قووەتی بازوویی برایم

....

ئەم شیعرە لە ل١٥٦-١٥٧ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە. وەکو دەڵێن بلە نەخشین لە بنەڕەتدا لە ناوچەی بادینانەوە ماڵیان هاتووە بۆ سلێمانی، ئەم کوڕە کە پێ گەیشتووە زۆر گەنجێکی جوان خاس بووە لەبەر جوانی پێیان وتووە بلە نەخشین. بەزۆری ئیشی شاگرد نانەوایی بووە. ئەوەندە جوان بووە جێی سەرنجی هەموو کەسێک بووە کە دیوبەتی بۆیە مامۆستا (زێوەر) ئەم شیعرەی بەسەردا هەڵداوە. مامۆستا (بێخود)یش کردوویە بەپێنج خشتەکی. ئەم بلە نەخشینە ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کرد.

** مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ: ساڵێک ئەستێرە شوناسێکی خۆرئاوایی بڵاوی کردەوە کەوا لە دوای چەند مانگێک ئەستێرەیەکی کلکدار هەڵدێ خۆی لە زەوی ئەدا هەموو دنیا ئەسووتێنێ کەچی قسەکەی بەدرۆ دەرچوو. ئەمجار بەقسەی مامۆستا (زێوەر) مونەججیم بەئەستێرەی ڕوخساری برایمدا قسەکەی ڕاست دەرچوو.

بەستراوی ڕاوی*

بەستراوی ڕاوی چاوی شۆخێکی نەوجەوانم
گیراوی حەلقەی داوی صەییادی عاشقانم[(١)]
ذەلیلی لەیلی بێ مەیل، مەجنوونی کۆهـ و دەشتم
بێ یار و کاروبارم، ڕەفیقی وەحشییانم[(٢)]
تکا، شکا، بەجارێ شەراب و شیشەی دڵ
ئەسراری مەخفییاتم کەوتۆتە سەر زوبانم[(٣)]
مەنوارە جوست و جۆی من، بنوارە گفتوگۆی من
شیرینە قیل و قالم مەدداحی دولبەرانم[(٤)]
لە داغی باغی ڕووی وەک عەندەلیب ئەناڵم
تەزەروی سەروی باڵای، بێ ئافەتی خەزانم[(٥)]
من پەستی شەستی دەستی چاومەستی دیدە شەنگم
موحتاجی باجی ماچی ڕوومەت گوڵی جینانم[(٦)]
دڵ بۆتە «بۆتە» بۆ تۆ پڕ نار و پڕ حەرارەت
سووتاوە دڵ ئەمێستا خەریکی حیفظی جانم[(٧)]
هەمیشە حیلەبازی، جار جارە دڵ نەوازی
گاهێ لەسەر زەمینم، گاهێ لە ئاسمانم
(زێوەر) خولامی خۆتە، ئەم جەورە حەیفە خووتە
مەمنوونە گەر بفەرمووی: تۆ عەبدی ئاستانم[(٨)]

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیانیشدا بڵاو کراوەتەوە. پیرەمێری نەمریش لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٩٤٣ی ١٨ی شوباتی ١٩٤٨ی زایینی بڵاوی کردۆتەوە. ئەم پێشەکییە کورتەشی بۆ نووسیوە و دەڵێ: «ئەمڕۆ لە کۆنە کاغەزێکا کۆنە غەزەلێکی کۆنە شاعیرێکم دۆزییەوە با تازەکان بتوانن تەرزی پێ بشکێنن». بەڵام بەتەواوی دەقی شیعرەکە گۆڕاوە لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم دەقی (ژین)ەکە لێرەدا جارێکی تر بنووسمەوە و بیخەمە پەراوێزەوە. ئەمەش دەقەکەی (ژین)ە:

بەسراوی داوی چاوی شۆخێکی نەو جەوانم
گیراوی تاوی داوی ڕاوکەری عاشقانم
(١) ذەلیلی لەیلی بێ مەیل، مەجنوونی وێڵی دووجەیل
بێ یار و کار و بارم، هاوشانی وەحشییانم
(٢) تکا، شکا، بەجارێ شەراب و شووشەکەی دڵ
دەرکەوت ڕازی نیهانم، گەیشتە سەر زوبانم

(٣) لە داخی باغ و ڕاغی ڕووی بولبووم ئەناڵم
لە دووریی سەروی باڵای منم کە پڕ فوغانم
(٤) مەنوارە گفتوگۆی من، بنوارە جوست و جۆی من
شیرینە شیعر و نەثرم، مەدداحی دولبەرانم
(٥) دڵ بۆ تۆ بۆتە «بۆتە» پڕ ئاگر و بەتاوە
وا دڵ لە دەست چوو ئەمجارە خەریکی پاسی گیانم
(٦) من پەستی شەست و مەستی چاومەست و عیشوە خەستم
موحتاجی باجی ماچی ڕوومەت گوڵی جینانم
(٧) سەدبارە حیلەبازی، جارجارە دڵ نەوازی
گاهێ لەسەر زەمینم، گاهێ لە ئاسمانم
(٨) «زێوەر» غولامی خۆتە، تۆ بێ وەفایی خووتە
جارێک پێی بڵێ: وەرە، تۆی عەبدی ئاستانم

شایانی باسە کە دەقی کەشکۆڵەکە واتە ئەوەی کە ئێمە بەبنەما و ئەصڵمان داناوە لەلایەن ویصالی، (سەید موحەممەدی قەرەداغی)یەوە کراوە بەپێنج خشتەکی و لە ل٢١٠-٢١٣ی دیوانی ویصالیدا چاپ کراوە.

(١) حەلقە: ئەڵقە. صەییاد: نێچیرەوان.

(٢) کۆهـ: کەژ و کێو. وەحشی ئەو گیانلەبەرانەی لە کێو دەژیێن.

(٣) شیشە: شووشە. ئەسرار کۆی (سیرڕ)ە واتە نهێنی. ئەسراری مەخفییانم: نهێنی دڵم.

(٤) جوست و جۆ: جم و جۆڵ. قیل و قال: گفتوگۆ. مەدداح: ستایشکەر.

(٥) عەندەلیب: بولبول.

تەزەرو: جۆرە چۆلەکەیەکە گۆشتی ئەخورێ، کلکێکی درێژی هەیە، پەڕ و پۆڵی جوانە، لە دارستان و کێڵگەدا ئەژیی هێلانە لە زەویدا دەکا بیست و چوار ڕۆژ بەسەر هێلکەکانییەوە هەڵدەنیشێ تا هەڵیان دێنێ، لە نێوان (داغی) و (باغی)دا جیناسی لاحیق هەیە.

(٦) شەست: لێرەدا مەبەست ئەموستیلەیەکە لە کاتی تیر ئەندازیدا کراوەتە پەنجە و ژێی کەوانی پێ گیراوە.

لەنێوان هەر چوار وشەی (پەستی و شەستی و دەستی و مەستی)دا جیناسی لاحیق هەیە، هەروەها لە نێوان (باجی) و (ماچی)دا جیناسی موزدەوەج هەیە.

(٧) بۆتە: فنجانێکی گڵی سوورکراوەیە زێڕی تێدا دەتوێنرێتەوە دەڵێن: (بۆتە) وشەیێکی کوردیی ڕەسەنە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە (بودقە). لە نێوان هەردوو وشەی (بۆتە) و (بۆتە)دا جیناسی چوون یەک هەیە.

(٨) خولام، غولام: کۆیلە و خزمەتکار. جەور: ستەم. حەیفە: جێی داخە. عەبد: کۆیلە. ئاستان: بەردەرگا.

لە نێوان دوو وشەی (خۆتە) و (خووتە)دا بەشێوە نووسینی کۆن جیناسی چوون یەک هەیە. بەشێوەی نووسینی ئێستاش جیناسی (موحەڕڕەف)یان لە نێوان دایە.

بەینێکە*

بەینێکە بەسەرما کە گوزارت نییە قوربان
نەمزانی وەفا و شەرت و قەرارت نییە قوربان
چاو بازەکە،! پڕ نازەکە! غەممازەکەی خۆم
باعیث بەچییە مەیلی شکارت نییە قوربان[(١)]

بۆچی بەهەموو وەقت و زەمان ئێستە نەناڵم
وەک عەهدی قەدیم بۆس و کەنارت نییە قوربان(٢)
غەمبار و خەفەتبار و دڵ ئازار و حەزینم
لەوساوە لەگەڵ من سەروکارت نییە قوربان
عاجز مەبە ئەم عالەمە گەر طالبی ڕووتن
لەم حوسنی خودا دادییە چارت نییە قوربان
بۆچ دەعوەی سوڵتانیی خووبان نەکەی ئیمڕۆ
بۆچ لەعلی لەب و چاوی خومارت نییە قوربان؟(٣)
وەک بەچچەی ئاسک لە دڵی (زێوەر) ئەکەی ڕەم
ئەمما لە ڕەقیب مەیلی فیرارت نییە قوربان(٤)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٠-١٦١ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧ ، ل٨٦یشدا چاپ کراوە.

(١)غەمماز: توانج گر. باعیث: هۆ. شکار: ڕاو.

(١) عەهدی قەدیم: ڕۆژگاری ڕابردوو. بۆس: ماچ. کەنار: لە باوەش گرتن.

(٣) سوڵتانی خووبان: پاشایەتی جوانان. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە. لەب: لێو. لەعلی لەب: مەبەستی لێوی ئاڵ و سوورە. خومار: مەست.

(٤) بەچچەی ئاسک کەشکۆڵی (أ) بەچچەی ئاهو و (بەیان). ڕەم: ڕاکردن و سڵ کردنەوەی ئاسک لە دەست ڕاوکەر. ڕەقیب: بەدکار و ناحەزی نێوان دوو دڵدار.

چ شیرینە چایی...*

چ شیرینە چایی لە فەسڵی بەهاران
لەگەڵ یاری صادق لە گوێ جۆیباران!؟
بە خەندەی نیگاری بەگریەی سەماوەر
زەمین وەک سەمابێ بە بەرق و بەباران
موغەننی بەپەردەی (عێراقی) بخوێنێ(١)
خوا نازی لێ گوم نەکا نازداران
ئەسیری مەحەببەت بی، ئازادی عالەم
نەناسی بەجوز جیلوەی گوڵ عوزاران
ئەگەر وایە بەزمت بەحەققەت بەهەشتە
فیدای بێ هەزار مەجلیسی بادە خۆران
ئەوا بوویتە سوڵتانی ئێران و تووران
چلۆن دێتەوە شەوقی جاران و یاران

بەسی بێ خەیاڵاتی بێ هوودە (زێوەر)
وەکو شێت مەگەر بگری ڕێی کۆهساران

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦١-١٦٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٠ی کەشکۆڵی (ب) و ل١٦ی گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢دا هەیە.

(١) عیراقی: جۆرە ئاوازێکی مۆسیقایە.

پێم خۆشە*

پێم خۆشە تەماشای قەدت، ئەی سەروی خەرامان
جارێ بەکەرەم سا وەرە ڕابوورە بەلامان
ئەو نەختە خەیاڵاتە کەوا ماوە لە سەرما
بێ میهری ڕوخت ڕەفعە بەیەک دەفعە لەسەرمان(١)
ناڵێم صەنەمی، کوفرە، ئەما قیبلەی قەلبی
مەنظووری هەموو خەڵقی چ گەبر و چ موسوڵمان(٢)
بەم غەمزە و ناز و نیگەهی چاوی خومارەت
تالانبەری زوهھادی و غارەتگەری ئیمان(٣)
جێ زەخمی موژەت مەرهەمی مەعدوومە لە دنیا
چارم نییە ئەڵبەت بەدووسەد هەروەکو لوقمان
(زێوەر) مەکە ئەمڕۆ بەنیشانی ستەمی خۆت
ئوممێدی بڕاوە لە دەوا و چاری حەکیمان

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٠ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ژمارەی ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یشدا بڵاوکراوەتەوە.

(١) میهر: خۆر. ڕوخ: ڕوخسار. ڕەفعە: لاچوە، هەڵگیراوە.

(٢) صەنەم: بت. قیبلە: ڕۆگە. قەلب: دڵ. مەنظوور: مەبەست و ئامانج. گەبر: گاور.

(٣) نیگەه: تیلەی چاو. خومار: مەست. زوهھاد: دنیا نەویست، خۆ بۆ بەندەیی خوا ئامادەکردوو. نیوە دێری دووەمی ئەم شیعرە و نیوە دێری یەکەمی شیعری دوایی لە کەشکۆڵی (أ)دا نەبوون.

ئەم دەستە کە لەم شارە*

ئەم دەستە کە لەم شارە هەموو نەوعە غەزالی
هەریەک بەجەماڵ یۆسفی با جاه و جەلالن(١)
غیلمان صیفەت سوندوس و ئیستەبرەق ئەپۆشن
صوورەت بەشەرن مەعنا هەموو حوور خیصالن(٢)
هەریەککە بەدۆش کاکۆڵی ئەفشان و بڵاوە
هەر صوبحەدەمێ مونتەظیری بادی شەماڵن(٣)

ئەم شارە وەکو بەحر و لە نێویا کە موقیمن
بەعزێ سەدەفی گەوهەر و بەعزێ کە لەئالن
مەقبوولی شەهەنشاهن و مەطبووعی سەلاطین
مەعلوومی عەوامە کە بەبێ شیبهـ و میثالن[٤]
صوورەتگەری چین بێتە ئەمێ صەنعەتی نابێ
هەریەک مەلەکێ خاریجی ئیدراک و خەیالن[٥]
غەممازن و پڕ نازن و مەحبووبی زەمانن
شەمس و قەمەرن، زوهرەی باهۆش و کەمالن[٦]
شازادە و بەگزادە، هەموو ئەنجەبی خەلقن
وەک خونچەی پەروەردەیی ئاوێکی زولالن
خۆت تووشی بەلا قەت مەکە (زێوەر) کە ئەزانی
ئافاتی دڵ و دینن و مەنناعی ویصالن

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٨ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە. لە ژمارەی ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یش بڵاو کراوەتەوە.

(١) لەم شارە: دەبێ مەبەستی شاری سلێمانی بێ. نەوعە غەزاڵ: جۆرە ئاسک. با جاه و جەلال: خاوەن ڕێز و شکۆ و پلە و پایە.

(٢) غیلمان: کۆی (غولام)ە مەبەست منداڵی جوان و تازە پێگەیشتووە. سوندوس و ئیستەبرەق: دوو جۆرە کاڵای پۆشاکی جوانن، حوور: حۆری بەهەشت. خیصاڵ: هەڵس و کەوت.

لە کۆکردنەوەی (غیلمان، سوندوس، ئیستەبرەق، حوور) تیل نیشانێک هەیە بۆ دوو ئایەتی سوورەتی (الانسان)ی قورئانی پیرۆز کە دەفەرمووێ: «ویطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رأیتهم حسبتهم لؤلؤا منثورا عالیهم ثیاب سندس خضر واستبرق».

(٣) دۆش: شان و مل. ئەفشان: بڵاو. صوبحدەم: سەرلەبەیانی.

(٤) مەقبوول: پەسەندکراو. مەطبووعی سەلاطین: پەسندکراوی تەبیعەتی پاشایان. شیبهـ: وێنە. میثال: نموونە.

(٥) صوورەتگەری چین: وێنەگری ناوداری چین. مەلەک: فریشتە. ئیدراک: هەست.

(٦) غەمماز: توانج گر. شەمس: خۆر. قەمەر: مانگ. زوهرە: ئەستێرەی زوهرە یەکێکە لە ئەستێرە گەڕۆکەکان پێشی دەڵێن: زوهرەی ڕەققاص واتە: سەماکەر. باهۆش: خاوەن هۆش و فام.

لە عەشقی دوختەری ڕەز*

لە عەشقی دوختەری ڕەز[١] هەر لە کێوان
بەجارێ بوومە شەیدای باخی مێوان
مەی وەک لالەی نوعمان حەلاڵە
بەفتوای من بەیادی لەعلی لێوان
لە خەو هەستا بەزوڵفی ڕووی پۆشی
بەیانی کرد بەشەو عوشاقی شێوان
دڵی بێ چارە وەک کۆتر هەڵ ئەفڕێ
لە ترسی چنگی چاوبازی مەریوان
ڕەقیب بای دایەوە بۆ فیتنە بازی
خوا بیخاتە بەر بای دەستی دێوان

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٤٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبووە ئەمەشی لە سەرەتاوە نووسراوە: «نەظیرە لەسەر هەڵبەستێکی نالی کە ئەڵێ:

لە دوگمەی سینە دوێنی نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان»

(١) دوختەری ڕەز: کچی مێو، مەی.

موژەت*

موژەت ئوردووی جەنگیزخانە ئەمڕۆ
هەموو مولکی دڵم وێرانە ئەمڕۆ
لەدەست ئەو پەرچەمی وەک ماری ضوحاک
هەموو طیفلی دڵێ بێ جانە ئەمڕۆ
مەگەر گۆیا هۆلاکۆیە دوو چاوت
لەگەڵ شەوقی کە پڕ فەرمانە ئەمڕۆ
عورووسە یاخۆ تەقیانووسە ئەبرۆت
عەدوویی صاحێبی ئیمانە ئەمڕۆ
موعەللیم دەرسی نازی ڕووتی پێ وت
کەوا چاوت لە ڕووت حەیرانە ئەمڕۆ
عەبەث واعیظ ئەکا مەنعم لە عەشقی
مەگەر دێوانەی دیوانە ئەمڕۆ
لە پەی کێوانە (زێوەر) هەر وەکو شێت
فوغانی واصیلی کەیوانە ئەمڕۆ

....

* ئەم چوار دێرە شیعرە لە ل١٦٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە.

دنیا*

دنیا که لەبەر قافلەی ئاهم تەمە ئەمڕۆ
شۆڕاوی سوروشکم بەمەسەل زەمزەمە ئەمڕۆ(١)
لێوت که عەقیقە بووەتە ڕوکنی یەمانی
ماچی که جەوازی نییە جێی پەنجەمە ئەمڕۆ(٢)
کۆبوونەوە حەجەجاجی خەیاڵم لە مینای دڵ
شەیتانە ڕەقیب ڕەجمی لە لام ئەلزمە ئەمڕۆ(٣)
خاڵت حەجەرول ئەسوەدە، بەرناکەوێ ماچی
دەستم که بگاتێ سەبەبی ڕوتبەمە ئەمڕۆ(٤)
جان و دڵی من بۆتە (صەفا و مەروە) لە بۆ تۆ
ڕاکەی لە دڵا جانە! کە جێی مەقدەمە ئەمڕۆ(٥)
شەو تا بەسەحەر موزدەلیفەی حوجرەیە جێگام
ئەمما عەرەفەی کۆیی ئەتۆ جێگەمە ئەمڕۆ(٦)
مەحفووظە لە بۆسە و لە دەسی عاشقی غەمبار
دوو ڕووکنیی شامیی و ئەڵێی پەرچەمە ئەمڕۆ(٧)
«لَبَّیكَ و سَعْدَیْك» ئەڵێم: لەحظە بەلەحظە
یەعنی لە حوزوورت قەدەمم مەحکەمە ئەمڕۆ(٨)
(زێوەر) وەکو حاجی لە طەوافایە هەمیشە
ئەم طەوفی ویداعی نییە لەو بێ غەمە ئەمڕۆ(٩)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٤ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٢ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.
هەروەها لە ل٢٠ دەستنووسی شاعیریش هەیە. بەڵام دوو دێرە شیعری دووەم و هەشتەمی تێدانییە.
(١) قافلە: کاروان. ئاهم: ئاخ و ئۆف و هەناسەی ساردم. سروشک: فرمێسک. زەمزەم: ئاوی زەمزەم.
(٢) بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئەم دێرە شیعرە دەبێ ئەوە بزانرێ کە «کەعبە» چوارگۆشەی هەیە هەر گۆشەیەکی بەڕوکنێک ناو ئەبرێ (ڕوکنی «حجر الأسود»، ڕوکنی شامی، ڕوکنی عیراقی، ڕوکنی یەمانی.) جا ڕوکنی عیراقی و شامی نە ماچ دەکرێن و نەئیشارەتیشیان بۆ دەکرێ، ڕوکنی (حجر الأسود) = بەردەڕەش سوننەتە ماچ بکرێ، ڕوکنی یەمانی ماچکردنی دروست نییە بەڵام کە گەیشتییە عاستی بەدەست ئیشارەی بۆ دەکا و حاجی دەست و پەنجەکەی خۆی ماچ دەکا کەواتە مانای ئەم دێرە شیعرە بەم شێوەیە کە دەڵێ:
لێوت کە ئاڵ و سوورە وەکو عەقیق وایە لێم بۆتە ڕوکنی یەمانی کەعبە لەوەدا کە ماچکردنی دروست نییە تەنیا بەپەنجە ئیشارەتی بۆ دەکرێ و دوایی پەنجەکە ماچ دەکرێ.
(٣) مینا: دەشتی مینا کە حاجی دوای ڕاوەستانی کێوی عەرەفە ماوەیەک لێی دەمێننەوە. ئەلزەمە = ألزم: واتە پێویستە.
(٤) ئاماژە بۆ ئەوە کە (بەردەڕەشە)ی کەعبە سوننەتە ماچ بکرێ جا لەبەر ئەوە قەرەباڵغی زۆر لەسەرە و ماچکردنی زۆر

بەزەحمەت بەردەکەوێ جا ئەگەر ماچکردنەکەی جێبەجێ نەبوو سوننەتە دەستی لێ بدرێ و دەستەکە ماچ بکرێ.
(٥) صەفا و مەروە: دوو شوێنی مەیلەو بەرزن لە بەینیاندا نزمایەک هەیە لە نزیک کەعبەوەن حاجی بەگورگەلۆقە حەوت جار لە صەفاوە بۆ مەروە و لە مەروەوە بۆ صەفا ڕادەکا هەر حەوت جار بەیەک صەفا و مەروە حیسابە.
(٦) موزدەلیفە: شوێنێکە لە خوار مەککەوە حاجی دوای کێوی عەرەفە پێش ئەوەی بچن بۆ شەیتان ڕەجم کردن ماوەیەک لێی دەمێننەوە. عەرەفە: مەبەستی کێوی عەرەفەیە.
(٧) دوو ڕوکنی شامی: مەبەستی ڕوکنی شامی و عیراقییە کە نە ماچ دەکرێن و نەدەستیشیان لێ دەدرێ.
(٨) لبیک: وتنی دوعای لبیک اللهم لبیک... هتد.
(٩) طەوفی ویداع: واتە طەوافی خوا حافیزی لە کەعبە کاتێ حاجی مەککە بەجێ دەهێڵن حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێنەوە.

نەو بەهاری باخی حوسنم*

نەو بەهاری باخی حوسنم! مات و غەمگینم، مەڕۆ
بۆ نەمای قەددی لەطیفت چاوپڕ ئەسرینم مەڕۆ
مەنبەعی عەیش و صەفای صاحیب دڵانی چاوەکەم
تەڵخە عەیشی ئێمە بێ تۆ، ڕۆحی شیرینم مەڕۆ
زیندەگانی، شادمانی، واسیتەی هەردوو ئەتۆی
مەمکوژە -قوربان- بەهیجرت قووەتی دینم! مەڕۆ
صەفحەیی دیدە بەخەتت و خاڵی تۆ ڕەنگین بووە
کوڵەوارم سا مەکە ئەی -ئاسکی چینم!- مەڕۆ
من حەیاتی عارییەم تەسلیمی غەمزەی چاوتە
تاقەتی دووریم نەماوە - باعیثی ژینم! - مەڕۆ
نەشئەیی (زێوەر) بەپیاڵەی چاوی تۆوە باقییە
سا بەقصوودی ڕەقیبان -دیدە شاهینم!- مەڕۆ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٢-١٦٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣١ی کەشکۆڵی (ب) وەرگیراوە لە گۆڤاری بەیانی ژمارە (١٤٢) ل١٦یشدا چاپ کراوە.

گوڵبوونی قەدد*

گوڵبوونی قەد بولبولی طبع ئیختیاری کردووە(١)
دڵ دیسان مەیلی هەوای نەو بەهاری کردووە
ئاهوی صاحێب خەت و خاڵ هاتە مەیدانی دەروون
بازی دڵ بۆیە خەیاڵاتی شکاری کردووە
گەر ئەپرسی ڕۆژ ئەمەند بۆچ دێتە دەر ئاوا ئەبێ
شەوقی ڕوخساری نیگارە بێ قەراری کردووە

دوێنێ چوومە سەیری گوڵشەن شیبهی ڕووی تۆم دی گوڵێ
گوڵ کە پێی زانی: هەزار جار ئیفتیخاری کردووە
موژدەبێ بای وەعدە ئەنگووت، پێشڕەوی هات عەندەلیب
حەسرەتا هاو تەبعی یارم (دەی) فیراری کردووە(٢)
مەکتەبی «روشدیە»ی سینەم تیایە کەسبی غەم(٣)
ئەی دریغ! گوڵشەن لەجێی گوڵ بەرگی خاری کردووە
بەس دوعا کاری ڕەقیب بە(زێوەر)ا خۆی کەوتە غەم
ئەو بەشێکە ڕۆژی قیسمەت حەق دوچاری کردووە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٣ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٨دا چاپ کراوە.

(١) گوڵبوون، یا گوڵبن: بەدرەختی پچووکی گوڵدار دەڵێن، بەچەپکە گوڵیش دەگوترێ.

(٢) (دەی): مانگی یەکەمی زستانە.

(٣) مەکتەبی (روشدییە) ئاماژەی تێدایە بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری کە ئەو کاتە قوتابخانەیەکی میری بووە لە سلێمانی و شوێنی تریش هەبووە.

مەیتەری عەقڵم*

مەیتەری عەقڵم کومەیتی نەفسی زنجیر کردووە(١)
وەرنە جووتەی نەحسی بۆ جەبهەی فەلەک گیر کردووە(٢)
عومری من وا زۆر نییە ئێستە زەمانی عەیشمە
دەردی عەشقی نەوجەوانێ وا منی پیر کردووە
ڕەنگی سوورم بوو بەزەرد و قەلبی ساغم بوو بەداغ(٣)
ساحیرێکە ظاهیر و پەنهانی تەغییر کردووە
قەت لە خۆم دا من گومان نابەم قەباحەت زەڕڕەیێ
موقتەضای تەبعییە ناحەق کە خۆی زویر کردووە
کافرێکە دەفعەیێ جوابی سەلامێکی نەبوو
سەد کەڕەت نامەم بەخوێنی دیدە تەحریر کردووە
کەس لەگەڵ (زێوەر) ڕەفاقەت ناگرێ ئەو ناعیلاج
خۆی بەوێڵداشی دەسیسە و مەکر و تەزویر کردووە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٤ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٩١دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) مەیتەر: خزمەتچی، ئەو کەسەی سەرپەرشتی وڵاخ دەکا هەڵدەستی بەئالیک و لەوەڕدانیان. کومەیت = کمیت: ئەسپێکە ڕەنگی لە بەینی ڕەش و سوور دابێ.

(٢)نەحس: شووم و نەگبەتی. جەبهە: شەڕ و جەنگ.

(٣) بوو بە زەرد و «کەشکۆڵی ب، بەیان» بۆیە زەرد و «کەشکۆڵی (أ)»

خۆراک و خەو*

خۆراک و خەو بەبێ تۆ یەکسەر لە من حەرامە
هاودەم ناڵینی گەرمە، غەم هاوپشت و برامە
بام بولبول هیچ نەخوێنێ با غونچە خۆی نەنوێنێ
ئەفشان نەکا گوڵ بێنی، دنیام توونی حەمامە(١)
شەو کە ئەچمە ناو جێگا، ئەڵێی ئەمخەنە جێگا(٢)
لێم تێکچوو جێ، و ڕێگا صوبحم تاریکی شامە(٣)
وڵاتێکی بێ سەردار ئاگری تێ بەربێ یەک جار
بۆچی بڵێم، بەهار بێت دنیا کە بێ مەرامە
هەر خەم دەخۆم دەماودەم بێ گریانێکی سەردەم
بۆ ئەم هیجرانی تۆیە فرمێسکی ناتەمامە
دووریت سووروری لابرد، وەڵڵاهی نووری لابرد(٤)
ڕوخساری پاکی، بێ شک، چرایی خاص و عامە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٥ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٦ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل ١٧-١٨دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) ئەفشان: بڵاوکردنەوە. بێنی: بۆنی.

(٢) (جێگا)ی یەکەم واتە شوێنی نووستن (جێگا)ی دووەم واتە گۆڕ. ئەشگونجێ مەبەستی جێی (گا) بێ واتە تەویلە، گەوڕ، بەڵام ئەو کاتە دەبێ بە (جێی گا) بنووسرێ.

(٣) شام: ئێوارە.

(٤) سورور، سرور: کەیفخۆشی. وەڵڵاهی: (کەشکۆڵی أ) - نەوەڵڵا (سەرچاوەکانی تر).

بێ ڕوویی تۆ*

بێ ڕوویی تۆ ئەی شاهی زەمین، ماهی زەمانە(١)
دەردی دڵەکەم خاریجی تەصویر و بەیانە(٢)
مومکین نییە هەر دڵ کە کەمێ عەشقی تێدابێ
بۆ تیری موژەی تۆ نەبوو بێ ئەو بەنیشانە(٣)

وەک خەنجەری جەللادە دوو ئەبرۆی هیلالیت[٤]
خوون ڕێژ و دڵ ئازاری هەموو پیر و جەوانە
تیری نیگەهت نیعمەتە بۆ عاشق ئەبارێ[٥]
ئەم گونجی غەمی من هەمە، گوڵزاری جینانە[٦]
ئاشووبی دڵی عالەمی، جیلوە مەنوێنە[٧]
بەم قەددی لەطیفەت کە ئەڵێی سەروی چەمانە
مەیلت هەیە (زێوەر) کە کەمێ صەبری بمێنێ
پەخشانی مەکە طوڕڕەیی شاهانە بەشانە[٨]

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٨١ی کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی نووسراوەتەوە لە ل١٨٠-١٨١ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٢ی کەشکۆڵی (ب)شدا هەیە هەروەها لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٨شدا بڵاوکراوەتەوە. ئێمە دەقی کەشکۆڵی کاگر دەڵیمان بەلاوە پەسندتر بوو کردمان بەبنچینە و ئاماژەی جیاوازییەکانی تریش لە پەراوێزدا دەکەین.

(١) شاهی زەمین زەمانە کەشکۆڵی کاگر دەڵی:
ماهی زەمین شاهی زەمانە کەشکۆڵی أ،ب، بەیان.
(٢) تەصویر «کاکر دڵی» تەقریر (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)
(٣) نەبووبی ئەو بەنیشانە (کاگر دڵی)، کە نەبووبی بەنیشانە (کەشکۆڵی أ.ب، بەیان)
(٤) هیلالیت «کاگر دەڵی» هیلالی (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)
(٥) نیگەهت «کاگر دەڵی» ستەمت (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)
(٦) گوڵزاری جینان: گوڵزاری بەهەشت.
(٧) جیلوە: ورشە و تیشک و ڕووناکی.
(٨) طوڕڕەیی شاهانە: مۆری طوغرای شاهانە، مەبەستی زولفی پێچ پێچ و تێک چڕژاوە کە وەکو مۆری طوغرا دەچێ.
واتە: ئەگەر دەتەوێ زێوەر کەمێک صەبر و ئارامی لە لا بمێنێ زولفی پێچ پێچ و لوولت کە لە مۆری طوغرا دەکا چیتر بە شانە دای مەهێنە و پەخشانی مەکە چونکە تا تۆ زولف بەشانە دابهێنی و تاڵ تاڵی کەی صەبر و ئارام لەلام کات بەکات سات بەسات کەم دەکا و نامێنێ.

لە بەختی من*

لە بەختی من ستەمکار و لەئیمە
لەلای خەڵقی وەفادار و کەریمە
چ حاجەت من بڵێم، سەودا زەدەی تۆم
بە حاڵی عاشقانی خۆی حەکیمە
نیشانگای تیری ئاهم وەقتی دووری
سەری کورسی و پێی عەرشی عەظیمە
لەگەڵ ئەو مەه جەبینەی من ڕەقیبم[١]
دەڵێی طاووس و شەیتانی ڕەجیمە[٢]

چراغی شادمانی من هەمیشە
لە ئەطرافی شیمالی غەم موقیمە
بەهەشت و کەوثەری من وەصڵی تۆیە
ئەما دووری لە تۆ ناری جەحیمە
چلۆن لادەم لە ڕێگای عەشقبازی؟
بە فەتوای من (صراط المستقیم)ە
لەگەڵ (زێوەر) وەفاداری لەطیفە
کە چونکە جان فیدایێکی قەدیمە

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.
(١) مەه جەبین: ئەوەی ڕوخساری وەک مانگ بێ. ڕەقیب: ئەوەی بەدکاریی لەنێوان دڵداراندا دەکا.
(٢) طاووس: ناوی شەیتان بووە پێش ئەوەی سەرپێچی بکا لە کڕنووش بردن.

من لە سایەی حوسنی تۆ*

من لەسایەی حوسنی تۆ قەلبێکی پڕ شادم هەیە
گەرچی هەر ساتێ لەلای تۆ ظوڵمی بێ دادم هەیە[١]
سواری ئەسپی کیبر و نازی، ناتگەمێ هەرچەند بڕۆم[٢]
ناعیلاجم وەک جەرەس ئەفغان و فەریادم هەیە
ماهی عەشقت موشکیل و، وەصڵت لەڕێی هاتو نەهات
بێ شکە جەولانی بێشکە و شەوقی دامادم هەیە[٣]
ئەمری حەربم بێتە سەر بەم ئەشکە سەددی ڕێت ئەکەم
تورکی موژگانت هەیە، من چاوم ئیمدادم هەیە[٤]
چونکە قەت ناگەم بەکۆی تۆ وەک نەسیمی صوبحدەم
هەر سەحەر گاهێ تەمەننای نیعمەتی بادم هەیە
ئەی خوا ڕەحمەت ببێ واپێم ئەڵێ خەوفت ببێ
شێری ئەڵماسی برۆ و چاوێکی جەللادم هەیە
من وتم (زێوەر) بەخەندەی لێوی (شیرین) مردووە
پێی وتم: مەجنوونە، وەک تۆ چەندە فەرهادم هەیە

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ)، ل١٨٠ و ل٤١-٤٢ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٨٦دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) زولّم: جەور و ستەم. بێداد: زۆر و زەبەندە.
ظولّمی بێداد (کەشکۆلّی، أ) - ظولّم و بێداد (سەرچاوەکانی تر)
(٢) کیبر: لە خۆ ڕازی بوون.
(٣) داماد: دایک. لە نێوان (بێ شکە) و (بێشکە)دا جیناسی موڕەککەب هەیە.
(٤) چاوم (کەشکۆلّی، أ) - چاوی (سەچاوەکانی تر)
تورکی: تورک لە ئەدەبیاتی کۆندا کینایەیە لە یاری شۆخ و شەنگ.

قوربان!*

قـوربان! لە تـەمی ئاهی دڵی خـەسـتـە حـەذەر کـە[١]
عـیـسا نەفـەسی، هەسـتـە بەلای ئێـمە گـوزەر کـە[٢]
ئەی چیـهـرە مـەلەک حـەیفـە ڕەقـیب بۆتە ئەنیست[٣]
لەو جەننەت و فـیـردەوسە ئەو ئـیبلیسـە بەدەرکە[٤]
وا جـــەژنە خـــەلایق هەمـــوو پڕ زەوقن و شـــەوقن
بەو خـەندەی شـیـــرینە جـیــهــان پڕ لە شـەکـەر کـە
جـــەژنانەی مـن مـــاچی دەمی تۆیە کـــە بیـــدەی
طیفلی دڵی من غـەرقی حەنای خوێنە، نەظەر کە[٥]
ڕەغـــمــەن لە حـەســوودانی من و دوژمنی باڵات[٦]
ئـەم جـــەژنە وەرە! ئـەم غـــەزەلە تازە لەبەر کـــە[٧]
ئەو دلبـــەرە، ڕەنگـینە کـــە ســـەنگین دڵە دایم
ئەی ناڵەی ناری لە دڵی خـــەســـتـــە ئەثەرکـــە
دڵ کـــون کـــونە (زێوەر) بەخـــەدەنگی مـــوژە دایم
لادە لـە دڵـی، ڕۆحی ڕەوانـی بـەســــــوپـەرکــــــە

....

* ئەم شـیـعـرە لە لاپەڕە ١٧٥-١٦٧ی کـەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٨-٣٩ی کـەشکۆڵی (ب)دا نووسـراوەتەوە لە گـۆڤـاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٨دا چاپ کراوە.
(١) حەذەر کە: ترست بێ.
(٢) عیسا نەفەسی: واتە وەکو حەزرەتی عیسا دەم و دوعات کاریگەرە و نەفەست پاکە، مەشهوورە کە موعجیزەی حەزرەتی عیسا ئەوە بووە کە بەدوعا و پاڕانەوە لە خوا مردووی زیندوو کردۆتەوە و نەخۆشی چاک کردۆتەوە.
(٣) چیهرە: ڕوخسار. مەلەک: فریشتە. ڕەقیب: بەدکار. ئەنیس: هاونشین، هاودەم
(٤) جەننەت: بەهەشت. فیردەوس: ناوە بۆ ئەو بەهەشتەی کە حەزرەتی ئادەم تیابوو تا تووشی گوناهی خواردنی گەنم بوو. ئیبلیس: شەیتان.
(٥) حەنا: خەنە. نەظەرکە: واتە بڕوانە و سەیر بکە.
(٦) ڕەغمەن = رغماً: بەکوێرایی چاوی.

(٧) غـەزەل: پارچە شـیـعـر: یان جۆرە قـوماشـێکی گـرانبـەهایە واتە بەکـوێرایی چاوی ناحـەزانی من و دوژمنی باڵا بەرز و ڕێکوپێکەکەی خۆت وەرە ئەم چەژنە ئەم پارچە شیعرە کە لە وەصف و ثەنای باڵاکەتدا دامناوە بیخوێنەوە و لەبەری بکە چونکە بەوە ناحەزانمان دەتەقن و تووشی هەزار دەرد و ناخۆشی دێن. یاخۆ (زێوەر) هاتووە پارچە شیعرەکەی شوبهاندووە بەقوماشی غەزەل، خوێندنەوەی غەزەلەکەش کە هەر لە پێداهەڵدانی باڵای یار دایە شوبهاندوویەتی بەوە کە یار قوماشی غەزەل بکاتە بەر.
مامۆستا (نالی)یش دەفەرموێ:

قـوربان! وەرە با ئەم غـەزەلە تازە لە بەرکـەین
عـیزز و شەرەفی (نالی)یە تەشریفی قەدی تۆ

بەدوو زولفی*

بەدوو زولفی تەناف بازت ئەڵێن دوو بەچچە عەییارە[١]
بەدانەی خاڵەکەی سەر ڕوو ئەڵێن: هیندوویی گوڵزارە[٢]
بەچاوی مـەست و خوون ڕێزت ئەڵێن یابازە یا شاهین[٣]
ئەڵێن: ئەو تیـپی مـوژگـانە سـوپای مـاچین و تاتارە
بەجـیلوەی قـەددی مـەوزونت ئەڵێن وەک تاوسی باخی
لەبەر شـــیـــرینی نوتقت ئەڵێن لێـــوت شـەکـەربارە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤١ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە بەیانی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٢شدا بڵاوکراوەتەوە.
(١) طەناف = تەناف بازت: وەک تەناف. بەچچە: بەچکەی پیری موغان، لە ئەدەبی کلاسیک کینایەیە لە یار.
(٢) هیندو: خەڵکی هیند، زۆر لە شاعیرانی کۆنمان خاڵی ڕەش و بسک و زولفی یاری خۆیانیان بەهیندو شوبهاندووە لەو ڕووەوە کە هیندو کافرن کافریش بەڕەنگی ڕەش کە نووری ئیمانی تێدا نییە ناسراوە.
(٣) باز و شاهین: دوو پەلەوەری ڕاو پێکردنن، شاعیران چاوی یاری خۆیانیان پێ شوبهاندوون لە تواناییاندا بۆ ڕاو پێکردنی دڵی دڵداران.

چۆن ڕەحمی ئەبێ؟*

چۆن ڕەحـمی ئەبێ ئەو دڵە ڕەق هەر وەکو سـەنگە ؟
کـەی نوتقی ئەبێ ئـەو دەمـە وەک غـونچـەی تـەنگە
ئەو چاوە بەشـەڕ عـاشـقـە، من تالیـبی سـوڵحم
گـەر سوڵحـە وەگـەر جەنگە دەسا فـەرمـوو درەنگە
کـــاروانی ســـوروشکم کـــە لەگـــەڵ ناڵە ڕەوانە
عـــەیبی نیـــیـــە تەزیینی ڕەهی قـــافـــڵـــە زەنگە
ئەو کـافـرە ئیـسـلامی هەمـوو خسـتـە هیـلاکـەت
ڕەنگە کـــە بزانێ هەمـــوو جێ دەشـــتی فـــەڕەنگە

ئەو نەشئە کەوا ساغیری چاوی بەدڵی دا
ئوستادی هەزار کووپە مەی و نێرگەلە بەنگە
لایق نییە هەر موردە بڵێ زیندە بەعەشقم
دەریای مەحەببەت بەخوا بەحری نەهەنگە
گەه جادووە، گەه ئاهووە، گەه تاوسی مەستە
(زێوەر) چییە ئەو شۆخە لەسەد هەیئەت و ڕەنگە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٧٧ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە

حەواسم*

حەواسم هەر وەکو زوڵفت چلۆن شێواوە، شێواوە(١)
دڵم وەک خاڵی ڕوخسارت چلۆن سووتاوە، سووتاوە(٢)
ئەگەر تۆ سەیری سەرچاوە و گوڵستانت هەوەس دێنێ
سوروشکم ڕەنگی گوڵزارە. وەرە سەرچاوە، سەرچاوە(٣)
لە بەختی من ڕەقیب یارەببی چەندە شووم و بەدبەختە
بەرەو ڕوو هەم شەرم ناکا؛ ئەڵێ: بەولاوە، بەولاوە
بەمەحزی خاکسارییی دەفعی کینەی ناکرێ هەرچەند(٤)
سەرم وەک ئاسمان ئەرزی لەڕێی داناوە، داناوە(٥)
ئومێدی چیم بەدنیا بێ هەتاکەی مەستی غەفڵەت بم؟
زەمانی تۆبەیە، تا شیشەی پڕ بادە نەشکاوە(٦)
فەلەک ئاش و زەمین بەرداش و ئینسان دانەیە، یاخۆ
ئەجەل باز و بەدەن «کەبک»ە سەدای هاڕاوە، هاڕاوە(٧)
ئەلا ئەی باغەبان بۆ بۆنی گوڵ سەودازە دەم ئەمرۆ(٨)
کە هەم بۆی یارە، وا (زێوەر) لەدەردا ماوە، داماوە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٨-١٧٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٠ بڵاوکراوەتەوە.

(١) حەواسم: کۆی (حاسّە)یە ئامێری هەستکردن؛ ئامێری بیستن و دیتن و بۆنکردن و تامکردن و لێخشان.

(٢) تەشبیهەکە لەوەدایە خاڵ ڕەشە شتیش کە سووتا ڕەش دەبێ.

(٣) سوروشکم: فرمێسکم. واتە ئەگەر تۆ ئارەزووت لێیە سەرچاوە و گوڵزار ببینی وەرە سەیری کانیاوی فرمێسکم بکە هەمووی وەکو ڕەنگی گوڵ سوور و خوێنینە.

(٤) مەحز، مەحض: تایبەتی و خصوصی. خاکساری: خۆڵاوی ئەوەی لە ناو خۆڵا بتلێتەوە و خۆی خۆڵاوی بکا.

(٥) واتە هەرچەندە سەرم بەرزە و گەیشتۆتە کەشکەشانی فەلەک کەچی کردوومەتە گڵ و خۆڵی ژێر پێی یار و وەکو ئەرز کەوتوومەتە ژێر پێی.

(٦) شیشەی پڕ بادە: مەبەستی (دڵ)ە تەشبیهی دڵی خۆی کردووە بەشووشەی پڕ لە مەی، لێرەدا ئیستیعارەیەکی موصەڕڕەحە پێک هاتووە چونکە شکان بۆ شووشە دەبێ.

(٧)کەبک: کەو. هاڕاوە: دوو وشەیە (ها + ڕاو) (ها)ی دەنگدان و فرمان پێکردن لەگەڵ وشەی (ڕاو)، واتە ها! کوڕینە! یاڵڵا کاتی ڕاو و نێچیر گرتنە. بەهێنانی وشەی (هاڕاو) لەپاش (ئاش) و (بەرداش) و (دانە) هاڕاوی باراشیش دەگەیەنێ.

(٨) سەودازە: دووچار و نەخۆش.

تکاندی ئابڕووی*

تکاندی ئابڕووی چەمەن بەڕووی ئابدارەوە
شکاندی نرخی نەستەرەن بەزوڵفی موشک بارەوە
چمە لە مەی لە نەی لە جام، ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بەڕووی تابدارەوە، بەچاوی پڕ خومارەوە
عەرەق نییە لە عالەما، کە لابەرێ لە دڵ غەما
جگە لە قەترە ئارەقێ لە ڕووت کە دێتە خوارەوە
نیشاطی من جەماڵی تۆ، بەراتی من ویساڵی تۆ
خەیاڵی من لە خاڵی تۆ بەعیشوە لێم مەشارەوە
عەزیزەکەی حەبیبی من، نیگارەکەی طەبیبی من
کە شەق بەرێ ڕەقیبی من، وەرە بەسەد ویقارەوە
فیدای خەدد و قەددی تۆ چەمەن بەفەوجی گوڵیەوە
بە بولبول و بەچڵیەوە، بەقومری و هوزارەوە
فەرەنگ ڕووی زەنگ موو، عەجەم سیاق و ڕووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو بەپێچی لار و خوارەوە
نیساری زوڵفی عەنبەری هەموو وڵاتی «گوڵ عومەر»(١)
بەعەرد و بەرد و دارەوە، بەئاوی سەرچنارەوە
ئەمن گەیاندمە (ئەنوەری) فنوونی شیعر و شاعیری
ئەتۆ گەیانتە (سامیری) بەچاوی سیحرکارەوە

....

* ئەم شیعرە ناوازەی زێوەر لە ل١٧٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٧ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە، سێ دێر شیعری سەرەتاشی لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (١)ی ١٩٨٤ی ز ل٤٨ بڵاوکراوەتەوە.
تەواوی قەسیدەکەش لە ل٤٩١-٤٩٢ی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سەججادی دا چاپ کراوە.

(١) گوڵ عومەر، گوڵ عونبەر، گوڵ عەنبەر، ناوێکی دێرینی شاری خورماڵە کە بەهێندێ ڕای مێژوویی لەسەر شوێنەواری شاری شارەزوور بنیات نراوە.

دەمێکە*

دەمـــێکە شـاعـــیران هەمـــوو بەشـــیـعـــری ئابدارەوە
ئەســــیــــری دەســـــتی دولبــــەرن بەزوڵفی تابدارەوە
دەمێکە وەصفی مەی دەکەن، غەزەل بەمانا تەی دەکەن
بە جـارێ مـەدحی نەی دەکـەن، کـە دێتـە بەزمی یارەوە
دەمێکە صەرفی عومر دەبێ، لە نەعتی ئاوی خۆشی گوڵ
بە بـولبـولی چەمـەن خـوصـووص بەسـەروی جـۆبیـارەوە

....

* ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٤١٤)ی ساڵی ١٩٣٥دا بڵاوکراوەتەوە جا نازانم ئایا ئەم سێ دێرە شیعرە لەگەڵ شیعرە ناوازەکەی تری (تکانی ئابڕووی چەمەن، بەڕووی ئابدارەوە) یەکێکن یان ئەمە سەربەخۆ بۆ خۆی پارچەیەکی ترە.

تابی هیجرانم نەماوە*

تابی هیـــجـــرانم نەمـــاوە، نووری چاوانم وەرە(١)
سـاکـینی بەیتـول حـەزەن بووم مـاهی کـەنعـانم وەرە(٢)
وام لەنێو ظوڵمـاتی غـەمـدا هەر طەڕەف ڕێگام نیـیـە
تاڕەمـەق مـاوە لە عـومـرم شـەمـسی تابانم وەرە(٣)
شـەهسـەواری مـوڵکی حـوسنی، من پیـادەی بەردەست
ئەسـپی نازت وەرمـەگـێـڕە، شـاهی خـووبانم وەرە(٤)
کـەوکـەبی بەخـتم غـوروובی کـرد و بێ کـەس مـامـەوە
زوو بە دەرخە شەوقی ڕووت شەمعی شەبوستانم وەرە(٥)
من نەتریاکی و نە بەنگیم. مەستی نەشئەی چاوی تۆم(٦)
چاوەڕێی دەردی خـومـارم صـوبحی ڕەخـشـانم وەرە(٧)

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٨-١٦٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە٣٤ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٧دا بڵاوکراوەتەوە.
(١) تاب: هێز و توانا. هیجران: دوورکەوتنەوە لە خۆشەویست.
(٢)بەیتول حەزەن = بیت الحزن: خانووی خەم و خەفەت و ئاماژەیە بۆ ماڵەکەی حەزرەتی یەعقووب پێغەمبەر کە یوسفی کوڕی لێ ون بوو ئیتر کەنەفت کەوت و کوێرایی داهات و دنیای لێ تاریک بوو. شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی ئەم خانووەی یەعقووبیان کردووە بەڕەمز بۆ خەم و ناخۆشی.

ماهی کەنعان: مانگی وڵاتی کەنعان، مەبەستی حەزرەتی (یوسف)ە کە براکانی خستیانە بیری کەنعانەوە دوایی کاروانێک دۆزییانەوە و بردیان لە میسر فرۆشتیان و پاشان حەزرەتی یوسف لە میسردا پلە و پایەی وەرگرت و براکانی هاتن بۆ لای و بەوان دا کراسەکەی بۆ باوکی ناردەوە و چاوەکانی چاک بوونەوە پاش ماوەیەک هەموویان هاتن بۆ لای یوسف بەیەکتری شادبوونەوە.
(٣) شەمسی تابان: خۆری تیشک دەرەوە و ڕووناکی بەخش.
(٤) شاهی خوبان: پاشای جوانان.
(٥) شەمعی شەبیستان: بەو چرایە دەڵێن کە لەسەر ئارامگا و مزگەوتەکاندا بەشەو هەڵدەگیرسێندرێ. یان بەو مۆمە دەگوترێ کە لە حەرەمسەرای شاهاندا یا لەسەر تەختی نووسینیان هەڵدەکرێ.
(٦) تریاک: تلیاک بەعەرەبی پێی دەگوترێ: (ترياق)
(٧) صوبحی ڕەخشان: بەیانی ڕووناک.

تا زولفی لەسەر چیهرە*

تا زولفی لەسـەر چیـهـرە پەریشـانی صـەبایە(١)
ئاشـوفـتـەگـیی و تیـرەگـیی بەخـتی سـیـیـایە(٢)
ڕووی و لەب و مووی هەمدەم و ئامیزشی یەک بوون(٣)
غـونچەی چەمـەن و بەردی یەمەن، مـوشکی خەتایە(٤)
شـمـشـادی قـەدی سـەروی خـەرامـانە ڕەوانە
جێ گـیـری دڵی پادشـەهـ و شـاهـ و گـەدایە
چاوی کـــە وەکـــو دیدەیی بـازێکە شکاری
دڵ وەک کـەوی بێ چارە گـرفـتـاری بەڵایە
(زێوەر) نیـیـە دۆسـتێ کـە ڕەقـیب تووشی بەڵا کـا
مـەعلوومـە ئەوابی ئەمـە وەک حـەجج و غـەزایە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٤ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٧ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٩دا چاپ کراوە.
(١) چیهرە: ڕوخسار. صەبا: بای صەبا، شنەبای بەیانی.
(٢) ئاشوفتە: تێکچوو، حاڵ شێواو. تیرگی: تاڵی و ناخۆشی.
(٣) لەب: لێو. ئامیزش: باوەش تێک وەرهێنان.
(٤) بەردی یەمەن: بەردێکی سووری بەقیمەتە، ئاقیقی پێ دەگوترێ. میشکی خەتا: میسکی وڵاتی خەتا. ئەڵێن جۆرە ئاسکێک هەیە لە وڵاتی تورکمانستان کە لە ئەنجامی هەڵاتن و ماندووبوونی زۆرەوە خوێن لە ناوکی دەتزێ و خوێنەکە ڕەش هەڵدەگەڕێ و وشک دەبێتەوە وەک لە ناو کیسەیەک دابێ بەناوکییەوە تەکە تەکی دێ و لەدواییدا لە غاردانیدا لێی دەکەوێت، ئەو خوێنە وشک هەڵاتووە عەترێکی زۆر بۆنخۆشی لێ پەیدا دەبێ. شایانی باسە کە شاعیر لەم دێرە شیعرەدا (لەف و نەشرێکی) بەلاغی بەکارهێناوە، چونکە لە نیوە دێری یەکەمدا (ڕوو لەب و مووی) هێناوە لە نیوە دێری دووەمیشا بەرامبەر ئەم سێ شتە (غونچەی چەمەن و بەردی یەمەن و موشکی خەتای) هێناوە ڕووی بەرامبەر غونچە،

لێوی بەرامبەر بەردی یەمەن، مووی بەرامبەر میشکی خەتا ، کردوون.
شایانی باسە کە کاک (محەمەد عەلی قەرەداغی) کاتێ ئەم شیعرەی لە بەیان دا بڵاوکردۆتەوە لە جیاتی (بەردی یەمەن) کە بەردێکی سووری بەقیمەتە لە دەریای یەمەن دەردەهێنرێ. (بوردی یەمەنی) نووسیوە.

دڵ*

دڵ کـە غـەیری شکەنی زوڵفی تۆ ئەفکاری نیـیـە
تووشی سـەودا بووە تا ڕۆژی ئەزەل چاری نیـیـە(١)
زاهیـد! ئەر دیدەیی تەڕ ئەشکی هەمەڕەنگی نەبێ(٢)
لێی گـەڕێـن مـەنعی مـەکـەن مـیـحنەتی دڵداری نییە
نیشی زەخمی موژەیی دولبەری کەم دیوە مەگەر(٣)
هەر کـەسێ تا بەسـەحـەر ناڵەو و هاواری نیـیـە
هەر کەسێ فەیضی قەدەم بۆ سیی ئەتۆی بەرنەکەوێ
لە قـیـامی عـەرەصـاتا ئەحـەدێ یاری نیـیـە(٤)
بۆیە پەردەی لەسـەر و ڕووی فـڕێداوە نیگار
تا بڵێین خۆی چەمـەنە حاجەتی دیواری نیـیـە(٥)
تا لەمن دوورە هەوای کاکۆڵی موشکین، دڵەکەم(٦)
سـەیری باغ و هەوەسی دیدەنی گـوڵزاری نیـیـە
(زێوەر)ی دەربەدەر ئەمـڕۆ لە فـیـراقت نەفـەسێ
غـەیری غـەم خواردن و گـریانی حەزین کاری نیـیـە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨٣-١٨٤ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤٤ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یش بڵاوکراوەتەوە.

(١) شکەن: پێچ و لوول. ئەفکار: کۆی (فکر)ە بەمانا ئەندێشەیە. دەشگونجێ وشەکە (ئەفگار) بێ واتە: بریندار و دووچار. سەودا: عەشق، سەرەخولە، تووش هاتوو. (ئەزەل = أزل) ڕابووردوێکی کۆن کە سەرەتای نەبێ. وابزانم وشەکە (ئەبەد = أبد) بوایە جوانتر بوو.

(٢) زاهید! ئەر: بۆ وەزنی شیعر ئەم وشەیە دەبێ بە (زاهیدەر) بخوێنرێتەوە.

(٣) لە گۆڤاری (بەیان)دا ئەم نیوە دێرە شیعرە بەم شێوە بڵاوکراوەتەوە (نیش و زەخمی موژەیی دلبەری کەم دیوە ئەگەر).

(٤) فەیض: لێشاوی ڕەحمەت. قەدەم بۆسی: قاچ ماچکردن. قیامی عەرەصات: زیندووبوونەوە و هەستانی دەشتی مەحشەر.

(٥) فڕێداوە: هەموو سەرچاوەکانی جگە لە کەشکۆڵی (أ) کە لەوێدا نووسراوە: لاداوە. چەمەن: باخ و گوڵزار.

(٦) کاکۆڵی موشکین: زوڵفی بۆنخۆش و ڕەشی وەکو میشک.

چاوەکەت بۆ من*

چاوەکـەت بۆ من لە باتی نێرگسی شـەهلا بەسـە(١)
سـەیری ڕوخـسـارت لە باتی لالەیی حـەمـرا بەسـە(٢)
ڕۆیین و دانیـشتن و هەسـتـان و وەسـتـانێکی تۆ
بۆ منی بێ دڵ لەجـیـاتی سـینەمـای بەغـدا بەسـە
ڕادیۆم ناوێ کـە گـوێ بگرم لە دەنگی سـاز و نەی
لەو دەمی پڕ شـەککەرەت جوێن دانی بێ مـەعنا بەسـە
چیم لە باسی لەشکری ئینگلیـز و ئەڵمـانی هەیە
لەشکری مـوژگـانی تۆ بۆ حـەملەو و دەعـوا بەسـە
بێـمـە وەصـفی قـامـەتت فـیکرم ئەوەندە بەرز ئەبێ
بانگ ئەکەن -تەییارەچی!- جەولانی بۆ باڵا بەسە(٣)
مەطلەعی شیعرم صەریحە من کەوا شیعەی (عەلی)م
حـوببی ئالی ئەو لەباتی نیـعـمـەتی دنیـا بەسـە
گەهـ عومەر!؟ گاهێ عەلی!! (زێوەر!) ثەباتێکت نییە
بەسـیـە دوو ڕەنگی و ڕیایی مـەسـرەفی بۆیا بەسـە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٦-١٦٧ی سۆزی نیشتمان چاپ کراوە. لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٦٠٨ی ساڵی ١٩٤٠ی ز لەژێر ناوونیشانی (هەڵبەستی زێوەر) بڵاوکراوەتەوە هەروەها لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ی ساڵی ١٩٨٨ی ز لاپەڕە ١٧ جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.

(١) شەهلا: بەچاوێک دەڵێن کە ڕەشییەکەی مەیلەو شین بێ. لەم دێرەدا موعەممایێکی تێدایە بۆ ناوی ئیمامی عەلی لە موعەمماکەش بەم جۆرەیە (چاو = عین = ع بۆ من = لی) واتە (علی).

(٢) لالەی حەمرا: گوڵە لالەی سوور. پێویستە ئەوە بگوترێ کە (لالە) گوڵێکی جوان و قەشەنگە لە جێگای تەڕ و شێدار و قەراخ ئاودا دەڕوێ بەعەرەبی پێی دەڵێن: (شقائق النعمان) گەلێ جۆری هەیە هی وا هەیە سێ پەڕە، هەشە پێنج پەڕە. لە کەژ و کێویش دەبێ و لە باخچەی ماڵانیش دا دەیڕوێنن ئەوەی لە کێو دەڕوێ پەڕەکانی سوور و بنی پەڕەکانی لەککەیەکی ڕەشی پێوەیە. شاعیران گوڵە لالەیان کردووە بەڕەمز و میثالی کوڵم و ڕوخساری جوان.

(٣) جەولانی بۆ (کەشکۆڵ و بەیان) - سەرکەوتنی (ژین)

دڵی من*

دڵـی مـن دەرحـــەقی تۆ هێندە صـــافـــە
وەکـو زاهیـد خـەریکی ئیـعـتـیکافـە(١)
مـــەکـــە باوەڕ بەقـــەولی دوشـــمنانم
قـسـەی دوشـمن هەمـوو لاف و گـەزافـە(٢)

دوو زولفت موو بەموو هاتوون بەیەکدا
له بۆ ئەم گەردنە تەوق و تەنافە(٣)
لەگەڵ وەصڵم بەتۆ بوو ڕۆحم ئەڕوا
وەکو (نوون)ی (مثنی) لای ئیضافە(٤)
وەرە (زێوەر) نەصیحەت بگرە گوێ، خۆت
له ئەم ڕێگایە لادە ڕێی خیلافە

....

* ئەم شیعرە لە ل٩٢ی گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧ وەرگیراوە.

(١) ئیعتیکاف: ئەوەیە ماوەیەک لە مزگەوت بمێنییەوە بۆ خواپەرستی و عیبادەت نییەتی ئیعتیکاف (مانەوە) بێنی و بەرەو قیبلە دابنیشی.

(٢) لاف و گەزاف: درۆ و دەلەسە.

(٣) طەوق طەناف: مەبەستی ئەوەیە کە زولفەکانی بڕێکیان لە گەردنی ئاڵاون و بوون بەتۆق. بڕێکیشیان تەناف ئاسا بەلاشانیدا هاتوونە خوارێ.

(٤) (نوون)ی (مثنی) و ئیضافە: دوو زاراوەی عیلمی نەحوون واتە ئیسمێک ئەگەر تەثنیە بوو وەکو، (طالبان، طالبین) ئەگەر ئیزافە کرا و پاڵی درا بەئیسمێکی ترەوە وەکو (المدرسة) دەگوترێ: (طالبا المدرسة). پیتی (ن)ەکە لادەبرێ و نامێنێ.

شاعیریش دەڵێ ڕۆحم وەکو نوونی موثەننا وایە لەگەڵ گەییشتم بەتۆ وەصڵی تۆم بۆ هەڵکەوت ئیتر ڕۆحم نامێنی و گیانم دەردەچێ.

تالبی رووتم*

تالیبی ڕووتم بەئەگریجەت پەرێشانم مەکە
من کە ئیسلامم حەواڵەی کافرستانم مەکە
کونجی عوزلەت ئیختیارم کردووە مەمهێننە دەر(١)
عاشقم دێوانە نیم سا بەردە بارانم مەکە
نەقشی بەست حوببت لە دڵما، ئاسمان نایباتە دەر
سا کەمێ مەیلی منت بێ دڵ پەرێشانم مەکە(٢)
دێمە بەردەرگانەکەت تەنها بەبێ یار و ڕەفیق
جار بەجار بمخوێننەوە داخڵ بەنیسیانم مەکە
چاوی مەستت شێخ و مەللا هەردوو حەیرانی ئەبن(٣)
وا بەغەمزە ئەقڵ و دینت برد لە ئیمانم مەکە
بێستوون کەی وەک دڵی من تیشەکاریی لێ کرا؟
بۆ تەحەممول وێنەی سامی نەریمانم مەکە(**)

طەبعی (میرڕیخ)ت هەیە بەو طەلعەتی وەک (زوهرە)یە(٤)
(موشتەری)ی تۆم طالیبم، مەهتووکی یارانم مەکە(٥)
(زێوەر)ە هەرجان فیدابێ، دڵ فیدابێ سەر فیدا
مەمخەرە دەرد و موصیبەت تووشی هیجرانم مەکە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٤-١٧٥ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٨ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) کونجی عوزلەت (کەشکۆڵی أ) گەنجی عوزلەت (سەرچاوەکانی تر).

(٢) سا کەمێ (کەشکۆڵی أ) تۆش کەمێ (سەرچاوەکانی تر).

(٣) شێخ و مەلا (کەشکۆڵی أ) لە سەرچاوەکانی تردا ئەم نیوە دێرە بەم جۆرەیە (چاوی مەستت شاە و سوڵطان هەردوو قوربانی دەبن).

** ئەم دێرە شیعرە تەنها لە (کەشکۆڵی أ)دا هەبوو.

(٤) مەرریخ ئەستێرەیەکی گەڕۆکە لە هەموو ئەستێرەکانی تر نزیکترە لە خۆرەوە. زوهرە: ئەستێرەیەکی گەڕۆکە موعەددەل (١٠٨) ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە کاتی هەڵهاتن و دەرکەوتنی دەگۆڕێ وەختی وا هەیە سەر لە ئێوارە هەڵدێ کاتی واش هەیە دەمەو بەیان بەدەر دەکەوێ. لەبەر بەشۆقی و ورشەی لە کۆنا بەخوای جوانییان داناوە پێیان گوتوە (آلهة الجمال) بڕێکیش لە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام پەرستوویانە.

(٥) موشتەری: کڕیار، ئاماژەشی تێدا بۆ ئەستێرەی موشتەری کە ئەویش یەکێکە لە ئەستێرە گەڕۆکەکان.

ساقی بەجیلوە هەستە*

ساقی بەجیلوە هەستە بۆم پڕکە یەک قەڕابە
ئەم شەو بەیادی چاوت مەیلم لەسەر شەڕابە
من نامەوێ (حیجاز) و (ڕاست) و (نەوا)ی عیراقی
(شۆر) و (قەتار) و (حەیران) بۆ من بلێن ثەوابە(١)
ڕووی دلبەرێکی کوردی نادەم بە (میسر) و (طائیف)
یەک بەیتی وردی نالی نادەم بەسەد (عەتابە)(٢)
دڵ دەردەداری یارە، بیمار و بێ قەرارە
بەینێکە ئینتیظارە، ئەحواڵەکەی خەراپە(٣)
مەنعم مەکە لە ناڵین ئەی شۆخی دیدە شاهێن
بۆ چاوەکانی مەستت، جەرگم ئەڵێی کەبابە(٤)
مەوجوود نەبێ ئەمانە، یا ئەو برۆ کەمانە
(زێوەر) بەتیری میحنەت دووچاری سەد عەزابە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٠-١٧١ی کەشکۆڵی (أ)دا و لاپەڕە ٣٥ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە بەڵام بەجیاوازییەوە

ئێمە (کەشکۆڵی (أ))مان کرد بەبنچینە و لە پەراوێزدا ئاماژە بۆ جیاوازییەکان دەکەین.

(١) حیجاز و ڕاست و نەوا: ناوی گۆرانی عەرەبین. شۆر و قەتار و حەیران: ناوی گۆرانی کوردین وشەی (ثەوابە) لە کەشکۆڵی (أ) (سەوابە) نووسراوە، لە کەشکۆڵی (ب)دا (ثەوابە) نووسراوە هەردووکیان گونجاون دەشگونجێ وشەکە (صەوابە) بێ. لە کەشکۆڵی(ب)دا پێش ئەم دێرە شیعرە ئەم دێرە شیعرەش هەیە:

موطریب دەسا بهێنە ئالاتی کۆن و تازە
قانوون و چاڵغیی و نەی عوود و دەف و ڕوبابە

(٣،٢) لە کەشکۆڵی (ب)دا ئەم دوو دێرە شیعرە پاش و پێشن. خەراپە: بە (خەرابە) دەخوێندرێتەوە لەبەر (قافیەکە).

(٤) ئەم دێرە شیعرە لە کەشکۆڵی (ب)دا نەبوو. دیدە شاهێن: ئەوەی چاوی وەک چاوی شاهێن بێ... شاهێن: پەلەوەرێکی ڕاو پێکردنە لە شێوەی هەڵۆ، شاعیران چاوی یاری پێ دەشوبهێنن لە هێز و توانای ڕاوکردنی دڵی دڵداراندا.

ئەمڕۆ*

ئەمڕۆ بەدووسەد غوصصەوە دڵ خەستە دووچارە(١)
بۆ هەجری ئەتۆ دەردی دڵم بۆتە شەرارە(٢)
ساڵ ساڵ غەمی هیجرانی ئەتۆ زیاتر ئەبینم
ئەمساڵ دڵی من طالیبی ڕووی عوشرەتی پارە
بێ ڕەحمی و، بێ مەیلی و، ناپرسی لە حاڵم
لافاوی سروشکم کە دەڵێی سەیلی بەهارە(٣)
قوربان سەبەبی قەتلی منە صوحبەتی ئەغیار(٤)
بنوارە دەروونم کە وەکو کوورەی نارە
بۆ عاجز ئەبم هەمدەمی ئەغیار و ڕەقیبی(٥)
گوڵ ڕەنگیی و، گوڵ دیارە کە هەم صوحبەتی خارە(٦)
چۆن سینەی من مەرکەزی دینار و درەم بێ
لەعلی لەبی تۆم بێ کە بەهای چین و تەتارە؟(٧)
گەر عاجز و، گەر زویر و، ئەگەر خوڕڕەم و شادی(٨)
ببەخشە لە ڕێی نەشئەی ئەو چاوە خومارە(٩)
دڵ بوو بەئەسیری شەهی ئیقلیمی نەزاکەت(١٠)
یارەببی بەتای پەرچەمی بیدەی لە قەنارە(١١)
گەر (زێوەر) ئەڵێن بۆچی نەکەوتە سەری کێوان؟
دیوانە گەلێ طالیبی نێو کووچەی شارە(١٢)

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(١) غوصصە: غەم و ناڕەحەتی. خەستە: نەخۆش و دەردەدار.

(٢) بۆ هەجری ئەتۆ: لەبەر دوورکەوتنەوەی تۆ. شەرارە: پڕیشکە ئاگر.

(٣) ئەشک: فرمێسک. سەیل: لافاو.

(٤) صوحبەتی ئەغیار: هاوڕێیەتی بێگانە.

(٥) ڕەقیب: ناحەز و بەدکاری نێوان یاران و دڵداران.

(٦) خار: دڕک.

(٧) لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە لە کان دەردەهێنرێ، شاعیران لێوی یاریان پێ شوبهاندووە لە ئاڵی و سووریدا. چین و تەتار: دوو وڵاتن.

(٨) خوڕڕەم: تازە و تێراو و کەیف خۆش.

(٩) نەشئە: حاڵەتێکی نیمچە بێ ئاگایی و نیمچە سەرخۆشییە.

(١٠) شەه: پاشا. ئیقلیم: وڵات.

(١١) بەتای پەرچەمی: بەتاڵی مووی زولفی.

(١٢) لەم دێرە شیعرەدا جوانی بایس (حسن التعليل) هەیە.

سەبەب*

سەبەب مەهجووری دیداری یارە(١)
دڵم پڕ خوێن و چاوم ئەشکبارە(٢)
تەماشای عالەمم حەصرە لەسەر ڕووی
بە دڵدا بێ خەیاڵێ، ڕووی نیگارە
لە حەسرەت ڕووی نیگارینی هەمیشە(٣)
دەروونم پڕ لە ڕەنج و پڕ لە نارە
نەسیمی گوڵشەنم بادی سەموومە(٤)
بڵێ: گوڵ، بێ گوڵی ڕووت عەینی خارە
مەزاقم دەردی هیجرانی ئەتۆی دی
ئیتر شەککەر لەکن من زەهری مارە
مەکەن لۆمەم ئەگەر صەحرا نەوەردم(٥)
مەکانی ئاهووان و جێ شکارە(٦)
بەهاری عوشرەتم زستانە بێ تۆ(٧)
بەبێ من تۆ خەزانت وەک بەهارە
نەوەک هەر من گرفتاری نیگارم(٨)
هەزارێکی وەکو من ئینتیظارە(٩)
عەزیزان! باعیثی هیجرانە (زێوەر)(١٠)
بەدایم سینە چاک و بێ قەرارە(١١)

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.
(١) مەهجوور: دوورخراوە، واز لێهێنراو.
(٢) ئەشکبار: فرمێسکاوی.
(٣) نیگارین: وەک وێنە جوان.
(٤) گوڵشەن: باخ و گوڵزار. بادی سەمووم: بایێکی گەرم گڕاوی و ناهەموار و ژەهراوی.
(٥) صەحرانەوەرد: ئەوەی بەدەشت و بیاباندا دەگەڕێ و لەوێ دەژیا.
(٦) ئاهووان: کۆی (ئاهو)وە واتە ئاسک. شکار: ڕاو.
(٧) عوشرەت: ڕابواردن.
(٨) نیگار: کینایەیە بۆ ئافرەتێ وەکو وێنە جوان بێ.
(٩) هەزار: ژمارەیەکی ئاشکرایە. هەروەها بەعەرەبی ناوە بۆ بولبول.
(١٠) باعیثی هیجران: هۆی دوورکەوتنەوە لە یار و دڵدار.
(١١) سینە چاک: سینە لەت کراو.

هەموو دەم*

هەموو دەم ئێستە موشتاقم کە نایێ دولبەرم یادێ(١)
ئەما ئەو ڕەنگە سەد ساڵیش لە حاڵی من نەکا یادێ
هەتا شیرینی دەوران و موقیمی ڕوتبەیی نازی(٢)
بەناڵە و شۆڕش و غەوغا هەموو کەس بۆتە فەرهادێ
تەحەییور ماوم -ئەی یاران!- لەفەننی نازو خودبازی(٣)
چلۆن فێربوو کە منداڵیشە، بێ تەعلیمی ئوستادێ!؟!
گەلێکم وت بەدڵ: دانیشە دنیا پڕ لە ئاشووبە
هەتاکو عاقیبەت گرتی کەمەندی زولفی صەییادێ(٤)
دڵم وەک بولبولی گوڵزاری کیشمیر و سەمەرقەندە(٥)
لەسەد ئاواز ئەخوێنێ بۆ گوڵێ گەر لێی بدا بادێ(٦)
بەوێنەی کۆهکەن ضایع بۆ ناڵە و شیوەن و شینم(٧)
کە ڕحمێکی نەکرد ئەو کافرە جارێ بەفەرهادێ(٨)
مەڵێن (زێوەر) بەخۆڕایی ئەناڵێنێ و ئەکا شیوەن
گرفتارە، بریندارە، بەتیغی چاوی جەللادێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٣ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٨٠ بڵاو کراوەتەوە.
(١) نایێ (کەشکۆڵ) ناوی (بەیان)

(٢) ڕوتبەیی نازی (کەشکۆڵ)، ڕوتبەیی نازە (بەیان).
(٣) خودبازی: بەکەسێک دەگوترێ لەخۆوە یاری و سەما بکا.
(٤) زولفی صەییادی (کەشکۆڵ) داوی صەییادی بەیان واتە: گەلێکم بەدڵ گوت دانیشە، ئەوەندە سەرەڕۆ مەبە وازی نەهێنا و بەقسەی نەکردم تا یار -بەزولفی وەک کەمەندی- گرتی و تێکییەوە پێچا و تازە ڕزگاربوونی نابێ. چونکە نێچیرەوان کە نێچیری گرت تازە زەحمەتە بەرەڵای بکا.
(٥) کشمیر: وڵاتێکی زەراعی گرینگە کەوتۆتە نێوان شیمالی هیند و پاکستانی غەربییەوە.
سەمەرقەند: شارێکە کەوتۆتە ناوەڕاستی کۆماری ئوزبەکستانەوە جەنگیزخان ڕووخاندی دوایی تەیموری لەنگ داگیری کرد و کردی بەپایتەختی خۆی قەبرەکەشی لەوێیە.
(٦) (لەسەد ئاواز ئەخوێنێ) دەبی (بەسەد ئاوازە خوێنێ) بخوێندرێتەوە شایانی باسە لە کەشکۆڵی (أ)دا (سەر ئاواز) نووسراوە.
(٧) کۆهکەن: کێو هەڵکەن، مەبەستی فەرهادە.
(٨) بەفەرهادێ: لە کەشکۆڵی (أ)دا (بەفەریادێ) نووسراوە.

گرتوومە لە عالەم صەنەمێ*

گرتوومە لە عالەم صەنەمێ، لالە عوزارێ
شیرین خەت و خاڵی چ عەجەب دیدە خومارێ!(١)
سەد دولبەری چینی بەفیدای نیمە نیگاهی(٢)
سەد حوور و پەری بێ بەفیدای عیشوەیی جارێ
باری غەمی دڵ سەهلە بەتای پەرچەمی لاچێ
بیکا بەکەمەندی دڵی میحنەت زەدە بارێ(٣)
کاکۆڵی سیا لازمە بۆ گەردنی زیوین
گەنجێ کە ببێ لازمە بۆ حارسی، مارێ(٤)
مومکین نییە بێ ڕەنجی عەدوو گەنجی ویصالت
وەصڵی گوڵ ئەگەر بێ نییە، بێ ئافەتی خارێ(٥)
ڕیشەی دڵی هەڵکەندووە ڕیشووی ڕەشی مشکی
گەر هۆشی بە ڕیشوەت نەدەمێ زەحمەتە چارێ
کامی دڵ ئەگەر بێتو ڕەوابێ لە لەبی ئەو(٦)
تا ڕۆژی قیامەت لە لەبم شەککەر ئەبارێ
سەر کۆهی خەفەت کەوتووە (زێوەر) بەتەماشا
لەو کۆهی غەم و میحنەتە ئەو نایەتە خوارێ(٧)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٧-١٨٨ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٩ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە١٢٧، ل٨١دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) صەنەم: بت، هەیکەلی پەرستراو. لالەعوزار: گۆنا سوور وەک گوڵی لالە. دیدە خومار: چاو مەست.

(٢) نیم: نیوە. نیگاه: بەتیلەی چاو لەلاوە سەیرکردن.

(٣) میحنەت زەدە: خەم و خەفەتبار. بارێ: جارێک.

(٤) کاکۆڵی سیا: زولفی ڕەش.

شاعیر نیوە دێری دووەمی کردووە بە (حسن التعلیل) بۆ نیوە دێری یەکەم. ئەوەتا دەڵێ: بۆیە زولفی ڕەشی لە دەوری گەردنی زیوینی ئاڵاوە چونکە ئەو گەردنە گەنجی زێڕ و زیوە گەنج و خەزینەش پێویستی بەحەرەس و چاودێریکەر هەیە، کەوا بوو زولفی وەکو ڕەشمار بووەتە حەرەس و نایەڵێ کەس دەستی بۆ بەری یان لێی نزیک بێتەوە.

(٥) ویصال: گەیشتن بەمراد. خار: چقڵ و دڕک. ئەگەر بێ: ئەگەر ببێ لە نێوان (بێ) و (بێ) جیناسی تەواو هەیە. لێرەشدا نیوە دێری دووەم بووەتە (حسن التعلیل) بۆ نیوە دێری یەکەم.

(٦) کام: ئارەزوو.

(٧) کۆه: کێو، کەژ. نیوە دێری دووەمی ئەم تاکە شیعرە لە (بەیان)دا بەم جۆرەیە:

(پێی خۆشە ئەگەر لەم غەمە بیهێننە خوارێ).

نیگارا!*

نیگارا! تۆ لە هەر جێگە دیاری
لە ڕووتا گوڵ ئەکێشی شەرمەساری
بە چاو نێرگس، بەدەم غونچە، بەڕوو گوڵ
هەمیشە صاحێبی حوسنی بەهاری
لە پەندی ئەهلی دانش گوێم گرانە(١)
کە مەنعم کا لە زاریی یا لە زاری(٢)
لە وەسفی نازکیتا دەستە ئەژنۆن
هەزارێکی وەکو نالیی و ناری(٣)
نەهاتیمە کە وەعدت دا نەهاتی
سپی بوو، کوێر بوو چاوی ئینتیظاری(٤)
قەسەم بەو خاکی بەرپێی تۆیە قوربان!
بەشم هەر زیللەتە و هەر خاکساری
ئەگەر تۆ بێیتە لام سەر وا لە ڕێتا
ئەگەر من بێم ئەکەم هۆشم بەدیاری
ئەزانی، بۆچ عەزیزی تۆ لەلای من
کە پەروەردەی هەوای ناو شاخ و داری
کە نەتبێ عەشقی باد و ئاب و خاکت
لە لام هەر ناری گەردانەی هەناری(٥)

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨٩-١٩٠ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٥٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی

ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) ئەهلی دانش: خاوەن عەقڵ و زانست.

(٢) زاریی: گریان و هاوار. زاری: دەم. لەنێوان (زاریی) و (زاری) جیناسی چون یەک هەیە.

(٣) هەزار: ژمارەیەکی ئاشکرایە یا بەمانا بولبولە هەردوو ماناکان بۆ ئێرە دەگونجێن. نالی: مەلا خدری شارەزووری شاعیری گەورەی کورد و مامۆستای شیعری کلاسیکی بەشێوەی کرمانجی خواروو.

ناری: مەلا کاکە حەمەی بێلو. لە کۆکردنەوەی (هەزار)ی بەمانا بولبول لەگەڵ وشەی (نالی) کە لە ناڵینەوە هاتبی تەناسوبێکی جوان هەیە.

(٤) (نەهاتی) یەکەم بەمانا بێ شانس و ئیقبالی، (نەهاتی) دووەم بەمانا پێچەوانەی هاتن و حازربوونە. لە نێوان (نەهاتی) و (نەهاتی) جیناسی مورەککەب هەیە. چونکە (نەهاتی) دووەم پێکهاتووە لە (نە) ئامرازی نەفی+(هاتی).

(٥) هەر ناری: هەر ئاگری لە نێوان (هەرناری) و (هەناری)دا جۆرە جیناسێکی جوان هەیە.

کەوتمە داوی*

کەوتمە داوی نیگارێ، مەهـ جەبینێ، دولبەرێ
ئیختیارم لا نییە گەر دین و ئیمانم بەرێ(١)
سونبولی تەڕ ڕائیحەی کەی نەوعی زولفەینت ئەبێ
نافەیی ئاهوویی چین باجەکە ئەیخاتە دەرێ(٢)
هەر سەحەر گاهان ئیفاقەی بێ زەمانی دەردەکەم
لەش بریندارم بەتیغی دولبەرێ، قەد عەرعەرێ(٣)
پێم بڵێ: بۆ حەلقە حەلقە پەرچەمت کەوتۆتە مل؟
خۆ بەقانوون و نیظام زنجیر لە گەردن ناکرێ(٤)
ئارەقی سەر ڕوومەتت ئابی حەیاتە، زەمزەمە(٥)
هەر کەسێ نۆشی بکا تا ڕۆژی مەحشەر نامرێ
سینە کوورە، دڵ کەباب و، باوەشینی ناڵەیە
ئاوی وەصڵی ئەو نەبێ ئەم ئاگرە دانامرێ(٦)
بۆ بەخۆڕایی ئەتۆ (زێوەر) ئەڵێی من موخلیصم
کوا ڕەفیقێ؟ کوا شەفیقێ؟ تا جەوابت بۆ بەرێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٢ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە.

(١) نیگار: وێنە، خۆشەویست. مەهـ جەبین: ڕوخسار وەک مانگ.

(٢) سونبول: جۆرە گوڵێکی بۆنخۆشە لە گوڵدانا دەنێژرێ بۆ نەورۆز ئامادە دەکرێ زەنگوڵ زەنگوڵ شۆڕ دەبێتەوە. نافە: مووی بۆنخۆشی بن ناوکی ئاسکە.

(٣) سەحەر گاهان: بەرەبەیان.

(٤) مامۆستا (زێوەر) ئەم دێرە شیعرەی لە دێرە شیعرەکەی وەفایی دەچێ کە دەڵێ:

پێم: بلێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە
خۆ بەشەرعی موصطەفا جەننەت بەکافر نادرێ

(٥) ئابی حەیات: ئاوی ژین. دەڵێن کانیاوێکە لە تاریکیدایە هەر کەسێ بیدۆزێتەوە و لێی بخواتەوە تا ڕۆژی قیامەت نامرێ.

(٦) ئەم شیعرەی (زێوەر) لە دێرە شیعرێکی ناری دەکا کە دەڵێ:

ڕوومەت وەکو ئاتەش موژەت وەک شیشە ئەبرۆت قیمەکێش
میروەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی (ناری)یە

لە غەیرە خاڵییە*

لە غەیرە خاڵییە مەجلیس نیگاری مەهـ جەبین بابێ
سوراحی گەردەنێ، چاوپیاڵە، یاری نازەنین بابێ(١)
لە زاهید دڵ بەئازارم لە سەیری سۆفی بێزارم
لەنێو دەیری موغانا موغبەچەی بێ دەئب و دین بابێ(٢)
بە ناسۆر کەوتووە، زەخمی دڵم بەو زوڵفە موشکینە(٣)
بە خەندەی لێوی شەککەر باری مەرهەم بۆ برین بابێ
لە ڕێگای دیدەوە موڵکی دڵی خستۆتە ژێر حوکمی
ئەمیری بەحر و بەڕ، سەرداری خووبانی زەمین بابێ(٤)
خەزانی فیرقەتی هاتوو گوڵستان مایەوە بێ گوڵ
لە سینەی بولبولی بێ خان و مان ناڵەی حەزین بابێ(٥)
بە ئەشکێ ئاڵ و زەرد و سووری من ڕەنگینە کاشانە
عەجائیب مێرغوزارێکە غەزالەی دەشتی چین بابێ(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٨-١٨٩ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٩-٥٠)ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.

(١) مەهـ جەبین: ڕوخسار وەک مانگ.

(٢) زاهید: ئەو کەسەی کە بەڕواڵەت خۆ واپیشان دەدا کە دنیای ناوێ. دەیر: کلیسا. موغبەچە: بەچکە مەلای زەردەشتی، بریتییە لە شاگردی مەیخانە.

(٣) زوڵفی موشکین: زوڵفی بۆنخۆش وەکو بۆنی میشکی خەتا و خوتەن.

(٤) خووبانی زەمین: جوانانی دنیا.

(٥)خەزان: پاییز. فیرقەت: جودابوونەوە. خان و مان: جێگەو ڕێگە، ماڵ و مەڵبەند.

(٦) ئەشک: فرمێسک. کاشانە: خانووبەرە و بەردەرگا. غەزالەی دەشتی چین: ئاسکۆڵەی دەشتی چین.

با نەچێتە لای ڕەقیبان*

با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەو لا نەبێ، لەولا نەبێ

دیدە وەختێ تۆی لەلا حازر نەبێ وا حەز ئەکا
بۆ نەظەر لەعل و دوڕی یەکتانەبێ، یەک تا نەبێ
عاریفی حەق بین چ باکی زینەت و ئارایشە
وای ئەوێ ناو شار و ناو دێ وا نەبێ، دێوانە بێ
دۆستی و خزمی نەماوە بۆ ڕەفیقی خۆی فەلاح
حەز ئەکا بەو شەرتە گەر بێ گا نەبێ بێگانە بێ
هەر کەسێ بۆ تەرکی دلبەر دێ نەسیحەتمان ئەکا
ئەم دوعایەی لێ ئەکەم: یاخوا نەبێ، یا (خوانە) بێ
شەمعی ڕووتە بۆتە باعیث (زێوەر) ئێستا دائیما
گەر لە خاتریا کەمێ پەروا، نەبێ، پەروانە بێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٧ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٦ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧، ل٩١یشدا چاپ کراوە.
شایانی باسە کە شاعیر لە سەرلەبەری دێری دووەمی شیعری ئەم قەصیدەدا جیناسی جوان جوانی بەکارهێناوە کەچی سنعەتە لەفظییەکە و وشەسازییەکە هیچ کارێکی سەلبی نەکردۆتە سەر ڕەوانی و نازکی شیعرەکە.

بەئێشی نێشی...*

بەئێشی نێشی تیرت دڵ لەتە، کەی بێ دەوایێ بێ؟
بەسەر چین چینی زولفی تۆ سەحەر بادی صەبایێ بێ(١)
پیادەی دڵ لە سەطحی ڕێگە تا پێچ و پەنای ناوێ
بە(روخ) ماتی مەکە خەوفت لەحوکم و ئەمری (شا) یێ بێ(٢)
بەدوو چاو و دوو ئەبرۆ و خەتت و خاڵی شەشدەری لێم گرت(٣)
لە بنیا داشی دڵ گرژاوە، سا ڕەببی گوشایێ بێ
بەجان و دڵ، سەروماڵ، دین و ئیمان هاتمە کۆیی تۆ
بەڕەسمی دوشمنی لاوە، خودا تووشی بەڵایێ بێ
لەدڵما زەهری هیجرانت بەسەد پیاڵەی شەراب ناڕوا
چ نەفعی بۆ منە موطریب بەسەد ساز و نەوایێ بێ؟
لەبەختی من دوو ئەبرۆت هەروەکو شمشێری بوڕڕانە
بە من چی بۆ ڕەقیبان گەر وەکو باڵی هومایێ بێ
دەڵێ (زێوەر): هەتا ماوم لە وەصڵت نائومێد نابم
ئومێدم هەر هەیە جارێ کە تەئثیری دوعایێ بێ

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(١) بادی صەبایێ: شنە بایەکی بەیانی.
(٢) پیادە، سەطح، ڕوخ، مات. شا: ئامرازی شەترەنجن، دیارە زێوەر یاری شەترەنجیشی زانیوە.
(٣) شەشدەر: زاراوەییێکی یاری کردنە بریتییە لەوە یەکێک لە یاری کەرەکان بەردەمی پۆلەکانی بەرامبەرەکەی گرتبێ و نەهێڵێ زارەکەی هەڵدا، هەروەها کینایەشە لە سەر لێشێواوی.

شوعاعی شەمس*

شوعاعی شەمس و شەوقی شەمع و لەمعەی بەدر ئەبێ ون بێ(١)
لە جێگایێ کە ڕوخساری نیگاری دولبەری من بێ
بەدوو ڕەشماری سەرشانی دەڵێی ضەحاکی سەففاکە(٢)
لەقەتلی کەس قوصوور ناکا ئەگەر ئینس و ئەگەر جین بێ
ئەوا مردم بەسم سا تیرە باران کە بەموژگانت
لەسەرتا بۆ بەخۆڕایی هەموو ئەخلاقی (بەهمەن) بێ(٣)
لە ڕێگای عەشقی تۆدا تووشی زیندان بم لەلام خۆشە
چییە باطالیعی سستی منیش وەک بەختی (بێژەن) بێ(٤)
هەتا عیشقم لەسەردا بێت و هیجرانم لە ڕێ دا بێ
لە کوللی ساعەتێکا هەر دەبێ چاوم لە مردن بێ
کە چاوی مەست و خوێنڕێژی بەغەمزە مەیلی عاشق کا
دەبێ پیاڵەی شەرابی لەعلی ڕوممانیی سەر و بن بێ(٥)
ئەگەر (زێوەر) لە حوببی تۆ سەعاتێ قەلبی خاڵی بێ
ئیلاهی! ئەو دڵەی دەردەم نیشانەی تیری دوشمن بێ

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.
(١) (بەدر ئەبی) دەبێ بە (بەدرە بێ) بخوێنرێتەوە.
(٢) ضەحاک: زوحاک. سەففاک: خوێنڕێژ.
(٣) بەهمەن: ئەردەشیری کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی گۆشتاسیبە یەکێکە لە ناودارەکانی کۆنی ئێرانی.
(٤) بێژەن: کوڕی گیوە، کوڕە پاشا و بەناوبانگی ئێرانییە. عاشق و شەیدای مەنیژەی کچی ئەفراسیاب بووە، لە هەل و فرسەتێکدا ئەفراسیاب شەو لە ماڵی خۆیدا گرتوویەتی و زیندانی کردووە.
(٥) شەرابی لەعلی ڕوممانی: واتە شەرابی ڕەنگ سووری شێوە کاڵی وەک ڕەنگێکی کە پێک هاتبێ لە تێکەڵکردنی ڕەنگی لەعل و ڕەنگی هەنار.

بەهاری*

بنوارە نەو بەهار و هەوای تەراوەتی(١)
نووساندی پێکەوە لەبی غونچە حەلاوەتی(٢)

هێنایە شەوق و زەمزەمە طەیرانی سەر زەمین(٣)
سەرما بڕایەوە هەموو توندی و صەلابەتی
هەورە برووسکە بۆتە سەقا ئاوڕشێن ئەکا(٤)
تا، سەبزە زاری ئەرزی موجەللا بێ صەفوەتی(٥)
ئەم عەردە مردووە هەموو ڕۆحی کرایە بەر
گۆڕاوە سەر بەسەر هەموو دنیا قیافەتی
بادی صەبا بەجیلوە قەدی گوڵبونی لەران(٦)
گوڵ زاری کردەوە کە بکا شوکری نیعمەتی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٢-١٩٣ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ش بڵاو کراوەتەوە.
(١) تەراوەتی = طەڕاوەتی: تەڕوبڕی و شێداری.
(٢) لەب: لێو. حەلاوەتی: شیرینی.
(٣) زەمزەمە: گۆرانی و هەراوهۆریا. طەیران: باڵندە و پەلەوەر.
(٤) برووسکە کەشکۆڵی (أ) تریشقە: گۆڤاری (بەیان). سەقا: ئاودێر.
(٥) سەبزە زار: سەوزایی، بەشوێنێک دەوترێ گژوگیا و سەوزایی زۆری لێ بێ. موجەللا: پاک و بێ تۆز و گەرد.
(٦) بادی صەبا: شنەبای بەیانی. گوڵبون: دارگوڵ. بەڕاستی (زێوەر) لەم دێرە شیعرەی کۆتاییدا تابلۆیەکی جوان و مانایەکی ناسکی خستۆتە نێو ئەم وشانەوە. چونکە وەکو ئاشکرایە غونچەی گوڵ کاتێ با لێی دەدا دەپشکوێ وە ئەمە شتێکی سروشتییە بەڵام (زێوەر) هۆی پشکووتنەکە دەباتەوە بۆ شتێکی تر و دەڵێ غونچەکە با لێی دەدا بۆیە دەپشکوێ چونکە دەم دەکاتەوە سوپاسی بای صەبا بکا.

وەک قەدەح چاوم*

وەک قەدەح چاوم لەسەر دەست دائەنێم نانووم شەوێ
شەست پەڕی ڕووت تا لە ناو باخی زەمانا سەرکەوێ
ئەنجوومی ڕووی زەمین مەحون بەنووری طەلعەتت(١)
وەک ستارەی ئاسمان مەحون شەفەق گەر دەرکەوێ(٢)
موتتەصیل تا صوبحدەم غەرقی خەیاڵی ڕوویی تۆم
عاجزە، تۆراوە لێم، خۆ هەر نزیکم ناکەوێ(٣)
عاشقان هەریەک لە پێشتر خۆ بەقوربانت ئەکەن
ڕەبی قوڕیان تێ کەوێ نۆبەم کە هەر بەرناکەوێ
گەرچی دەرمانە نیگاهت بۆ برینی نێو دڵان
طەبعی نازە دڵی من ئەم دەوای پێ ناکەوێ
کافر و ئیسلام موقابیل بوون لە شاری حوسنی تۆ
باعیثی چی بێ کە ئیسلام دەفعەیێ سەر ناکەوێ!(٤)

(زێوەر)ی دڵ پڕ موصیبەت بەندە بۆ خزمەتگوزار
مەیکوژە ئێجگارەکی عەبدی وەهات دەس ناکەوێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩١ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.
(١) ئەنجووم = أنجم: کۆی نەجمە، واتە: ئەستێرەکان. طەلعەتت: ڕوخسارت.
(٢) ستارە: ئەستێرە. شەفەق: ڕووناکی پێش هەتاو کەوتنە.
(٣) صوبحدەم: دەمەوبەیانی.
(٤) مەبەستی بەکافر زولفەکانی یارە. چونکە زولف ڕەشە، شاعیران وشەی کافریان کردووە بەکینایە بۆی. هەروەها وشەی ئیسلامیشیان کردووە بەکینایە بۆ ڕوخسار.
جا لێرەدا شاعیر دەڵێ: زولفی ڕەش و ڕوخساری پڕشنگدار لە شاری حوسن و جوانیت دا کۆبوونەوە و بەرامبەر یەک وەستاون بەڵام هەموو دەم زولفەکانت زاڵن و سەرکەوتوون تێ ناگەم بۆچی جارێک ڕوخسارت سەر ناکەوێ و زولفت لاناچێ؟!!!
(وەفایی)یش لەم بارەوە گوتوویەتی:

پێم بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە؟
خۆ بە شەرعی موصطەفا جەننەت بەکافر نادرێ

حەکیمی دەردی من*

حەکیمی دەردی من ئەو چاوەیە قەت دوختەرم ناوێ(١)
لە ڕێگای عەشقی تۆدا گوم ببم یەک ڕەهبەرم ناوێ
تەماشای زولفی ئاڵۆزاو و سەرمینایی گەردن کەم
لە صەحنی گوڵشەنا هیچ سەیری عوود و عەنبەرم ناوێ(٢)
سەعاتێ هەم نشینی تۆ ببم ئەقصای ئاماڵە(٣)
ئیتر حوور و قوصوور و لەحمی طەیر و کەوثەرم ناوێ
بە وەعظی واعیظ ئەمڕۆ چونکە عالەم حاڵی گۆڕاوە(٤)
هەتا مشکیی عەلیخانی بوەستێ مێزەرم ناوێ(٥)
ئەگەر دوو سێوەی زیوینی لە باخی سینەدا دەرخا
هەتاکو ڕۆژی مردن شەرتە تەختی سەنجەرم ناوێ(٦)
ئەسیری حوسنی تۆم، ئازادی تەعنەی عالەمم بیللا
لە باتی خاکی بەر دەرگانەکەت سیم و زەڕم ناوێ
تەقەی دەف، حەلقەی دەروێش، ئەڵێی نانێکی بێ خوێیە
کە نووری مەعریفەت گوم کەم چراغی ئەختەرم ناوێ(٧)
لەڕێی طۆفانی زیللەتدا حەیاتی عارییەت مەرگە(٨)
لەگەڵ بێ حورمەتیدا بارەگاهی قەیسەرم ناوێ

....

* ئەم شیعرە لەژێر عینوانی (زێوەر ئەڵێت)دا لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٦ی ساڵی ٩ی ١٩٤٨ز بلاو کراوەتەوە، لە

کەشکۆڵی (ب) ل٥٦-٥٧دا نووسراوەتەوە و (محەمەد عەلی قەرەداغ)یش لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ ل٢٠ جارێکی کە بڵاوی کردۆتەوە. لە ل١٩٨ی کەشکۆڵی (أ)یش نووسراوەتەوە.
(١) دوختەرم (گەلاوێژ) دوکتەرم (کەشکۆڵ و بەیان)
(٢) صەحنی گوڵشەن: مەبەستی ناو باغ و گوڵزارە.
(٣) ئەقصای ئامالە: ئەوپەڕی ئاواتە.
(٤) بەوەعضی واعیظ (گەلاوێژ) لە وەعظی واعیظ (کەشکۆڵ و بەیان).
(٥) مشکی و عەلیخانی: دوو جۆرە شەدەن. لە کەشکۆڵ و بەیاندا نووسراوە (مشکیی عەلی خانی...) واتە شەدەی عەلی خانی.
(٦) سەنجەر: دەبێ مەبەستی سەنجەری کوڕی عەبدوڵڵا جاولی بێ کە لە دیاربەکر لە ٦٥٣ک ١٢٥٥ز. لە دایک بووە، بووەتە یەکێک لە بڕوا پێکراوانی (ظاهر بیبرس) میسری، دوایی بووەتە والی و لێپرسراوی وڵاتی غەززە، ئەمیرێکی عادل و خێرخواز و زانست پەروەر بووە ساڵی ٧٤٥ک ١٣٤٥ز لە قاهیرە لە دنیا دەرچووە. النجوم الزاهرة بەرگی ١٠/١٠٩.
(٧) چراغی ئەختەر: چرای وەکو ئەستێرە ڕووناک.
(٨) حەیاتی عارییەت: واتە ژیانی بەئەمانەت و بەردەوام نەبوو.

ئەو دولبەرە*

ئەو دولبەرە نەوڕەستە کە ڕەنگی بنوێنێ
ڕەنگە لە فەلەک جەمعی مەلائیک بنوێنێ(١)
تیغی خەمی ئەبرۆی ئەگەر بێتە بزووتن
زنجیری ئەمەل، ڕشتەی ئیمان ئەپسێنێ
هەر لەحزە بەشوعلە و ڕوخی گوڵ ئاتەشیی خۆی
لەم (بۆتە)ی سینە مسی قەلبم ئەتوێنێ(٢)
بونیادی خەیاڵم کە ئەشوبها بەدەماوەند
هەر لەحزە بەتیرێکی موژەی دای ئەڕووخێنێ(٣)
وا صوورەتی وا سیرەتی هەر عەینی کەماڵە
جار جارە بەشەرمێکەوە عاشق ئەدوێنێ(٤)
خەرمانی وجوودی بەخوا دوورە لە ئافات
هەر کەس لە دڵا توخمی وەفای ئەو بڕوێنێ
ئیعجازی مەسیحا لە لەبی پڕ شەکەرایە
سەد موردە ئەکا زیندە و زیندە ئەمرێنێ(٥)
ڕوخت کە بەهای عیشوە و نازی ئەوە (زێوەر)
لەو کافرە خۆت لادە کە دینت ئەفڕێنێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٠-١٩١ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.

(١) (بنوێنێ)ی یەکەم واتە ڕای بنوێنێ بەدەری خا ، (بنوێنێ)ی دووەم واتە خەوی لێ بخا بیان خەوێنێ. لە نێوان هەردوو وشەی (بنوێنێ)دا جیناسی تەواو هەیە.

(٢) لەحزە = لەحظە: کات. شوعلە: تیشک. گوڵ ئاتەشی: گوڵی وەک ئاگر سوور.

بۆتە: فنجانێکی گڵێنەی سوور کراوەیە زێڕی تێدا دەتوێننەوە، ئەم وشە کوردییەکی پەتییە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە (بودقە).

(٣) بونیاد: بناغە.

دەماوەند: بەرزترین لووتکەی کێوی ئەلبورزە لە ئێران ٦٣٠٠ مەتر بەرزە، یەکەم کەس گەیشتۆتە لووتکەکەی لە ئەوروپایی (ئولیڤیە) بووە. دەماوەند: لووتکەی کێوی ئەلبورزە کە کەوتۆتە کەناری دەریای خەزەر، لەلای جنووبییەوە بڵندی شەش هەزار مەترە و بڵندترین چیاکانی ئێرانە (ن.م).

(٤) صوورەت: شێوە و سەروسەکوت. سیرەت: ژینامە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە.

(٥) ئیعجاز: موعجیزە، کردنی کارێکی نائاسایی لە عادەت بەدەر لەگەڵ داوای پێغەمبەریەتیدا. موردە: مردوو. ئاماژەیە بۆ چیرۆکی حەزرەتی عیسا کە بەدوعا و پاڕانەوە لە خوا مردووی زیندوو کردۆتەوە و مردوو زیندووکردنەوە یەکێک بووە لە موعجیزەکانی.

چاوت شەهەنشەهێکە*

چاوت شەهەنشەهێکە، ئەبرۆت وەکو وەزیری
بۆ قەتلی عاشقانت موختاریی و ئەمیری
بەتیغی ناز و حوسنی جانم شکافتەیی بوو
جەرگم بووە نیشانەی هوجوومی دەستە تیری
دەستە و نەزەر ئەوەستێ تابووری عاشقانت
موشتاقی حوکم و ئەمرن لە نوطقی وەک موشیری
ئەم دەردی عەشقە هەرگا ڕێگەی بەجێگەیێ برد
مردن نەبێ کە لای با! ناڕوا بەدەردی پیری
هەرگیز لە دەردی عەشقی (زێوەر)! نەکەی شکایەت
ئێستا تەقەڕڕوبت بوو بەواسیطەی ئەسیری

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٦-١٩٧ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٥ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٩دا بڵاو کراوەتەوە.

یارێکی دڵ ئازار دەر*

یارێکی دڵ ئازاردەری شۆخێکی بەکینی
ئافاتی دڵی عالەم و ئاشووبی زەمینی
من تابی هوجوومی صەفی موژگانی ئەتۆم کوا؟
دایم بەکەمانی خەمی ئەبرۆ لە کەمینی(١)

تۆ هەر نەوەکو دوزدی مەتاعی خیرەدی و هۆش
سەرقافڵەی جەردەیی بارخانەی دینی(٢)
وێنەت ئەکەم و نایکەم و دەیڵێم و دەناڵم
تۆ یا پەریی بێ پەڕی یا ئاهویی چینی(٣)
مەقصوودی و مەرغووبی و مەحبووبی قولووبی
شیرینی و ڕەنگینی و خەندە نمەکینی(٤)
هێند خەندەی ئابدار و لەطیفە بەتەراوەت
خەوفم هەیە بتوێتەوە لێوی شەکەرینی
شامی غەمی هیجر و ئەلەمم دێتە نیهایەت
گەر دەربکەوێ ڕووی شەفەق و صوبحی جەبینی(٥)
گەر (ڕافضی) و (شیمە)و گەر (گەبر) و (یەهوودە)
هەرچی هەیە وەڵڵاهی منم تابیعی دینی!!
موددێکە کە دووربووم و جەفا دیدەو و ڕەنجوور
نەت پرسی: کە کوا (زێوەر)و ئەشعاری مەتینی؟(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٤ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٣ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٢٧، ل٨٧)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) تاب: هێز و توانا، تین و تاقەت. خەم: چەمیو، لوول.

(٢) دوزد: دز. مەتاعی خیرەد: کاڵای عەقڵ.

(٣) ئاهوو: ئاسک. چین: وڵاتی چین کە بەئاسک ناوبانگی لەشیعردا زۆرە.

(٤) مەقصوود: مەبەست. مەرغووب: دڵگیر. مەحبووب: خۆشەویست. نمەکین: خوێ واوی، کینایە لە خۆشی و بەتامی.

(٥) شام: ئێوارە. غەمی هیجر و ئەلەم: خەفەتی دووری و ئازار. شەفەق: پاشماوەی ڕووناکی خۆر و سوورایەتی لە سەرەتای شەودا واتە ئەو سورایییە دەبینرێ لە نێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا لە ڕۆژئاوا. صوبحی جەبین: واتە ناو چاوانێک کە وەکو ڕووناکی بەیانی دنیا ڕووناک دەکاتەوە.

(٦) ئەشعاری مەتین: شیعری بەهێز و ڕەوان و ئەفسووناویی.

بەقامەت*

بەقامەت سەروی بۆستانی بەطەلعەت ماهی تابانی
لە بەینی ماه ڕوویانا وەکو بەدری نومایانی(١)
لە پێشا مەدرەسە و، دیر و خەراباتم لە لایەک بوو
دوو میحرابی برۆت کێشامییە دینی موسڵمانی(٢)
لەحوزنا پیری کەنعانم، عەجەب صەبری جەمیلم بوو!
بەدڵ موشتاقی بۆی وەصڵم ئەلا ئەی یوسفی ثانی!(٣)

بەدەفعی سیحری چاوانت یەدی بەیضام هەیە ئەمما
لە ئەشکی خۆمەدا غەرقم بەسەیری رووی تابانی(٤)
بەشەر مەیلی بەشەڕ زۆرە جەفات گەر کەم ئەبوو ئەم وت
لە بەینی عالەمی رۆحانیان مەئمووری رەحمانی(٥)
بەلێ رۆژی بەعیدی تۆ بە، عیدی غەیر ئەشوبهێنم
حەنایی پەنجەی و بەرگم لە سایەی ئەشکی رومانی(٦)
چ حاجەت تیری موژگانی لە من دا صەرف ئەکا ناحەق
کە من بۆ خۆم گرفتارم بەتای زولفی پەرێشانی؟
کەلامی شەککەرین (زێوەر) وەکو ئیعجازێ ئەنوێنێ
قەمەر دوو کەرت ئەکا هەر گا کە مەیلی بێ بەئاسانی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٥ی کەشکۆڵی (أ) و (٥٤)ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٢٧، ل٨٦)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ماهی تابان: مانگی تیشک دەرەوە و ڕووناکی. ماە ڕوویان: ئەوانەی ڕوخسارێان وەکو مانگ جوانە. بەدر: مانگی شەوی چوارە.

(٢) مەدرەسە: فێرگە و حوجرە. دەیر: کلیسا. خەرابات: وێرانە و کاول.

(٣) بۆی وەصڵم (کەشکۆڵی أ) کۆی وصڵم (سەرچاوەکانی تر).

پیری کەنعان: حەزرەتی یەعقووب پێغەمبەر باوکی حەزرەتی یوسف کە بەهۆی لێ ونبوونی یوسفەوە تووشی ئەو هەموو خەفەتە بوو تەنانەت لە تاوانا چاویشی کوێر بوو. صەبری جەمیل: ئەوەیە مرۆڤ کە تووشی بەڵا و موصیبەت بوو هاوار و فغان نەکا ئیشی خۆی حەواڵەی خوا بکا. ئاماژەشە بۆ قسەی یەعقووب کە لەو کاتەدا پێیان گوت کە کوڕە پچکۆڵەشی لە میسر گیراوە وتی:« قال بل سولت لکم أنفسکم أمراً فصبر جمیل عسی الله أن یأتیني بهم جمیعاً انه هو العلیم الحکیم» «سورەتی یوسف ٨٣». بۆی وەصڵم: بۆنی بەیەک گەیشتن. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حەزرەتی یوسف لە میسرەوە کراسەکەی بۆ باوکی ناردەوە هەر لەگەڵ کاروانەکە لە شار دەرچوو یەعقووب وتی: «اني لأجد ریح یوسف لولا أن تفندّون» «یوسف ٩٤» واتە من بۆنی یوسف دەکەم ئەگەر پێم نەڵێن: شێت بووە و خەرەفاوە.

(٤) لەم دێرە شیعرەدا (زێوەر) ئیشارەتی کردووە بۆ سیحری جادووگەرانی فیرعەون و بۆ موعجیزەی حەزرەتی موسا کە دەستی لە باخەڵی خۆی دەردێنا وەکو چرا ڕووناکی دەدا وە بۆ خنکانی فیرعەون و کۆمەڵەکەی لە دەریادا.

(٥) لە نێوان (بەشەر) و (بە شەڕ)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

(٦) بەعید: دوور. عید: جەژن. حەنا: خەنە. ئەشکی ڕوممانی: فرمێسکی ئاڵ وەک ڕەنگی هەنار. لە نێوان (بەعید) و (بە عید)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

مووچەم غەمە*

مووچەم غەمە ئەمساڵ لە جەزای خزمەتی جانی
مایەم دوڕی ئەشکە لە بەهای لەعلی لەبانی(١)

قومری صیفەتم نالە کونان شام و سەحەرگاه
تا دوورە لە من قامەتی وەک سەروی ڕەوانی(٢)
وا بەستەی یەک بوون و حەریفی شەو و ڕۆژن
زولفی لە ڕوخا، ڕوخ لە دڵا، دڵ لە میانی
کەس باعیثی قەتڵم نییە لەم عالەمە ئیللا
چاوی ڕەشی، تیری موژەی، ئەبرۆی کەمانی
ڕوخسار و دوو ئەبرۆی و لەبی غونچە میثالی
وەک شەمعی شەو و ماهی نەو و لەعلی یەمانی(٣)
باوەڕ بکە هەرچی کە بڵێم، شەرحی فیراقت
ڕەنگ زەرد و نەفەس ماندە وەکو شەمعی بەیانی(٤)
تەصدیقی غەمی (زێوەر)ی بێ چارە کە ناکەی
جارێ وەرە خۆت بگرە بەئەحواڵی ئەزانی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٥-١٩٦ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٥ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٩-٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) دوڕی ئەشک: فرمێسکی وەکو مرواری. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە. لێرە مەبەستی لێوی سوورە. لەعلی لەبان: لێوی سوور وەکو لەعل.

(٢) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە. نالە کونان: ناڵەکەران. شام: ئێوارە. سەحەر گاه: بەرەبەیان.

(٣) دوو ئەبرۆی و (کەشکۆڵی أ) - دو ئەبروو (گۆڤاری بەیان). شەمع: چرا. ماهی نەو: مانگی یەکشەوە، مانگی تازە. (زێوەر) لەم دێرە شیعرەدا (لەفف و نەشری مورەتتەب)ی بەکارهێناوە ئەوە لە نیوە دێری یەکەمدا سێ شتی ڕیز کردووە، (ڕوخسار، ئەبرۆ، لێو) لەنیوە دێری دووەمدا بەرامبەر (ڕوخسار) شەمعی داناوە لە بەرامبەر (ئەبرۆ) ماهی نەوی داناوە، لە بەرامبەر (لەب) لەعلی داناوە.

(٤) شەمعی بەیانی: چرای بەیانی. شەمعی بەیانی کە بەڕەنگ زەرد و زەعیف دێتە بەرچاو یا لەبەر ئەوەیە کە چراکە چونکە بەدرێژایی شەو سووتاوە دەمەو بەیان نەوتی تێدا نامێنێ و بەرەو کزی دەڕوا یا لەبەر ئەوەی شۆقی خۆر ڕووناکی چراکە ناهێڵێ و بەزەرد و زەعیف دێتە بەرچاو.

گۆرانی و سروودە نیشتمانییەکان

ئەی کوردینە

گۆرانی لەسەر کێشی* (أنقرەنک داشنەباق)

ئەی کوردینە ئەی مەردینە
با دەست لەناو دەست کەین هەموو
بۆ بەرزییەتی خاکی وەتەن
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو
بێ کەس نییە دایکی وەتەن
ئێمە فیداکاری ئەوین
تا کورد لە عالەم دەرکەوێ
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو
ئەجدادمان شێری زەمان
حورِ بوون و سەربەستی جیهان
باکمان نییە ئێمەیش لەکەس
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو

....

* ئەم شیعرە لە ل١١٠ی سۆزی نیشمان وەرگیراوە لە پەراوێزدا نووسراوە کە (هەر نیوە شیعرێکی ئەم گۆرانییە دوو جار ئەوترێ).
هەروەها لە ژمارەی (١)ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی (١٠)ی ١٩٤٩دا لەگەڵ ژینامە و لێکۆڵینەوەیەکدا بڵاو کراوەتەوە.

گۆرانیی هیوا*

تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ(١)
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میثال
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆتە شیعار و کردەوەم سەربەستی و ئازادیی وەتەن
لەم ڕێگوزاریش بم زەبوون، نابینم ئاثاری مەلال
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
هەوڵ و کۆششم لازمە، بۆ خزمەتی هاو میللەتم(٢)
ڕۆحێ لە ڕێگای میللەتا، نەیبەخشم ئەینێمە چاڵ
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میثال

....

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە ژمارە (٢)ی گەلاوێژی ساڵی (٥)ی ١٩٤٦ی ز بلاوکراوەتەوە لە پێشەوەی نووسراوە:

«ئەم گۆرانییە هی زێوەرە و ڕەفیق چالاک بەمەقامێکی تایبەتی ئاوازی بۆ داناوە کە لەسەری ئەوترێ». لە کتێبی «سۆزی نیشتمان»دا ل١١٩ چاپ کراوە ئەم عینوانەشی بۆ دانراوە (گۆرانی لەسەر کێشی: هیابنا نحو الأمام). ئێمە دەقی گەلاوێژەکەمان بەلاوە وێچووتربوو، ئەومان چەسپاند.

(١) هیوا (گەلاوێژ) مەقسەد (سۆزی نیشتمان)

(٢) هەوڵ و کۆششم (گەلاوێژ) سەعی و تەلاشم (سۆزی نیشتمان)

گۆرانیی لەسەر کێشی

(ئەی وەتەن ئەی ام مشفق شاد و خەندان أول بوگون)(١)

وا وەتەن خەملیوە وەک گوڵ نەوبەهاری میللەتە
شادمانی قەومی کوردە وەختی لوتف و ڕەحمەتە
زەڕڕەیێک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری
جوملە ئەنهاری وەکو کەوسەر هەوای وەک جەننەتە
میللەتی کورد مولکی سەربەستیشی خستە دەستی خۆی
جان نیساری گەر نەکا هەر کەس، بەشی ئەو لەعنەتە

....

(١) سۆزی نیشتمان ل١١٣.

گۆرانی

لەسەر کێشی: ببلادي اتباهی لیتني کنت فداها*

فەخرە بۆ ئێمە کوردستان
شاخ و دەشتی وەک گوڵستان
مەعدەنە بۆ عیلم و عیرفان
بێشەیە بۆ شێر و مەردان
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
ئێمە شوورای وەتەنمانین
قەڵای وەتەن و دینمانین
هەموو کوردین یەک زمانین
سەنگەری ڕووی دوشمنانین
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
میللەتی ساحێب مەتانەت

به سوباته و بەئیرادەت
له ڕێی وەتەندا شەهادەت
بۆ ئێمە فەخرە و سەعادەت
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
چەندە ڕەنگینە ولاتم
خەزێنەی ڕزق و بەراتم
زیکرمە تاکو مەماتم
بەفیدای بێ سەد حەیاتم
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شیری وەتەنین

....

* ئەم شیعره له ل١١٤-١١٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوه.

گۆرانیی نیشتمانی*

ئەی وەتەن! چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی
بێتو گەر من کۆهکەن بم وەصڵی شیرینم ببێ(١)
تیشەیێ نادەم لەبەردت تۆی کە شیرینی منی(٢)
گەرچی ئەرزی، هێند بڵندی وەختە لای من بچیە عەرش(٣)
واسیتەی سەربەستیی و ئیجرایی ئایینی منی
ئیفتیخاری میللەتی، تۆی مادەرێکی میهرەبان(٤)
خوا هیلالیشی بەتۆ دا ماه و پەروینی منی(٥)
نەو بەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەک جەننەتی
فەسڵی زستانیش سەراسەر باخی نەسرینی منی
بۆچی نەقدی جیسم و جانی خۆم بەشاباشت نەکەم(٦)
خاکی ڕاهی حوکمڕانی عیزز و تەمکینی منی(٧)
ئارەزووی فیکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن!
تۆ له جێگەی (قاهیرە) و (تاران) و (بەرلینی) منی

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٢٢ی ز گوتووه، له ژماره (٩)ی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ساڵی (١) ١٩٢٢ی ز بڵاو کراوەتەوه. له گۆڤاری گەلاوێژ ژماره (٧)ی ساڵی (١٠)ی ١٩٤٩دا بڵاو کراوەتەوه. له ل١٤ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوه.

(١) کۆهکەن: کێو هەڵکەن، ئاماژەشە بۆ فەرهاد.
(٢) تیشە: تەشوێ، پاچ.
(٣) واتە ئەی وەتەن! هەرچەندە ئەرز و خاک و خۆڵی و لە ژێر پێ دای بەڵام لای من ئەوەندە بەرز و خاوەن شان و شکۆی وەختە بگەیتە عەرشی کردگار.
(٤) مادەر: دایک. میهرەبان: دڵ نەرم و بەبەزەیی.
(٥) ماه: مانگ. پەروین: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ.
(٦) واتە: وەکو چۆن پارە دەبەخشرێتەوە و دەکرێ بەشاباش، ئەی بۆ منیش جیسم و بەدەن و ڕوحم نەکەم بەشاباشی تۆ؟
(٧) خاکی ڕاهیی: خاکی ڕێگەی.

گۆرانیی وەتەنی من کوردستانە

لەسەر کێشی (طونە نەهری)*

وەتەنی من کوردستانە، یادگاری ئەجدادمانە
بەهەشتی ڕووی سەرزەمینە، خاکی پاکی کوردستانە
با هەموومان وەک برا بین ڕەفیقی دین و دنیا بین
با له وەحشەت تەوەللابین نۆبەتی عیلم و عیرفانە
کورد میللەتێکی ناسراوە، له مەعاریف بەجێ ماوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە
کورد میللەتێکی قەدیمە، ساحێبی تەبعی سەلیمە
شاهیدی ئەم موددەعایە، (صلاح الدین)ی سوڵتانە

....

* ئەم سرووده له ل١١٨-١١٩ی سۆزی نیشتماند چاپ کراوه.

گۆرانی کوردستان وەتەنمانە

لەسەر کێشی (شاشیردی گیر دوشمن ارسلان یاتاغنە)*

کوردستان وەتەنمانە جێگای شێری بابانە
جێگای ئابا و ئەجداد و هەم جێگانەی شێرانە
هەر بژی ئەم وەتەنەمان
بۆ وەتەن جانفیدا بین وا خۆشە تیا فەنا بین
له ڕێی ئەتۆ ئەی چاومان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
بەرە بەرە حەیرانی تۆ بین
شاخ و دەشتی کوردستان وەک جەننەت وەهایە
گشتی دەشتی وەک سەحرای ماچین و خەتایە
هەر بژی ئەم وڵاتەمان

هێلانەی حەیاتمان، ئاشیانەی سەعادەتمان
بانگ ئەکەین بۆ وەتەنمان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
دەستە دەستە حەیرانی تۆ بین
بەعیلم و مەعریفەت ئاوابێ سلێمانی
هەموو شاری کوردان سنە و سابلاخ و وانی
نوورانی و جوانی بێ وەتەن
وەتەنەکەی کوردان! جێگای شێر و مەردان
لە ڕێی ئەتۆ ئەی چاومان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
بەرە بەرە حەیرانی تۆ بین

....

* ئەم سرووده لە ل١١١-١١٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانیی بولبول بە نەغمە

لەسەر کێشی (قافقاسیا داغلری چیچکلر ئاچار)*
لە شیعری (سمعت شعرا للعندلیب) وەرگیراوە

بولبول بەنەغمەی دڵکێش و خۆشی
گوڵزاری پڕ کرد دەنگ و خرۆشی
بانگی کرد خەڵقە سەربەست خوڵقاوم
لەم باخ و دەشتە ڕووناکە چاوم
بەشەوق و خۆشی لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ
بە هەوەس ئەچم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
لەناو درەختا ئەکەم هێلانە
سەرم سێبەرە و فەرشم گوڵانە
کە بای سەحەری ئەشنێتەوە
لقی گوڵەکان ئەلەرێتەوە
چەندم پێ خۆشە نەغمەی ئازادی
بۆ خۆم ئەخوێنم بەشەوق و شادی
ئەگەر حەز ئەکەن دڵشادم بکەن
لە بەندی قەفەز ئازادم بکەن
گەر لاتان خۆشە ئەمن بدوێنن
بەرەڵلام بکەن وازم لێ بێنن!!

....

* ئەم سرووده لە ل١١٩-١٢٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانیی بۆ قوتابیان*

لەسەر کێشی گۆرانییەکی فارسی (ماکە اطفال این دبیستانیم)

ئێمە کە منداڵ و نەو جوانین
هەموو بەقوربانی کوردستانین
چونکە حوببی وەتەن لە ئیمانە
بە مەحەببەتە ساحێب ئیمانین
سا ئەی ڕەفیقان لە ڕێی وەتەندا
زۆر تێ نەکۆشین زۆر بێ ویجدانین
چونکە وەتەنمان کە وەک بەهەشتە
ئێمەیش لە ناویا وەکو غیلمانین
هەر بەهەواکەی کوردستان ئەژین
لەم باغەدا بولبولی خۆش خوانین

....

* ئەم شیعرە لە ل١٠٩-١١٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی لەسەر کێشی

تیشیتردی شووطنە یوللادی ئاننەم بنی*

ئەساسی ئەم مەدرەسەیە ئینشائەڵڵا مەسەڕڕەتە
بۆ ئەم وەتەنە وێرانە بۆ ئەم قەومە بەدبەختە
وەتەن موحتاجی ئێمەیە ئێمەیش موحتاجی علووم
حەیفە هەروا بێ سەمەر بێ ئەم باخ و ئەم جەننەتە
لە پەنای عیلم و مەعاریف ئێمە ئەکەین ڕەجایێ
وەک میللەتانی سەر زەمین سەربەرز بێ ئەم میللەتە
خار و خاشاکی کوردستان نایدەم بەموڵکی جیهان
ڕەببی دەرنەچێ لە دەستمان جێی سونبول و گوڵزاران
ئەی شاگردانی مەدرەسە، ڕاحەتی ئیتر بەسە
ڕۆژی غیرەت هەوەسە بێینە ڕیزی شاران

....

* سۆزی نیشتمان ل١١٨.

گۆرانیی شاگرد*

زەمانی تیفلیی تێپەڕ بوو سەلامەت
لەجێی هات وەختی سەعیی زۆر بەقیمەت

بەڵێ حەوت ساڵەگیم ڕابوورد و ڕۆیی
گەیشتمە ڕیزی لاوانی بەهیممەت
لە ڕێگای خوێندنا وا تێدەکۆشم
کە بچمە مەرتەبەی ژووررووی زەعامەت
بەسەعیی من دڵی خۆشە موعەللیم
ئەپۆشم بەرگی ئەربابی کەرامەت
لە دەرسا هۆش و گۆش حازر ئەکەم بۆی
هەتاکو تێ بگەم دەرسم تەمامەت
کە جوابێکم بڵێم وەختێ دەپرسێ
ڕەزا بوونی (تەبەسسوم)یە عەلامەت!(١)

....

* ئەم هەڵبەستە سروود ئامێزە لە لاپەڕە ٨٨ی کتێبی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) تەبەسسوم: زەردەخەنە

گۆرانی

لەسەر کێشی (روم ایلنیک داغلری وار)*

ئەی شاگردانی وەتەن ڕۆژی فەزڵ و هونەرە
لەم وەخت و لەم زەمانەدا دانیشتنمان زەرەرە
نەو نەمامی ناو وەتەنین زیندەگیمان بۆ چییە
بێ شەوقی عیلم و مەعاریف جووڵانمان بێ سەمەرە
دەس لە مل یەکتری کەین باوەک برا بین هەموو
چاوی لە دەستی ئێمەیە ئەم دایکە قوڕ بەسەرە
مەکتەب شوورەی قەڵامانە بۆ حیفزی دین و دنیا
ئینسان کە نەخوێندەوار بێ کەم قەدر و بێ جەوهەرە
کوردستانمان بۆ بێبەش بێ لە ئەنواری مەعریفەت
ئاووهەوای وەک بەهەشتە داروبەردی گەوهەرە

....

* ئەم سرووده لە ل١١٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی ئەرێ هۆشل*

سەرکەوە کوردە وەڵڵا سەرکەل گوڵزارە
ناو شیو و ناو دەشت بەخوا جێی مورومارە
بە غیرەت بە، نەوەی شێری، زۆر دلێری
بۆچی لەم عەسرە ڕۆڵە هەر تۆ ئەسیری
ئەگەر سەرکەوی بەخوا سەرکەل بەهارە
هەموو شاخانی وەڵڵا دنیات لێ دیارە
بە هیممەت بە، بەقیمەت بە، تۆ پڵنگی
بۆچی لەم دەورە کوردە هەر تۆ دڵ تەنگی
سەرکەوتن وەڵڵا ئەمڕۆ هەر بەخوێندنە
میللەتی جاهیل وەڵڵا چاری مردنە
بە غیرەت بە، نەوەی شێری، زۆر دلێری
بۆچی لەم عەسرە ڕۆڵە هەر تۆ ئەسیری

....

* ئەم هەڵبەستە لە ل١٢١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی ئوردومز ایتدی یمین

(صلاح الدین) سوڵتان، (کەریم خان) شاهی ئێران
نادر شاهی حوکمڕان، هاتەوە یادی کوردان
ئازادیمان داوا کرد، سەربەستیمان پەیا کرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد
ئۆردووی خاکی کوردستان، هەر یەکە شێری مەیدان
پڵنگی دەشت و کێوان لە حیمایەی خودا دان
ئازادیمان داوا کرد، سەربەستیمان بەرپاکرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد
بۆداق بەگی شێر ئەفگەن، سەلیم بەگی ڕووبیتەن
دلێرانی سەف شکەن، هاتەوە یادی وەتەن

ئازادیمان داوا کرد، سەربەستیمان بەرپا کرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد

....

* ئەم شیعرە سروود ئامێزە لە ل١١٢-١١٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانیی لەسەر کێشی

أعدای وەتەن حملەی شێرانە مزی طانیور*

سندوقچەیی نەقدی بەدەنی باوک و برا و عەزیزان
خاکی وەتەنە بیکەین بەکلی چاوان
باخی وەتەنە باسی کەین بەدڵ و گیان
ئەی شێر نەژادان هەموومان لە مەیدان بەغیرەت بوەستین
پشتێنی حەمییەت بەتەواو ببەستین
بۆ فیداکاری لە ناو دۆشەکا هەستین
ئەی ئەبنای وەتەن! ئێمە هەموو مەردین بەعەزم و سەبات
لای میللەتی کورد قەدری نەماوە حەیات
پێش زیللەتی خۆیان ئەخەن دەردی مەمات
ئەی تازە جوان لە نەسلی ئەوانین شەرتە فیداکارین
بۆ دەفعی عەدوی خاکی وەتەن بێداریی
دەست لە ئێمە نەسرەت لە جەنابی باریی

....

* ئەم شیعرە لە ل١١٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی: ئەی وەتەن ئەی ئومی موشفیق*

ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە عیلم و فنوون
میللەتی بێ عیلم و دانش هەر ذەلیلە و هەر زەبوون(١)
قەومی کورد موحتاجی ڕەحمە چونکە مەحوی کردووە
زللەیی دەستی حەوادیس لەقەقەیی دنیای دوون(٢)
هەر لەناو چاهی مەزەللەتدا ئەمێنی دائیما
تاکو ئەلطافی حکوومەتمان ئەبێتە ڕەهنموون(٣)

هەر بژی عەدلی حکوومەت واسیتەی ڕاهی نەجات
عەدل و ئیحسانی حکوومەت، لا ئەبا داخی دەروون(٤)
بێ مەعاریف ئێمە ناژین ڕێی تەرەققی ناگرین
هەربژی حامی مەعاریف، زیندە بێ عیلم و فنوون(٥)

....

* ئەم شیعرە لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) دانش: زانست.
(٢) حەوادیس: کارەسات. دوون: پەست.
(٣) چاه: چاڵ. مەزەللەت: ژێر دەستەیی و زەلیلی. ئەلطاف: کۆی (لُطف)ە، بەزەیی و دڵ پێ سووتان. ڕەهنموون: ڕێنمایی.
(٤) ڕاهی نەجات: ڕێگەی ڕزگاری.
(٥) تەرەققی = ترقي: بەرزبوونەوە و پێشکەوتن.

بۆ قوتابییان*

ئەی گوڵی گوڵزاری دین، ئەی نەو جەوانانی وەتەن!
ئەی لە مەعنادا بەقیمەت یەک بەیەک دوڕڕی عەدەن
ئەی نەوەی باز و شەهین بۆ تۆ جەلادەت فیطرییە(١)
سەیری ئەطرافت بکە یەکبارە ڕاوی تۆ ئەکەن
دەرسی سەحتی قەت مەخوێنن هۆش و فکرێکتان ببێ
دەرسی «تاریخ»تان کە خوێند «جوغرافیا» دیققەت بکەن
ئەندەلوس، تونس و جەزائیر، فاس و قوبروس و قرم(٢)
تا دەگاتە خیططەیی بەڵخ و بوخاراو و دەکەن(٣)
مەنبەعی عیلم و هونەر بوو، جێی موسوڵمان بوو هەموو
پێت بڵێم: بۆچی لەدەست چوو کەوتە دەستی ئەهریمەن(٤)
زوڵمەتی جەهل و عەداوەت نووری ئیسلامی نەهێشت
فرصەتی دەستکەوت عەدوو نەیخستە لەفزی (لا)و(لن)(٥)
تۆیش ئەگەر فرصەت لەدەست دەی ئەبیە مەملووکی کەسێ
شەوچرا هەڵگر ئەبی ڕۆژیش ئەشۆی جام و لەگەن

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە ئەوەش دەگەیەنێ کە زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٢٥ز بۆ قوتابییانی قوتابخانە وتووە. هەروەها لە (ژین)ی ژمارە ١٠٤٨ی ساڵی ١٩٥١دا بڵاوبۆتەوە.
(١) جەلادەت: پیاوەتی و ئازایەتی.
(٢) ئەندەلوس: ئەمڕۆ بەناوچەیێکی جنوبی ئیسپانیا دەگوترێ کە لە هەشت قەزا پێک هاتووە. بەڵام لە کۆنا چەند جار گۆڕان

بەسەر مەساحەکەیدا هاتووە. تونس: پایتەختی کۆماری تونسە. جەزائیر: پایتەختی کۆماری جەزائیرە. فاس: شارێکە لە شانشینی مەغریب پایتەختی عیلم و زانیاریی ئایینی بووە. چۆمی فاس کردوویەتی بەدوو بەشەوە. قوبرووس، قبرص: دورگەیەکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست نێوان تورکیا و سوریا. قرم: شیبهە جەزیرەیێکە کەوتۆتە نێوان بەحری ڕەش و بەحری ئازوفە و بەشێکە لە کۆماری ئۆکرانیا.

(٣) خیططە: واتە سنوور یان پارچە زەوییێکی دیاری کراو. بەڵخ: شارێکی گرنگی مێژوویی بووە ئێستا بریتییە لە گوندێک لە ئەفغانستان. بوخارا: شارێکە لە جنوبی ڕۆژئاوای ئیتحادی سۆڤیەتی، شێخی بوخاری محەمەدی کوڕی ئیسماعیل خەڵکی ئەوێیە. دەکەن = دککەن: ناوچەییێکی شاخاوییە لە جنوبی هیندستان ساڵی ١٢٩٤ی زایینی موسڵمان بوون. ئەم هەرێمە مەڵبەندێکی گرنگ و بەپیتە گرنگترین شاری (حەیدەر ئابادە).

(٤) ئەهریمەن: شەیتان، کانگەی شەڕ و تاریکی و ناخۆشی.

(٥) (لا) و (لن)، لا وەلەن: مەبەستی دوو وشەی عەرەبین (لا)ی نافیة و (لن)ی ناصبة. کە ئینسان شتێکی دێتە پێش و لێی دوو دڵە و دەیەوێ نەیکا. ئیتر بەعەرەبی وشەی (لا) یان (لن) دەخاتە سەر فیعلێک. بۆ نموونە دەڵێ: «لا أذهب» یان «لن أذهب... الخ».

ئاماژەشە بۆ دوو هەڵوێستی بەنی ئیسرائیلی کە لە ژیاندا سەرپێچی گەورەی خۆیان کردووە و تێ شکاون. یەکەمیان کاتی طالوت فرمانی پێ کردن کە شەڕ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانیان سەربێچیان کرد و وتیان «لا طاقة لنا بجالوت وجنوده...» بقرة/٢٤٩.

دووەمیان کاتێ حەزرەتی مووسا فرمانی پێ کردن کە بچنە ناو گوندێکەوە و شەڕ لەگەڵ دانیشتووەکانی بکەن بۆ خۆیان تێیدا دانیشن، وتیان «قالو یا موسی انّا لن ندخلها ما داموا فیها فاذهب أنت وربك فقاتلا أنّا ههنا قاعدون» النساء ٢٤.

قسەی شاگردێک*

هەموو بەیانی کە لە خەو هەستم
پاک ئەیشۆم چاو و ڕوومەت و دەستم
بەفر و با نەبێ سەریشم ئەشۆم
یەک دوو پارچە نان بەچاوە ئەخۆم
جلی شەونوستن لە خۆم لا ئەبەم
بە جلی مەکتەب بەدەن ڕێک ئەخەم
ئەمجا هەڵدەستم بۆ چوونە مەکتەب
ئەڕۆم بەڕێوە بەحەیا و ئەدەب
دەفتەر و کتێب قەڵەم هەڵدەگرم
بە وردە وردە ڕێی مەکتەب ئەگرم
لە ڕێگا لەگەڵ کەس هەرا ناکەم
بە بەردەفڕکێ خۆم ڕیسوا ناکەم
ئەچمە ناو مەکتەب لەگەڵ ڕەفیقان
گۆرانی ئەڵێم یاریش ئەکەم جوان

کە وەختی دەرس بوو ئەچمە دەرسخانە
لەلام خۆشترە لە سەد چاخانە
گوێ لە دەرس ئەگرم ئەیکەمە بەرم
ئەیشینووسمەوە لەناو دەفتەرم
ئاوابێ مەکتەب جێگای خوێندنە
جێگای تەربییە و هونەر سەندنە

....

* زێوەر ئەم شیعرە نەسیحەت ئامێزەی بەزمانی قوتابییەکی قوتابخانەوە وتووە لە ل٨٦-٨٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. هەر لەم هەڵبەستە جارێکی تر دوو دێری گوێزراوەتەوە بۆ گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٦١ی ساڵی ١٩٨٧ی ز ل٨.

بۆ منالانی قوتابخانە*

من منداڵی بچووکم، مەکتەبە ڕۆح و سەرم
بەسەعی و خۆشی خۆشی، دەرسم ئەکەمە بەرم
سەعی گەر ماندووم ئەکا شادم دەرسم ڕەوانە
منداڵێ کە تەمەڵ بێ خوێڕی ناو کۆڵانانە
دنیا چاوی ڕۆشن بوو بەسایەی عیلم و فەن بوو
ئەی ڕەفیقانی مەکتەب ڕۆژی عیلم و عیرفانە

....

* ئەم سێ دێرە شیعرە نەسیحەت ئامێزە پەروەردەییییە لە ل٨٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. هەمان هەڵبەست لە هەمان سەرچاوەوە گوێزراوەتەوە بۆ گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٦١ی ساڵی ١٩٨٧ی ز ل٨.

باڵۆرەی کچە کوردێک*

کیژۆڵەی کوردستانم
بە ڕەزای سەر بەردانم
کەنیزەی ناو شاخانم
لە خواوەیە من جوانم

**

ئەی ئەو کەسەی بێ دینە
تۆ وەرە من ببینە
کاری خوا چەند شیرینە
لە خواوەیە من جوانم

**

نه وەک ڕۆمی و فەرهەنگم
بە دەرمان جوان بێ ڕەنگم
کچێکی شۆخ و شەنگم
لە خواوەیە من جوانم

**

نەسوّدانی و حەبەشم
نە لچ زل و ڕوو ڕەشم
هەمیشە وەک گوڵ گەشم
لە خواوەیە من جوانم

**

کەنیرەی شاخ و دەشتم
وەک گیابەنی بەهەشتم
ریحانەیە سروشتم
لە خواوەیە من جوانم

**

من بازی دارەستانم
چاو شەهێنی کوێستانم
ئاوا بێ کوردستانم
لە خواوەیە من جوانە

....

* ئەم شیعرە لە ل١١ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی یا بلادي، یا بلادي یاضیاء البلدان*

ئەی عێراق ئەی عێراقم ئەی نووری چاوان!
چەندە جوانی لە نەزەردا بوویتە گوڵشەنمان
لە شیمال و لە جنووبا مەنزەرەی فەتتان
دانیشتوانت وەک برامن، وەک برای هاوجان
شاخەکانت دەشتەکانت ڕۆح ئەبەخشێ پێم
ئاوی صافت جێی تەوافت لادەبا ئەحزان

ئاگری عەشقت لە دڵدا ڕۆشنە بۆمان
تۆ حەیاتی جێی بەراتی مەنبەعی ئیمان
....
....

....

* سۆزی نیشتمان ل١٢١-١٢٢.

گۆرانی

لەسەر کێشی اطەلر ساحلندە بکلیورم*

خاکی (بەرزنجە) چەندە دڵگیرە
جێگەیی قوتب و ئەولیا و پیرە(١)
ڕەببی ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ
مەنبەعی عیلم و فەیزی مەولابێ(٢)

**

شاخەکانی بەرامبەر و (خەشنۆ)
خۆشترن سەد لە(لاهیجان)و(شنۆ)(٣)
وەتەنێکی عەزیزە بۆ من و تۆ
مەسکەنی کوردە، ڕەببی ئاوابێ

**

کورە کاژاو و شاخی مایاوە(٤)
سەیری دەشتی، هەموو جەلای چاوە
جەننەتە خوا بەئێمەی داوە
وەتەنم خۆشەویستە ئاوابێ

**

زەردەیی ڕۆژ ئەدا لەسەر شاخی
سوور ئەبێ بەفری وەک گوڵی باخی
سپیی و زەرد و سوورە بەیداخی
ڕەببی ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ

**

مەنزەرەی بارشی بەهارانی
هاژەی ئاوی بەفری شاخانی

شـــاخی لوبنان ئەکــەم بەقـــوربانی
ڕەببی ئەم خـــاکـــە پاکـــە ئاوابێ(٥)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٢٠ -١٢١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١)(قوتب = قوطب) و (ئەولیا) و(پیر) پلەی مەعنەوی پیاو چاکانن.
(٢) فەیز = فیض: لێشاوی ڕەحمەت. مەولا: پەروەردگار.
(٣) خەشنو: شیوێکە لە ڕۆژهەڵاتی بەرزنجە.
(لاهیجان) و (شنۆ) دوو ناوچەن لە کوردستانی ئەودیو.
(٤) کوڕە کاژاو و مایاوە: دوو کێوی بەرز و خاوەن ئاوی ساردن لە شارباژێڕ.
(٥) ئەم پارچە شیعرە بۆ قوتابییانی بەرزنجە وتراوە بەسروود بیڵێن.

دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی نموونەی سەعادەت لەسەردەمی شێخ مەحموددا ساڵی ١٩٢٠
١- مامۆستا زێوەر ٢- مامۆستا مەلا سەعیدە ئەفەندی کابان ٣- خواجە ئەفەندی ٤- ڕەشید کابان
٥-عەبدوڵڵا سەبری ٦- شێخ ئەوڕەحمان (نەسیب) ٧- ئەحمەدی عەزیز ئاغا

قسەی قوتابییەک*

ئێـــمـە منالێن: وەتەن مـــاڵـمانە
مامۆستا باوک، مەکتەب دایکمانە
قـــوتابی هەمـــوو وەک برامـــانە
کوردی خۆشەویست نووری چاومانە
ئەبێ تێکۆشین ئەمـــڕۆ مـــەردانە
چونکو وەتەنمان چاوی لێـــمانە

....

* ئەم سروودە لە ل٩٥ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی بەهاران چ مەحزوونی ئەناڵێنێ بولبول*

بناڵێنە بولبـول کـە وەقـتی فـوغـانە
لەسەر چڵ نەما گوڵ نیشـانەی خەزانە
دەربەدەربە خـاک بەسـەربە
تاکـو مـاوی بێ زەرەر بە
وەتەن بانگی کردم بەئاوازی مەحزوون
کەوا ئەووەڵی سوبحە هەستـە بەیانە
خوێندنت بێ غـیـرەتت بێ
تا لە دونیا حورمـەتت بێ

....

* ئەم گۆرانییە لە ل١١٩ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی دائماً نمشي للأمام*

ئێـــمـــە وا دائیـــمـــا بەدڵ و گـیـــان
سەعی ئەکەین هەوڵ ئەدەین بۆ تورەقیمان
تاکـــو خـــزمـــەت بکـەین بۆ وڵاتمان
بۆ تەعـالی بۆ تورەقی فـەرزە ئیـجـتیـهـاد
بێ ئەزییـەت بێ حەمییـەت ناگەینە مراد
شـەرتە بۆ مـیللەتی بێ عـیلم و بێ کـەس
شـەو و ڕۆژ تێکۆشی نەفـەس بەنەفـەس
لەگـەڵ هاو قـەومـدا دەس بخـاتە دەس
بۆ تەعـالی بۆ تورەقی فـەرزە ئیـجـتیـهـاد
بێ ئەزییـەت بێ حەمییـەت ناگەینە مراد

....

* ئەم شیعرە گۆرانی ئامێزە لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی

لەسەر کێشی گڵدی بەهاری دڵ گوشا*

عەسر و زەمانی خوێندنە، مەکتەب حەیاتی عالەمە
گەر شەو لەسەر ڕۆژ دابنێین، بۆ قەومی کورد هێشتا کەمە
جەهد و حەمییەت لازمە، عیرفان و هیممەت لازمە
شاران شەویشیان بۆتە ڕۆژ، ئەمڕۆ لە سایەی عیلمەوە
ئەترافی کورد هەر زوڵمەتە، دەوری سەریشمان هەر تەمە
جەهد و حەمییەت لازمە عیرفان و هیممەت لازمە

....

* ئەم سرووده لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

گۆرانی*

خاکی عێراقم سەر بەسەر، پڕ مەعدەن و دوڕڕ و گەوهەر
جێی عیلم و جێی فەزڵ و هونەر، باخاتی پڕ میوە و ثەمەر
کەوسەر بەناویا جارییە، دڵ عاشقی ئەنهارییە
بەحریشی پڕ مرواریيە، شاخی هەموو پڕ سیم و زەڕ
بنوارە شاخ و کێو و دەشت، وەک سەبزە زاری ناو بەهەشت
هەر لایقە بۆ سەیر و گەشت، ئایا بەشام، ئایا سەحەر
شیرین وەتەنمانە عیراق، ڕۆحی ڕەوانمانە عیراق
ڕەنگین چەمەنمانە عیراق، تۆزی هەموو سورمەی نەزەر

....

* ئەم هەڵبەستە لە لاپەڕە ١٤ی دەستنووسی شاعیر وەرگیراوە لە لاپەڕە ٩٨-٩٩ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.

جوگرافیای عیراق

بۆ منداڵە پچکۆڵەکانی مەکتەب

بەسە منطقە عیراق بەش کرا
شیمال و وەسەط جنوب ناونرا
هەموو شارێکی پێی ئەڵێن لیوا
چواردە لیوایە بینرانە هەروا
چوار لەم شارانە کەوتووتە شیمال
سلێمانییە و کەرکووکی خۆشحاڵ

هەولێر و موصڵ شاری مەشهوورن
بە زراعەت و صەنعەت مەسروورن
منطقەی وەسەط هەمووی شەش شارە
یەکێ بەغدایە ئەڵێی گوڵزارە
دیالە و دلێم، حللە و کەربەلا
شاری کوتیشە دوور بن لە بەڵا
منطقەی جنوب ئەویش چوار شارە
شاری بەصرەیە لەگەڵ عیمارە
سێیەم مونتەفک چوارەم دیوانی
لازمە ناوی هەمووی بزانی
لیوای دیالە مەرکەزی زۆر جوان
لەم ئاخرەدا بۆتە شارەبان
لیواکەی دلێم شاری ڕومادی
بۆتە مەرکەزی لە دەشت و وادی
لیوای مونتەفک ناصریەیە
شارێکی تازە و بەقاعیدەیە

حدود و چوار طەرەفی عیراق

حدودی عیراق شەرقی ئیرانە
غەربی سوریە هەر بیابانە
هەموو شیمالی هی تورکیایە
شیمال شەرقی ئیرانی تیایە
جنوبی خەلیج ئیمارات و کوێت
صەحرای نەجدیشە مەعلووم ببێ لێت

ئیدارەی عیراق

ئیدارەی عیراق بۆتە مەشروطە
حکومەتێکی جوان و مەضبوطە
بەغدا پایتەختە مەلیک نشینە
لەگەڵ وەزیران ئیدارە بینە

مەجلیسێ میللەت مەجلیسێ ئەعیان
قانوون ڕێک ئەخەن بەدڵ و بەگیان
لەگەڵ ڕێکخرا قانوون و نیظام
تەطبیقی ئەکەن وەزیران تەمام

نەهرەکانی عیراق

نەهری ناو عیراق دیجلە و فوراتن
ئەڵێی کەوثەر و ئاوی حەیاتن
خێر و نەفعیان ناکرێ ژمارە
دروستە بڵێی قەطرەی دینارە
تێکەڵاو ئەبن لای قورنە هەردوو
ئەمجا گوم ئەکەن ناوەکەی پێشوو
بە شەط ئەلعەرەب شوهرت وەرئەگرێ
بە هەموو نەوعێ ئاوی لێ ئەبرێ
سەرچاوەی دیجلە خواری گۆڵی وان
بەلیوای موصڵ دێتە وڵاتمان
فورات لەناو تورک دێتە سوریە
لە دێر بۆ عیراق وەستانی نییە
هەروەک عاشقی مەجنوون و موشتاق
هەردووکیان خۆیان ئەکوتن بۆ عیراق

تجارەتی عیراق

صادرە

تجاری عیراق تجارەت ئەکا
دراوسێکانی زیارەت ئەکا
ئەچینە نەجد و کوێت و ئیران
فەلەستین و ئەردەن، سوریە، لوبنان
بۆ هندستان و ئەوروپاش ئەڕوا
لەوماڵەی عیراق کە ئەیبێ ئەیبا
ئەنواعی خورما ئەنواعی خەلە
حەیوانی ناڵدار، سمدار بەگەلە

کەتیرە و مازو و بنیشت و خوری
هەتا هێلکەی زۆر لەگەڵ مامری
لە ساڵی هەزار و نۆ صەد و سی و چوار
لە موصڵەوە ڕۆیی مامر صەد هەزار
صەد و سی هەزار بزن لەگەڵ مەڕ
ڕۆیی بۆ سوریە بەڕێی چۆل و بەر
پێنج هەزار صەندوق هێلکەش نێررا
یاخوا ئاوابێ مەملەکەتی وا

واردە

ئەوەی بۆ عیراق دێ لە دەرەوە
قاوە و چایی بەشەکرەوە
کوتاڵی زۆر و ماڵی عەطاری
عیراقی پڕ کرد لای سەرووخواری
نەوعی عەطریات قیسمی مەسکرات
پول و پارەیان بڕی لە وڵات

نفوسی عیراق

چوار ملیۆن ئەبێ نفوسی عیراق
ڕووی لە زیادییە بەئەمری خەللاق

لە کتێبی سیر الأطفال حیکایەتی منداڵان و هێندێ کتێبی (قرائە)م تەرجەمە کردووە بەکوردی بۆ هەموو منداڵانی مەکتەب لازمە ئەم شیعرانە لەبەر بکەن چونکە نەصیحەت و ئەخلاق تەئسیر لە ڕۆحیش ئەکا و گەورەش ببی ئەو تەئسیرە هەر ئەمێنێ (ومن الله التوفیق).

خوا ناسین

هەر خوایە (جَلّ شأنە) صاحێبی صیفاتی باقییە
خوای خەلق عەرد و ئاسمان خوای بەحر و ئاوی جارییە
گوێی لێیە هەرچی تۆ بڵێی گەر ئاشکرا و پەنهانییە
مێرووڵەیەک بڕوا بەشەو لای ئەو وەکو ڕۆژ دیارییە
زۆر نیعمەتی وای داوە پێت خارج لەفکری عالییە
دانا و توانایە بەحەق ذاتی لە نقصان خالییە
ترست ببێ لەو خالیقە قەهری نەصیبی عاصییە

باوک

ئەی بابە ئەی نووری نەظەر
زۆر حەقی تۆم کەوتۆتە سەر
هەرتۆی کە داوتە تەربییەم
دائیم بەصەد خوێنی جگەر
خۆراکی پاک و بەرگی جوان
پەیدا ئەکەی بۆم ئەی پدەر
وەختێ ئەزیەتێکم ببێ
لات تاڵ ئەبێ شەهد و شەکەر
خۆت ڕائەکەی بۆ لای حەکیم
خەرجی ئەکەی چەند زیو و زەڕ
ڕێی خوێندنت بۆ کردمەوە
چونکە بەخوێندن ئەچمە سەر
بۆ حاڵ و ئیستقبالی من
کۆشش ئەکەی تۆ بێ کەدەر
چاکەت ژمارە ناکرێ
ئەی سرووری عالی گەوهەر
قەرضت لەسەرمە بابە گیان
ئاخر نەمامت دێتە بەر

دایک

کێیە ناساغ بم بکا شین و گرین؟
وەختی ساغیم بێتە خۆشی و پێکەنین
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
کێیە ڕەحمی هەر لەسەر من بێ تەواو
هەر خەریکی خزمەتی من بێ بەچاو
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
وەختی پیریت دایە ئەی ئارامی گیان
کێیە قەدر و حورمەتت بگرێ بەگیان
دایەلێی خۆمم خودا یار بێ و مەعین

قوتابییەک نەصیحەتی ڕەفیقانی ئەکا

لاوانی وەطەن غیرەت بکەن
دەی لە خەو هەڵسن وا بەسەرچو شەو
نەما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرصەتە ڕۆژی هیممەتە
بە عیلم و صنعەت بەرز ئەبێ میللەت
عالەم هەمیشە خەریکی ئیشە
ئیش کەن بەمەردی بەدەستوبردی
یەک دڵ و دەم بن تا ڕۆژی مردن

گۆرانی فەلاح

من فەلاحێکی وڵاتم
ئەی کەم بەئاڵتوون زراعاتم
لەناو دەشت و شاخ و بەردا
لێم گوم نابێ دەستەڵاتم
لە میوەکەم ئەخورێ ترێ
باغم سێو و هەرمێ ئەگرێ
تووتنیشم تا بەصرە ئەبرێ
هەر زیرە لۆکەم ئەگرێ
خوری مەڕ و ڕوونی مانگا
مەرەز ئاوریشمە لەڕەنگا
لەم نعمەتە هەمە ئێستا
نەفعێکی زۆرتان پێ ئەگا
بەڕەنج و قووەتی گاجووت
ئەمن ئەی هێنمە دەستم قووت
هەتا ئەمنێنە ناو تابووت
ئەبێ خدمەت بکەم مضبوط

گۆرانیی کەشافە

کەشافەم و صاحێب هونەر، لام شادییە وەختی خەطەر
ئەستوونی قەوم موعتەبەر هوردووی شەڕەف نەسلی ظەفەر
کردار و ئەخلاقی جوان گرتم لە ئەهلی پێشووان
بیر و خەیاڵم هەر زەمان بۆ خدمەتی بەستم کەمەر
دوورم لە بێ نامووسەکان ناکەم درۆ غەدر و زیان
هەر کەس دراوسێم بێ بەجان پێڵاوی دێنمە تەوقی سەر
هەرچەندە منداڵین هەموو عالی نەژاد و بێ ضەرەر
ئەمرۆ بەسەعی و غیرەتم، صبحەینێ بەرزە حرسەتم
ناو سەختی چوتە صەنعەتم، لام وەک حەضر وایە سەفەر
نەفسێ کەوا پڕ هیممەتە بەخشینی لام بێ قیمەتە
سەرفی علوم و مللەتە بۆ ڕاهی حەق ئەیکەم هەدەر
دەشت و بیابان ڕێگەمان، جار جارە بەحرە جێگەمان
ئەشچینە قوبەی ئاسمان سەر کەوکەب و شەمس و قەمەر

قوتابی صەنعەتکار

کە ڕۆژ بێتەوە من صەنعەتکارم
صاحێبی ڕەند و تەشووی و مشارم
کە شەوم لێ هات ئەمن قوتابیم
قەلەم و کاغەز کتێبە یارم
بە ڕۆژ صەنعەتکار بەشەو خوێندەوار
بێ هوودە نییە من هەموو کارم
وەک ئەهلی عیلم زۆر بەحورمەتە
ئەهلی صەنعەتیش قەدری دیارە

حەکیم

من حەکیمێکی چاک و بەهوشم
دائیم خەریکی کاری نەخۆشم
چاری دەرد ئەکەم بەدەرمانی باش
هەتا شیفای دێ بەفکر و هۆشم

چاکبوونی نەخۆش حەقدەستی منە
چاو لە ئوجرەت و حەقی ئەپۆشم
حقووقیان هەیە خەلق بەسەرمەوە
لام یەکە غەیر و هاودینی خۆشم
چونکە ئینتیهای عیلم هەر نییە
بە هەموو نەوعێ من تێ ئەکۆشم
بۆ هەموو دەردێ دەرمانێ هەیە
وەقتی عیبادەت بۆیە ڕووخۆشم

سەعات

سەعاتەکەی من جوان و بەکارە
ڕۆیینی وەقتان ئەکا ژمارە
کە دەورەی شەو و ڕۆژی تەواو بوو
دووبارە سازی ئەکەم زوو بەزوو
پاش و پێش ناکا بەیەک دەقیقە
زۆرم خۆش ئەوێ وەکو ڕەفیقە
هەر کارم بێ بەوی ڕێک ئەکەم
بە تەرتیبێکی زۆر باش و مەحکەم
هەر کەس بەتەرتیب ڕێک نەکا کاری
ڕێکوپێک نابێ هەموو کرداری

تۆپی پێ

ئەی تۆپەکە فووت بۆڵەکە من دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی وەک کولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان بانگ کە لەگەڵ من یەک زبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن بەزربێ وەتەن بەعیلم و فەن

شاگردێ تەشویقی ڕەفیقانی ئەکا بۆ خزمەتی وەتەن

ئەی لاوی وەتەن ئەی صاحێب ذەکا
گوێ بگرن وەتەن چۆنتان بانگ ئەکا
بانگ ئەکا ئێوەش ئیتر هەستن
بۆ ڕێی پێشکەوتن کەمەر ببەستن

به عەزمی خۆتان کەبێ نقصانە
دەفعی کەن لای بەن بەڵای زەمانە
کارخانەجاتی لۆکە و سجادە
لە هەموو لایێک بکەن ئامادە
ڕێی ئاوەدانی قوتابخانەیە
بۆ بەرزی وەتەن ئەو نیشانەیە
بە سەعی و عەمەل بەعیلم و بەفەن
بڵندی بکەن بەیداخی وەتەن

دوو ڕێوی تەمەعکار

دوو ڕێوی زۆرزان هەردوو تەمەعکار
لە تاو برسێتی بوون بەسەگی هار
بیان دیایە ئەگەر کالّە کون
وایان ئەزانی گۆشتە و هیزە ڕوون
هەوڵیان ئەدا بەدەشت و دەردا
مەشکە کۆنێکیان هات بەنەزەردا
تاویان لێ دا کەوتنە سەما
وایان ئەزانی خوانێکە یەغما
یەکێکیان پێش کەوت قەپی لێ دا زوو
ڕێوییەکەی دواوە سواری کۆڵی بوو
مەشکەی فڕێ دا ئازا وەرگەڕا
پەردەی دۆستی و نامووسیان دڕا
بەر بوونە یەکتر بەچنگ و بەدەم
هەریەکێ ئەی وت بەشی تۆ نادەم
خەریکی شەڕ بوون داڵێ لە هەوا
روو هات مەشکەی برد بێ شەڕ و دەعوا
ئەمجا ڕێوییەکان کە ئەمەیان دی
لەیەک بوونەوە بەنائومێدی
نەتیجەی حیرس و نارێکی داوا
هەر مەئیووسییە لە هەردوو دنیا

پشیلەی ڕیاکار

بە زەردەخەنە برزو هات بەتاو
بەدەستیەوە بۆ دەورەیەک پلاو
بەدەستەکەی تر کولێرەیەک بوو
لە هەردوو دیوی ڕوون تێ هەڵسوواو
بۆنی چێشتەکە و کولێرە چەورە
پشیلەی کێشا وەک ماسی ناو ئاو
لەبەردەم برز و پشیلە بەلەک
نەختێ یاری کرد لەگەڵ میاوە میاو
کلکی بڵند کرد پشتی دانەواند
وەک مەراییکەر دەستی لەسەرچاو
برز و زیرەک بوو سەری بۆ گوێی برد
وتی ئەی ڕەفیق سەد جار لێت سەڵاو
ئەم مەراییە ئەم مەحەببەتە
من لێت ناگەڕێم بەنانی سووتاو

تەمثیل

تەمثیلە فەن عالییە ئەحواڵی پێشووانە
نەقلی ئەکا ممثل بۆ ئەهلی ئەم زەمانە
تەمثیلچی دێتە مەیدان ئەچێتە جێگەی خۆی
دانیشتوو بۆ تەماشا هەم پیر و هەم جوانە
گەه پێکەنین و شادی گاهی گرین و زاری
گفتار وکاری یەک یەک وەک سیحری ساحیرانە
یاری و گەمەی ممثل سەیر و سروورە ظاهر
ئەما پڕە لە حیکمەت بۆ هەرچی کارزانە

ژمارە

یەک، دوو، سێ، چوار، ئاسانە
تۆ بیژمێرە و بیزانە
پێنج و شەش کوا گرانە؟
ژمارەی زۆر ئاسانە

حەوت و ، هەشت و ، نۆ و ، دە
هەر کەس بیزانێ مەردە
کێ نایزانێ ژماردن
مەنعە لەیاری کردن
خۆ من فێر بووم حیساب
ئەی گەورەی عالی جەناب

ناوی ڕۆژەکان

بەخێر هاتی ئەی شەمە
لە پاش تۆ یەک شەمە
ئەی موبارەک دوو شەمە
دوای تۆوە دێ سێ شەمە
چوار شەمە موبارەکە
پێنج شەمە تەدارەکە
جومعە ئەچینە گەڕان
بۆ زیارەت و سەیران

بۆ کچان

کرمەک و گوارە و لاگیرە و قاپ و قورئانم
دەرسی دینییە و ئەخلاقە لەگەڵ ئیمانم
عەصمەت و عیفەت و نامووس و حەیا زینەتمە
ئەدەب تەربییەیە لازمەی ئیمانم
قیمەت و قەدری کچان شەرم و حەیا و ئەدەبە
ڕێی ئەدەب عیلمە منیش شەفتەی عیرفانم
صنعەتی ئیشی دەس و مەعریفەتێکم کە نەبێ
تیغ بێ جەوهەر و نەقش ڕەفە و هەیوانم
خدمەتی دایکم و باوکم وەکو نوێژ فەرزە لەلام
خاکی سەر ڕێگەکەیان سورمەیە بۆ چاوانم

لە مەقامی مصر العزیزة لي وطن

شاری سلێمانی لەلام وەک جەننەتە بۆ خاص و عام
نایدەم بەموڵکی مصر و شام ئاوابێ وەک دار السلام
صەحرای صەفا بەخشی دڵە داوێنی شاخی پڕ گوڵە
کەبکی لە شاخان بلبلە شارێکە صاحیب ئیحترام
لای غەربی چەشمەی سەرچنار لای شەرقی گۆیژەی نازدار
پشتی بەئەزمەر ئیستیوار پێشی چیای عالی مەقام
ئەم شارە خۆشەی من هەمە هەرچەندە مەدحی کەم کەمە
بانگی ئەکەم پڕ زەمزەمە ئاوا بێ وەک دار السلام

خلدونیە

قیرە قیڕی بۆق بەشەو
حەرامی کردووە لێم خەو
داد لەدەس بۆقی ناو ئاو
نایەڵێ خەو بێتە چاو

گۆرانیی بەیداخ

ئەی عەلەمی بەرز و بڵندی وەتەن
خاک قەدەمتە سەری دوور لە بەدەن
ئەی عەلەمی سوور و سپی و سەوز و ڕەش
دیدەی مللەت بەتەماشاتە گەش
ئەی عەلەمی خاص عیراقی عەزیز
لەنجەی تۆ جیلوەی تۆیە تەمیز
ڕوحی منە حەرەسە بۆ سێبەرت
باڵی مەلایک بووەتە ئەفسەرت
تۆی شەڕەفی میللەت و هوردووی عیراق
نەصرەتی حەق یارتە بالاتفاق
لازمە بۆ ئێمە لە ڕووتا سەلام
یا عَلَمَ النصر لک الاحترام

له مابەینی زەنبەق و گوڵە باخ

ڕاستی کردەوە زەنبەق بەیداخی
وتی هیچ گوڵێک لێم نەبی یاخی
من پادشاهی هەموو گوڵانم
زیاد لە هەموویان تەڕ و جوانم
لەمە پێکەنی قاقا گوڵەباخ
زۆر گاڵتەی پێ کرد بەکەیف و دەماخ
بە سوسەنی وت ئەم پیرەمێردە
لە ڕاستی مندا قسەی بڵندە
قسەی گرتەوە زەنبەق بەناچار
ڕووی کردە گوڵان وا هاتە گوفتار
سەیری من ئەکەن لەشکر وەک بەندە
بە پیریەتی من گوڵ ئەکا خەندە

هاودەم

هاودەمی ئینسانی بەدکردار و دار
قەت مەکە تا ماوی ئانێ ئیختیار
قەد لەبەرخۆ ناکرێ چاکەی ئومێد
چۆن ئومێدی مەرحەمەت ئەکرێ لە مار
هەرکەسێ سووکی بوێ بۆ نەفسی خۆی
یا طەلەب کا مەدح و ناو و ئیعتبار
ناوی لائەبرێ لەسەر لەوحەی شەڕەف
هەقی نامێنێ لەسەر عیزز و ویقار

ئاشتی دوو دۆست

لەیەکەم ڕۆژی میهرەبانیمان
بیهێنە خاتری خۆش براییمان
بیپێچینەوە قسەی ڕابوردوو
ئەوەی کە بووە لەواتەی هەردوو
ئەگەر لە بەینا ڕووی دابی عیتاب
بیگۆڕینەوە بەچاکە و سەواب

هەرچی بێژراوە بۆ من یا بۆ تۆ
گوێ نەگرین ئیتر لە قسەی بەدگۆ
جوانە ئاشتی بەسیدق و ئولفەت
بچینەوە سەر عەهدی مەحەبەت

نیشانەی زانین

بۆکرداری جوان بۆ عیلم و ئەدەب
منالی خۆتان بنێرنە مەکتەب
منالتان ئەگەر کچ بێ یاخو کوڕ
بە خوێندن ئەبێ بەدانەیی دوڕ
لەناو دنیادا ئەوەی نایابە
عیلم چاکتری هەموو ئەسبابە
عیلم سەرمایەی فەقیرە ئەگەر
بچێتە غوربەت بەبێ سیم و زەر
جاهیل و نەزان بێ فیکر و تەدبیر
وەکو شەڕکەرە بەبێ شیر و تیر
سەیری میللەتان بکە سەراسەر
وەختە بگەنە لای کوورەی قەمەر
سواری با ئەبن بۆ گەشت و گوزار
بە ئارەزوویان ئەی هێننە کار
بەسەنعەت کەشتی ئەکەن وەکو شاخ
بەناو دەریادا ئەڕوا بەدەماخ
دۆزیانەوە ماددەی کارەبا
غەواسە ئەڕوا تا بنی دەریا
دار و ئاسنی بێ گوێ و بێ زوبان
ئەخاتە قسە هەروەکو ئینسان
فائیدەی زانین تەعریف ناکرێ
ئاسار ئەمێنێ زانا نامرێ
هەر نەزانینە واسیتەی پەستی
هەر عیلمە مایەی بەرزی و سەربەستی

هەنگ

مەلێکە بچووک وا لەبەر چاوە
هەمووی لە ئەخلاق دروست کراوە
چەند بچووکە موڵک و خانووەکەی
چەندە ئەفکاری بەرز و بڵاوە
ئەگەر لێی پرسی ئەی هەنگی زەعیف
تۆ بەچ عەقڵێ پەنات داناوە
جواب ئەداتەوە هەر بەکرداری
کە وەک جەوهەری عەقڵ وەستاوە
ئەویش بەهێزی عەقڵ و فیکر ئەکرێ
لە هێزی ئەخلاق کەوتۆتە دواوە
خوا بەرزبی ئەدا بەخاوەن ئەخلاق
گەر حەشەرات بێ یا ژن یا پیاوە
ئایا لە موڵکی هەنگی بچووکدا
تێفکرین نییە بۆ قەومی و دوواوە
بە غیرەتێک و هیممەتی بڵند
بینای موڵکیان مەحکەم کراوە
ئەگەر بگەڕێی لەناو ئەو موڵکە
تەممەڵ نەماوە بێ ئیش فەوتاوە
هەرچی تەممەڵ و یاخود بێ ئیش بێ
بە قانوون نەفییە وەیان کوژراوە

ورچی خەتیب و مەیموون

لەناو دڕندە و گیانداری وەحشی
نێرە ورچێکیان چووە سەر کورسی
خوتبەی دەست پێ کرد بۆ تێگەیاندن
ئیشارەی ئەکرد بەدەست جوولاندن
بەڕاست و چەپدا خۆی هەڵئەسووڕان
بە دەنگێکی زل وەک گا ئەیبۆڕان
ئەی وت لە وەختی خەشم و غەزەبا
خۆتان لامەدەن لە ڕێی ئەدەبا

عیلم سیفەتی خوای بێ هاوتایە
ڕق خواردنەوە ئەمری خودایە
لەناو وەحشییان مەیموونی زۆرزان
لاسای ورچی کردەوە زۆر جوان
خۆی ڕائەوەشان دەستی ئەجووڵان
کەوتنە پێکەنین مەجلیس هەموویان
کە ورچە بینی کردەوەی مەیموون
دڵی تواوە هەر بوو بەمەجنوون
هەڵمەتی بردە سەر مەیموون بەقین
کردی بەماتەم خۆشی و پێکەنین
کۆمەڵی وەحشی بڵاو بوونەوە
بۆ جێگە و لانەی خۆیان چوونەوە
ئەیان وت ئێمە لەشەڕ دوور ئەکا
کەچی لەشەڕا خۆی ڕەنجەڕۆ ئەکا

کۆتر و ڕاوکەر*

کۆترێک لەناو گۆشەی هێلانە
ئەمین بوو لەدەست غەدری زەمانە
ڕاوکەرێک ڕۆژێک بۆ ڕاو لە صەحرا
بە دەوری باغدا تا توانی گەڕا
زۆر گەڕا سایەی تەیریشی نەدی
عاجز بوو، گەڕاوە، بۆ مەقصەدی
کۆتر خۆی دەرخست لەناو هێلانە
ئەحمەقی دەردی بە بێ دەرمانە
لە ئاخری خۆی نەزان بوو لەوێ
بانگی ئینسان! ئەتۆ چیت دەوێ
ڕاوکەر گەڕاوە ڕووی کردە لای دەنگ
لە ڕووی صاحیب دەنگ بۆی ڕاگرت تفەنگ
بە تەقەی تفەنگ سەر بەرەو خوار بوو
کەوتە ژێر دەمی کێرد و چەقۆ زوو

وای وت - کە کەوتە ئەو موصیبەتە:
«زمان بوەستێ سەر بە ڕەحمەتە»

....

* ئەم چیرۆکە شیعرییە لە ل٦١-٦١ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.
شایانی باسە ئەمە لە کتێبی عەرەبی قوتابخانەدا بوو لەم سرووده عەرەبییە کە دەڵێ:
حمامة كانت بأعلى الشجرة
واقفة في عشها مستمرة
فأقبل الصياد ذات يوم...الخ
وەرگیراوە

هەموو شتێ قسە ئەکا

لەو شتانەی کە دێتە بەرچاومان
وەکو ئێمە قسە ئەکەن بە عەیان
قسەیان کورتە نەک درێژ بەتوول
تێی ئەگەن ئەهلی دانش و عیرفان
قەلەڕەش بانگ ئەکا دەڵێ (غاق غاق)
یەعنی هەستە لە خەو کە بوو بە بەیان
وەکو من هەر کەسێ کە زوو هەستێ
لە فەقیری بە دوور ئەبی لە جیهان

**

چۆلەکەش هەر لەگەڵ ظهووری سەحەر
دێتە سەر نەغمەی جریوە جریو
ئاشکرا بانگ ئەکا ئەڵێ پێمان
حەز ئەکەن ببنە خاوەنی زەڕ و زیو
سەعی و کۆشش بکەن لە دنیادا
دێتە بەردەستی ئێوە ڕزقی نەدیو
قیرە قیرەی دەنگی بۆقی ناو زەلکاو
بانگمان لێ ئەکا بە هێزی تەواو
ڕاستی باشە فەخر ئەدا بەژیان
هەر درۆزن ئەبێ دووچاری زبان

خوا

وەرە بنواڕە ئەو درەختە کەوا
لقی سەوزی سەما ئەکا لە هەوا
هەر لە یەک دانە چۆن وەها زل بوو
چۆن بووە ئەم درەختە؟ چۆن بوو ڕوا؟
لێی بپرسە بڵێ مەگەر کێیە؟
بەری لێ دەردەخا بەبێ پەروا
وەرە بنواڕە جورمی ڕۆژ وەک گۆ
خڕە ڕەنگیشی وێنەی پشکۆ
گەرمی و شەوقی نوور و ڕووناکی
بۆ هەموو کائیناتە نەک بۆ من و تۆ
گەر ئەپرسی کە کێ دروستی کرد
پێت بڵێم وەک کەسێکی زۆر حەق گۆ
ئەوە هەر زاتی پاکی (اللە) یە
سەیری شەو کە کە مانگی تیا دیارە
هەروەکو لۆکس پڕ ئەنوارە
جوان بووە بەمانگ و ئەستێرە
زۆری وەستاوە هێندێ سەیارە
تێ بفکرە لە هەوری ڕووی سەما
کێیە بارانی لێ ئەکا پەیدا
ئەردی یەک پارە پێ دەکا بە بەهەشت
بە گوڵ ڕەنگ و سەوزەگیا

**

سەیری ئینسان کە لێی بپرسە مەگەر
کێیە بەخشیوبە چاو و هێزی نەزەر
کێیە ئینسانی وا جوان ڕێکخست
بە توانای علیم و فیکر و هونەر

**

ئەوە هەر زاتی پاکی (ئەڵڵایە)
خوایە، ئیحسانی ئاوی دەریایە

خــاوەنی حــیکمــەتی مــهــیــایە
لـە هەمـــــــوو کـــــاردا بـە تـوانایـە

تاووس

لە خـــۆی بایی بوو تاووسی ڕەنگین
ئیـفـتیـخاری کرد بە جوانی و تەزیین
تەمــاشــاکــەری هەمــوو شــێت ئەبێ
لە جــوانی ســەر و باڵێکی نەخــشین
لەپڕ چۆلەکـــە لێی هاتە ســـەر پێ
لای دانیـــشـــتـــووان زەمی کـرد بەقین

**

وتی ئەی تاووس تۆ قــــاچت ڕووتە
بێ پەڕ و تووکە چۆن ئەکرێی تەحسین
لەولاوە، مــەلێک زوو ڕاســتــەوە بوو
بە هەردووکی وت قــســەی ناشــیــرین
هەر کـەس عـەیبی خۆی بۆچی نابینێ
هەردووکـــتـــان بۆچی لە خـــۆتان ڕازین

ستایش و پیاهەڵدان

ستایشی پێغەمبەر(د)*

خەیاڵی باطلە بۆ تۆ هەوای دەوڵەت و تاج
ویصاڵی زائیلە ئەفکاری جەمعی باج و خەراج
نەعیمی هەردوو جیهان پێت بڵێم بەتۆ کە چییە؟
گەدایی دەری سوڵتانی صاحێبی میعراج
موحەممەدی قورەیشی سەییدی جەمیعی ڕوسول
کە خاکی دەرگەهی بۆ دەردی هەر دڵێکە عیلاج
لە خومی حوببی ئەوا ڕۆح و دڵ مولەووەن کە
ئیتر چ حاجەتە ڕەنگ کەی جلت بەخومم و زاج
ئەگەرچی غەرقی ڕەهی زوڵمەتە دڵی (زێوەر)
کە بۆتە ئوممەتی ئەو زاتە دەسیەگاتە سیراج

* ئەم شیعرە لە ل١٤٠-١٤١ی کەشکۆڵی (أ) و ل١٦ی کەشکۆڵی (ب) و (بەیان)ی ژمارە (١٣٧) ل٢٠دا هەیە.

بۆ جەژنی مەولوود*

لە هەر چوار گۆشەی دنیاوە ئەمڕۆ جەژنی مەولوودە
چ مەولوودێ؟ ظهووری حەزرەتی مەحبووبی مەعبوودە[١]
چ مەحبووبێ کە نووری چاوی جوملە ئەهلی تەوحیدە
چ مەحبووبێ سەراسەر مەخزەنی عیلم و وەفا و جوودە[٢]
خوا لەم مانگەدا ئەو نوورە پاکەی خستە سەر دنیا
لەسەرمان ئیحتیرامی مانگی وا مەطلووب و مەقصوودە
کە ئەحکامی مونیری نووری شەرعی خستە ناو عالەم
هەچی ئەحکامە مەنسووخە هەچی ئەغیارە مەطروودە[٣]
شەوی پاکی ویلادەت صوبحی ئیقبالی موسوڵمانە
دەری ڕەحمەت کراوە، دەرگەهی ئیدبارە مەسدوودە[٤]

* ئەم شیعرە لە ل١٨٧ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.
(١) ظهوور: دەرکەوتن، لەدایکبوون. مەحبووب: خۆشەویست. مەعبوود: خوای پەروەردگار.
(٢) جوملە: کۆمەڵ. ئەهلی تەوحید: ئەوانەی خوا بەیەک ئەناسن. جوود: سەخا و بەخشایندە.
(٣) مەنسووخ: هەڵوەشێراوە. ئەغیار: بێگانە. مەطروود: دەرکراو.
(٤) دەری ڕەحمەت: لە کەشکۆڵەکەدا نووسراوە (دەری زەحمەت). دەرگەهی ئیدبار: دەرگای بەدبەختی. مەسدوود: داخراو.

بۆ جەژنی مەولوود*

ماهی ڕەبیعول ئەووەلە ماهی مەسەڕڕەتە[١]
ماهی طلووعی کەوکەبی چەرخی فتووەتە[٢]
ماهی ظهووری گەوهەری بەحری مەعاریفە
ماهیغوروبی کەوکەبیمەنحووسی وەحشەتە[٣]
ماهی هیدایەتە بەرەکەتڕێز و فەیض خێز[٤]
فەخری مووەحیدینە کە ماهی وەلادەتە[٥]
ماهی وەلادەتی شەه و سوڵتانەکان نییە
ماهی ویلادەتی شەهی ئیقلیمی حیکمەتە
ماهی برووزی مەقدەمی پاکی (محمد)ە
جەژنی مووەحیدینە نیشانەی سەعادەتە
ئەو ماهی ڕۆژوو نییە دەم حەبس ئەکا لە نان
ئەم مانگی نای و نۆش و مەهی عەیش و عوشرەتە
عود و بوخوور و صەدریی و چەمپار واجبە
تەهلیل و زیکر و هەلهەلەیە زیکری ئوممەتە
یاڕەب قودوومی خێر و شەڕەف بێ لە بۆ هەموو
ڕەحمێ پەیا بکا ئەوی ئەربابی ثەروەتە

* ئەم سرووده ئایینییە کە زێوەر بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە گوتوویەتی لە ل١٦٧-١٦٨ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ١٨، ساڵی ٢ی ١٩٢١دا بڵاوکراوەتەوە.
(١) ماه: مانگ. مەسرڕەت = مسرّت: کەیف خۆشی.
(٢) طلووع: دەرکەوتن، هەڵاتن. کەوکەب: ئەستێرە. فتووەت = پیاوەتی، جوان چاکی، مێرخاسی.
(٣) غورووب = غروب: ئاوابوون. مەنحووس: بەدبەخت و چارەڕەشی.
(٤) فەیض خێز: ئەوەی بەخشش و خێر و بەرەکەتی لێ پەیدا ببێ.
(٥) مووەحیدین: موحدین: ئەوانەی کە خوا بەیەک ئەناسن.

جەژنی ڕەمەزان*

جەژنی ڕەمەزان هاتەوە ئەییامی سووروورە[١]
هەر جێگە کە من سەیری ئەکەم مەجمەعی نوورە
لایێ بەنەوای عوود و نەی و چەنگ و چەغانە[٢]
بازاڕ و دەر و کووچە ئەڵێی (وادیی طوور)ە[٣]

واعــيظ دەمی بەســراوە وەكــو فــوندەق و بادام(٤)
یار بەســتــەدەهەن مــوحــیی ئەمــواتی قــوبووره(٥)
زاهیــد ســەری كــز كـردووە، بازاڕی كــەســاســە(٦)
شاهید غەمی دەركردووە، خۆی شەمعی حوزووره(٧)
بەم شــارە بڵــێم جــەننەتە تەصــدیقی ئەكــەن زوو
لایێ هەمــوو غــیلمــانە، لەلایێ هەمــوو حــووره(٨)
لەم جەژنە كەوا مـەنبـەعی سـەد ڕەحـمـەت و لوتفـە
ئەو شـۆخــە لەگــەڵ ئێــمــە بەعــینوان و غــرووره
بۆ كـوشـتنی من كـیسـوەتی جەللادی لەبەر كـرد(٩)
باڵای ســـەراپا كـــە دەڵــێی ئاگـــری ســـووره
جەمعییەتی خەڵقی هەموو وەك جەمعی صەحیحە
شــادی لە دڵی ئێــمــە وەكــو جــەزری كــوســووره
(زێوەر) چییە تۆ بیخەیە بەر تیری مەلامەت؟(١٠)
تۆ شاهی (سولەیمان)ی و ئەو هەروەكو مووره(١١)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٧٧-١٧٨ی كەشكۆڵی (أ) و ل٤٠ی كەشكۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە، لە كتێبی گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم ل٢٤-٢٦دا چاپ كراوە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٨٨ یشدا بڵاو كراوەتەوە. چوار دێری لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٨ی ساڵی چوار لەلایەن مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە بڵاو كراوەتەوە.

(١) ئەییامی سورووره: ڕۆژانی شادی و خۆشی.

(٢) عوود (كەشكۆڵی أ) - ڕود (سەرچاوەكانی تر) (عوود) و (نەی) و(چەنگ) و (چەغان) ئامێری مۆسیقان.

(٣) وادیی طوور = وادی طور: شیوی طوور، دۆڵێكە لە ئەرزی سینا حەزرەتی موسا نووری خوای تیا بینی، شاعیرانی كلاسیكی بەكینایە بەكاری دەهێنن بۆ شوێنی بەیەك گەیشتنی دۆست و دڵدار و جێگای صەفا و خۆشی.

(٤) فوندەق: بەعەرەبی پێی دەڵێن: (بندق) وەكو بستە وایە.

(٥) بەستە دەهەن: دەم نووقاو. موحییی ئەمواتی قوبووره: واتە: زیندووكەرەوەی مردووانی گۆڕستانەكانە.

(٦) زاهید: صۆفیلكە، ئەوەی كە بەڕواڵەت وازی لە دنیا هێناوە.

(٧) حوزوور، حضور: شەمعی حضور: چرای مەجلیس.

(٨) غلیمان: كۆی (غلام)ە ئەو كوڕە گەنجە جوانانەی لە بەهەشتا خزمەت دەكەن. حوور: كۆی (حۆری)یە ئەو كچە تازە پێگەییشتووانەی لە بەهەشتا خزمەت دەكەن.

(٩) كیسوەتی جەللادی: بەرگی سوور و خوێناوی.

(١٠) مەلامەت: لۆمە و سەرزەنشت.

(١١) شاهی سولەیمان: حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر. موور: مێرووله، ئاماژەیە بۆ چیرۆكی حەزرەتی سلێمان و مێروولەكە كە لە كاتێكا سلێمان بەخۆی و لەشكرەكەیەوە بەشوێنێكا ڕۆیی مێروولەییێك هاتە زبان و بەڕەفیقەكانی خۆی گوت: هەریەكەتان بچێتە ناو مەڵبەند و شوێنی خۆیەوە با سولەیمان و لەشكرەكەی نەتان پروێنن.

ستایشی حەزرەتی غەوثی گەیلانی*

منم گــەدایی دەری بارەگــاهی حــەزرەتی غــەوث(١)
نواڵە جۆیی سەخای فـەیز بەخشی نیعـمـەتی غـەوث
ڕەئیـــســی طائیـــفـــەی ئەولیـــایە گـــەیلانی
گەیشتە هیندوحەبەش شەوقی نووری تەلعەتی غەوث(٢)
دەلیلی ســالیكی هالیك، چراغی گـوم گـەشـتـە(٣)
سیـراجی زومـرەی ئەقطابی دەهرە هیـمـمـەتی غـەوث(٤)
نەژادی حـەزرەتی زەهرا و نووری چەشـمـی (حـسین)(٥)
طەریقی ئەسهـەلە بۆ مـەعـریفـەت طەریقـەتی غـەوث(٦)
بەسـیم و زەڕ مـەكـە تەشـبـیـهی خـاكی دامـانی
كـە تاجی فـەرقی ئەمـیـرانە خـاكی توربەتی غـەوث(٧)
تەصـەڕڕوفـاتی حـەیات و مـەمـاتی یەكـسـانە(٨)
تەبەددولاتی نەبوو فـەیزی نووری شـەوكـەتی غـەوث(٩)
دەروونـی (زێـوەر) و دەریـا، گـــــەلێ لـەیـەك دوورن
لەفـیكری ئەو بەدەرە، مـەدحی جاه و حەشـمـەتی غـەوث

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٩-١٤٠ی كەشكۆڵی (أ) ل١٥ی كەشكۆڵی (ب) و گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٣٧ ل٢٠دا هەیە.

(١) غـەوث = غـوث: وشـەییێكی عـەرەبییـە چاوگی فـیعلی (غـاث - یغـوث) بەمـانا یاریدەدان و فـریاكـەوتنە لە كـاتی تەنگوچەڵەمـەدا. ئیتـر ئەم وشـەی (غـەوث)ە كراوە بەنازناوی شێخ عـبدالقـادری گەیلانی ١٠٧٨-١١٦٥ی زكە وترا (غەوث) مەبەست ئەوە.

(٢) ئاماژەیە بۆ ئەوە كە طەریقە و ڕێبازی غەوثی گەیلانی دنیای گرتۆتەوە.

(٣) دەلیل: ڕێ پیشاندەر. سالیكی هالیك: ڕێبواری ڕێگای خەتەر و ترسناك. چراغ: چرا. گوم گەشتە: ڕێی لێ ونبوو، سەر لێ شێواو.

(٤) سیراج = سراج: چرا. زومرە = زمرە: كۆمەڵە و تاقم. ئەقطاب: كۆی (قوطب)ە زاراوەییێكی صۆفیانەیە و بەشێخێك دەگوترێ (قطب) كە گەیشتبێتە پلە و پایەیەكی تایبەتی.

(٥) زەهراء: نازناوی فاطیمەی كچی پێغەمبەرە (د). چەشم: چاو.

(٦) طەریق: ڕێگا. ئەسهەلە = أسهل: ئاسان، ئاسانتر. بۆ مەعریفەت: مەبەست (معرفة الله)یە خوا ناسی و گەیشتن بەخوا بەدابونەریتی دەروێش و صۆفییەكان.

(٧) تاجی فەرقی ئەمیران: تاجی سەری پاشایان. توربەت: گڵ.

(٨) تەصەڕڕوفات = تصرفات: مەبەست كارتێكردن و كێشكردنی دڵی خەڵكییە. حەیات: ژیان. مەمات: مردن.

(٩) تەبەددولات = تبدلات: گۆڕان. فەیز = فیض: لێشاو. شەوكەت: شان و شكۆ.

کاک ئەحمەدی شێخ*

هەر هیمەتی کاک ئەحمەدە وا بۆتە جیهانگیر
هەر خاکی دەری مەرقەدی ئەو پیرەیە ئیکسیر(١)
نووری ئەوە جاری بووە وەک شوعلەی خورشید(٢)
فەیضی ئەوە ڕۆم و عەجەمی کردووە تەسخیر
کاک ئەحمەدە شەهبازی تەریقەت بەحەقیقەت(٣)
ئەو بوو کە عەصا بوو چ لە بۆ جوان و چ بۆ پیر
ئەو زاتە مەلەک خەسڵەتە بوو ڕووی لەخوا بوو(٤)
کاک ئەحمەدە ئەوسافی هەموو نایەتە تەحریر
ئەی مونکیری جاه و شەڕەف و فەیض و کەرامات
خۆت لادە کە نیشتووی لە بەرابەر دەمی شەست تیر
مەحبووبی هەموو عالەم و مەجزووبی ئیلاهی
شێخی قەرە چێوارە کە شەیتانی ئەکرد زویر(٥)
ئاثاری فویووضاتی دڵی شێخ کەریمە
خستوویەتە ناو قەلبی هەموو کوردەوە تەئثیر
«کانی کەوە» دێڵێژە، مەقامی «گڵە زەردە»(٦)
شێرانی زەمانە ئەخەنە حەڵقەی زنجیر
ئەی تالبی دین، عاشقی حەق، سالیکی عاریف
بۆ خزمەتی ئەم تائیفە لازم نییە تەئخیر
بۆچی نەبمە بەندە و دەروێشی ئەمانە
مەربووطی ئیلاهین چ بەتەهلیل و چ تەکبیر(٧)
دەروێشە کە ماریان لە دەسا عەینی خەیارە
دەروێشە کە شێری نەڕ ئەکا بەستە و زنجیر
دەروێشە بەزیکر و بەدەف و شەوق و سەماعە
دەروێشە کە دنیا لە نەزەریایە وەکو بیر
(زێوەر)! وەرە دەروێش بە بەدڵ نەک بەسەر و پرچ
وەک مونکیری بێ دین بەهەوەس ڕووت مەکەرە قیر

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٦ – ١٤٧ی کەشکۆڵی (أ) و کەشکۆڵی (ب) ل١٧ نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٧/ل٢٠دا بڵاوکراوەتەوە. جارێکی تریش شێخ ئیسماعیلی دێڵێژەیی ئەم قەصیدەیەی لەسەر دوو پەڕە نووسیوەتەوە

دوایی لەگەڵ کەشکۆڵی (أ) جزوبەند کراوە. هەروەها لە ل٢٠ دەستنووسی شاعیریشدا هەبووە ئێمە ئەممان کرد بەبنەما.

(١) دەری: دەرگای. مەرقەد: ئارامگا. ئیکسیر: بەقسەی پێشینان و نووسراوی کۆن گوایە ماددەیێکە کە تێکەڵ مس بکرێ دەیکا بەزێڕ، تێکەڵ بەجیوە بکرێ دەیکا بەزیو.

(٢) خورشید: خۆر.

(٣) شەهبازی تەریقەت: شاباز و شێخی شارەزا بۆ ڕێ و شوێنی خوا پەرستی.

(٤) مەلەک، خەسڵەت: ئەوەی ڕەوشتی وەک فریشتە وابێ.

(٥) شێخی قەرەچێوار: مەبەستی شێخ حەسەنی قەرەچێوارە، ئەم زاتە کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئیسماعیلی ولیانییە. ساڵی ١٢٦١ی ک لە دایک بووە. پیاوێکی خواناس و زاهیدێکی ڕاستەقینە بووە، لە قەرەچێوار و قەڵا مکاییل و قادر کەرەم تەکییەی هەبووە. ساڵی ١٣٢٤ی ک لە قادر کەرەم لە دنیا دەرچووە.

(٦) کانی کەوە و دێڵێژە و گڵەزەردە: سێ گوندن تەکیە و ئارامگای شێخانی بەرزنجەیی لێیە.

(٧) مەربووطی ئیلاهین: سەر بەپێڕی خوداین. تەهلیل و تەکبیر: دوو جۆرە ویرد و ذیکری دەروێشانە.

ستایشی شێخ عەلائەدینی بیارە*

بام عەهدی جوانی بگەڕێتەوە
هۆشی ڕۆیشتوو بڵێن بێتەوە
ئەقڵت نەمابێ ئەگەر لەسەردا
لە بیارەدا عەقڵت دێتەوە
ئەیان وت قەبزە ناو دێی بیارە
چوومە خانەقا دڵ ئەکرێتەوە
تەئثیراتێکی مەعنەویم تیادی
غەم وەکو بەفر تیا ئەتوێتەوە
لایێک تەدریسی عیلم و شەریعەت
لایێک دەروازەی فەیض ئەکرێتەوە
لای خوا بگاهی شێخ (ضیاءالدین)(١)
بۆی لیحیەی شەریف ئەپەخشێتەوە(٢)
مەحاسینی پاک سەییدی عالەم
مەلەک بۆ طەوفی ئەڕوا و دێتەوە
لە سایەی صیدقی شێخ عەلائوددین
تا ڕۆژ لە مەغریب ئەگەڕێتەوە
خانەقا هەروا پڕ لە فەیض ئەبێ
چرای ئیرشادی قەت ناکوژێتەوە
شێخ (علاءالدین)، (صانه المعین)
وەصفی خێراتی ئەو نابڕێتەوە

شێخ (علاءالدین) فەخری زەمانە
ئەمثالی ئیتر قەت نابێتەوە
بوبەکر خەسڵەت عومەر مەعدەلەت
شەیتان لە ناوی ئەسڵەمێتەوە
خادمی دین و عیلم و فوقەرا
خوا ئەم زاتەمان نەشارێتەوە

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٦-٢٢٧ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.
شێخ علاءالدین کوڕی شێخ عومەری (ضیاءالدین)ە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی هاتۆتە دنیاوە هەر بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لای مەلا حامیدی کاتب قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە، دوایی وەکو فەقێکانی ئەو سەردەمە نەحو و صەرفی عارەبی و هێندێ کتێبی شەرعیشی خوێندووە. لە تەمەنی دوازدە ساڵیشدا تەریقەتی وەرگرتووە دوایی دەستی کردووە بەئیرشاد و ئامۆژگاری لەسەر ڕێ و شوێنی باوک و باپیری خۆی. زۆر بەلێبوردنیشەوە خزمەتی عیلم و ثەقافەی ئیسلامی کردووە تا لە ساڵی ١٣٧٣ی کۆچی لە بیارە لە دنیا دەرچووە و هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی. بۆ زیادە مەعلومات لە ژیان و بەسەرهاتی ئەم زاتە سەیری کتێبی یادی مەردان بەرگی دووەم ل٣٠٨-٣١٧ دانراوی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەکرێ.
(١) خوا بگاه: ئارامگاە. (ضیاءالدین): مەبەستی شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی سیراجوددینە و (ضیاءالدین) نازناویەتی. ئەم زاتە موبارەکە ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی لە بیارە چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ساڵی ١٣١٨ی کۆچیش لە دنیا دەرچووە. یەکێکە لە پیاوچاکانی سەردەمی خۆی، ژینامە و باسی ئەم زاتە زۆری دەوێ و لێرە جێگای نابێتەوە هەر کەسێ دەیەوێ بەتەواوی لەم بارەوە ئاگاداربێ سەیری یادی مەردان (ج٢/١٤٩-٢٧٣) بکا.
(٢) لیحیەی شەریف: مەبەستی ئەو چەند تاڵە مووەی پێغەمبەرە (د.خ) کە لە خانەقای (بیارە) لە شووشەیەکدا پارێزراون.

لە ستایشی شێخ (مستەفای نەقیب)

هاتە خەوم*

هاتە خەوم دولبەری سیمین بەدەن، گوڵ عوزار(١)
زینەت و ئارایشی دابوو وەکو نەوبەهار
ڕۆینی «کەبکی دوری» عیشوەو و جیلوەی پەری(٢)
ئەبرۆی وەک خەنجەری قەلبی ئەکرد زەخمدار
غەنج و عیتابێکی بوو، ناز و حیجابێکی بوو(٣)
مەیلی کەبابێکی بوو وەک دڵی عوششاقی زار(٤)
هاتە تەکەللوم وتی عاشقی و دڵ لەتی
مائیلی ڕووی عوشرەتی، بێنە مەیی خۆش گەوار(٥)
وەختی شەراب و مەیە بەربەط و چەنگ و نەیە
مەجلیسی شاهی (کەی)ە وەعدەی بۆس و کەنار

هاتمە جوانی حەبیب، ئەی بەهەموو دەرد طەبیب
بێتو بزانێ (نەقیب) هەردوو ئەبین شەرمەسار
ڕوو لە جەفامان ئەکا، تەرکی حەیامان ئەکا
تووشی بەڵامان ئەکا، وێڵی دیارە و دیار
ناوی (نەقیب)ی کە بیست بەحثی صیفاتی ئەویست
لاڵە لە وەصفی زمان جامیعی فەزل و ویقار
(ابن مزید)ە و (حەتەم)، دەرگەهی (بیت الحرم)
صاحیبی جاه و حەشەم دێنە دەری شار بەشار
حوببی لەگەڵ عالمان، بوغزی لەگەڵ زاڵمان
موعتەبەری حاکمان صاحێبی جاه و ویقار
ڕۆژی وەغاو و قیتال حەملەی شێران میثال
صاحێبی فەڕڕ و جەلال مونتەخەبی ڕۆژگار
ئەهلی زەمین و زەمان جوملە موتیعن بەجان
حوکمی بەسەر دوژمنان (جاری)یە وەک (ذو الفقار)
نحمدک ربّنا! مثله أعطیتنا
ذلک فخر لنا فوق جمیع الدیار
سەییدی ئەعلا نەسەب شێرە لە وەختی غەزەب
جامیعی حوکم و ئەدەب بەندەیی پەروەردگار
ڕەببی لەبەر خاتری سەییدی (فخر الأنام)
قەت لە نزوولا نەبێ زاتی سەعادەت شیعار
خاکی قەدەم گاهی ئەو تاجی سەری زێوەرە
داڕوی دەردی سەرە مەرهەمی دڵ زەخمدار

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٤-٢٢٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە لە سەرەتاشیەوە نووسراوە «لە ستایشی خوالێخۆشبوو شێخ مصطەفای نەقیب دا فەرموویەتی»
(١) سیمین بەدەن: زیوین بەدەن، ئەو ئافرەتەی سپی و ناسک بێ.
(٢) کەپکی دووری: سوێچکە، شاعیران لارو لەنجەی ئافرەتیان بەڕۆیینی سوێچکە شوبهاندووە.
(٣) غەنج: ناز و دەلال. عیتاب: لۆمە و سەرزەنشت. حیجاب: پەردە.
(٤) عوششاق: کۆی (عاشق)ە. زار: نارەحەت و پەراگەندە.
(٥) گەوار: قوت چوو زولال و ڕەوان و صاف.

ستایشی شێخ (عبدالقادری سۆڵە)*

بنازم شوعلەی عەشقی کە ڕۆشن کا موسوڵمانی
بنازم شۆڕشی زەوقی مەلەک بێ بۆ ثەناخوانی
بنازم بارەگاهی شێخ حسێن و نەسلی مەحبووبی
تەریقەی قادری ڕوون بوو بە (عبدالقادر)ی ثانی
چ (عبدالقادرێ) فەیضی لە بۆ خاس و لە بۆ عامە
وەکو هەوری بەهاران ڕەحمەتە ئەلطاف و ئیحسانی
حوسەینی نیسبەتە والا حەسەب (شێخ قادری سۆڵە)
لە فەیضی قیسمی نەفسانی موبەددەل بوو بەڕۆحانی
مەداری ئیفتیخاری میللەتی کوردانە بۆ دنیا
بە ئیطعامی طەعام و خزمەتی ئەهلی فەقیرانی
چراغی بەزمی ئیرشادە، عەدوویی ئەهلی ئیفسادە
لە بوغز و کینە ئازادە، بەقەلبی پاک و نوورانی
جەبینی لامیع و ئەنوەر، کەفی وەک کانی زیو و زەڕ
دڵی عەرشی خوای ئەکبەر، موطیعی حوکمی قورئانی
بەقەمچیی دەستی تەئدیبی هەوا خواهانی نەفسی کرد
عەصای دەستی وەکو گۆچانە بۆ حیفظی موریدانی
خوا ئەم بارەگاه و تەکیە ئاواکا بەئیقباڵی
بژی بۆ خزمەتی میللەت وەکیلی غەوثی گەیلانی

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٧-٢٢٨ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو شێخ عەبدولقادری سۆڵە (قەمچی ڕەش).

بۆ صالح زەکی صاحێبقران*

گەلێ هەیە کە خەیاڵاتی خواب و خوردەن ئەکا
وەیا هەوای دەرودەشت و گەشتی گوڵشەن ئەکا
بە لەهجەیێکی ئەدیبانە دێتە بەسطی کەلام
بە ڕەنگی واعیظی دانا قسەی موعەنعەن ئەکا
ڕیجالی خەڵکی مەحەللەی تەواوی ناناسێ
قسە لە ڕووس و لە ژاپۆن و چین و مەقدەن ئەکا
دەقیقەیێکی ژیانی بەڕووی زەمین نادا

لە ڕێی تەڕەققیی میللەت خەیاڵی مردن ئەکا
گەلێکی وایش هەیە بێ دەنگ و حازم و فەعال
فەلەک لە کردەوەیان ئافەرین و ئەحسەن ئەکا
میثالی قیسمی دووەم چەند کەسێکی مەحدوودە
وەکو مەعالی (زەکی بەگ) قسەم موعەییەن ئەکا(١)
بە حیلم و عیلم و بەصیدق و ثەبات و دینداری
بە نووری فیکری شەوی تار و تیرە ڕەوشەن ئەکا
سەعادەتی موتەصەڕڕیف زەکی بەگی ثانی
ئەویش بەفیکری بلندی وەتەن موزەیيەن ئەکا
لەناو وڵاتەکەیا گەر دزێ هەبوو گوم بوو
ئەوی تەریدە بوو ناچار، ڕوو لە مەئمەن ئەکا
سەلەف بەلوتف و بەعونف و خەلەف بەعەزم و بەحەزم
لیوا حەیاتی پەیاکرد لە شاری لەندەن ئەکا
زەکی بەگ ئاوی حەیاتی بەدەم وڵاتا کرد
هەموو مەعاهیدی عیلمی لە باخ و گوڵشەن ئەکا
بە عەدل و کردەوە ویجدانی پاکی مەعلوومە
موساعەدەی عەرەب و کورد و تورک و ئەرمەن ئەکا
بە عیلم و عەمەلی خزمەتی لە بۆ میللەت
لە گەورە گەورە فیداکارەکانی جەرمەن ئەکا
بژی - ئیلاهی - ئەوانە کە نەفعی خەڵقی ئەوێ
لە پێی ڕوفاهی بەشەر تەرکی عەیش و نوستن ئەکا

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٣-٢٢٤ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە.
ساڵی ١٩٣٥ی ز صالح زەکی بەگی صاحێبقران موتەصەڕڕیفی سلێمانی بووە، زێوەر ئەم شیعرەی بۆ ئەو گوتووە.
(١) ئەم زەکی بەگەیان مەبەستی محەمەد ئەمین زەکییە چونکە مەعالی بەوەزیر ئەوترا.

ستایشی (ئەفراسیاب بەگ)*

چ کەس نەگەیوە لە دنیا بەمەقسەد و کامی(١)
زەمانە طەبعی کەچە، بەد میزاجە ئەنجامی
هەزار نامەوەری نامداری خستە بەڵا
لە خۆی نەگرتووە هێشتا کە ناوی بەدنامی(٢)

هەزار بیژەنی مەردی ئەسیری زیندان کرد[٣]
هەزار ڕەخنە ئەخاتە شیعاری ئیسلامی
ئومێد ئەکەم کە بەسی بێ کە شاکەشی دەوران
ئەوی کە ماوە نەیخاتە حەڵقەیی دامی
یەکێ لەوانەیە ئەفراسیابی ڕۆستەم بەگ
بژی بەنەصرەتەوە بۆ عەدوویی دین خامی
ئەڵێن شەجیع بووە ئەفراسیابی تورکی قەدیم
نەگەیوەتە قولی ئەفراسیابی هەورامی
هەمیشە ئەو لەدەس ئێران هەر فیراری ئەکرد
وەلێ ئەم ئێستە کە ئێران ئەخاتە سەرسامی

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٨-٢٢٩ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.

(١) مەقسەد = مقصد: مەرام. کام: ئارەزوو.

(٢) بەدنامی: بەدناوی.

(٣) بیژەن کوڕی گیوە، تووشی ئەوینی مەنیژەی کچی ئەفراسیاب بووە و شێت و شەیدای بووە و زۆر هەوڵی داوە دەستی بگاتێ ئەفراسیاب شەو لە ماڵی خۆیاندا گرتوویەتی و زیندانی کردووە.

لە ستایشی فەتاح خانی کوڕی حاجی ئەحمەدی سۆفی*

عەشقی صەنەمێ شۆڕشی خستۆتە دڵ و جان
لەنجەی ئەشکێنی قەدەمی کەبکی خەرامان[١]
مومتازە بەنازە، مەهی گەردوونە لە حوسنا
غەددارە دڵ ئازارە، چ شۆخێکە بەعەینوان؟!
کافر مووە، ئیسلام ڕووە، خاڵ هیندووە، دڵ ڕەق
ئیمان بەرە، قەد عەرعەرە، دەم خونچەیی خەندان[٢]
لەو ساوە کە سەودای بەچە عەططارە لە سەرما
وەک عەطرە هەناسەم کە دەکا ڕائیحە ئەفشان[٣]
شمشێری برۆی خەم بووە بۆ قەتلی خەلایق
عەططارە بەکردار و بەطەلعەت گوڵی نیسان[٤]
سەر دەفتەری خووبانی سلێمانییە ئەلحەق
شای ئاهوویی چین و خوتەنە چاوی (فەتاح خان)[٥]
من نیمە مەتاعێ لەبەهای خەندەی لێوی
ئەقڵێک و خەیاڵێ هەبوو زوو بردی بەتاڵان

تا ڕایەتی حوسنی لەسەر ئەم شارە بڵندە
بەسراوی خەمی حوکمی ئەون ئاقڵ و نادان
نازدارە وەکو شیعری تەڕ و تازەی (زێوەر)
نایابە لە بازاڕی جیهان وەک مەهی کەنعان

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٩ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە هەروەها لە گۆڤاری بەیانیشدا لە ژمارە ١٢٧دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) صەنەم: بت. کەبک: کەو.

(٢) کافر مووە: واتە مووی ڕەشە. ئیسلام ڕووە: واتە ڕوخساری ڕووناک و سپی و جوانە. خاڵ هیندووە: واتە خاڵی ڕەشە.

(٣) ڕائیحە ئەفشان: بۆن بڵاو کردنەوە. شایانی باسە کە ئەم دێرە شیعرە لە کەشکۆڵی (أ)دا نەبوو لە گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(٤) خەم بووە: واتە لار بۆتەوە وەک کەوان.

(٥) ئاهو: ئاسک. چین: وڵاتی چین. خوتەن: وڵاتی خوتەن: ئەم دوو وڵاتە بەئاسک بەناوبانگن.

فەتاح خان: لە تافی خۆیدا کوڕێکی ئازا و شۆخ و شەنگ و شیرینی سلێمانی بووە. (ن.م)

لە ستایشی سەید عەلی کوڕی حاجی شێخ مستەفا

ئەی دڵ*

ئەی دڵ! وەرە تۆ خادیمی دەربانی (عەلی) بە[١]
هەر عاشقی لەعلی لەبی خەندانی (عەلی) بە[٢]
عومری (خضر)ت گەر هەوەسە تاکو قیامەت[٣]
ڕۆژێ وەرە سەد دەفعە بەقوربانی (عەلی) بە
خەوفت نە لە تیر بێ نە لە خەنجەر نە لە شمشێر
مەجرووح و جەریح خەستەی موژگانی(عەلی) بە[٤]
بۆ نازیلەیی قودرەت و بۆ تیری قەزایی[٥]
هەر لەحظە موهەییابە!! بەقەڵغانی (عەلی) بە
دنیا کە لە ڕووی ئەو، بەمەسەل جەننەتە ئەمڕۆ
لەم گوڵشەنەدا بولبولی خۆشخوانی (عەلی) بە[٦]
خاڵی مەکە سینەت لەهەموو عەشق و مەحەببەت
دائیم وەکو (نەی) سینە پڕ ئەفغانی(عەلی)بە
دائیم لە بەدەل طاعەت و ئەورادی سەحەر گاه
وەک بولبولی ناو باخچە ثەنا خوانی (عەلی) بە

هەرچەندە کـە پەروەردەی ناو (سـوننی)یی (زێوەر)
وەک ئەهلی تەشـەییـوع بەفـیـدای جـانی(عـەلی) بە

* ئەم شیعرە لە ل١٦٩-١٧٠ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٥ی کەشکۆڵی (ب) هەیە. لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧، ل٣٥دا بڵاو کراوەتەوە.
وەک مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ: زێوەر ئەم شیعرەی لە ستایشی جوانی و لاوچاکی سەیید عەلی کوڕی حاجی شێخ مستەفای قازیدا گوتووە.
(١) دەربان: بەردەرگا.
(٢) لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە شاعیران بۆ لێوی یار لەشیعردا بەکاریان هێناوە. لەب: لێو.
(٣) خضر: خدری زیندە، دەڵێن گوایە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە تا ڕۆژی قیامەت نامرێ.
(٤) مەجرووح: بریندار (جەریح)یش هەر بەمانا (مەجرووح)ە و بۆ وەزنی شیعر ڕاپێچ کراوە. خەستە: نەخۆش.
(٥) نازیلەی قودرەت: بەڵا و مسیبەتی ئاسمانی.
(٦) ئەم دێرە شیعرە و شیعرەکەی دوابیشی تەنها لە کەشکۆڵی (أ)دا هەبووە.

بۆ موفتی پێنجوینی (مەلا عەبدوڵڵا)*

(بارک الله) لە مـوفـتـیی پێنجـوین(١)
شـــیـــعـــرەکـــانی بەتامن و ڕەنگین
هەروەکـو مـوفـتـیی فـەلەسـتـینی(٢)
بۆتە خـەم خـواری مـیللەتی مـیـسکین
وەکـو بەعـزێ سـەری نەکـردووە بەگـۆ
بۆ شـــەقی لاوەکـــانی ڕووســـیـــمین
فـــیـکری ئەو دێری کـــۆنە ئەم بیـکرە
فـیـکری مـوفـتی مـوافـیـقـە بۆ دین
یا طەلەبکاری عـــیـلمی کـــیـــژانە
یا بەکـەسب و عـەمـەل ئەکـاتە تەڵقین
گـەرچی مـوفـتی لە ڕوتبـەیی شـیـعـرا
نەیگەیاندۆتە شـــاعـــیـــری دێرین
غـــایەتی چونکە باشـــە مـــەوزووعی
لای هەمـــوو بۆتە مـــەزهەری تەحـسین
مـــوفـــتـــیی شـارەکـەی سلێـــمـــانیش
وەکـو بیـسـتـوومـە گـەیوەتە سـەبعین**
ئافـــەرین بۆ ئەویش کـــەوا مـــەردە
فـــیـکری بیـکری نەبردە ژێری زەمین***

* ئەم شیعرە لە ل٢٣٠-٢٣١ کەشکۆڵی (أ)دا هەبووە.

(١) موفتی پێنجوینی: ناوی مەلا عەبدوڵڵایە کوڕی مەلا کەریمە نازناوی موفتی پێنجوینی، ساڵی ١٨٨١ی زایینی هاتۆتە کۆڕی ژیانەوە لەحوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خوێندوویەتی، شاعیرێکی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ بووە. بەیەکێک لە قوتابییانی حاجی قادر دەناسرێ زۆربەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا بەتایبەتی ڕۆژنامەی ژیان و ژین- بڵاو کراونەتەوە تا ئێستا دیوانەکەی بەتەواوی چاپ نەکراوە. ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە دنیا دەرچووە. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.
(٢) موفتی فەلەستینی: مەبەستی حاجی ئەمینی حوسەینییە کە سەردەمێک ڕابەری گەلی فەلەستین بوو.
** لەم شیعرەدا مەبەستی مەلا عەبدولعەزیزی موفتییە کە ئەو کاتە تەمەنی گەیشتۆتە حەفتا ساڵ.
*** دووبارە لەم شیعرەدا هەر مەبەستی مەلا عەبدولعەزیزە کە لەو تەمەنەدا کچێکی هەژدە ساڵی مارە کردووە. (م.ن)

لە ستایشی باخی مزگەوت*

مـەدحی ئەم باخـە بکەم ڕاست و حـەقـە
پڕ لە جـۆری گـوڵی ئاڵـتـوون تەبەقـە
شەست پەڕ و (لالە عەباس) و (گوڵەناز)
وەکـو ئەسـتـێـرە و ڕۆژ و شـەفـەقـە
(تەرخوون)و(مەسکی)و(نەعنا) جوێ جوێ
خـوار و ژوورن تەبەقـەن عـەن تەبەقـە(١)
بەریی قـەددی (چنار) و بیـیـەکـەی
هەروەکو قامەتی (عـووجی عەنەقە)!(٢)
باسی مـینایی شـەرابی چ بڵـێم؟(٣)
داخی مـینایی شـەڕاب و عـەرەقـە
وەسـفی ئەم سڵـقـە لە کەرکـووک بکرێ
سـەد (کـەمال زادە) لەوێ حـاڵی شـەقـە
هەر کـەسێ هاتە تەمـاشـای و وتی:
«مـــاشــــاء اللّه لمن قـــد خَلَقَ»

* ئەم شـیـعـرە لە ل١٧٦ی کـەشکۆڵی (أ) و ل٣٩ی (ب) نووسـراوەتەوە لە گـۆڤـاری (بەیان)ی ژمـارە ١٤٢، ل١٧ بڵاو کراوەتەوە. دیارە شیعرەکە لە ستایش و مەدحی باخی مزگەوتی (بن تەبەقی عیرفان)دا وتراوە کە کەوتۆتە پشت مزگەوتی گەورەوە، مزگەوتێکی تریش لە پشت سەراوە نزیک مزگەوتی شێخ عەلی پەڕۆ هەیە پێی دەڵێن (بن تەبەقی هەرمنی).
(١) بەعەرەبی ئەم سێ وشە بەم شێوە دەنووسرێن (طبقاً عن طبق) واتە: پلە پلەو توێ توێ.
(٢) عووجی عەنەق: زەلامێکی ئەفسانەییە دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە، دەڵێن: بالای ئەوەندە بەرزە بەدەستێکی ماسی لە بنی دەریا دەردەهێنا و، بەدەستەکەی تریشی لە خۆری نزیک کردۆتەوە و برژاندوویەتی و خواردوویەتی.
(٣) باسی (کەشکۆڵی أ) بەحثی (سەرچاوەکانی تر).

خێرت قوبووڵە*

کەسێ موطیعی خوا و ڕەسووله
له ڕێگەی دیندا لیرەی لا پووله
«انما یعمّر مساجد الله»
لەبۆ ئەمثالی حاجی ڕەسووله
هاتفێ بانگی لێ کرد ئەی حاجی
ساڵی تەئریخی: «خێرت قبووڵە»(١)

....

* زێوەر ئەم سێ دێرە شیعرەی بەبۆنەی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتێکی شاری (پێنجوین)ەوە گوتووە کە بەمزگەوتی حاجی ڕەسووڵ بەناوبانگ بوو.

(١) ڕستەی «خێرت قبووڵە» بەحیسابی ئەبجەد مێژووی ئاوەدان کردنەوەکە دەردەخا کە ساڵی ١٣٥٣ی کۆچی دەگرێتەوە شیکردنەوەکەشی بەم شێوەیە:
[خ =٦٠٠+ ی =١٠+ ر =٢٠٠+ ت =٤٠٠ + ق =١٠٠ + ب = ٢+ و = ٦+ ل =٣٠+ ه = ٥ = ١٣٥٣ی ک.]

ستایشی شاری بەغدا*

چ خۆشە مەنزەرەی جوانی شارەکەی بەغدا
کە شێخ و زاهید و صۆفی ئەخاتە سەر سەودا
حەدیقەکانی نموونەی بەهەشتە بۆ خۆشی
دروستە ناوی بنێی عەدن و (جنّة المأوی)(١)
ئەچیتە سەیر و تەماشای حەدیقەی غازی(٢)
پڕە لە بازی شکاری و ئاسکی سەحرا
لەسەر ئەریکە بەرێکی کە چوویت و دانیشتی(٣)
هەزار حوور و پەری دێن و دەڕۆن بە بەردەمتا
نەمامی مەم وەکو دوو سێوی ئاڵ و لیمۆی زەرد
دەسی ئەخاتە دەسی، دیدە نێرگسی شەهلا
نیگاهی شاریعی غازی و ڕەشید و ئەمسالی
لە شانزە لیزەی پارس زیاترن بەصەفا(٤)
کەناری جاددە درەختانی ڕێک و مونتەظەمی
میثالی قەددی حەبیبانی نازک و ڕەعنا
کە بچیتە سەیری قوصوور و دەوائیری ڕەسمی
بە جازیبەی فەرەحی دڵ دەخاتە ڕەقس و سەما

بچیتە کەرخی ڕەیاحین و گوڵ لەژێر ئەشجار
چ ئابدار و چ شیرینە ڕیزی دارخورما
بە پرتەقاڵ و کەبات و ترنج و لیمۆنی
کە بۆنی خۆش بە هەموو شاریعا ئەکەن ئیفشا(٥)
هەوا موعەتتەرە عالەم موعەنبەرە بێ شک(٦)
سەدای قومری و بولبول بەسە لەباتی غینا(٧)
بەشەو ئەبینی لەسەر ئەرز ئاسمانی یەکەم
ئەلەکتریکە کەواکیب کە شەوق ئەدا بەهەوا
کە سەیری دیجلە ئەکەی دێ بەسەد هەزار عەظەمەت
خوڕەو و ڕەی نییە ئەڕوا بەبێ هەرا و سەدا
دەماری جیسمی بلّند باعیثی حەیاتی وڵات
ئەوە، کە زینەتی داوە بەباغ و قەسر و سەرا
مەحەللی عیلم و مەنافیع و مەنابیعی ثەروەت
هەموو لە عاصیمەی ناو عیراق ئەبێ پەیدا
حەقیقەتەن ئەوە پایتەختی ظاهیر و باطین
پڕە لە شاه و وەزیرانی عالەمی ئوخرا
جونەید و سیرڕی و بەهلوول و بیشر و کەرخی هەموو(٨)
موجاویرن لە حوزووری شاهی دین ئیمام موسا
ئەتۆ نەظەر مەکە ئەو قەسر و گونبەدی ظاهیر
لە بۆ تەوافی مەلەک بارەگاهی وا لە سەما
غوباری قەبری کلی چاوی جەعفەری و سوننی
نیگاهی مەرقەدی شادیی دڵی غەنی و گەدا
لە پاش ئیمامی زەمان مەرتەبەی کە باڵایە
جەنابی غەوثی زەمانە ڕەئیسی ئەهلی هودا
مەصافی تۆ نییە ئەم ساحە واسیعە (زێوەر)
لە بەحری ئەتلەسی بۆ تۆ مەحاڵە بێیتە شەنا
لە باتی مەدحی بخوێنە (علیهم الرضوان)
«علیه الف صلاة ورحمة ورضا»

....

* ئەم پارچەیە لە ل١٣٢-١٣٤ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) عەدن و جنة المأوى: دووباغی بەهەشتن.

(٢) حەدیقەی غازی: لە شوێنی (باب الشرقي) ئێسا بووە.

(٣) ئەریکە: کورسی.

(٤) شانزە لیزە: مەبەستی شەقامی شانزیلێزێی شاری پاریسە.

(٥) ئیفشا: بڵاوکردنەوە

(٦) موعەتتەر = معطر = عەتراوی. مووعەنبەر، معنبر: بۆنی عەنبەری لێ بێ.

(٧) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچوکترە جووت جووت بەیەکەوە دەژین

(٨) جونەید: کوڕی محەممەدی کوڕی جونەیدی بەغدایییە، ساڵی لە دایکبوونی دیار نییە. صۆفی و خواناسێکی بەناوبانگ بووە لە بەغدا هاتۆتە دنیاوە هەر لەوێش ساڵی ٢٩٧ی کۆچی ٩١٠ ز. لە دنیا دەرچووە. حلیه الأولیاء ج١٠/٢٥٥.

سیڕی: مەبەستی (السري السقطي)یە ئەمیش کوڕی موغەلەسی سەقەطییە ساڵی لەدایکبوونی دیار نییە صۆفی و زانا و مامۆستایەکی پایە بەرزی بەغدای ئەو سەردەمە بووە خاڵی جونەیدی بەغدایی بووە. ساڵی ٢٥٣ی کۆچی ٨٦٧ی زایینی لە دنیا دەرچووە. (الطبقات الصوفية) ل٤٨-٥٥.

بەهلوول: کوڕی عەمری صەیرەفییە، ساڵی لەدایکبوونی نەزانراوە لە شاری کوفە لەدایک بووە و پێ گەیشتووە. دانا و قسەزان بووە (هارون الرشید) هێناویەتی بۆ بەغدا و زۆر قسەکانی پێ خۆش بوون بەڵام دوایی تووشی وەسوەسە و فکرکردنەوە بوو. بەشێت و بێ عەقڵیان لە قەڵەم داوە. ساڵی ١٩٠ی کۆچی ٨٠٦ی زایینی لە دنیا دەرچووە.

بیشر: بیشری حافی کوڕی (الحارث)ی کوڕی عەلی کوڕی (عبدالرحمن)ی مرۆزییە، پیاوێکی خواناس و صۆفییەکی مەشهوور و حەدیث زانێکی بەناوبانگ بووە. لە بنەڕەتا خەڵکی (مەرو) بووە بەڵام لە بەغدا دانیشتووە هەر لەوێش لە دنیا دەرچووە. (روضات الجنان) (ج١/ ٩٠).

مەعرووفی کەرخی کوڕی فەیروزی کەرخییە، یەکێکە لەهەرە پیاوە بەناوبانگەکانی پیاوانی صۆفی و دوعاگۆی سەردەمی خۆی. ساڵی لەدایکبوونی نازانرێ ساڵی ٢٠٠ی کۆچی ٨١٥ی زایینی لە دنیا دەرچووە (طبقات الصوفية) ل٨٣-٩٠.

ستایشی بەرزنجە*

پابەندی...

پابەندی بەنی کاڵەو و پڕ سیرمە کڵاشم(١)
پەروەردەیی چەنگ سووتەکە و ساوەر و ماشم(٢)
من چیمە لە فاسۆنی فەڕەنگ، چۆغەیی لیوی
تا شاڵی مەرەز یانە خوری بێ بەقوماشم
دانیشتنی سەرچاوەیی ئاوانی چیاکەم
نایدەم بەهەموو موڵکی جیهان گەرچی گەداشم
بۆ سەیری گوڵ و مێرگی نزاران لەبەهارا
چاوم وەکو نێرگس گەشە، مەفتوونی هەواشم
بۆ نیکوی بەدی عالەمی دنیا، لە کەنارم
بۆ دینی خەڵک بێ زەرەرم نیوە مەلاشم

داخم ئەوەیە هاو وەتەنم زۆری نەزانە
بەم دەردەوە ئەتلێمەوە، ئاو کەوتووە ئاشم
هەرچەندە لە شار دوور و لە(دێ)ش دەربەدەرێکم
پێم خۆشە کە کەوتوومە مەحەللی بەنی هاشم(٣)

....

* ئەم شیعرە لە ل٣٨-٣٩ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە، ئەمەشی لە پێشەوە نووسراوە: ساڵی ١٩٣٩ی ز کە مامۆستا زێوەر مودیری قوتابخانەی بەرزنجە بووە وتوویەتی.

(١) کاڵە: بریتییە لە پارچە چەرمێک قەراغەکانی کون دەکران و شریتی قایمی تێ هەڵدەکێشرا خەڵکی لە جیاتی کڵاش لە پێیان دەکرد.

(٢) چەن سووتەکە: چێشتێکە لە ترخێنەی وشک و ساوەر یا برنج دروست ئەکرێ.

(٣) بەنی هاشم: مەبەستی بەرزنجەیییەکانە. کە ئەو کاتە زێوەر لە گوندی بەرزنجە مودیری قوتابخانە بووە وەکو باسمان کرد. وردە ئیشارەتێکی ناسکیشی تێدایە بۆ سەخاوەت و نان بدەیی بەرزنجەیییەکان، ئیشارەتەکە لەمەوە هەڵدەستی کە وشەی (هاشم) لە مەعنادا بەو کەسە دەگوترێ کە خواردەمەنی بۆ میوان ئامادە بکا تێ گوشاو (تشریب) پێشکەش بەمیوان بکا.

بۆ عەلی کەمال بەگ

بەیانی حەقیقەت*

طەبیعەتم کە هەڵ ئەنگووتووە لە وەضعی زەمان
خەیاڵی شیعر و غەزەل لێم پەڕیوەتە سەربان
کە سەیری حاڵەتی میللەت ئەکەم پەرێشانە
منیش لە بەحری غەما ئەمە ماسیی مەلەوان
کەسێکی وا نییە غەمخواری قەومی بێ کەس بێ
ئەگەرچی زۆر هەیە ئەربابی ثەروەت و سامان
کە خوێندمەوە غەزەتەی (ژین) عەلی کەمالم دی
کە (شا) بەیتی قەصیدەی سەخایە بۆ کوردان
دڵم گەشایەوە، طەبعم کرایەوە دەردەم
لە شوکری هیممەتی ئەو زاتە پڕ شەکر بوو زوبان
وتم: حاتەم بەمەڕێ یا بە وشترە پیرێ
سەخای ئەکرد کە ئەویش تایبەتی بوو بۆ میوان
سەخای حەتەم کە لە دەرماڵی خۆی بوو جەبری بوو
لە عەشرەتی (تەی)ەوە نەیگەیاندە ناو شەیبان

عەلی کەمالە کە دوور و نزیکی گرتووتەوە
بەفەضڵ و جوود و کەرامەت، بەجورئەت و ویجدان
ئەمە کە نیعمەتی بێ (مەنن) و بێ (ئەذی) ئەڕێژێ
بەسەر ڕەفیق و فەقیر و هەژاری سەرگەردان
عەلی کەمالە بەمەردی و بەهیممەت و بەکەماڵ
مەحەللی مەفخەرەتە، ڕەببی هەر بژی بۆمان
قسەش لە(لوطفی)ئەکەم بێ دریغە لوطفی ئەویش[١]
بە خۆی و خزمەوە خزمەت ئەکەن نیهان و عەیان[٢]

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بۆ عەلی کەمال گوتووە کە دەوڵەمەندێکی خاوەن بەخشش و دڵ فراوان و خزمەت گوزاری کوردە و ئێستا لە لەندەن دادەنیشێ. مزگەوتی عەلی کەمال لە سلێمانی ئەو دروستی کردووە.
ئەم شیعرە لە (ژین)ی ژمارە ٦٩٦ی ساڵی ١٩٤٣دا بەناوونیشانی سەرەوە بڵاو کراوەتەوە.
(١) مەبەستی عەبدوڵڵا لوطفی کوڕی حاجی فەتحوڵڵا ئاغایە کە ئەمیش دەوڵەمەندێکی پیاوی شاری سلێمانی بووە زۆر یارمەتی فەقیر و هەژارانی داوە مزگەوتی عەبدوڵڵا لوطفی کە لە گەڕەکی چوارباخە لەسەر ئەرکی ئەم دروست کراوە، لەگەڵ خەستەخانەی مناڵ بوون هەر لەو گەڕەکەدا.
(٢) نیهان و عەیان: نهێنی و ئاشکرا.

شارێکی کوردستان (خانەقین)*

جەننەتە بێ شوبهە شاری خانەقین
ئاوی ئەڵوەندیشی وەک مائی مەعین
دیمەنی سەر پرد و سەیری ئاوەکەی
صۆفیی وشکیش ئەخاتە هەڵپەڕین
گەر لەسەر پرد هەر تەماشای ئاو بکەی
قەت خەفەت ناخۆی دڵت نابێ حەزین
وێنەی وا کەم لە دونیادا هەیە
باغی جوان ئاوی ڕەوان ئەهلی بەدین
ئەهلەکەی کورد و غەریب و دۆست و نەجیب
روو گوشاد، دڵ شاد و ئازاد و ئەمین
سەیری ئەو شارە ئەکەن ئەهلی فەلەک
داغ و حەسرەتیانە وەک ئەو ئەهلە نین
گەر تەماشای کۆشک و خانوویان بکەی
وا ئەزانی لەندەنە یاخۆ پەکین

داری خورما داری لیمۆ و پرتەقاڵ
داری نارنج و کەباتی چین بەچین
زینەتی داوە بەشار و جادەکەی
ئاسمان حەسرەت کەشە بۆ سەرزەمین
قەیسەریی وەک کۆشکی قەیسەر عالییە
کاسبی ڕووخۆش و دەم پڕ پێکەنین
مەعهەدی دینییە ناو مزگەوتەکان
پڕ لە ئیسلامی حەقیقی دوور لە کین
هەر حەدیقەی بۆی بچی چاو ڕوون ئەکا
سەوزە و گوڵزارە زەرد و سوور و شین
قووەتی گیان، قووەی نووری نەظەر
مەظهەری ئاثاری (ربّ العالمین)
جادەکانی مونتەزەم ڕێک و ڕەوان
پڕ لە ئاینده و ڕەوەندی نازەنین
بانگ ئەکەن بۆ ئەهلی سەر عەردی مەلەک
ئەو بەهەشتە (فادخلوها خالدین)

....

* ئەم سروشت ئامێزە لە ژمارە ٦ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ٥ی ١٩٤٤ی ز لەگەڵ پێشەکییەکی کورت و پڕدا بڵاوبۆتەوە.

بۆ ناجی بەگی هورمزی

ساڵی ١٩٣٨ی ز ناجی بەگ هورمزی قایمقامی مەرکەزی سلێمانی بوو، مامۆستا (زێوەر) ئەم شیعرەی خوارەوەی بۆ ئەو گوتووە*.

قال الوطن العاجز لي أين علاجي؟
قلت له: بشراک لقد جاءک ناجي[١]
ئەم جارە بەکوردی وتی: ئەو زاتە بڵندە
تەعریفی تەواوی بکە بۆم چۆنە میزاجی؟
پێم وت شەرەف و فەضڵی لەگەڵ عیلمی تەواوە
وەک لیرەی ئینگلیزە لە هەر جێگە ڕەواجی
فەیز و شەرەفی کەعبەت ئەبێ تۆ لە نەظەردا
ئەولادی ئەتۆ دەورەت ئەدەن هەروەکو حاجی

مەجمووعی لیواکە، هەڵ ئەکا ڕایەتی ئیقباڵ
ئەمجا لە پەنای مەعدەلەتی حەزرەتی (ناجی)

---

* ئەم شیعرە لە ل٢٢٢ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.
(١) واتە: وڵاتی نەخۆش و پەڕاگەندە پێی گوتم نەخۆشم و بێ هێزم، کوا چارێکم بکە؟
وتم: مزگێنیت لێ وا ناجی بەگ بوو بەکاربەدەست و لێپرساوت، چاری هەموو دەرد و ئازارێکت دەکا.

چۆنیەتی ڕابوردووی شاری سلێمانی*

ئەوا مەنعی لە جەردە و دز کرا شاری سلێمانی
لەدەست (باڕەش) چ تەدبیرێ ئەکەن مەئمووری عوسمانی
بەهەر نەوعێ هەبوو سەددێ کرا بۆ باڕەش و تۆزی
لە تاو قوڕ چی ئەکەن؟ کەر قووت ئەدا بازاڕ و کۆڵانی
بە شۆسە و وشکەسی، ئێمە ئەوا چاری قوڕیشمان کرد
عیلاجێ چۆن ئەکەن؟ بۆ کۆمەڵی کێچی بەهارانی
بە تەنظیفات و تەرتیباتی خانەش کێچ ئەوا کەم بوو
مەحەببەت چۆن ئەخرێتە دڵی ئەصناف و شێخانی

---

* ئەم شیعرە لە ل٤٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. زێوەر لەم چەند دێرە شیعرەی سەرەوەدا بەسەر پێیەکەوە بارودۆخی ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانیمان لە ئاخرو ئۆخری دەسەڵاتداری عوسمانییەکاندا بۆ دەردەخا.

لە ستایشی باخ*

چ گوڵزار و چ باخێکە؟ چ ڕەنگین و چ نەخشینە؟
بەهارستانی کیشمیر و نیگارستانی ماچینە(١)
گوڵی (شەست پەڕ)، گوڵی (جووری)، گوڵی (لاولاوی) خونکاری
یەکێ زەرد و یەکێ سوور و یەکێ ئاڵ و یەکێ شینە
بە ئەنواعی عەجائیب خۆی نومایان کرد لەبەرچاوم
کە صەف صەف گوڵ لەسەر گوڵ چین لەسەر چینە
مەگەر هیجرانی یاری دیوە ڕیحانەی سیا پۆشە(٢)
وەیاخۆ عەکسی ڕەنگی پەرچەمی مەفتووڵ و موشکینە(٣)
لەسەر یەک پێ گوڵی (سۆسەن) ئەڵێی خۆی ساقییێی باخە
بە جیلوە ئینتیظاری ئەمری شاهی پڕ لە تەمکینە(٤)
ئەوەند سوڵتان و شاهەنشاهی صاحیب ڕاییحەی تیایە

عەبیر بێزار ئەکەن لێرە وەکو من میسک و میسکینە(٥)
لەبەرگی گوڵ تەماشاکە بەمیثلی سوندوس ئەنوێنێ
بەڵێ غیلمانی فیردەوسە گوڵی بەم ڕەنگ و ئایینە(٦)
هەتا چاو بڕ ئەکا لالە عەباسی ئەصفەر و سوورە
هەتا دیقەت ئەکەی لاولاوی وەک نیلۆفەڕی شینە
بە شێوەی چاوی مەخمووری گوڵی لاولاوەکەی مەستە
بە ڕەنگی چیهرەیی زەردم گوڵی شەست پەڕ چ شیرینە(٧)
ئەڵێی شوبباکی ئەولادی حوسەینە ڕەنگی پەرژینی(٨)
کەوا سەرتا بەپا سەوزە نموونەی دەشتەکەی چینە
بڵێن بەو مەه جەبینەی لالە ڕوخسارە: ئەویش بابێ
هەتا خەڵقی بڵێن: ئەم جێگە جەمعی ماه و پەروینە(٩)
بڵێن: بەو زاهیدی خەڵوەت نشینی غافڵی عەشقە
کە بێ لەم جێگە ساکن بێ ئەگەر ئەو تالیبی دینە
دەخیلم ساقی ئەمڕۆ بێ مەیی وەک لێوی خوت بێنە(١٠)
دڵت عاجز نەبێ جێی عوشرەتە نەک عوسڕەت و قینە
دەخیل ئەی بادی شەبگیری لە هەرجێ تووشی بولبول بووی
بڵێ: (زێوەر) بەتەنها مایەوە مەشغووڵی ناڵینە

---

* ئەم شیعرە لە ل١٨٤-١٨٥ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٥ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە ٩٠-٩١دا بڵاو کراوەتەوە.
(١) کیشمیر: ناوچەیەکە نێوان شیمالی هیند و پاکستان، وڵاتێکی زەراعی و بەپیت و بەرەکەتە، بەهاری لە جوانیدا بەناوبانگە. ماچین: وڵاتی چین کە بەپەیکەرتاشی و وێنەگەری بەناوبانگە.
(٢) ڕەیحانەی (کەشکۆڵی أ) - ڕیحانی سەرچاوەکانی تر.
(٣) مەفتوول: پێچ پێچ و لوول. موشکینە: وەکو میسک بۆن خۆشە.
(٤) جیلوە: ورشە و تیشک.
(٥) عەبیر: بۆنێکی خۆشە لە چەند بۆن پێکهاتووە.
(٦) غیلمان: کۆی (غلام)ە، ئەو کوڕە گەنجانەی خزمەتچی ئەهلی بەهەشتن. فیردەوس: ئەو بەهەشتەی حەزرەتی ئادەم تیا بوو تا دەرکرا.
(٧) مەخموور: مەست. چیهرە: ڕوخسار
(٨) شوبباک: پەنجەرە، شیش بەند، چوارچێوەیەکی ئاسنی تان و پۆی کون کونە سەر بەرەڵڵایە بەسەر قەبری پیاو چاکانەوە دای دەمەزرێنن.
(٩) مەه جەبین: مانگ ڕوو. لالە ڕوخسار: ڕوومەت سوور. ماه: مانگ. پەروین: کۆمەڵە ئەستێرەی (کۆ).
(١٠) وەک لێوی (کەشکۆڵی أ) - وەک لەعلی (سەرچاوەکانی تر).

ناخوونی جەوری فەلەک*

ناخـوونی جـەوری فـەلەک، دەسـتی جـەفـایی ڕۆژگـار
دایدڕی ناگــەهـ گـــریبـــانی هەمـــوو ئەهلی ویقـــار
خـەنجـەری خـوون ڕیزی دەوران جـەرگی ئیـسـلامی بڕی
تیـغی دەسـتی مـووسـڵی بوو کـافـری کـرد شـەرمـەسـار
ڕۆژی طوغـــیـــانی وەلادەن کـــەوتە یادی ئەهلی دین
واقـیـعـەی قـەتلی حوسـەین و فـاجیـعـەی ڕۆژی شومـار
غـەم وەکـو طۆفـانی نوح ئافـاقی یەک سـەر گـرتەبەر
کـەشـتـیی عـەدل و سـیـاسـەت کـوا تیـا بگرین قـەرار
خوێنی ئالی (مـوصطەفـا) صـەحرای گـوڵگوون کـردەوە
دا ڕووخا قـەصری مرووەت، گوم بوو مایەی ئیفـتیـخار
نەسلی کاک ئەحمەد شەهیدی دەستی مەلعوونان ئەبێ
مـــاتی کـــردم ئەم خـــەمـــە نەما قـــەرار و ئیـــخـــتـــیـــار
کـــەوتمە صـــەحـــرای بێ هۆشی، لە عـــالەم بێ خـــەبەر
هاتـە بەر دیـدەی خـــــەیاڵم ســــــوورەتـێکی نازدار
تێ فکریم خوێنین کەفەن، شیرین سوخەن، زار و زەعیف
پێی وتم زۆر عـــاجـــز و مـــەحـــزوونم و خـــاتر فـــوگـــار
هەر کـــەسێ بۆ حـــەزرەتی شـــێخ مـــەرثیـــەی دانا بەدڵ
بۆچی من بێ بەش ئەکەن ئەی شاعـیری شوهرەت شیعار
تۆ بەخـوێنی دڵ بنووسـە ئەحـمـــەدە ناحـەق شـەهیـد
نامـــراد و نەوجـــەوان و نەوگـــوڵی ئالی کـــیـــبـــار
قـــاتیلی جـەد کـــووفـــەیی بوو، قـــاتیلی من مـــووســـڵی
قـــــاتیلی ئەو بوو یەزید، هیی من یەزیدی نابەکـــــار
کووفـەیی وەک ئەهلی مەککە وان لە نیسبـەت مووسڵا
ڕەببی وێران بێ بە بادی فــــیــــتنەو و تەزویری نار
مـــیللەتی وا تووشی زیللەت بێ لە دنیـا و ئاخـیـرەت
بوو بەدەشـتی کـەربەلا (باب السـرا) بۆ ئینتـیـحـار
مـەلعـەنەت کـار و شـەیاتین خەسـڵـەت و ئیبلیس خوو
کـافـر و جـوو مـەشـرەبن، بێ مـەزهەبن هەم نابەکـار

عوومەریی وەک خوێنی عومەریان سەند لەئەولادی عەلی
دەک خـەجاڵەت بن لە مـەحشـەردا لە خزمـەت کـردگـار
من عـــەلی ئەکـــبـــەر ڕەفـــیـــقم بێ چ باکم کـــوشـــتنە
ئیـــرثە بۆ ئێـــمـــە شـــەهادەت عـــیـــززەتێکە خـــاکـــســـار
غـەم مـەخۆن بۆم شـێخ هەتا تەنهـا نەبێ لەم غـوربەتە
من لە خـزمـەتیـا ئەبم خـزمـەت ئەکـەم لەیل و نەهار
زێوەرا خـۆم دای ئەنێم تەئریخی ڕاست و مـوعـتـەبەر
(غـیـر حق بو) سـاڵی قـەتلم بینووسـە بۆ یادگـار(۱)

* زێوەر ئەم شیعرەی بەهۆی شەهیدبوونی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ سەعیدی حەفیدەوە، کە لە مووسڵ ساڵی ١٣٢٦ی ک. شەهید کران وتووە، لە ل٢١٦-٢١٨ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.

(١) (غیرحق بو) ١٣٢٦

***

ئەم (تقریض)ە بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا سەعید ئەفەندی کابان وتراوە بۆ دەستخۆشی لێ کردن بەبۆنەی لە چاپدان و دانانی یەکەم قەواعیدی زمانی کوردی*.

تەمـاشـا و دیقـەدم لێکرد ئەکـەم تەحـسـینی ئەفکارت
مـــوبارەک بێ لە مـــیللەت ئەی ڕەفـــیـــقم تازە ئاثارت
حەقـیـقـەت باغـەبانیت کـرد لە صرف و نەحوی کوردیدا
هەمـــوو ئەهلی هونەر تەقـــدیر ئەکـــەن ئاثاری نازدارت
لە تأریخی هەزار و سێ سەد و سی و هەشتی هیجریدا
مـەتاعی قـاعـیـدەی کـوردیت نیـشـان دا بۆ خـریدارت

* ژین، ژمارە ١٣٨٩، پێنج شەممە ١٠/٤/١٩٥٨.

بۆ خدمەتی میری ڕەوشەن ضەمیرەمە عەلی بەگ زادە حەسەن بەگ تەقدیم

لە پاش عەرزی ئیـحتـیرام، غیاباً ئیخلاصی جەنابتانم بووە، چونکە مادە و شەوکەت و چیشمەتی ئەجدادی تۆم دیوە و، معنی ئاثاری خەیرییەی باپیرشت لە سەعدییە دیققەتم کـردووە. ئەوقـاف و مـزگـەوت و خـەیراتی دائیـمی مـەرحـوومی پاشا نومـایانە. زۆر خۆشحاڵم کە زانیومە لەو گوڵزارە گوڵی وجوودی ئێوە باقی و سەردارە. (بناءً علیە) لە ئەثەری خەرافات لابەری خۆم بۆ یادگار نوسخەییێکم تەقدیم کرد ئەزانم کە جەنابتان

تێگەیشتووی پێگەیشتوون و چەند شیعریشم کردە ڕەفیقی کەباینی حەقیقەتم کردووە، بۆ ئێوە قەترە بەدەریایە وەکو لە ئاخری شیعرەکان گوتوومە لە صەد نەوەد و نۆی نوقصانە. ئەم ڕجای خوصووصییەم لە خزمەتدا ئەوەندەیە نە عەریضەکەم بەعەریضەی طەلەب بناسە و نە کتێبەکە لە ضیمنی هیچ مەطلەبێکا تەقدیم کراوە و بەئومێدی هیچ جائیزە و موکافات نە نێرراوە. ڕجا ئەکەم کە ئەویش هەر بەمەحەببەت و یادگاری قوبووڵی بفەرموون. بێخود کە تەشریفی لە خدمەت دایە ئەزانێ و شارەزایە تا عومرم گەیشتووەتە ئەم وەقتە شیعر فرۆشیم نەکردووە و ئێوەش هەر وای بزانن بەگم.

موخلیستان

زێوەر ١٠/١٢/٩٤٦

دوو حەسەن ئیبنی عەلی شوهرەتیان تاقانە

(هاشمی النسب) ئەووەل، ئەوی ئاخر جافە
جەددی ئەو دانەری ئەحکام و شەریعەت بوو هەموو
جەددی ئەم تابیعی ئایات و حەدیثی ئەو بوو
ئەو ئیمامی دووەمین بوو، بەشەڕەف بوو بەمەقام
وا ئەمیش ناوی ئەوی گرتەوە، نەی کردووە حەرام
ناوی بەگزادەی جاف تاکو لە مەیدانا بێ
باسی ساسانی لەناو گۆشەی نیسیانا بێ
ئەم لە سامانییەکان کەم نییە طەبع و هونەری
فەخرە بۆ میللەتی، بۆ عەشرەتی سەعی و ثەمەری
نەوەد و نۆی کەمە ئەم مەدحە لە صەد بۆ ئێوە
جارێ بام هێندەبێ، هەر باسی جنۆکە و خێوە

لەلایەن محەممەدی مەلا کەریمەوە بەشێوەی نوێ نووسراوەتەوە زێوەر خۆی بەشێوەی کۆنی فارسی ئامێز نووسیویە دیارییەکەشی کە بۆی ناردووە، (چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچییە).

دەقی ئەو نووسراوەی خوالێخۆشبوو حەسەن بەگی عەلی مەحموود پاشای جاف کە لە کەشکۆڵی باپیریا نووسیویەتەوە، کە لەلایەن مامۆستا زێوەرەوە بۆی هاتووە.

حەسەن فەهمی بەگ ئەڵێت:

جەنابی شاعیری مەشوور زێوەر ئەفەندی کە لام وایە تامی جەنابی بێخود ئەدا. ئەم شیعرانەی لە ڕووی لطفەوە لەگەڵ کاغەزێکی شیرینی و پڕ لە مەرحەمەتدا بۆ ناردبووم

زۆر سوپاسی لطف و مەرحەمەتی ئەم زاتە بەقیمەتە ئەکەم کە بەبێ ئەوەی قطعاً بەخزمەتی گەیشتبم وا بەمەرحەمەت منی یاد فەرموو بوو.
کتێبێکی ئەم زاتە تألیف کردووە موفادەکەی ئەمەتە: کە منداڵانتان بەباسی جنۆکە و دێو و غۆل ترس مەخەنە دڵیانەوە.

١٤/ کانون اول ٩٤٦ – حەسەن فەهمی جاف

دوعای خالیسانەم*

بمێنێ موئەبەد خودایە ئیلاهی
بە شەوکەت بەحورمەت مەلیک نام و جاهی
لەسەر تەختی عالی نەبینم زەوالی
بلندبێ جەلالی ئیلاهی ئیلاهی
لە هەرچی بەلابێ بەدڵخۆشی لابێ
ببێتە گوڵستان ڕێی جاهی ڕاهی
عەدویی جاهی دووچاری جاهی بەلابێ
هەمیشە موزەفەر بمێنێ سپاهی
مەلیک خەسڵەت تۆی حەصاری هەموو کورد
حەقیقەت لە بۆ میللەت خۆت پەناهی
لە تەعجیزی میللەت و لەعصیانی یەک یەک
مەڕەنجێ ببەخشە گوناهکار گوناهی
لە یەک ڕەنگ نەخولقاوە گوڵزاری عالەم
گوڵی زەرد و سوورە جەلایە گیاهی
عەدووت شەرمەزارە چ موسلیم و چ کافر
لە ڕووتا بەدەس تاکو نەکرێ کلاهی
حقوقت نەپرسن ئەگەر ئەورووپایی
بسووتێ بینای مەحکەمەی صولحی لاهی
دەمێ بوو بەئومێدی ئەم ڕۆژە بووم من
ببینم بەکوردی ئەوامر و نەواهی
شوکور دیم ئەوی ویستم ئەمما تەواوی
ببینم لە بۆ کورد تەواوی ڕەفاهی

....

* ئومێدی ئیستیقلال ساڵی ١ ژمارە ١٨ لاپەڕە ٣، ١ی شەعبان ٣٤٢، ٦ی مارت ١٣٤٠.



ساڵی ١٩٢٠ی ز. کە شێخ مەحموود لە هیندستان دیل بووە مامۆستا زێوەر ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی بۆ ناردووە*

چ بەدبەخت چ سەر سەختم لە دووریی تۆ کەوا ماوم
جەلای چۆن ماوە نازانم؟ لە دووریی چاوی تۆ چاوم
چ بێ ڕەنگم چ دڵ تەنگم؟ لەناو جەمعی خەلائیقدا
وەکو غونچەی نەپشکووتوو لە گوڵبون دوورو داماوم(١)
چ خامۆشم؟ چ بێ هۆشم لە بادەی ساقی یی دەوران
لە مەجلیسدا لە مەحبەسدا بەوێنەی بەردی بن ئاوم

چ دەروێشێکی بێ پیرم چ عەبدێکی بەبێ میرم(٢)
وەکو کەللە دەفێکی بێ زریزە و خاوەن و خاوم
چ ساڵێکە؟ چ حاڵێکە تەرەققیم بۆتە مەعکووسی
غەمم سەد قاتە شادیم ماتە هەر شەو مانگی گیراوم
چ بێ عارم؟ چ غەددارم وەفام خستۆتە ژێر پێتان
وەها ثابیت قەدەم ماوم ئەڵێی سووتاوە هەنگاوم
لە کوێتە (زێوەر)، ئەم دەردە حەکیمی لوطفی مەولایە
پەرێشان دێم دەچم، دەبزووم وەکو صەیدێکی ناو داوم

* ئەم شیعرە لە ل٢٣١-٢٣٢ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو ئەو زانیارییەی سەرەوەشی لە پێشەوە نووسراوە، واتە ئەو کاتە شێخ مەحموود لە هیندستان بووە، کەچی نەجمەدین مەلا لەنیوە دێری شیعری کۆتایی لە وشەی (کوێتە) سەرنجی بۆ ئەوە چووە کە (کوێتە) مەبەستی کوێت بووبێ بۆیە لە پەراوێزی ل٢٣٢ی کەشکۆڵەکە نووسیویەتی «هەرچەندە ناوونیشانی ئەم هەڵبەستە ئەڵێ هەڵبەستەکە نێرراوە بۆ هیندوستان بەڵام بەوەدا کە ئەڵێ: (لە کوێتە زێوەر) ئەبێ شێخ مەحموود لە دیلی ڕزگاری بووبێ وە هاتبێتەوە ئەمارەتی کوێت» بەڵام وابزانم بۆچوونەکەی (نەجمەدین مەلا) لە شوێنی خۆی نییە و (لە کوێتە) مەبەستی ئەوە بێ تو هێشتا جارێ لە کوێتە و چت دیوە!!.
(١) گوڵبون: درەختی گوڵ یان چەپکە گوڵ.
(٢) پیر: مەبەستی (شێخ)ە. عەبد: کۆیلە.

مژدەبێ*

مژدەبێ یاران کە شاهی دیدە مەستان هاتەوە
ساقی یی بەزمی طەرەب بۆ مەی پەرستان هاتەوە(١)
با، بەنەغمەی دڵ گوشا بولبول لەگەڵ قومری بڵێن:(٢)
غونچەیی خۆش بۆی باغ و سەروی بۆستان هاتەوە(٣)
ساقی و موطریب، مەی و نەی بیننە جەولان و جۆش(٤)
شاهی صەدری مەجلیس و شەمعی شەبوستان هاتەوە(٥)
ئافتابی چاوی مەستی کەوتۆتە ژێر قەوسی برۆ(٦)
با گەدایان قوڕ بەسەربن فەسڵی زستان هاتەوە
دیدە عەبهەر، قەد سنەوبەر، ڕوو قەمەر، موو عەنبەرە(٧)
چەندە ڕەنگینە! بەهاری گوڵ بەدەستان هاتەوە
دیدە حەیران بوو لە نەظظارە و تەماشاکردنی
شاهی (ئەسکەندەر) لە ئاوی تاریکستان هاتەوە(٨)
(زێوەر) ئەمجا بەس بەیان کە شەکوەیی ئەحواڵی خۆت
وا موعینی بێ نەوا و بەخت سستان هاتەوە

* ئەم شیعرە لە ل١٨١-١٨٢ کەشکۆڵی (أ) و ل٤٣ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ ل١٨دا

بڵاو کراوەتەوە.
نەجمەدین مەلا لە کەشکۆڵی (أ) دەڵێ: زێوەر ئەم شیعرەی بۆ خۆشەویستێکی کە لە ڕێگای دوورەوە هاتۆتەوە نووسیوە، (دیارە شێخ مەحموودی حەفید بووە.)
(١) بەزمی طەرەب: بەزمی خۆشی و ڕابواردن.
(٢) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە جووت جووت بەیەکەوە دەژین.
(٢) خۆش بۆ: بۆن خۆش.
(٤) ساقی: شەڕاب گێڕ. موطریب: گۆرانی بێژ.
(٥) صەدری مەجلیس: پێشەوا و پیاوماقووڵی مەجلیس. شەمعی شەبیستان: لە کوردەواری دەگوترێ (شەمعی شەبوستان).
(٦) ئافتاب: خۆر.
(٧) عەبهەر: نێرگس. عەنبەر: گیایەکی بۆن خۆشە، هەروەها عەنبەر بەمایەیەکی بۆن خۆشیش دەڵێن کە لە ناوسک یان ڕیخۆڵەی جۆرە ماسییەک دەری دەهێنن.
(٨) ئەسکەندەر: ئەسکەندەری مەکدۆنی کە لەلای هەولێر لەشکری دارای ئێرانی شکاند و وڵاتەکەی داگیر کرد. دەڵێن: ئەسکەندەر زۆر بەشوێن ئاوی حەیاتدا گەڕاوە و بەڵام نەیدۆزیوەتەوە، گوایە کانیاوی ئاوی حەیات لە تاریکیدایە تەنها خدری زیندە دۆزیویەتیەوە و لێی خواردۆتەوە بۆیە تا ڕۆژی قیامەت نامرێ.

ڕۆژی جەژن*

ڕۆژی جەژن ئەطفالی وردە پوولی جەژنانەی ئەوێ
هەریەکە لای باب و مامی ڕوپیە یا ئانەی ئەوێ
دوختەری نەوڕستە بۆ زیادیی جوانی و زینەتی(١)
وسمە بۆ ئەگریجە، بۆ پرچی خەنە و شانەی ئەوێ
هەرزەکار و کوچە گەرد و خوێڕیانی ناو گەڕەک
هەندێ زوڕنا و هەڵپەڕین، هەندێکی مەیخانەی ئەوێ
تاجیرانی موعتەبەر بۆ خزمەتی میوانیان
نوقڵی بەمباو ڕاحە و حەڵوای گەزۆی بانەی ئەوێ
شێخ (عصام الدین) و ئەمثالی لە دەروێش و مرید
شەککەر و گیسک و برنج و ڕۆنی شێخانەی ئەوێ
بۆ مەعاشی خۆی و ئەم خەڵکە ڕەئیسی ماڵیات
دەفتەری ئەعشاری تازە و قەیدی بزنانەی ئەوێ
سواری ئەسپی خۆی ئەبێ لای نوختەکان سووری ئەدا
(عەبدول ئاغای) ئاشناشم باجی بارانەی ئەوێ
بێینە سەر باسی ڕەئیسی داخیلیەی مەملەکەت
خەلعەتی خاصی مەلیک، ئینعامی شاهانەی ئەوێ

نەسلی پاکی شێری یەزدان شێری حەق زاتی مەلیک
حەزرەتی شێرانە و ئاثاری مەردانەی ئەوێ
(زێوەر)یش لەم ڕۆژەدا چون دوعا مەقبووڵ ئەبێ
هەر دەوامی ڕیفعەتی تاجی ملوکانەی ئەوێ
بەرقەرار و پایەدار و نامداری کەی خوا!!
تا فەلەک بۆ زیب و زینەت ئەم ستارانەی ئەوێ

---

* ئەم شیعرە لە ل٢٣٤-٢٣٥ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە، لە سەرەتای شیعرەکەشەوە نووسراوە (مامۆستا زێوەر ڕۆژێک لە پێش جەژندا ساڵی ١٩٢٣ی ز کە شێخ مەحموود حوکمدار بووە ئەم هەڵبەستەی وتووە و بۆی ناردووە).
(١) دوختەری نەوڕستە: کچی تازە پێگەیشتوو.

نزا*

دەخیل ئەی نوور بەخش ئەی شێخ عیسا(١)
جگەر گۆشەی بەڕاستیت وا لە حەپسا
پەناهی عالەمێکی، نوور بەخشی(٢)
تکای شێخی جیهان سوودی نەبەخشی
تکای تۆ با لە دەرگاهی خوا بێ
کە شێخ مەحموود بەئاسانی ڕەها بێ(٣)

---

* ئەم سێ دێرە شیعرە لە ل٢٤٧ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو دیارە کاتێک گوتراوە کە شێخ مەحموودی نەمر لە حەپسخانە بووە.
(١) نوور بەخش: مەبەستی سەیید محەممەدی نوور بەخشە کە کوڕی بابا عەلی هەمەدانییە و برای شێخ عیسا و شێخ موسایە، وەکو لە مێژوودا نووسراوە گوایە سەیید محەممەد و شێخ عیسا و شێخ موسا لە حەج گەڕاونەوە، ویستوویانە بچنەوە بۆ هەمەدان، لە بەرزنجە شێخ عیسا و شێخ موسا ماونەتەوە و بەرزنجەیان ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام سەیید محەممەدی نوور بەخش ڕۆیشتۆتەوە بۆ هەمەدان، بناغەدانەری طەریقەی (نوور بەخشی)ش هەر ئەم بووە.
(٢) نوور بەخشی: وەکو طەریقەیێکی صۆفیگەری و خوا پەرستی بووە هەروەها نازناوی شیعریی شێخ مەحموودی نەمریش بووە.
(٣) ڕەهابێ: ڕزگاربێ.

کێ شێخە*

لە بۆ جەڕڕی مەنافیع لای هەموو پیر و جوان شێخە
لە بۆ دەفعی مەناهی گۆشەگیر و بێ زمان شێخە
لە بۆ تەفرەی خەلایق هەروەکو تەییارە سەییارە(١)
بەتەسبیح و بەتەهلیل و بەڕیش و تەیلەسان شێخە(٢)

ئەگەر شێخت ئەوێ لادە لە ڕێگای خانەقا و تەکیە(٣)
ئەتۆ ئەقڵ و کەماڵت بێ، بێ بزانە: کێ بەشان شێخە
جونەید و شێخی سیڕ و (غەوثی بەغدا) شێخی میحرابن(٤)
عەیاز و خالید و تاریق، ئەمیر نەورۆزمان شێخە(٥)
مەڵێ: شێخ زۆر کەمن بێ دەستەڵاتن چونکە عەشرەت نین
ئەتۆ ئیعلانی خواردن کە لە ئەرز تا ئاسمان شێخە
یەکێکە سەد هەزار دێنێ، کەلامێکی چ مەقبووڵە؟!
لە ئەولادی عەلی تەنهایە شێخ مەحموودیان شێخە(٦)
چراغی مولکی کوردستانە نووری چاوی ئیسلامە
خوا حیفزی بکا بۆ حیفزی نام و خانەدان شێخە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٠٥-١٠٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) سەییارە = سیّارة: خۆشڕەو، خێراڕەو (مەبەستی ئەوەیە کە کۆڵکە شێخ بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی لێزان و کارامەیە).

(٢) تەیلەسان = طیلسان: بەرگێکی سەوزە هەندێ کەس لە شێخ و دوعاگۆ لەبەری دەکەن.

(٣) خانەقا: جێگای خواپەرستی پەیڕەوای تەریقەتی نەقشەبەندی. تەکییە: جێگای خواپەرستی پەیڕەوانی تەریقەتی قادرییە.

(٤) جونەید (ابو القاسم الخزاز) صۆفییەکی بەناوبانگی بەغداییە، دەڵێن: سێ جار چووە بۆ حەج بەبێ ئەوەی سواری وەڵاخ بێ، دامەزرێنەری ڕێبازی طەریقەتی جونەیدییە ساڵی ٩١٠ی زایینی لە دنیا دەرچووە.

سیڕ: مەبەستی سەڕی سەقەطییە (سری بن المفلس) صۆفییەکی مەشهوورە ساڵی ٨٧٠ی زایینی لە بەغدا لە دنیا دەرچووە.

غەوث: مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییە ١٠٧٨-١١٦٥ زایینی.

(٦) مەبەستی شێخ مەحموودی نەمرە کە ئەو کاتە یەکە پیاوی کوردستان بووە ئاڵای شۆڕش و ئازادیخوازیی هەڵکردووە و دژی داگیرکەری ئینگلیزی جەنگاوە زیاد لەوەش شێخاتی و ڕێوشوێنی باوک و باپیرانی خۆشی بەجێ هێناوە.

بۆ خزمەت شێخ مەحموود*

مەیلت هەیە ببینی ئەگەر خالیدی وەلید
هەستە بچۆرە زیارەتی مەحموودی شێخ سەعید
من ناگەمە حوزووری کە دامانی ماچ بکەم
توخوا وەکالەتم بکەن ئەی بەرق و ئەی بەرید
عەرزی بکەن کە بەندەی تازە و قەدیمی خۆت
زێوەر دوعای نەجات و حەیاتت ئەکا مەدید
بۆ دائیمی شەرافەت و مەجدت لە عالەما
ئەورادی مونحەصیر بووەتە ذیکری یا مەجید

ئازادەگی لە بەندەگی ناکا طەڵەب ئەبەد
تۆ خۆش بی بابمێنێ لەناو دائیرەی عەبید

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٣٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو هەروەها لە ل١٢ی دەستنووسی شاعیریش هەبوو هیچ جیاوازی لە نێوانیاندا بەرچاو ناکەوێ.

دیسان بۆ خزمەتی شێخ مەحموود*

لە شوکری نیعمەتی تۆ و خالقم هەتا ماوم
هەرچی بڵێم و بنووسم بزانە خەڵەفاوم
(علیک الف سلام) یا وەلی نیعمەت
غوباری پاکی ڕەهی تۆبە سورمەیی چاوم
وەها مەزانە کە زۆر نانووسم عەریزەی حاڵ
لە حوببی ئەصڵی یو زاتی کە بوومە شێواوم
فیدایی لوطف و وەفا و دیانەتی ئێوەم
منیش ئەناسی کە ئیسلامی ضیدی ئیسلاوم(١)
مونافیقی و ڕیا و درۆم لەلا کوفرە
هەمیشە مات و پەرێشانی مانگی گیراوم

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٣٦ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) ئیسلاو: مەبەست قەومی سلافە کە بریتییە لە قەومی ڕووس و یۆغۆسلافیا.

بۆ خزمەتی شێخ مەحموود

بەحەپسی یوسفی ثانی دڵی عالەم موکەددەر بوو
دڵی زیندان بەتالع بۆ بەدیداری مونەووەر بوو
لە تەشتی سینە و جامی سەرا سەد پەنجە ئەشکێنم
هەتاکو مژدەیەکم دێتە گوێ ئەو مانگە وابەر بوو

بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

ئەی خوێندەوارەکان*

ئەی خوێندەوارەکان و ئەدیبانی موحتەرەم
دایم بەهێزی خۆمەوە هەر شوکرتان ئەکەم
ئاثاری جوود و جەهد و جەوان مەردیی ئێوەیە
ساڵی یەکەم تەواو بووە و کەوتمە دووەم
تا ئێوە قەدر و حورمەتی منتان لەلا هەبێ
شەوقم ئەگاتە مەملەکەتی تورکیا و عەجەم
ئیمداد و لوطفی ئێوە ئەگەر ڕوو نەکاتە من
بێ شوبهە من ئەکەومە بوخار و غوبار و تەم

ئەوسا نە دەنگ و ڕەنگم ئەمێنێ نە شوهرەتم
نە خزمەتم، نە ڕەونەقی ئەفکاری موحتەشەم

....

* مامۆستا زێوەر ئەم کۆپلە شیعرەی بەناوی گۆڤاری گەلاوێژەوە وتووە. لەیەکەم لاپەڕەی گۆڤاری ناوبراو ژمارە ١-٢ی ساڵی ٢ کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٤١ی ز دا بڵاو کراوەتەوە. لەسەرەتاوە لێی نووسراوە «بەناوی گەلاوێژەوە» لە کۆتایی کۆپلەکەشدا زێوەر نووسراوە.

بۆ گۆڤاری گەلاوێژ*

گەلاوێژم ئەوێ وەک مانگی چواردە
کە شەوقی ڕوو بکاتە شاخ و هەردە
گەلاوێژم ئەوێ وەک مانگی تابان
کە ئاوازەی بگاتە غەرب و یابان
گەلاوێژم ئەوێ کانی ئەدەب بێ
لە بۆ ئەهلی ئەدەب مایەی طەرەب بێ
ببێتە فێنکی بەخشی دڵی گەرم
لەسەر ڕێگای حەقیقەتدا نەکا شەرم
گەلاوێژم ئەوێ هەروەک موحامی
بە قووەت بێ، بەقیمەت بێ کەلامی
گەلاوێژم ئەوێ بۆ میللەتی خۆی
وەها نەدوێ کە ببڕێ نان لەگەڵ دۆی
لە بۆ پێشکەوتنی ئەهلی وڵاتی
زەرەر ناکا بکا صەرفی حەیاتی
ببێتە باخچەیێکی عیلم و ئەخلاق
بڵاوکا بۆنی خۆشی بۆ سەر ئافاق
ئەگەر وابێ ئەمێنم من لە دوایی
ئەبێتە ڕەهبەری، تەوفیقی خوایی

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بۆ گۆڤاری گەلاوێژ گوتووە.

ئەمڕۆ*

ئەمڕۆ بەناوی میللەتی کوردی بەدڵ بەگیان
تەبریک ئەکەم (ژیانەوە)مان ناونرا (ژیان)

فەئلێکی خەیری میللەتە یەعنی کە قەومی کورد
صوبحی حەیاتی ڕەوشەنە پێشڕەویەتی ژیان
پەروەردەیی حیمایەی لوطفی حوکوومەتە
بۆیە بەسام و نامە وەکو شێرەکەی ژیان
فیکری موخالەفاتی وەطەن مەحو ئەکاتەوە
ئەهلی مەعاریفی بەقسەی خۆشی خۆی ژیان
یاڕەب! دەوامی خزمەتی ئەم ڕۆحی میللەتە
لای تو طەلەب ئەکەم بە سەعادەت بەبێ زیان

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بەهۆی گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەی ژیانەوە بە ژیان وتووە. لە ل٤٧-٤٨ی سۆزی نیشتماندا بڵاو بۆتەوە.

بۆ گۆڤاری ڕۆژی کورد

چەندە شیرین زبانی ڕۆژی کورد
شەکەر ئەفسانە دەهانی ڕۆژی کورد
مەظهەری تەقدیری ئەربابی دڵە
ئەهلی دەرکە مەدح خوانی ڕۆژی کورد
دوور لە هەور و صاعیقە و تۆز و غوبار
جورمی صافە ئاسمانی ڕۆژی کورد
خەم بووە بۆ جەلبی قەلبی عالەمێ
ئافەرین بۆ ئەبروانی ڕۆژی کورد
گوڵشەنێکە پڕ لە نووری مەعریفەت
دەستی نەڕزێ باغەبانی ڕۆژی کورد
لەفظ و مەعنای مەعدەنی هەر حیکمەتە
ڕەببی باقی بێ بەیانی ڕۆژی کورد

گۆڤاری «ڕۆژی کورد»، ئەستەموڵ، ژمارە ٤، ٣٠ ئاغستۆس ١٣٢٩ ڕۆمی (١٩١٣).

بۆ بانگی کوردستان*

(بانگی کوردستان) نیشانەی هوشیاریی میللەتە
بۆ ئەسەر خوانی مەعاریف تەذکەرەی سەر دەعوەتە(١)
دەورەی ئیقباڵە دەورەی بانگی کوردستانمان
بانگی صوبحی صادیقە، بەم دەنگە هەستێن فرصەتە(٢)

سایەی باڵی هومایە بازی زەڕڕین شاپەڕە(٣)
چوونە ژێر سایەی نیشانەی بەختیاری و دەوڵەتە
باخچەیێکی پڕ گوڵە دەریاچەیی پڕ گەوهەرە
ڕەنگ و دەنگی فەیض ڕێژە نیعمەتی بێ میننەتە(٤)
بۆ تەڕەققی قەومی کورد و داد خواهیی حاڵییە(٥)
تەرجومانی حاڵی زاری میللەتی کەم قودرەتە
بانگی کوردستان لە خارا و حەریر لایق ترە(٦)
دەک موبارەک بێ بەباڵای قەومی کورد ئەم خەلمەتە(٧)
ئاسمانێکە سەراسەر مەطلەعی نەجمی وەفا(٨)
گوڵستانێکە سەراپا مەظهەری سەد ڕەحمەتە
ئەم جەریدە تازەیە جەردەی جەهالەت لا ئەبا
سێ زوبان، سێ تیری دەستە واسیطەی سەد نەصرەتە(٩)
ڕەببی بۆمان هەر بمێنێ خادیمی موڵک و وەطەن
ئەم لە بۆ پێشکەوتن ئەمڕۆ پشتیوان و قووەتە

....

* زێوەر ئەم شیعرەی بەبۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان»ەوە گوتووە و لە ٢ی ئەغستۆسی ساڵی ١٩٢٢ی ز لە ژمارە ١ی هەمان ڕۆژنامەدا بەعینوانی (موبارەک بادی) و بەناوی زێوەر بڵاو بۆتەوە.
لە ل٤٨-٤٩ی سۆزی نیشتیمانیشدا چاپ کراوە.

(١) خوانی مەعاریف: سفرە و خوانی زانستی.
(٢) بانگی صوبحی صادق: بانگی بەیانی کە لەگەڵ دەرکەوتنی صوبحی صادقدا وەختی دێ.
(٣) هوما: باڵندەیێکی ئەفسانەیە.
(٤) فەیض: بەرەکەت
(٥) داد خواهی: داواکردنی عەدالەت و دادپەروەری.
(٦) خاراو حەریر: دوو جۆر قوماشن.
(٧) خەلمەت: خەڵات و بەرگ و پۆشاک.
(٨) مەطلەعی: شوێنی هەڵاتنی ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ.
نەجم: ئەستێرە
(٩) ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» بەکوردی و فارسی و تورکی دەرئەچوو لەبەر ئەوە ئەڵێ: سێ زووبان سێ تیری دەستە.

سەرگوزەشتە*

تەحصیل دیدەیێ صاحێب شەهادات(١)
لەگەڵ ڕەفیقی کەوتە بەیانات
تەعریفی حاڵ و ئەحواڵی ئەکرد
بۆ زۆر پێشکەوتن خەیاڵی ئەکرد
وتی: ئەی ڕەفیق! ئێشمان زۆر چاکە
سەیری جاددە کە ئێستا چەند پاکە
لە پێشکەوتنا بووینە ئەوروپا
نوقصانمان نییە ئیللا فابریقا(٢)
ئەنواعی یاری و قومار ئەزانین
سمێڵ ئەتاشین هەروەک ئەڵمانین
لە فەننی فتبۆڵ وەکو ئینگلیزین
لە بیلاردۆدا ئوستادی ڕیزین
شێخ و مەلا و صۆفیمان پەشمە
ئینسانی وشک قابیلی خەشمە
ئیتاڵیا چۆنە دەرحەقی پاپا
ئێمەیش هەروانیە دەرحەق عولەما
جاران بەسیرڕی لە ناو جوولەکان
عەرەقمان ئەخوارد، لە ترسی ئەوان
ئێستا سەربەستین لە کووچە و بازاڕ
عەرەق و شەراب ئەکڕین بێ ئازار
مەعاشمان ببێ بەدووسەد دینار
فلسێکی نادەین قەت بەکەس و کار
ئیقتیصاد فێربوون فەننێکی باشە
با کەسێ نەڵێ: مەعاش بەلاشە
شەو لە سینەما و لەناو تیاترۆ
یا لە چاخانە و یاریی بیلاردۆ
سەد شکسپیر و هۆگۆمان هەیە(٣)

هەزار ڕەجاڵی (تۆکیۆ)مان هەیە
لە سایەی ڕادیۆ ئەحواڵی عالەم
لێمان گوم نییە نە زۆر و نە کەم
ئەوا تووتنیش بوو بەئینحیصار
ئەویش قازانجی فەقیر و هەژار
پەکیان ناکەوێ توجاڕی تووتن
کەتیرە و مازوو خوری و ڕۆن ئەکڕن
توخوا خۆش نییە لەلات ئەم دەورە
نە غەدر ماوە نە وەختی جەورە
ڕەفیقیش وتی: هەر ئەمە، ڕێت بێ
هیچ عاجز مەبە «بارۆستەم شێت بێ»(٤)

....

* ئەم شیعرە لە ل٥٦-٥٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. لە (ژین)ی ژمارە ١٢٣٦ی ١٩٥٥/٢/١٠دا لە گۆشەی (شیعر و شاعیرەکانمان)دا بەعینوانی (سەرزەنشت) لەگەڵ کورتەیێک ژیانی شاعیر بڵاو کراوەتەوە بەڵام بەدەست لێدانێکی زۆرەوە. بەپێویستمان نەزانی بەراوردێ لە نێوانیان بکەین.

(١) تەحصیل دیدە: خوێندەوار.

(٢) فابربقا: کارگەیەکە کە بەزۆری شتی تیا دروست بکرێ.

(٣) شەکسپیر: ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسێکی ئینگلیزی بەناوبانگە، ساڵی ١٥٦٤ی ز لەدایک بووە ساڵی ١٦١٦ لە دنیادا دەرچووە نووسراوەکانی بوونە ئەدەبی جیهانی بۆ زۆر زمان وەرگێڕراون.

هۆگۆ = «ڤیکتور هۆگۆ»: شاعیر و نووسەرێکی بەناوبانگی فەرەنسییە، ساڵی ١٨٠٢ی ز لە دایک بووە ساڵی ١٨٨٥ی ز لە دنیا دەرچووە یەکێکە لە شۆڕە سوارانی حەرەکەی ڕۆمانتیکی.

(٤) با ڕۆستەم شێت بێ: ئاماژەیە بۆ چیرۆکێک وەکو مامۆستا نەجمددین مەلا دەڵێ گوایە (جارێک زێوەر تەماشا ئەکا کۆمەڵێک مناڵ شوێن کابرایێک کەوتوون، کە کابراکە شێت ئەبێ ئەویش مناڵەکانی لێ دەرئەکا و دووریان ئەخاتەوە ئەمجا کابرای شێت دێتە بەردەم مامۆستا زێوەر سەرمەوقووڵاتێک ئەدا ئەڵێ: (با ڕۆستەم شێت بێ).

چیرۆک*

پیاوێ بوو زۆر فەقیر بوو
سەرەڕای فەقیریی پیر بوو
خاوەنی ماڵ و منداڵ
نەیبوو نانێ لەناو ماڵ
بە ئارەقی ناو چەوان
بە قووەتی بازووان

له شاخ چیلکەی ئەهانی
بۆ نانی منداڵانی
چیلکەی ئەدا بەپارە
ئەیدا بەنان بێ چارە
هەموو ڕۆژێ بەیانیان
ئەچوو بۆ شاخ و کێوان
ئەوەندەی خۆی ئەیتوانی
چیلکەی ئەنا لە شانی
ڕۆژێ لەژێر کۆڵەدار
لە گیانی بوو بوو بێزار
لەشی پڕ بوو لە ئارەق
دوو چاوی بووبوو ئەبڵەق
داری دا بەسەر بەردا
بەردی دا بەسەر عەردا
کۆڵەکەی کەوتە عەردی
زاهیر بوو ئاوی سەردی
بانگی کرد یا عیزرائیل
تۆ وەرە لام بەتەعجیل
ڕۆحم ناوێ بەم حاڵە
چی بکەم لەم عومرە تاڵە
قسەی لەناو دەما بوو
عیزرائیل لێی پەیدا بوو
وتی: منت بۆ چییە
ئەم هاوارەت لە چییە
پیرە لە ترسی گیانی
جوابی قسەی نەزانی
لەپاش نەختێ مامەی پیر
وتی: هەر تۆی دەستگیر
لەژێر کۆڵی گرانام
لەناو ئاه و فوغانام

بۆیە هاواری تۆم کرد
فریام کەوی دەستوبرد
هەتا هەڵدەسمە سەرپێیان
لەنگەری بگرە قوربان
عیزرائیلی بەهەشتی
کۆڵی نایە سەرپشتی
ئەمجا پیرە بەیەک غار
کۆڵی فڕاندە ناو شار

....

* ئەم شیعرە چیرۆکییە کاتی خۆی لامارتین ١٧٩٠-١٨٦٩ز کە شاعیرێکی بەناوبانگی فەرەنسییە و مامۆستای قوتابخانەی ڕۆمانتیکی بووە بەفەرەنسی گوتوویەتی «موعەللیم ناجی» کردوویە بەتورکی. مامۆستا زێوەریش لە تورکییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە ل٨٢-٨٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

چیرۆک - سێ هاوڕێی چاو برسی*

سێ ڕەفیق هەبوون برادەری گیانی
وەیس و ئەلیاس و نالە بۆکانی
هەرسێ بێ کار و ناتەواو و فەقیر
وەیس و نالە جوان و ئەلیاس پیر
نانی گاڵیان لە لا شەکرلەمە بوو
چای شیرینیان بەگوێز لەمە بوو
ڕووت و قووت و بێ نەواو و بێ جلوبەرگ
هەر سێ ئاواتە خوازی ساعەتی مەرگ
ڕۆژێ کۆبوونەوە بەپەنهانی
تا بکەن چاری دەردی بێ نانی
وەیس وتی: چاری ئەم خەم و دەردە
کە ببینە دز و سەگ و جەردە
وتیان پێی فیکرەکەت بەنانەلەتێ
دایکی دز سینگ ئەخوات و سینگ ئەکوتێ
لای نەصارا و جوولەکە و ئیسلام
پیاوی دز حورمەتی نییە و بەدنام
مامە پیرە وتی: لە ماڵەو ماڵ

دەوڵەتێکی بێ ئەزییەتە، سواڵ
وتیان عەیب و عارە سواڵکردن
سەد کەڕەت خۆشترە، لە سواڵ مردن
نالە هاتە زمان وتی: یاران
لازمە ڕوو بکەینە ڕێی شاران
ئێمە لەم شارە بام بکەین هیجرەت
حەرەکەت قەت نەبووە بێ بەرەکەت
فیکری نالە قبووڵ کرا دەردەم
کەوتنە ڕێگە سێ کەسی هاوخەم
پاش دوو ساعەت گەیشتنە هەوراز
شاخی زۆر سەختی پڕ لە ورچ و بەراز
پارچە هەورێ لە ئاسمان دەرکەوت
وتیان: بام بچینە ناو ئەشکەوت
هەورەکە زیادی کرد برووسکەی دا
لە پڕا قەترە قەترەییێک دای دا
زیادی کرد قەترە قەترەی باران
شەقە شەق کەوتە ناو گەڵای داران
کەوتنە گێژی میحنەت و سەرما
لە هەموو وشکی یا ددانیان ما
بە هەزار دەرد چوونە دەم غارێ
سەیریان کرد لە ناویە ڕەش مارێ
ماریان دی گەڕانەوە پڕ خۆف
دەستیان کرد بەئاه و ئاخ و ئۆف
وتیان: ئەی خوای زەمین و زەمان
عالمی خۆت بەکاری ڕاز و نیهان
برسیەتی و بارش و هەوای سەرما
ئەژدەهایشمان ئەهێنییە سەر ڕێگا
یا ئیلاهی چییە قەباحەتمان
دەم بەدەم زیادە ئەکا موصیبەتمان
لەم موناجاتەدا بەدڵ گریان

لوطفی حەق کەوتە ظاهیری بۆیان
ئەژدەهاکە کشایەوە ناو کونی خۆی
لەو مەکانە کە بوو بەبێ دەنگ ڕۆی
چوونە ژوورێ ڕەفیقەکانی سەفەر
هەموو دڵ پڕ لە ئاگر و لەشی تەڕ
نیو سەعاتێ لە پاش وچان، هەستان
بۆ مڵ و مووش بەغاردا ئەگەڕان
سەیریان کرد لە تاریکیی ئەشکەوت
یەک هەمانە لە جێگە مار دەرکەوت
هەر بەغار چوونە سەر هەمانە ڕزیو
سەیریان کرد پڕە لە زێڕ و لە زیو
شوکری حەقیان بەجێ هێنا یەک یەک
وتیان یا ئیلاهی (حمداً لك)
مامە پیرە وتی: قسەی ناوێ
جارێ وەیس با بداتە شار تاوێ
دوور نەکەوتووینەوە تەواویی لە شار
نان و پێخۆر لەوێوە بینێ بەغار
وەیسە زوو کەوتە ڕێ دراوی برد
بە دڵی خۆش نیازی شاری کرد
جار بەجار ڕای ئەکرد و جارێ ڕەوت
هۆشی دابووە هەمانەکەی ئەشکەوت
وتی: بۆچی هەمانەیێک ئاڵتوون
بیدەمە دوو ڕەفیقی خوار و زەبوون
زەهریان بۆ ئەنێمە ناو پێخۆر
هەردوو بمرن بەبێ هەراو شەڕ و شۆڕ
خۆم بەجارێ ئەبم بەخاوەن ماڵ
خاوەنی کۆشک و باخ و جاه و جەلال
ڕۆیی تەرتیبی زەهر و نانی کرد
ڕووی لە یارانی ناتەوانی کرد
بێینە سەر باسی نالە و ئەلیاس

کەوتنە بەحری غائیلە و وەسواس
نووری ئیمانیان لە دڵ لابرد
قەصدی قەتلی ڕەفیقی خۆیان کرد
نالە هاتە زمان وتی ئەی یار
ئەم هەموو زێڕە بۆ چ بکەین بەنیشار
ئەم هەمانە بکەین بەدوو تەقسیم
وەیسی سەگباب بچێتە ناری جەحیم
پیرە پێی خۆش بوو فیکرەکەی نالە
زۆر بەچاک هاتە قەلبی ئەم فالە
ئەم قسانە تەواو نەبوو وەیسی
هاتەوە ماندوو و مردوو و زک برسی
نان و پێخۆرەکەی لە شان لابرد
وەکو سەگ نالە حەملەی بۆ برد
دای بەئەرزا سواری سینگی بوو
مامە پیرەیش بە یاریدەدانی چوو
وەیسی ماندوو هیلاک و بێ قووەت
کەوتە ژێر چنگی دوو سەگی پێ پەت
هەر بەدوو سێ دەقیقە خنکانیان
زوو فرۆشتیان بەپارە ئیمانیان
نالە نەیهێشت کە پیرە بگرێ وچان
زوو بەزوو مامە پیرەشی خنکان
کە لەمانە نەجاتی بوو نالە
وتی بۆ من زەمانی ئیقبالە
نانی خۆم با بخۆم بەکەیف و صەفا
وا نەجات بوو لە فەقر و ڕەنج و جەفا
قۆڵی هەڵکرد و نانەکەی هێنا
ڕووبەڕووی خۆی هەمانەکەی دانا
تاکو توانی لە نان و گۆشتی خوارد
ئارەزووکەی چووە سەر ئاوی سارد
هاتە سەرپێ کەوا بچێ بۆ ئاو

بە لەپا کەوتە سەر هەمانە دڕاو
زەهرەکە کاری کردە ناو جەرگی
تیژڕەویی دا بەهاتنی مەرگی
نالە زوو بوو بەفاسقی مەحرووم
کەوتە شوێن دوو ڕەفیقەکەی مەشئووم
ئەمەیە ئاخریی طەمەعکاریی
لە طەمەع لادە گەر تۆ هۆشیاریی

....

* ئەم چیرۆکە شیعرییە لە ل٧٤-٨٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

چیرۆکی کۆمەڵایەتی*

دیم لە خەودا شەوێ خەوێکی خراپ
کە نە قورئان ئەزانم و نە کیتاب
چوومە خزمەت مەلایەکی عەصەبی(١)
وتم ئەی واریثی علوومی نەبی
ئەمەوێ فێری خوێندن و خەت بم
لە شەطی عیلمدا وەکو «بەط» بم(٢)
وتی فێربوون -بەگەورەیی- بەپڵاو
پاروو بۆ لووت ئەبەی وە یا بۆ چاو
ئەحمەقی، تۆ نەزانی، نایزانی
چۆن ئەبی تۆ بە(بەط) بەئاسانی
وتم ئەی نووری دیدەیی ئیسلام!
کاشیفی حیکمەتی حەڵاڵ و حەرام(٣)
نائومێدم مەکە حەق و ئوجرەت
نەقدی گیانم ئەهێنمە خزمەت
لەم قسە ئەندەکێ سەری لەرزان(٤)
وتی لێم لادە جاهیلی زۆرزان!
ئەتەوێ پێت بڵێم- ئەگەر - قورئان
ئەمەوێ مانگی ئوجرەتی دە قڕان
کەوشەکەیشم دڕاوە پینەی ئەوێ

بێنە چاکی بکە نەگاتە شەوێ
کەوشەکانی مەلام لەسەر سەر نا
چوومە لای پینەدۆز بەشەوق و غینا
سەیری وەستام کە کرد چ کاری نەبوو
ظاهیرەن تاقەت و قەراری نەبوو
وتم ئەی مامە پیری صەنعەتکار
چاوەڕێی لوطفی تۆم لە ناو بازاڕ
جووتێ کەوشم هەیە مەحەللی ئەسەف[٥]
پینەی لازمە لەگەڵ ناو کەف
وتی: برسیمە ناتەوانم من
ئەمە دوو ڕۆژە دوور لە نانم من
ڕاکە لای نانەوای کولێرە فرۆش
بێنە نیو حۆقەنانی زۆر بۆن خۆش
کەوشەکەت چاک ئەکەم بەسەرچاوان
تۆ بڕۆ نانێ بێنە بۆم بەدەوان[٦]
چوومە لای نانەوا سەلامم کرد
بۆ کولێرە ئیفای مەرامم کرد[٧]
وتی باوکم فرۆشتەنیم نییە نان
بێنە ئارد بۆت بکەم بەنانی جوان
چوومە بەردەم دوکانی یەک عەللاف
وتم ئەی حاجی تووبی بەیت و طەواف
هۆقەیێ ئاردی گەندومم بدەرێ
نرخەکەی چەندە پارە بێنمە دەرێ
وتی: ئاردم نییە ئەوی ماوە
موشتەریی پارەکەی هەموو داوە
لای فەلاح بێنە گەندومێکی تەمیز
بۆت ئەکەم زوو بەئارد و نانی عەزیز
چوومە لای فەلاحی خاوەن جووت
مەخزەنی ڕیزق و مەعدەنێکی قووت
وتم: ئەی خۆشەویستی گیانلەبەران

یەک (مەن)م لازمە گەنم بۆ نان
وتی: نەماوە دانە گەندومی پار
زوو بەزوو ڕاکە، بۆم هەتا بازاڕ
بۆم بچۆرە دوکانی ئاسنگەر
پێی بڵێ مامەکەی هونەر پەروەر
داسەکانی فەلاحەکەم بدەرێ
چەند سەپانێکی گرتووە بەکرێ
داسەکانم بگاتە دەست ئەمڕۆ
بەرکوتت بۆ ئەکەم لەبەر دڵی تۆ[٨]
چوومە خزمەت جەنابی ئاسنگەر
دیم کزومات و عاجز و موضطەر[٩]
باسی داسی فەلاحەکەم لا کرد
لە وەراما ئەویش قسەی وا کرد:
من چلۆن کار بکەم بەلەرز و تا
تاوێ سەرمامە تاوێکیش گەرما
کەس نییە تاکو لای پزیشک ڕاکا
بۆم بهێنی حەبێکی لەرز و تا
ناعیلاج چوومە لای پزیشکی وڵات
وتم ئەی عاقڵی بەمەعلوومات
بمدەرێ یەک دوو حەببی سڵفاتە
خەستەخانە مەکانی خێراتە
وتی: تارێک ئەخەم دەواییێکی باش
ڕاکە بۆم بانگ کە خەلفەییێکی دارتاش
شووشەکەی تێک شکاوە پەنجەرەکەم
تێکی دا «با» کتێب و دەفتەرەکەم
زوو بەگورجی گەیشتمە بازاڕ
چوومە بەردەم دوکانی یەک نەججار
چۆڵ بوو دوکان لە خەلفە و وەستا
وتیان: ئێستە زۆر نییە هەستا
چووەتە لای خەیات و جل ئەبڕێ

بووک ئەهێنێ تەدارەکی ئەکرێ
ناعیلاج بووم لەبەر دوکان وەستام
سەیری خەڵکم ئەکرد وەکو سەرسام
پڕ بوو مەیدان لە لادێی و شاری
هەموو ئالاونە یەک بەهۆشیاریی
غەڵبە غەڵب و هەرا هەرای مەردوم
خەوە شیرینەکەی لە دەس کردم
ڕاپەریم سەیری خۆم و ماڵم کرد
لەم خەوە دیقەت و خەیاڵم کرد
وتم: ئەم خەڵکە وەحشیی و مەدەنی
ئیحتیاجن بەیەک فەقیر و غەنی
وەکو زنجیرن و تێک ئالاون
قاچن و دەستن و سەر و چاون
دەوڵەمەند حەیفە ڕوو نەکاتە فەقیر
بۆ فەقیر نەنگە تەرکی ئەمری ئەمیر
دەوڵەمەند حەیفە کیبر و فیزی بێ
بۆ فەقیر بوخل و ناتەمیزی بێ
تیغی دەستی یەکن غەنیی و فەقیر
شێلراون هەموو بەچەشنی هەویر
جووتیار و شوان و شاه و گەدا
هەموو موحتاجی یەکترن بەخودا

....

* ئەم شیعرە چیرۆک ئامێزە لە ل٦٨-٧٣ی کتێبی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) مەلایەکی عەصەبی: مەلایەکی تووڕە و لەسەر.
(٢) بەط: مراوی.
(٣) کاشیف = کاشف: بەدەرخەر و بەیان کەر.
(٤) ئەندەکێ: کەمەکی، برێ، تۆزێ.
(٥) مەحەللی ئەسەف: شوێنی بەزەیی پێداهاتنەوە.
(٦) بەدەوان: بەگورجو گۆڵی.
(٧) ئیفای مەرام: گەیاندنی مەبەست.
(٨) بەرکوت: بەرکۆڵ.
(٩) موضطەر = مضطر: بێچارە و زەلیل.

چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و صۆفی کەریمی چەرچی

سەرەتا

ئاشکرایە تەربیەی ژنانمان بۆ منداڵ پەروەردەکردنیان زۆر نوقسانە بەهۆی نەخوێندەواری و هەندێ چیرۆکی هیچوپووچی ڕابوردوو کە بۆمان ماونەتەوە، بۆیێ لە پێشەوە کە منداڵ شیرە خۆرەیە لای لایەکەی بە (گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ) ڕائەبووری، ئینجا کە منداڵەکە نەختێ هۆشی پەیاکرد بەدێو و خێو و جنۆکە و شەوە و شەولەبان خەوی لێ ئەخا، بێگومان ئەم ترس و بیمە لە دڵا ئەمێنێتەوە، گەورەش بێ ناوێرێ هەندێ ئیش بکا چونکە ترس غەریزەیەکی فطریە و لەناوبردنی پێویستترە لە پەروەردەکردنی، وە ئەم لەناوبردنەش ئەبێ لە بێشکە و کۆشی دایک و باوەشی باوکەوە دەس پێ بکا تاکو ئەکەوێتە ساحەی ئیشکردن بەسەربەخۆیی.

ئەفسەرێکی ئەوروپایی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ منداڵ بووم لەگەڵ باوکما چووم بۆ دەشت، سەیری دیمەنی گوڵ و گیا و شاخ و ئاومان ئەکرد من لەبەر باوکمەوە ڕام ئەکرد دوور ئەکەوتمەوە ئەهاتمەوە بۆ لای.

جارێکیان ڕام کرد گەیشتمە سەر چاڵ و شیوێک کتوپڕ سەگێ لێم دەرپەڕی، بەترس و گریانەوە ڕام کرد بۆ لای باوکم ئەویش لە باوەشی گرتم دڵخۆشی دامەوە تاکو ترسم بەسەرچوو، ئێستاکە ئەفسەرم لە بۆمبای تەیارە و گوللەی تۆپ و پەلاماردانی دەبابە ترسم نییە بەڵام کە تووشی چاڵ و شیوێک ئەبم ترسی سەگەکەم دێتەوە بیر ترسم لێ ئەنیشێ.

ئینجا ئەبێ هەموو دایک و باوکێک باسی جنۆکە و دێو و خێو بەبەیتی خلە بزانن چونکە هەرچەندە جننی هەن وەکو لە قورئانا ناوبراون، بەڵام گەلێ لە عولەمای ئیسلام ئینکاری چاوپێکەوتنی جنۆکەیان کردووە کەوابوو بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان بەئازایی، ئەم نامیلکەیەم پێشکەش کردن... هیوامە بەتاڵییەک لە کتێبخانەی کوردستان پڕ بکاتەوە.

دانەر ١٩٤٦/١٢/٢

سەد جار بسم الله لە باتی یەک جار
بەبێ ناوی خوا ڕێک ناکەوێ کار
سەد هەزا ڕەحمەت لەسەر پێغەمبەر
کە ئەو چاکترە لە هەموو بەشەر
ڕەحمەت لە ئەصل و لە منداڵانی
لە پاشا، لە بۆ گشت ڕەفیقانی
ڕەفیقەکانی هەموو ئازا بوون
منداڵانیشیان گورج و وریا بوون
ئێمە کە بەناو هەموو ئیسلامین
ئەبێ بەغیرەت هەروەک ئەوان بین

کوڕە مەترسە

کوڕە مەترسە کچێ مەلەرزە
جێی ئادەمیزاد گەردوونی بەرزە
ئەگەر توو هەتە تەجروبە و ئیمان
هەموو گیانداریێ ئەترسێ لێمان
خوا ئەم ئینسانەی بۆیە دروست کرد
کە هۆشی ببێ و لێکدانەوەی ورد
دروستی نەکرد کە شێتی بکا
دووچاری دەرد و ئەزیەتی بکا
کوڕم مەترسە کچم مەلەرزە
ئینسان شەریفە دەرەجەی بەرزە
باسی جنۆکە و غولی بیابان
قسەی ژنانە هی پیاوی نەزان
دایکت نەفامە عەقڵی نوقسانە
جنۆکە کوانی لە جێ و مەکانە
کە بسم اللەی کرد لەبەر جنۆکە
بزانە دایکت زۆر ترسنۆکە
جننی نابینرێن جسمێکی پاکن
وەک مەلائیکەی نیشتووی ئەفلاکن
ئەو کەسەی بلێ دیومە جنۆکە
درۆزنێکی زۆر ترسنۆکە
بە خەیاڵ شتی هاتۆتە بەرچاو
ئەڵێ جنۆکەی لێ بوو کانی ئاو
واللە وباللە هیچی نەدیوە
نە لەو کانییە، نە لەو ناو شیوە
هەتا ئەغلەبی عالیمی زۆر چاک
ئەڵێن نەی دیوە سەیدی لەولاک
شتێ کە حەتا (نەبی) نەی بینی
چۆن بۆ ئێمە ئەو خۆی ئەنوێنی

جبریل خەبەر ئەدا بەڕەسول
کە قورئان لەلای کێشە مەقبول
بابیشی بینی ئەو پێغەمبەرە
ئیشی لە عەقڵی بەشەر بەدەرە
کوڕم مەترسە کچم مەلەرزە
خۆت نەفام مەکە بەقسەی هەرزە
(مێردەزمە) کوا ببێ بەبزن
قسەی ژنانە و پیاوی درۆزن
قاچی لە عەردە و سەری لە هەوا
(غۆلی بیابان) لە کوێ بووە کوا؟
ئەمانە هەموو منالْ ترسێنن
مەلای دوعا نووس بۆمان ئەخوێنن
شێخی شێت چاکەر، مەلای دوعا نووس
ڕیایی ئەکەن بۆ پوول و فلووس
شێتی عیللەتە وەک گرانەتا
تۆ باوەڕ مەکە بەقسەی مەلا
ئەڵێت پێی ناوە لە منداڵیان
دەستیان لێ وەشاند لەسەر کانیان
جن دەستی کوانی تا بیوەشێنی
جسمێکی نییە کە بیپوشێنی
وەک مەلائیکەن بێ گۆشت و ئێسقان
بەدەنیان نییە بەڕەنگی ئینسان
جنۆکەی قژن، قژن مل باریک
نە لەکانییە، نە ژووری تاریک
ڕۆڵە مەترسە هیچ لە جنۆکە
هەموو هەڵبەستی زۆر ترسنۆکە
ئەگەر باسیان کرد هی مێردەزمە
تۆ پێ بکەنە بیکە بەگەمە
جنۆکە چۆن خۆی ئەکا بەمار
یا بەپشیلە یا خێوی ناو غار

ئەوا بوو بەمار خۆی کوتا بۆ لات
ئەی سوورەتەکەی خۆی چی بەسەر هات
جننی ناگۆڕێن، گۆڕین مەحاڵە
هەرکەسێ وای گوت قسەی بەتاڵە
هیچ دەست وەشێن نین جنۆکەی فەقیر
هەموو عەبدی خوان بەزکر و تەکبیر
ئەوەی کافرە دەستەی شەیتانە
ئەوەی ئیسلامە دۆستی خۆمانە
کوڕم مەترسە کچێ ئازابە
لە سەرگوزەشتی کۆن تەوەلا بە
خێوی ناو هۆدە غۆلی بیابان
هێندە درۆیە ناکرێ بەیان
درۆ لەو زلتر باسی شەوەیە
منداڵ خنکێنە ئیشی ئەوەیە
منداڵ نازکە؛ کە هاتە دنیا
بە لووت ئەتوانی هەناسە بدا
شتێ کە بەری هەناسەی بگری
شین ئەبێتەوە ئەتاسێ و ئەمری
ژنانیش ئەڵێن ئەی شەوە گرتی
مامانیش ئەڵێ دیم خرتە خرتی
هەموو بەجارێ ئەبنە درۆزن
بەخوا نەشەوە خۆی لێی دا نەجن
بێ چرا بڕۆ مەترسە بۆ ژوور
ئەمما بێ ڕەفیق مەڕۆ بۆ ڕێی دوور
کتێب گرەکان مەلای زبان لووس
ژن تەفرە دەرن بۆ جەڕی فلووس
کوڕە مەترسە لەو فاڵگرانە
کتێبی بخە ناو ئەدەبخانە
ئیشی سبەینێ هەر خوا ئەیزانێ
مەیکرە ڕمل جەفر بەنانێ

دینەکەی ئێمە بێ غەل و غەشە
ئەوەی لێی لادا بەخوا ڕووڕەشە
خێڵی جنۆکە ناچن بۆ کوێستان
یا بۆ گەرمیان لە وەختی زستان
کە سەرما و گەرما نەزانن چییە
ئەم هاتوچوونەی بڵێ بۆ چییە
ڕۆڵە مەترسە لەم قسەو باسە
قسەی کەسێکی بێ مێشک و کاسە
کە کەسێ وتی ئەم ڕۆژە شوومە
بزانە ئەوە قسەی مالومە
چونکە موسڵمان عەقیدەی پاکە
شەمە و یەک شەمەی هەموو لا چاکە
چاکی و خراپی راجع بەخۆتە
بەناحەق لە دەست شەممەر و ڕووتە
قەل ئەقیرێنێ بۆ پێت ناخۆشە
منداڵ ئەپژمێ بۆ ئیشت بۆشە
تووشی ڕێوی بی بۆچ کارت چاکە
ئەگەر کەروێشکە بۆچی هیلاکە
گەرمات تووش بێ سەفەرت باشە
وا دڵت خۆشە ئەڵێی یولداشە
ئەمانە قسەی پیاوی نەفامە
باوەڕ بەمانە شەرعەن حەرامە
ڕۆڵە سڵ مەکە لەم قسانە
هەموو بە بەیتی خلەی بزانە

سەرگوزەشتەی خێوی ناو مزگەوت

مزگەوتێ ئەبێ دوور لە ئاوایی
عیبادەتخانەی ذاتی خودایی
خەڵقی دێ بۆ نوێژ ئەچوونە ئەوێ
ڕایان ئەبوارد تا نیوەی شەوێ

له تەنیشت مزگەوت دوو هۆدە هەبوو
غەریبە و میوان بۆ خەوتیی ئەچوو
یەکێکیان ئاوا یەکێکیان وێران
پڕ لە سیسرک و قالۆنچە و ماران
کەس نەی ئەوێرا بەشەو تیا بنوێ
ئەیان گوت خێوی هەیە بەشەوێ
چونکە یەک دوو کەس، تیایا مردبوو
بەخێودار هودە، ناوی سەند بوو
شوهرەتی خێوی ئەو ژوورەی مزگەوت
کەوتە دنیاوە هەیبەتی سەرکەوت
پیاوێکیش ئەبێ فەقیر و کەساس
بێ کەوش و کەڵاش بێ کەوا و کراس
لەبەر فەقیری بێزار بوو لە خۆی
خوا نانی بڕی پێغەمبەریش دۆی
بیستبووی ناوی ئەو ژوورە پیسە
وتی: چیمە لەم ڕیس و گوریسە
من کە بێ ئاو بم منداڵم بێ نان
ئەچمە ئەو ژوورە تەسلیم ئەکەم گیان
سەری ڕێگای کرد تا هاتە مزگەوت
شەو چووە هۆدە بۆ خۆی تیایا خەوت
لە نیوە شەوا شتێکی دی هات
چووە گۆشەیەک لێی ڕاکشا مات
کابرا کتوپڕ بەدەستە و خەنجەر
لای دەرگاکەی گرت کە نەچێتەدەر
بوو بەنۆبەچی ئەو شەوە نەنوست
بزانە چۆنە خێوی بەد سروشت
کە ڕۆژ بووەوە، دنیا ڕۆشن بوو
لێک ئاشکرایی دۆست و دوژمن بوو
پیاوە سەیری کرد سەگێکی بێ فەر
لێی ڕاکشاوە لات و لەڕ و گەڕ

وتی ئەوانەی شەو لێرە نوستوون
هەموو لە ترسی سەگەگەڕ مردوون
وایان زانیوە کە ئەوە خێوە
لە ترسا گیانیان چووە لە جێوە
ڕۆڵە واهیمە ئینسان ئەکوژێ
وەکو گیانلەبەر خوێنی ئەمژێ
مەیخەرە دڵت واهیمە و خەیاڵ
واهیمە گەورەش ئەکا بەمنداڵ
ڕۆڵە مەترسە لە خێو و لە دێو
نە لە ئاوایین نە لە شاخ و کێو
بدەرە قسەی پێشینان سەرنج
دێو لە کوێ بووە لە کوێیە درنج
تاریخی عەجەم قسەی جوولەکە
دێو و درنجیان کرد بەتۆڵەکە
ئەڵێن دێو هەموو وان لە کێوی قاف
پێی باوەڕ ئەکا نەفامی دڵصاف
کێوی قاف ئەڵێن بەدەوری ئەرزا
ئیحاتەی داوە دێو لە جێی بەرزا
هەرچی منالی ئێستا بخوێنێ
درۆی وا زل! زل هیچ ناسەلمێنێ
خوێندەوارەکانی دەوری پێشوو
زوو تابع ئەبوون بەوتاری جوو
ئەیان خستە ناو کتێبی خۆیان
قسەی جوولەکە و ئیران تۆران
ئێستا کەوا هۆش کراوەتەوە
کەس دەرگای درۆی زل ناکاتەوە

ڕۆڵە بخوێنە

ڕۆڵە مەترسە كوڕم بخوێنە
لەناو عالەما زوو خۆت بنوێنە
ئەگەر كەڵوری، ئەگەر بڵباسی
كە خوێندەوار بووی ڕێی خۆت ئەناسی
بەڵام ئایینی ئابائوو ئەجداد
تۆ مەیدە بەباد وەك ڕەنجی فەرهاد
ئایینی ئەوان بگرە بخوێنە
بە خوێندن كارت ڕەونەق ستێنە
عادەت و كردەی باو و باپیرت
غەیبەتی مەكە حەڵاڵ كە شیرت
هەر دینێكیان بوو بگرە ئەو دینە
ئەمە ڕەوشتی قەومی دووربینە
میللەتی ژاپۆن كە زۆر پێشكەوتوون
لەسایەی عیلم و مەعریفەت دابوون
لەگەڵ ئەم حاڵەش كەوا زۆر بەرزە
شوێن عاداتی كۆن لەلایان فەرزە
دین و ئایینێ كەوا بوویانە
تێكیان نەداوە هەر لەم زەمانە
پادشای خۆیان لەلایان خوایە
هەندێ ڕووی لە بت، هەندێ لە گایە
بەشی زۆر كەریان كە گاپەرستن
دائم خەریكی كاری دروستن
خیرافاتی سەد هەزار ساڵەیان
هەر ماوەتەوە لای پیر و جەوان
ئەتۆش بەخوێندن هیچ مەغروور مەبە
لە دینی باو و باپیر دوور مەبە
عیلمت بخوێنە دینیش ڕاگرە
دین بەكردەوەی چاكت لە ڕێی نیفاقت

دینە ئەمر ئەكا بەئیتفاقت
دینە مەنع ئەكا لە ڕێی نیفاقت
دینە ئەمرەكا لە شەڕی دوژمن
ببە بەقەڵغان بۆ پاسی وەتەن
دینە ئەمرەكا بەیاریدەدان
لەگەڵ یەكتری وەختی لێ قەومان
گاور و جوولەكە و هیندی و ژاپۆنیا
لەسەر ئایینی ئەون لە دنیا
تۆش موسڵمانی ئایینی ئیسلام
فەرامۆش مەكە ئیتر وەلسەلام

سەرگوزەشتەی خوشك و برایەكی ئازا

كوڕم بۆت ئەكەم حیكایەتی خۆش
تۆش گوێی لێ بگرە و وریابە و بەهۆش
زەمانی پێشوو لە بەینی دوو كێو
دێیەك كرابوو وەك بارەگای دێو
دە پازدە خانوو خەڵقی تێدا بوو
ئیشی گەورەیان ڕاوی دەعبا بوو
بە چەك ئەیان كوشت حەیوانی كێوی
بە تەڵە دانان دەڵەك و ڕێوی
بە پارەی پێستی ئەم حەیوانانە
ڕایان ئەبوارد هەموو شاهانە
مام سەلیم ناوێ ماڵی لەوێ بوو
لە پاش كوێخاكە گەورەی ناو دێ بوو
تەنیا كوڕێك و كچێكی هەبوو
لەو وڵاتەیا وێنەیان نەبوو
كوڕ ناوی سەردار كچیش گوڵبەهار
كوڕ بێچووە شێرێ كچ گوڵی بەهار
كچی كوێخای دێش ناوی خونچە بوو
نازك و نازدار خاوەن لەنجە بوو

هەموو ڕۆژ بۆ لای گوڵبەهار ئەچوو
تەنیا گوڵبەهار دەستە خوشکی بوو
غونچە و گوڵبەهار بەڕۆژ و بەشەو
لای یەکتری بوون غەیری وەختی خەو
لەم هاتوچۆیەی خونچە و گوڵبەهار
سەودای کەوتەسەر بێ چارە سەردار
بەداوی زولفی خونچە وا گیرا
نەدەهات هیچی تری بەبیرا
تیری مۆژگانی برینداری کرد
بە غەم و غەمزە گرفتاری کرد
لە حاڵی سەردار خونچە بێ خەبەر
نەیزانی گریی خستۆتە جگەر
خونچە وەک پەیکان چەقیبووە دڵی
نە دەنیشتەوە گریان لە کوڵی
ئاخیری خونچەیش بەعیشقی سەردار
بوو بەقومری شەیدایی سەردار

باسی صۆفی کەریمی چەرچی

صۆفی کەریم ناو ئەهلی گەرمیان
بۆ پێستە کڕین ئەچوو بۆ کوێستان
هەموو ساڵ ئەچووە دێیەکەی ناو کێوان
لە ماڵی سەلیم ئەبوو بەمیوان
شتی گەرمیانی ئەبرد بە دیاری
خۆی خۆشەویست کرد خۆی کرد دیاری
پیستەی ئەکڕی هەرزان و گران
هی ڕێوی و دەڵەک هی بزن و بەران
لە پاش چەند ڕۆژێ ئەگەڕایەوە
بۆ وڵاتی خۆی ئەکشایەوە
چەند ساڵ بەم نەوعە هاتوچۆی ئەکرد
بنای دۆستی بۆ ئاسمان ئەبرد

بوون بەئاشنا سەلیم و صۆفی
صۆفی لەو ناوە هیچ نەما خۆفی
هەروەکو برا وابوون لەگەڵ یەک
کاریان ڕێک ئەخست هەردوو بەکۆمەک

صۆفی کەریم خوازبێنی گوڵ بەهار ئەکا

ڕۆژێ بەجووتە سەلیم و کەریم
هەردوو نیشتبوون بێ غائلە و بیم
ڕووی کردە سەلیم صۆفی بەخۆشی
وتی ئەی ڕەفیق تۆ ساحێب هۆشی
تێکەڵی و خۆشی دیاربوو مەحەبەت
من وام پێ خۆشە هەتا قیامەت
لەگەڵ یەکتری ببین بەخزم
بەرز بینەوە لە جێگای نزم
کچێکم هەیە زۆر جوان و نازدار
لە دڵی خۆما داومە بەسەردار
بۆ کوڕەکەی من ئەگەر گوڵبەهار
ئەتۆش بیبەخشی زۆر جوان ئەبی کار
مام سەلیم وتی ئەی یاری هەمدەم
فکرەکەت جوانە پەسندی ئەکەم
بەشەرتێ سەردار لێم نەکا گلە
من ڕەزامەندم بەم معامەلە
لەوکاتە سەردار هاتە ژوورەوە
دانیشت لەلایان بەسەروورەوە
لەلای سەرداریش ئیش ئاشکرابوو
سەردار لە وەزعی خۆی هیچ تێک نەچوو
وتی مەمنوونم بەئیشی وا باش
خزمایەتیمان بێ لەمەو پاش
سەلیم و کەریم ببن بەبابم
هەروەک شازادەی عالی جەنابم

گەر ئەتانەوێ ئیش چاک ڕێکخرێ
من وام پێ خۆشە بەم ڕەنگە بکرێ
گوڵبەهار بەشی مامە کەریم بێ
سەرداریش جارێ بەشی سەلیم بێ
یەعنی ئێستاکە من ژن ناهێنم
شووشەی ئازادی خۆم ناشکێنم
ئەمما من ڕەزام خوشکم گوڵبەهار
لە ڕێی صۆفیا بکرێ نثار
لەسەر ئەم قەولە هەرسێ ڕازی بوون
با خسۆس سەردار دڵشاد و مەمنوون
چونکە بەدوای خونچە گیرابوو
بەبۆنی خونچە مەست و شەیدا بوو
گوڵبەهاری کرد بەفیدای خۆی
تا دڵی نەشکێ خونچەی عەتر بۆی

گواستنەوەی گوڵ بەهار

مودەی سێ چوار مانگ ڕۆیی هاوین هات
صۆفی کەوتە خۆی بۆ تدارەکات
هەرچی پێویستە بۆ ئەسپابی بووک
چوو هەمووی کڕی لە بەغدا و کەرکووک
لەگەڵ چەند سوارێ لە خزمی خۆیان
بەرەو کوێستان بوون لە ناو گەرمیان
ڕۆیشتن هەتاماڵی مام سەلیم
دابەزین لەوێ بەقەدر و تەعزیم
حورمەتیان گیرا بەمیوانداری
کچیان مارە کرد بەئەمری باری
ئەمجا بەجارێ ڕووەو گەرمیان
خستیانە ڕێگا بووک و بەربووکیان
بەشادی و خۆشی نزیک بوون لەماڵ
زاواش لەولاوە هات بۆ ئیستیقبال

بووکیان گەیاندە ناو دیو ئاوایی
دەهۆڵ و زوڕنا حازر بۆ شایی
سە شەو و سە ڕۆژ هەر هەڵپەڕین بوو
بەرگی ژن و پیاو سوور و ڕەنگین بوو
لە پاش سە ڕۆژە شایی بڕاوە
خەڵکی و دێ و ئەتراف کەوتە بڵاوە
گوڵ بەهار لە ماڵ کەوتە ئیش کردن
بوو بەئاغاژن بۆ کردە و بردن
مودەتی سە ساڵ لە گەرمیان بوو
دوور لە باوک و قەوم و خۆیشان بوو
بوو بەخاوەن کوڕ خوا کوڕی داییێ
هەر ئەی وت بۆچی کاکیشم نایێ
زۆر ئارەزووی بوو ئیزن وەرگرێ
باوەخوون بکرێ کوڕیشی بەرێ
نەشەو خەوی بوو نە ڕۆژ ئارام
هەر ئەیوت لە کوێن باوک و برام

باوەخوون کردنی گوڵ بەهار

لەلای مێردەکەی لەلای خەزووری
گوڵبەهار ئەی کرد شەکوا لە دووری
دووری لە باوک و برا و کەسوکار
گرێی خستە دڵ هیچ نەی بوو قەرار
ڕۆژێ خەزووری وتی کچی خۆم
تۆ خۆت نایزانی من خەمت ئەخۆم
ئێستا هاوینە وادەی خەرمانان
دەستمان ڕایی بێ لە کار و فرمان
شەرتە ئارەزووت بەجێ بهێنم
بە مەخسودی تۆ ئیش ڕاپەڕێنم
ئیتر گوڵبەهار بەوەعدەی خەزوور
هیوای پەیدا کرد بۆ دڵی ڕەنجوور

کە هاوین نەما خەرمان هەڵگیرا
بۆ تۆوی تازە جووتیش بەسترا
شنەی بای پایز دنیای فێنک کرد
گوڵاڵە سوورەی سەری دەرهاورد
گەڵای زەرد و سوور لەناو ڕەزانا
زەینەتی بەخشی بەسەر خەزانا
پەڵێ پایزیش هەروەک بەهارە
شاخ و دەشت و باخ هەمووی گوڵزارە
بە وەعدەی خەزوور گوڵبەهار دیسان
ماڵ و مێردەکەی خۆی کرد هەراسان
لە پایزیش ڕۆیی مانگێکی تەواو
شەوێ دانیشتن کۆمەڵی ژن و پیاو
مێردەکەی وتی لەبەر مەڕ و جووت
لەبەر تێکۆشین بۆ ئیدارە و قووت
لەگەڵ گوڵ بەهار بچم بۆ سەفەر
چوونی من بابە زەرەرە و خەتەر
ڕەنجبەرەکەمان یەکجار بەکارە
خانە زەمانە، تەواو هۆشیارە
با هەر ئەو بچێ چونکە ئەمینە
بۆ سەرما و سەختی ڕێگای بەتینە
باوکیش ڕەزا بوو بەقسەی کوڕی
هاتە جواب و قسەکەی بڕی
وتی زۆر باشە بۆ ئەم سەفەرە
چونکە مەحرەمە ئیشی ڕەنجبەرە

کەوتنە ڕێگای گوڵ بەهار و ڕەنجبەر

بارانی پەڵە لە هەر لا باری
گوڵبەهار ئینجا ڕێک خرا کاری
توێ شووی ڕێگای کرد کولێرە بەڕۆن
قەراری وا دا کە بەیان بڕۆن

خۆی و ڕەنجبەری و کوڕی نازداری
سەری ڕێیان گرت بەهۆشیاری
ڕەنجبەریش کە کوڕی ئەگەر تەکول
جارجار گۆرانی جارجار بۆڵەبۆڵ
هیچ مەحرەم نەبوو ئەو حەرامزادە
بۆ خیانەتی دائم ئامادە
سەگی نائەمین دڵ پیس و مەلعوون
بەسووڕەت ئینسان بەسیرەت مەیموون
دێ بەدێ هاتن بەسواری و بەپیان
هەتا کوێستان خۆی دەرخست بۆیان
شەوێ مانەوە لە یەک ئاوایی
ئەو شەوە گۆڕرا هەوای دنیایی
بەفر و بای سەخت شاخانی پڕ کرد
بوو بەیەک پارچە دەشت و تپە و گرد
سێ ڕۆژ مانەوە لە ترسی سەرما
ڕۆژی چوارەمین کەوتنە ڕێگا
ئەو ڕۆژەش ڕۆیین بەدڵ و بەگیان
سێ چوار سەعاتی مابوو مەنزلیان
هەواکەی گۆڕی هەورێکی هێنا
با، بوو هاودەمی بەفری دەهێنا
سەعاتێ ڕۆیین بەفر هەر باری
کەسیرە کەوتن، کەوتنە زاری
گوڵبەهار وتی ئەشکەوتێ بەردێ
ئەمن شارەزام بابچین بۆ ئەوێ
ڕەنجبەری مەلعوون منداڵی هەڵگرت
گوڵبەهار ڕێگای ناو ئەشکەوتی گرت
بە هەر حاڵێ بوو گەیشتنە ناو غار
دەسو پێی تەزی و لەشیان پڕ ئازار
کوڕیش لە باوەش دایکی نوستبوو
یا ماری ئەجەل لەشی گەستبوو

ڕەنجبەر برسی بوو وتی ئەی خانم
کولێرە و خورما لە کوێیە گیانم
گوڵبەهار نان و خورمای بۆ دانا
وتی تۆ بیخۆ هەتا توانا
دەسی بەخواردن کرد ئەو بێ دینە
دەمی لێ بادا هەروەک ماکینە
کە ورگی پڕ بوو لە خواردەمەنی
سەری دەروونی کرد بەعەلەنی
وتی ئەی خانم ئەمن ڕسوای تۆم
لەو ساتەی دیومیت شێت و شەیدای تۆم
ئەگەرم تەسلیمم ئەبی لێرانە
گیانی شیرینم بۆ تۆ قوربانە
گوڵ بەهار وتی توو ویژدانت بی
یادی نیعمەت و ئاو و نانت بی
بە نان و نیعمەت گەورە کراوی
سەگ مەبە و سپڵە ئەگەر تۆ پیاوی
وتی ئەمانە هیچیان نازانم
ئەتکەم بەفیدای تیغی دەبانم
خۆت و کوڕەکەت یەک یەک ئەکوژم
لە پاش کوشتنتان خوێنتان ئەمژم
بە ئاگری عیشق تۆ منت سووتاند
بۆ جێیەکی وا تالع تۆی گەیاند
ئینجا گوڵبەهار زۆر پاڕایەوە
ئەو هەر بەتوندی جوابی دایەوە
پەردەی بێ شەرمی بەجارێ دڕاند
پەلاماری دا کوڕەکەی فڕاند
خەنجەری کێشا زوو سەری بڕی
سەری بۆ هاوێشت خەنجەری سڕی
وتی لە پاش ئەم نۆبەتی تۆیە
وەقتی تەسلیمە نەک هی ڕۆڕۆیە

خانم بەدڵی پڕ لە ئێشەوە
بە عەقڵ و تەدبیر هاتە پێشەوە
وتی عەزیزم تۆ بێ ئارامی
من زوو زانیومە کە تۆ شەیدامی
منیش لە دڵدا بوومە بریانت
هەزار مێرد ئەکەم هەر بەقوربانت
با کوڕیش نەبێ من هەر تۆم ئەوێ
دەستت لەملان و لە ئەستۆم ئەوێ
بۆ هەر کوێ ئەچی منیش بەچاوان
شەرتە نەچمەوە بۆ ماڵی باوان
بەقسەی میچکە میچکەی ژنانە
لەکەڵ داییەزاند ئەو سەگ شەیتانە
هاتەوە سەر خۆی مەلعوونی غەدار
بەخەندە وتی بەخوا گوڵ بەهار
ئەگەر ئینکاریت هەر بکردایە
تۆشم شەق ئەکرد هەر لەم جێگایە
چووە پێشەوە بۆ لای گوڵ بەهار
بەشێوەی عاشق بەڕەنگی دڵدار
گوڵ بەهار دەستی خستە ناو دەستی
دەسبازی ئەکرد بەڵام بەسستی
وەهای خەڵەتان هیچ نەیما خەبەر
گوڵ بەهار لە پڕ فڕاندی خەنجەر
مەردانە کێشای خەنجەر لە کاڵان
دای لەسەر دڵی کوشتی بێ ئامان
لە شاخ و لە دەشت دەنگی ئافەرین
بەرز ئەبوەوە تا چەرخی بەرین
ئەنجا بەتەنیا و لەو غارە دابوو
لەگەڵ جەنازەی کەوتووی دوو مردوو
ترسی دڕندە غائیلەی دەروون
خەوی لێ زڕان تا ڕۆژ ئەبێ ڕوون

گرەوکردنی کوێخا لەگەڵ سەردار

هەموو شەو بۆ نوێژ ئەهلی جەماعەت
کۆ ئەبوونەوە بۆ ذکر و تاعەت
لە پاش نوێژکردن بە درشت و ورد
لە گوێ کوورەکە خەیاڵیان ئەکرد
قسەی ڕابردوو ئەگێڕایەوە
مەردی و نامەردی ئەبێژرایەوە
یەکێکیان هەستا چووە دەرەوە
گورج هاتە ژوورێ هاتە بەرەوە
وتی شەوی وا نەبووە لە دنیا
بەفر ئەبارێ لەگەڵ کزەی با
ئەمشەو شەوی کوڕی ئازایە
شەوی دڕندە و ورچی سارایە
ئەمشەو با هەموو لێرە دانیشین
شەوچەرە بخۆین سیغار بکێشین
لەم خەبەردانە کوێخاش بۆی هەستا
چووە دەرەوە لە هەیوان وەستا
لە پاش زەمانێ هاتەوە ناویان
وتی کوڕینە ئەی هەرزەکاران
هەر کەس لە ئێوە ئازایە بەشەو
بێ لەگەڵ منا بکا یەک گرەو
ئەمشەو بگاتە ئەشکەوتی بەردێ
لەوێ نیشانەی گەیشتنی دانێ
شەرتە ئەو کوڕە بکەم بەزاوام
بۆ جل و بەرگیش هیچ نەبێ دەعوام
لەناو کۆمەڵێ کوڕ و هەرزەکار
چاپوک ڕاپەڕی شێرانە سەردار
وتی شاهێدبن خوێنم لەسەر خۆم
بۆ ئەم گرەوە شەرتە من ئەڕۆم

مام سەلیم وتی ڕۆڵە دانیشە
جەرگم لەت مەکە ئەتوو بەم ئیشە
وتی بابەگیان عەرد و عاسمان
گەر لەیەک بدەن ئەڕۆم ئەلئان
ڕووی کردە ماڵێ کالەی داپێچا
خۆی پێچایەوە چەکی لە خۆی دا
بەعەشقی خونچە دنیای بەهار بوو
لەبەر چاوی هەر لالەزار بوو
وتی سەر لەڕێی جانانا دانان
یەکجار بەجێیە زۆر سەهل و ئاسان
هەرچەند شەوی سەخت بەفروسەرما بوو
بەشەوی زفاف قەرار درابوو
ئەم دڕندە بوو؛ بۆ ورچ و بەراز
لە داوێنیەوە ڕووی کردە هەوراز
مەردانە بەناو بەفردا سەرکەوت
دوو سەد هەنگاوی مابوو بۆ ئەشکەوت
گوڵ بەهار فەرقی بەتەقەی پا کرد
خەنجەری هەڵگرت خۆی مەهەییا کرد
سەری ڕەنجبەری بڕی دەسبەجێ
وتی دڕندە پێوە خەریک بێ
لە ئەشکەوتەوە فڕێی دایە خوار
نەختێ ڕاوەستا لەو جێی سەردار
کە ڕوانی سەری بڕاوی تازە
بۆی فڕێ درا هات لەو هەورازە
هیچ گوێی نەدایە هەر تەکانی دا
نەترسی هەبوو نەوچانی دا
گوڵبەهار کە دی هەر دێ بەزشتی
دەستی ڕەنجبەری بڕی هاویشتی
سەرداریش ئەمجا وەکو شێری ڕاو
ڕوانی وا بۆی هات دەستێکی بڕاو

بانگی کرد دێوی خێوی لە ئەشکەوت
شەرتە بەقەمە بتکەم لەت لەت
گوڵبەهار دەنگی برای خۆی ناسی
بانگی کرد ئەمجار زۆر بەکەساسی
کاکە گیان بەخوا نە دێوم نە خێو
من خوشکی خۆتم گیراوم لە کێو
سەردار لەم قسە هەر واقی وڕما
نەیما غائیلەی دڕندە و سەرما
دووبارە وتی شەیتانی یا جن
بۆ نووکی خەنجەر ئەتکەم بەهەرزن
وتی کاکە گیان من گوڵبەهارم
جن و شەیتان نیم خوشکی نازدارم
بۆ ماڵ ئەهاتم وا لێم قەوماوە
زوو فریام کەوە جەرگم بڕاوە
ئەمجار سەرداریش وتی خوشکی خۆم
هیچ ترست نەبێ پشتیوانی تۆم
چووە پێشەوە مەردانە سەردار
دەس لەملان بوون لەگەڵ گوڵ بەهار
لە پاش دانیشتن لە ئیش گەیشتن
ئینجا هاتنە سەر باسی ڕۆیشتن
وتی خوشکی خۆم لای پیاوی مزگەوت
گرەوم کردووە کە بێمە ئەشکەوت
هەستە با بڕۆین زوو بۆ ئاوایی
لێرەبی ئەشیا هەتا دوایی
خوشکی دایە پێش هات وەک ئەژدیها
نە پرسی لە کێو لە بەفر و سەرما
خۆی و خوشکەکەی چوونە ناو مزگەوت
ئەهلی جەماعەت کە چاویان پێ کەوت
هەموو شپرزان لەم وەزعە دییان
بەجارێ کردیان ماندوو نەبوونیان

لە پاش زەمانێ زانیان هەموو
حاڵی براو خوشک کاری ڕابوردوو
کوێخا کەزانی لە حاڵ و ئەحواڵ
ناردی مەلایان دەرهێنا لە ماڵ
کچی مارە کرد لە سەرداری شێر
وتی لە دنیا هەروا ئەبێ نێر
کردیان بەشایی و بەزم و ڕەشبەڵەک
دەنگی هەلهەلە گەیشتە فەلەک
ئاوازەی سەردار کەوتە دنیاوە
هەر ئافەرین بوو لە هەموو لاوە
ڕۆڵە مەترسە کچم مەلەرزە
ئینسانی ئازا حورمەتی بەرزە

پێنج خشتەکی
لەسەر شیعری شاعیران

تێهەڵکێش لەسەرشیعرێکی حافزی شیرازی*

دەخیلت بم وەرە ساقی «أدر كأساً وناولها»
غەم و غوصصەی دڵم کە بوو «ولی أفتاد مشكلها»
ئومێدی بۆبی میشکم بوو «صبازان طره بگشايد»
کەچی نەمزانی بەم دەردە «چ خون أفتاد در دلها»
لە بەحری عەشق و خەوفی مەوج «گردابی چنین هائل»

**

بە هاواری دڵم ناگەن «سبک باران ساحلها»
لە ئەووەڵ عەشقی خۆم هون کرد «ببد نامی کشید اخر»
چلۆن پەنهان ئەبی سیڕڕێ «کز و سازند محفلها»
بلێ بمرە ئەبێ بمرێ «گرت پیر مغان گوید»
کە ڕەهبەر خۆی خەبەر دارە «ز راه و رسم منزلها»

**

لە هیجرانی ئەتۆ بۆ من «چه أمن و عیش چون هردم»
ئەجەل بانگمان ئەکا دەم دەم «که بربندید محملها»
ئەگەر تۆ (زێوەر)ی عەشقی «ازو غائب مشو حافظ»
کە یارت بۆ سەفەر ئەڕوا «دع الدنيا وأمهلها»

* ئەم شیعرە لە ل١٢٦-١٢٧ی کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (أ)دا نووسراوە هەروەها لە ل٥ی کەشکۆڵی (ب)یشدا نووسراوەتەوە. شایانی باسە کە تێهەڵکێشەکەی حافزیش لەسەر شیعرەکەی یەزیدی کوڕی (مەعاوییە)یە.

پێنج خشتەکی* لەسەر هەڵبەستێکی (مەلا ڕەشید)ی لاوە کە نازناوی (مائیل) بووە**

ئەم تفەنگی دەسی شێخ قادرە مارمێلکە تەزێن(١)
لازمە هەجوی بکەم لایقی وەستایە جوێن
بیبەنە گوڵ عومەر و بیخەنە ناو ئاوی دەڵێن
چ تفەنگێکە بەشەرت قابیلە بۆ داری کولێن
تا بلێی قورس و شکاو و بەدوو فیشەک نەتەقێن

**

سەیری فیشەکلەغەکەی خۆشە کە ڕەق بوو بە هەتاو
شەمسییە فیشەکی دەرنایە بە سەعییێکی تەواو

فیشەکی گوللە شل و ئەغڵەبی بارووتی ڕژاو
سەیری فیشەکلغەکەی کەن لە دووسەد لاوە دڕاوە
فیشەکی قەڵب و قەباغی ڕەش و دوژمن نەترێن

**

ئەمە کاری چ نەزانێکە بڕۆ بیبەرەوە
گەر نەیانگۆڕییەوە هەستە لە نۆدێ وەرەوە
نەگبەت و شوومە بەئومێدی نەچێتە دەرەوە
وەرە (قادر) بەقسەم کە نەتەوێ بیبەرەوە
نەقیزەی جووتی گەلێ چاترە وەک خەڵکی ئەڵێن

**

ئەوی کردوویە بەشاگردەوە قابیل بەشەقن
هەرچی ئەجزای کە هەیە هەجووی بکەم موستەحەقن
جەڕ شل و دەرزی کول و خانە سواو جوملە شەقن
قۆڵ و پاش و ماشەکەی و لوولەکەی هەر سێ ئەلەقن
شەقشەقەی چاکە حەقیقەت ئەمەتە قۆڕی ترێن

**

فەردی تەنها نییە، هیچ جینسی نییە، نەوعی نییە
گەر تفەنگ دەست نەکەوێ موشتەریی بەیعی نییە
گوللەکەی وەک پەلەپیتکە ئەثەری قەطعی نییە
لوولەکەی بۆ کلکی تەورداس نەبێ هیچ نەفعی نییە
بۆ چەقۆ گەر دەس ئەدا، بۆ دەمەکەی کوورە دەمێن

**

هەر سوپاهێ کە لە ئەوقاتی مەسافا ڕیزن
ئەمەیی تێ بکەوێ هەروەکو مانگای حیزن
گونی فیرعەون بەکونی خانی کە هەر ناچیزن
کەچەڵ و گێچەڵ ئەبێ هەردوو بەجووت تێی میزن
ئەوی کردوویە بەدڵ گووی سەگی هەوشاری بەڕێن

* ئەم پێنج خشتەکییە لە ل٢١٤-٢١٦دا هەیە.

** مەلا ڕەشیدی لاوە: کوڕی لاوەی قاوەچییە لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. بەکوردی و بەفارسی و تورکی شیعری

گوتووە وەکو دەڵێن: مەلا ڕەشید پیاوێکی سەرچڵ بووە لە بارودۆخێکی نادیارا ساڵی ١٣٢٠ک ١٩٠٢ز کوژراوە.

(١) وەکو مامۆستا نەجمەدین مەلا لە پەراوێزی کەشکۆڵەکەدا نووسیویەتی: «ئەم هەڵبەستە لەسەر ئەم چیرۆکەیە جارێک مامۆستا زێوەر لە تەک شێخ قادری سەرکار و شاعیر مەلا ڕەشیدی مائیل ئەچن بۆ چیای گۆیژە بۆ ڕاو، وا ڕێ ئەکەوێ لە بەیانییەوە تا ئێوارە ئەگەڕێن نێچیریان بەلووتەوە نابێ، دەمی ئێوارە ئەگەڕێنەوە لە بناری گۆیژە شێخ قادر تووشی تۆڕی (مارمیلکەیێک) ئەبێ تفەنگێکی تێ ئەگرێ قۆڕییەکە ئەهنگێوێ ئەمجا مەلا ڕەشید چەند شیعرێک لە هەجوی تفەنگەکەی شێخ قادر ئەڵێ زێوەریش ئەیکا بەپێنج خشتەکی.

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی (نسیب)

فیراقی دیدەیی مەه ڕووت وەکو سایەی زەمین پەستە
وەها پەستە ئەبەد بێ دەستە سەد عیسا بلێ هەستە
عیلاجم کە بریندارم نیشارت دڵ ئەگەر بەستە
فیدات بێ ڕۆحی شیرینم نەظەر سوویی دڵی خەستە
بە لوطفت چاک ئەبێ قوربانی تۆ بێ ئەم دڵی خەستە

**

لە عالەم غافڵم گیراوی چاوی بووم و موژگانی
بریندارە سەراپا دڵ بەزەربی نووکی پەیکانی
نییە باکم لە قەولی موددەعی و تانەی ڕەقیبانی
ئەمن مەستی شەرابی لێوی بووم و چاوی فەتتانی
کەچی وام پێ ئەڵێ بێ فەڕ، شەراب خۆریشو سەرمەستە

**

ئەگەر تۆ ئیلتیفاتت بێ لەگەڵ ئەم عاشقە کەم کەم
هەموو ئەتوێتەوە یەک یەک لە کوورەی سینەما غەم غەم
وەکو موشتاقی زامم ئیحتیاجیشم بەمەرهەم هەم
بکە ڕەحمێ بەحاڵی ئەم گەدایە چونکە کەم دەستە

**

هەموو عالەم ئەزانێ ئەصڵی من ساداتی (نۆدێ)یە
بە موژگان کوشتمی و پێم ئەڵێ: ئاخۆ ئەمە کێیە
بەوەڵڵا قاتیلی من دال و لام و بێ لەگەڵ ڕێیە
لە ڕۆژی حەشرەدا گەر لێم بپرسن قاتیلت کێیە؟
ئەڵێم کەس قاتیلی دڵ نەبووە ئیللا یاری چاو مەستە
چییە زێوەر! بەدائیم موبتەلای زوڵف و ڕۆخ و چاوی

لە ئەرباب و ڕەفیقانت کە دوورکەوتی و بەجێ ماوی
ئەوە ڕێگا نییە داوە ئەتۆش بەو داوە بەسراوی
بە دائیم موخلیصی (زێوەر) بە ئەی کاکە هەتا ماوی
لە کاک ئەحمەد تەمەنناى بۆ بکە ئەمڕۆ دەسا هەستە

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ماندووم لە سەفەر دیومە گەلێ ڕەنج و هیلاکی
بۆ چیمە تەماشای سەماوات و سەماکی
حاشا لە گوڵ و گوڵشەن و جێگەی خۆش و پاکی
مەربووتە حەیاتم بەسولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

**

ئەو دەستە گوڵ و گوڵشەنە گوڵ ڕۆشنی سادات
ئەو دوڕڕی گران قیمەتی دەریای کەرامات
ئەو صاحێبی زوهد و وەرەع و تەقوە و طاعات
ئەو زوبدەی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە ئەبەر مەرقەدی پاکی

**

ئەو حوجرەیە زوواری کە دەووارە لە هەرلا
خاکی دەرەکەی حەسرەتی گوڵ گەشتی موصەللا
بیروون و دەروونی بەفەویوضاتی موجەللا
ئەو مەرقەدە والآیە کە وەک عەرشی موعەللا
مەحفووفە بەزوواری مەلەک دەوری شوباکی

**

ئاوارەی مولکی غەم و سەحرای جنوونم
تەئسیری فیراقی ئەوە من غەرقە بە خوونم
مەنعم مەکە ئەر خەستە و دڵ خوار و زەبوونم
بۆ دەست و عەصا نازکەکەی داخە دەروونم
قوربانی عەصای دەستی بم و سۆڵ و سیواکی

**

نووری بەصەری فاطیمە و حەیدەری کەڕڕاڕ
سەرچاوەی عیلم و هونەر و مەعدەنی ئەنوار
خۆی بەحری وەفا نەجلی هەموو گەوهەری شەهوار
دەرحەق بەحەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار!
قوربانی حەفیدانی بم و بابیی و داکی

**

دنیایە نەبینراوە وەفای تاوەکو سەر بێ
عەیشێکی نییە ئاخری بێ خەوف و خەتەر بێ
ئەم عالەمە بۆ تیری بەلاّ با بەسوپەر بێ
دنیا لە دوای حەزرەتی شێخ زێڕ و زەبەربێ
وەک تاجی کەی و جامی جەم و تەختی زوحاکی

**

دوو سەد وەکو (زێوەر) بووەتە شاهیدی لیللا
میثلت نییە لەم قەڕنە کە تۆ حازری بیللا
خاصە کە دەکەی مەدحەتی ئالی نەبی یولّلا
بەم حالّە پەرێشانەوە باز ئەشهەد و بیللا
شیعرت طەرەب ئەنگێزە (ڕەزا) شاعیری چاکی

....

ئەم شیعرە لە ل٢٠٨-٢١٠ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە.

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولرەحمانی تالّەبانییە، سالّی ١٢٥٣ی کۆچی لە ئاوایی قرخ هاتۆتە ژیانەوە لە حوجرە و مزگەوتی کەرکووک و کۆیە خوێندنی تەواو کردووە، شاعیر و ئەدیبێکی تا بلّێی فەصیح و ڕەوان و زمان پاراو بووە، دیوانی شیعری هەیە، یەکەم جار سالّی ١٩٤٦ی ز لە بەغا برێ لە شیعرەکانی چاپ کراوە، سالّی ١٩١٠ی ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

پێنج خشتەکیی (زێوەر) لەسەر هەڵبەستی طاهیر بەگ*

تۆ کە پاشای و ئەمیری دەفعی حاجاتم ئەکەی
خۆ ئەگەر حوکمێ بکەی دووچاری ئافاتم ئەکەی
فیکری خۆم تەقریر ئەکەم گەر نەفیی تەوقاتم ئەکەی
سەد کە پاشای حەز بکەی هەر نەوع موجازاتم ئەکەی
من قسەی حەق هەر ئەکەم سا چۆن موکافاتم ئەکەی

**

من لەبەر نازک دڵی جار جار پەڕەی گوڵ سەب ئەکەم
ڕوو لە جەولان گاه بکەم ئۆردوویی دارا تەب ئەکەم
وەک عەلی شێری خوا، دەعوایی سەد مەرحەب ئەکەم
من بە تەختی خوسرەو و جامی جیهان بێن گەپ ئەکەم
تۆ بەمەئمووری ئیعانەی دۆم و خەڕڕاتم ئەکەی

**

من کوڕی بارامی شێرزاد نیم بچم بۆ خەرجی دۆم
من (أصیل ابن الأصیل)م نوخبەیی ئێران و ڕۆم
کەس نییە پاشا موطیعی بم بەتەنها عەبدی تۆم
من بەسەد مییننەت لە نوقلّی لێوی یاری خۆم ئەخۆم
تۆ بەشاگردی دوکانی مەردی قەنّنادم ئەکەی

**

من طەلەب ناکەم بەغەیرەز عیشوە و نازی حەبیب
بۆچی غەمبارم ئەکەی ناحەق بەدیداری ڕەقیب
عالەم ئەیزانێ کە طەبعم عالییە و فیکرم نەجیب
من ڕەزا نابم بەنانی گەندومی ئادەم فریب
تۆ بەئومێدی کولێرەی جۆ و زووڕاتم ئەکەی

**

من بەغەیرەز زولفی مەه ڕوویان سەری سەودام نییە
پڕ لە لەشکر بێ جیهان قەت خەوفی ڕووی ئەعدام نییە
شەش دەری عالەم بگیرێ ظەن مەبە ڕێگام نییە
من لە شاهی صاحێبی فیل و عەلەم پەروام نییە
تۆ لە ژێردەستیی پیادەی ئەسپتا ماتم ئەکەی

**

من خەیاڵی ئەخذ و ضەبطی موڵکی ئێرانیم هەیە
ئینتیخابی دودەمانی ئالی عوسمانیم هەیە
ئیعتیقادی شای بوخارا و میری گەیلانیم هەیە
«فی المثل» من موسلیمم دەعوای موسوڵمانیم هەیە
تۆ حەواڵەی مەسئەلەی ئینجیل و تەوراتم ئەکەی

**

فکری «زێوەر» پڕ فشانە لێرەوە تا لامەکان
مەحو ئەکا خامەی دەسی ئەو نەقشی مانی بێ گومان
بیخەیە ناو سەد هەزار تێغ جەوهەری دیارە دەبان
نەظم و نەثری طاهیر ئەمڕۆ بۆتە ئەورادی زوبان
تازە دێی فێری قەصیدە و نەظم و ئەبیاتم ئەکەی

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٠٥-٢٠٧ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.
طاهیر بەگ کوڕی عوسمان پاشای کوڕی (محەممەد) پاشای جاف کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی طاهیر بەگە، ناوبراو ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی لە شاری هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە لە حوجرە و مزگەوت خوێندوویەتی، زمانی کوردی و فارسی و عارەبی و تورکی و کەمێکیشی فەرەنسی زانیوە. زۆر زیرەک و لێهاتوو و چاونەترس بووە بەخشندە و دڵ فراوان بووە. ماوەیێک قائیمقام و سەردەمێکیش سەرۆکی شارەوانی بووە. شیعرەکانی دڵداری و ئایینین و ساڵی ١٩١٨ی زایینی لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەیان بردۆتەوە بۆ عەبابەیلێ لەوێ بەخاک سپێرراوە.

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی مەحوی*

کە نەجمی طالعی هەرکەس هەڵێت و ئاخر ئاوابێ(١)
لەگەڵ ئابائی عولوی ئوممەهاتی سوفلە ئیفنا بێ
جیهانی بێ ثەبات و بێ بەقا بۆ پیر و بەڕنا بێ(٢)
نەڵێ مەردم کە دنیا پشتی لەو، ئەو ڕوو لە دنیا بێ
کە پووری زاڵە بۆچی پیرەزاڵێ پێی ڕەزا نابێ(٣)

**

بە من ئەوصافی ئەم مەککارەیە قەت ناکرێ ئینشا(٤)
ئەگەرچی بێنە ئیمدادم سەدی وەک ئەخطەل و ئەعشا(٥)
لە شێخ و عالم و پیر و مورید و حاکم و پاشا
لەگەڵ شاه و گەدا ئەم فاحیشە ئاخر ئەکا حاشا(٦)
گەر ئەهلی غیرەتی بەر لەو لە خۆی و ئەهلی حاشابێ

**

عەجەب مەشغووڵی جیلوەی ساقیی و گوڵڕەنگی مەی و ساغیر(٧)
دڵی خۆت خۆ مەکە هەرگیز بەبۆنی خەلعەتی فاخیر(٨)
خەیاڵی خاڵی موشکین و نیگاهی قامەتی لاغیر(٩)
ئەگەر تاجت لەسەر کا سەرتی پێوە قووت ئەدا ئاخر
موبارەک کەی ئەبێ ئەو خەلعەتەی وا خەلعی لە دوابێ(١٠)

**

چ صەییادێکە دنیا کەس ڕەها نابێ لەدەس داوی(١١)
مەئال و مەرجەعی خاکە چ دڵ صاف و چ کیناوی
ئەگەر گوڵ سوورمەبێ یا برمە بێ ڕەنگ سوورو ڕەنگ ماوی(١٢)
لەبەر هەر دادەڕنرێ جل، چ چیناوی چ پیناوی(١٣)
ئەبێتە لوقمە لوقمە پاقلە یا پاقلاوا بێ(١٤)

**

هەتاکەی خوابی خەرگۆشی سەگی نەفست لە ڕستایە(١٥)
شەق و زللە ببێتە نەقدی طاعەت وا لە مستایە
ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەم وەعظە بۆ شاگرد و وەستایە
برا! فیکری چرا، کیبریتی فرسەت تا لە دەستایە
شەوی یەلدا لە پێشە، ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ(١٦)

**

لە مەکری ئەم عەجووزە سەد هەزاران نەوجەوانانمان
نیکاحی موتعەیە وەک شیعە تاسەر نابێ بۆ کەسمان
کە مانی هەر نەمانە خانەی وێرانەیە بۆ مان
بکەین ئاه و فوغان و ئاگرێ بەردەینە خانوومان(١٧)
خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشووب و غەوغابێ

**

عەبەث (زێوەر) کە مەشغوڵی حیسابی ماهەکەی دەلوی(١٨)
عەمەل ئیجراکە بێ هوودە خەریکی صەرفیی و نەحوی
بناڵێنە وەکو قومری ئەگەر تۆ تالیبی سەروی
لەگەڵ ناڵین و گریە حازرە فەریاد ڕەس (مەحوی!)
«لیبکوا» ڕێ ئەدا پیری طەریقەت طیفلی ساوابێ(١٩)

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٠١-٢٠٣ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە. مەحوی ناوی مەلا محەممەدە کوڕی مەلا عوسمانی باڵخێیە ساڵی ١٨٣٠ یان ١٨٣١ یان ١٨٣٧ی زایین لە دایک بووە، یەکێکە لە لووتکە بەرزەکانی شیعری کلاسیکی کوردی ئەدەبێکی فەلسەفە ئامێزی هەیە دەتوانین بلێین بۆ خۆی قوتابخانەیێکی سەربەخۆیە. چەند جار دیوانەکەی چاپ کراوە ساڵی ١٩٠٦ی ز لە سلێمانی لە دنیا دەرچووە.
(١) نەجمی طالع: ئەستێرەی بەخت.
(٢) بەرنا، یا، بوڕنا: بەکوڕی گەنجی جوان دەگوترێ.
(٣) پوور: کوڕ. پووری زاڵ: کینایەیە بۆ ڕۆستەمی کوڕی زاڵ. پیرەزاڵ: پیری موو سپی، زیاتر بۆ پیرەژن بەکار دەهێنرێ،

لێرەدا مەبەستی دنیایە کە لەبەر کۆنی پێی دەگوترێ پیرەزاڵ، کۆنە چاڵ هتد.

(٤) مەککارە: صیفە موبالەغەیە بەواتا زۆر مەکرکەر.

(٥) ئەخطەڵ = أخطل: نازناوی دوو شاعیری عەرەبە یەکیان (غیاث)ی کوڕی غەوثە لە هۆزی تەغلەبە ساڵی ٦٤٠ی ز لە دایک بووە ساڵی ٧٠٨ی ز مردووە، شاعیرێکی زمان پاراو و قسە ڕەوان بووە زۆر شەڕە شیعر و دەمەدەمەی لەگەڵ جەریر و فەرەزدەقا کردووە. (معجم المؤلفين ج٨/٤٢) دووەم نازناوی (بشارة الخوري)یە ئەمیش ساڵی ١٨٩٠ی ز لە بیروت لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٨ی ز لە دنیا دەرچووە.دیارە زێوەر مەبەستی بەئەخطەل یەکەمیانە.

ئەعشا = أعشى، الأعشى الكبير: نازناوی شاعیرێکی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلامە، یەکێکە لە خاوەنەکانی شیعری مەشهووری پێش ئیسلام (أصحاب المعلقات) لە (یەمامە) لە دایک بووە. تەمەنی زۆر درێژ بووە تا سەردەمی هاتنی ئیسلام ژیاوە بەڵام ئیمانی نەهێناوە دیوانی شیعری هەیە. لە (مەنفوخە) ساڵی ٦٢٩ی ز مردووە. (معجم المؤلفين ج ٦٥/١٣).

(٦) فاحیشە: بەئافرەتی خراپ دەگوترێ، لێرەدا مەبەستی دنیایە. لەدیوانی مەحویدا ل٢٩٥ ئەم نیوە دێرە شیعرە بەم جۆرەیە، (لە دەروێش و لە شا ئەم فاحیشە ئاخر دەکا حاشا.

(٧) ساغیر: شەراب گیر.

(٨) خەلعەت: لیباس و پۆشاک. فاخیر: نایاب.

(٩) خاڵی موشکین: خاڵی ڕەش وەک موشک.

(١٠) خەلعەت: پۆشاک و کاڵا. خەلع: داکەندن.

(١١) صەییاد: نێچیرەوان. ڕەها: ڕزگار بوون.

(١٢) گوڵ سورمە: پارچە قوماشێکی ئاوریشم و سورمە بوو سەردەمی زوو ژنان کردوویانە بەجلوبەرگ. برمە: پاڵتۆ کۆن. ماوی: شین.

(١٣) چیناوی: قەیفەی تاقمەکار، پارچەییێکی ئاوریشم بووە ژنان کردوویانە بەجل. پیناوی: جلی پینەکراو.

(١٤) لوقمە: پاروو.

(١٥) خوابی خەرگۆشی: کەروێشکەخەو.

(١٦) شەوی یەڵدا: بەشەوەکانی دوا مانگی پایز دەگوترێ چونکە زۆر درێژن، لە بنەڕەتیشدا وشەیەکی سریانییە بەمانا لە دایک بوونە، دەڵێن: حەزرەتی عیسا لەو شەوەدا لەدایک بووە.

(١٧) خانوومان: خانوو بەرە.

(١٨) ماه: مانگ. دەلو: بورجێکە لە بورجەکانی ئاسمان.

(١٩) ئیشارەتی بۆ ئایەتی «فلیضحکوا قلیلا ولیبکوا کثیرا» کردووە کە پەروەردگار داوا لە ئادەمیزاد دەکا کە کەم پێ بکەنن و زۆر بگرین. واتە ئەوەتا قورئان ئەمرمان پێ دەکا کە بگرین جا خۆ هەرچەند بەڕواڵەت گریان بۆ منداڵانە بەڵام ئەم ئایەتە ڕێگا دەدا پیری بەساڵاچوو و شێخی طەریقەتیش بگری وەکو منداڵی ساوا چونکە گریان دەبێتە سەبەبی ڕەحمەتی پەروەردگار.

پێنج خشتەکیی زێوەر لەسەر هەڵبەستێکی

(سەید ئەحمەد ئەلنەقیب)*

هەتا کەی ئاتەشی نەخوەت لە سەرتا ڕوو لە باڵا بێ
نیشاطی تۆ بیساطی پڕ نیان و گەنج و کاڵا بێ(١)
ئەگەر مەیلت هەیە کارت لە عوقبا چاک و (أولى) بێ
وەرە لادە لە دنیا ، بێ لەمەولا ڕووت لە (مەولا) بێ
دڵ و جان و وجوودت هەر نیثاری شاهی (لەولا) بێ(٢)

**

جیهان ڕووناکە دەیبینی ئەما نامێنێ بۆت هەروا
ئەگەر تۆ حاکمی شەرعی بەناحەق قەت مەدە فەتوا
خەتێکە موستەقیم ئەم شەرعە تا دەرگاهی حەق ئەڕوا
لە ڕێگەی شەرعی ئەنوەر هەر کەسێ لادا ئەبێ ڕیسوا
ئەگەر شاه و گەدا بێت و ئەگەر والی یی والا بێ

**

ئیمامی شافیعی بێ یانە ئەعظەم هادی یی خەڵقن
طەریقەی سوهرەوەردی بێ وەیا چەشتی لەسەر حەقن
لە بەحثی باطینا ئەتباعیان وەک خەرمەنی بەرقن
طەریقەی قادری نەقشبەندی هەر دوو ڕێی حەقن
عیلاجی قەلبی قەڵبت کە چ لەم لا بێ چ لەو لا بێ

**

قسەی حەق هەر ئەکەم فەرزەن زەمین سوورکەن بەخوێناوم
ئەگەرچی خۆم بەئەسبابی تەعەللوق حەپس و داماوم
لە داخی ئەهلی ئەم دنیایە حەیرانم کە چۆن ماوم
بە سەڵتەی سوورمەوە خۆی بائەدا وەک ژن ئەڵێ: پیاوم
کەسێ مەردە کە نووری باطینی صاحێب تەجەللابێ

**

عەدووتە نەفسی ئەمماره چییە ئەم مارە با بمرێ
خەریکی خۆیەتی هەرکەس کە ناکا دەفعەیێ فیکرێ
لەسەر بوون و نەبوونی نەفسی ڕێ نادا بکا شوکرێ

به نەفسی حیلەبازی خۆی بڵێ: بەسیە حەیا بگرێ
ئیتر لادە لە گێژی (لا) سواری کەشتیی ئیللا بێ[٣]

**

عیلاج و مەلجەئت کوا، ئەچییە کوێ، گەر شاهی کاووسی
خەتات بێ ناچییە جەننەت بەزینەت گەرچی تاووسی
جیهان زیندانە ئەی غافڵ! ئەتۆش مەحکووم و مەحبووسی
لە هەیوان و عورووسی هەر پەشیمانی مەئیووسی
کە چونکە عاقیبەت مەرگە چ (ئەدنا) بێ چ (ئەعلا) بێ

**

کەسێ ئەمڕۆ لە دنیادا لە خەوفی ئاخیرەت گریا
لە ئاخر مەرتەبەی خەندانە گرتی مەرتەبەی عولیا
بە حوببی دونیەوی (زێوەر) سەرت پڕ بوو لە ماخولیا
لە نووری ڕۆژی عیرفان بێ نسیبە صاحیبی دنیا
کەسێ حیصصەی ئەبێ (ئەحمەد) کە لەم خەڵقە تەوەللابێ

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٠٣-٢٠٥ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو. هەروەها لە ل٧٠-٧٢ی (دیوانی سەید ئەحمەدی نەقیب)یشدا چاپ کراوە. سەید ئەحمەدی نەقیب کوڕی سەید ئەحمەدی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ حەسەنی گڵە زەردەیە. ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی ١٨٦٣ی ز لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە لە حوجرە و مزگەوتی سلێمانی لەلای مەلا زاناکانی ئەو سەردەمە خوێندوویە لەلای شێخ مستەفا موفتی ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە، لە دوای مردنی باوکی لە تەمەنی شانزە ساڵیدا کراوەتە نەقیبی سلێمانی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی چووە بۆ حەج لە کاتی بەجێهێنانی پێویستییەکانی حەجدا لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (بەقیع) نێژراوە.

(١) ئاتەش: ئاگر. نەخوەت: خۆ بەزل زانین. نیشاط: چالاکی. بیساط: ڕاخەر. پەرنیان: پارچە قوماشێکی ئاوریشمە، لە نێوان (نیشاط) و (بیساط)دا جیناسی لاحیق هەیە.

(٢) لەمەولا: لەمە بەدوا. مەولا: خوا. لەنێوان (لەمەولا) و (لە مەولا)دا جیناسی تەرکیب هەیە. لە نێوان (أولی) و (مولی) و (لولا)دا جیناسی لاحیق هەیە. شاهی لەولا: واتە شاهی (لولاک) ئاماژە بۆ ئەو وتەیەی کە بەدرۆ بەحەدیث دانراوە کە دەڵێ: (لولاک لولاک لما خلقت الأفلاک).

(٣) ئەم نیوە دێرە شیعرە ئاماژەیە بۆ ڕستەی (لا اله الا الله) کە نیوەی نەفیە و دەبێتە کوفر و گومڕایی نیوەشی ئیثباتە دەبێتە هۆی ڕزگاری. چونکە کەوترا (لا اله) واتە هیچ خوایەک نییە ئەمەش ئیلحاد و بێ باوەڕییە بەڵام کە بەدوا ئەودا وترا (الا الله) ئەوا ئیثباتی خوای گەورە و پەروەردگار کرا.

کەواتە (لا اله) گێژی گومڕایی و سەر لێ شێوانە وتنی (الا الله)ش کەشتی ڕزگارییە. دەشتوانین بڵێین سووکە ئیشارەتێکیشی تێدایە بۆ ئایەتی (٤٣)ی سوورەتی هود کە بەزبانی حەزرەتی نوحەوە دەفەرموێ: «قال لا عاصم الیوم من أمرالله الا من رحم...».

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی مەلا صاڵحی (حەریق)*

جَمَرات هوی العشق علی القلب أنارت
الشمس من الخجله بالحجب توارت
فەرهاد صیفەت کەوتمە ناو ڕەنج و مەرارەت[١]
ئەم خەسرەوی خووبانە کەوا دێتە نەظارەت[٢]
شیرینە لەلام، دڵ ئەفڕێنێ بەئیشارەت

**

لوقمان بەنیگاهی وەکو دێوانەیە حاڵی[٣]
سەد دەفعە دەرم کەن ئەچمە دەرگەه و ماڵی
ئەفکار و خەیاڵی لە دەسم سەند خەت و خاڵی
میوەی ئەمەلم کاڵە لەبەر دیدەیی کاڵی
کاڵایی خەیاڵم هەموو داناوە بەغارەت

**

زێوەر وەرە گەر تالیبی ئەفکاری دەقیقی[٤]
لادە لە مەجازی وەرە سەر عیشقی حەقیقی[٥]
بێ فائیدە لەم نەوعە خەیاڵانە غەریقی
تالیب مەبە بۆ لەفظی بەبێ مەعنا (حەریقی)!
تەجنیس و لەطافەت بخەرە بەسطی عیبارەت

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٩-٢٠١ی کەشکۆڵی (أ) و ل٦٨ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.

(*) حەریق: ناوی مەلا (صالح)ە کوڕی مەلا (نصرالله)یە ساڵی ١٢٨٢ی ک-١٨٦٥ی ز لە دێی زێویە سەر بەناحیەی سورداش هاتۆتە دنیاوە، بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە تا ئیجازە عیلمی وەرگرتووە دوایی چووە بۆ سابڵاخ، دیدەنی شێخی بورهانی کردووە و بۆتە خەلیفەی بەصۆفیەتی دنیای بەسەربردووە. ساڵی ١٣٢٧ی ک-١٩٠٩ی ز لە دنیا دەرچووە لە گۆڕستانی (جامی) نێژراوە. شاعیرێکی زۆر زمان پاراو و شەئارا بووە دەڵێن هیچ شاعیرێکی کورد نەیتوانیوە وەکو حەریق شوێن پێی نالی هەڵگرێ تەنانەت بڕێ شیعری حەریق لە دیوانی نالیدا چاپ کراون چونکو پسپۆران و لێکۆڵەرەوەکان نەیان توانیوە جوێیان بکەنەوە. بڕێ لە شیعرەکانی لە دیوانێکی پچکۆلەدا تا ئێستا دووجار چاپ کراون جاری یەکەم ساڵی ١٩٣٩ز جاری دووەمیش ساڵی ١٩٦٩ز بەڵام هێندەی هەڵەی زل و زەبەللاحی تێدایە چێژی شیعرەکانیان بردووە.

(١) فەرهاد: فەرهادی کوردە کە دڵداری شیرین بووە. هەروەها بەهەموو بەدبەخت و لێ قەوماوێکیش دەڵێن.

(٢) خەسرەوی خووبان: پاشای جوانان. نەظارەت: تەماشاکردن.

(٣) لوقمان: ناوی پیاوێکی ژیری داستانییە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا ناوی هاتووە هێندێک لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە پێغەمبەر بووە. لە ئەدەبی کلاسیکماندا نموونەی عەقڵ و ژیرییە.

(٤) ئەفکاری دەقیق: بۆچوونی ورد و پڕ مانا.

(٥) مەجاز: ئەوەیە وشەیێک بۆ مەعنایەک غەیری مەعناکەی خۆی بەکارهێنرابێ.

حەقیقەت: ئەوەیە وشەکە بۆ مەعناکەی خۆی بەکارهێنرابێ. لێرەدا مەبەست بە(مەجازی) عەشقی مەجازییە واتە: دڵداری ڕواڵەت. بە(عەشقی حەقیقی)یش مەبەست عەشقی صۆفیگەرییە.

تەخمیس لەسەر غەزەلێکی (وافی)

ئەی فیداکارانی میللەت شێری مەردانی وڵات
ئەی ڕەئیسانی دیانەت صاحێبی صەدەم و صەڵات
بۆ نیثاری بێ وجودە لیرە و ڕوپیە و مەنات(١)
روح فیدا کەین بۆ وەطەن بۆ حوکمڕان ڕێی ئەبات
کەس نەبێ چاوی لە ڕوتبە و خزمەتێکی بێ خەڵات

**

تاکو دوێنێ بوو لەمەیدانا ئەتان وت ئێمە چووین(٢)
وا لە بادەی یەکێتی سەر مەستی فیکرو های هووین
گشت فیداکاری ئەوە ئێستاکە سەربەست کە بووین
نامی تەئریخی لە جێی ڕوتبەی فەریقی بێ لەلات
گەر نەکەین ئیثباتی مەوجوودیەت ئیمڕۆ ئێمە چین

**

پشتیوانێکمان هەیە وەک کێوی ئاسن وا مەتین
من کە فەردێکم لە کورد، باوەڕ بکەن ئەی موسلمین
خزمەتی میللەت لەلام فەرزە بە تەصدیق و یەقین
نەک بەدەم یاخود زوبان باللە وامە تا مەمات
خاکی کوردستان مەحەللی عیلم و دارولفەن ئەبێ

**

مەوقیعی ئەهلی کەماڵ و بۆ هونەر مەسکەن ئەبێ
هەرچی وێرانێکی تێدایە وەکو گوڵشەن ئەبێ
صەد شوکر شوعلەی چرامان ڕۆژ بەڕۆژ ڕەوشن ئەبێ
بەرقەرار و پایەدار بێ واسیطەی شەوقی حەیات
عیبرەت و دەرسە لەلای ئەهلی نەزەر وەزعی زەمەن

**

دوور نەچین بۆ عەسری کۆن لەم وەقتەدا هەوڵێ بدەن
دەست لەمل یەکتر بکەین بۆ حیفزی گوڵزاری وەتەن
دیم نموونەی میللەتی غەیرە کە چۆن خزمەت ئەکەن
ضابتان و کابتان هەروەک نەفەر پۆڵ پۆڵ ئەهات

**

ئیتیحادێکمان نەبێ بێ شوبهەیە بێ ڕیب و شەک
میر و ئاغا فەرقی نامێنێ لەگەڵ خەررات مەلەک
سەیر بکە چۆن ئەجنەبی حوکمی گەیاندە سەر فەلەک
بۆ تەرەقی مولک و میللەت جانفدابوون یەک بەیەک
ئیتحاد و یەکێتی ئینسان ئەباتە ڕۆژهەڵات

**

(فائق) ئەمڕۆ گەرچی عالەم پڕ لە ئاشوبە و فیتەن
حەز ئەکەم دانێم لە ڕێی خاکی وەتەندا جان وەتەن
کوللی دێیەک پنجە بازی کا لەگەڵ مولکی خەتەن
مەقصەدی زاتیم نیبە غەیر أز وەطەن ئیللا وەطەن
چۆن فیدای میللەتە (وافی) بە تەحقیق و ثبات

زێوەر زادە(٣)

....

(١) لیرە و ڕوپیە و مەنات: جۆرە دراوێکی سەردەمی پێشوو بوون.

(٢) جوو: جوولەکە: یەهودی.

(٣) ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال ساڵی ١ ژمارە ١١ و١٩ی ڕەبیع و ئاخر ٣٤٢، ٢٩ تشرینی ثانی (٣٣٩)- ئەم شیعرە هەرچەندە بەناوی فائق زێوەر (بەختیار) بڵاوکراوەتەوە بەڵام لە ڕاستیا هی مامۆستا زێوەر خۆیەتی. چونکە لە کاتێکدا بەو ناوە خوازراوەوە بڵاوی کردۆتەوە کە خۆی سانسۆری لەسەر بووە لەلایەن حاکمی سیاسی ئەو سەردەمەوە.

پێنج خشتەکی لە شیعرێکی عەرەبیی (جەمیل صدقی زەهاوی)*

خزمەتی جەننەت ئەکەن هەردوو چ غیلمان و چ حوور(١)
ڕێگەیی حەق ئەگرێ ڕابیعە بێ یا مەنصوور(٢)
بۆ وەطەن خزمەتی ژاندارکە لە دنیا مەشهوور(٣)
(یرفع الشعب فریقان أناث و ذكور
وهل الطائر إلا بجناحيه يطير)

....

* ئەم پێجینە لە ل٥٤ی کتێبی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

جەمیل صدقی زەهاوی: کوڕی محەممەد فەیضی زەهاوییە ساڵی ١٨٦٣ی.ز. لە بەغدا لەدایک بووە شاعیرێکی کۆمەڵایەتی زمان پاراو بووە لە تەمەنی مێرد منداڵیدا دەستی بەشیعر وتن کردووە. لە کاروباری میریدا چەند پلە و پایەیێکی بینیوە، ئەندامی ئەنجوومەنی دانراوان (مجلس الأعیان) بووە، یەکێک بووە لە داواکەرانی تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی، بڕێ لە

شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ داواکردنی مافی ئافرەت و باری کۆمەڵایەتی. چەند دیوانی شیعر و کتێبی دانراوی هەیە ساڵی ١٩٣٦ی ز لە دنیا دەرچووە. پیرەمێردی شاعیر زۆر بەسۆز لاواندوویەتەوە.

(١) غلیمان: ئەو کوڕە گەنجە جوانانەن کە لە بەهەشتا خزمەت دەکەن. حوور: حۆری بەهەشت، ئافرەتی گەنجی بەهەشت.

(٢) ڕابیعە: مەبەستی ڕابیعەی عەدەوییە.

مەنصوور: مەبەستی مەنصووری حەللاجە کە یەکێک بووە لە صۆفییەکانی سەدەی سێهەمی کۆچی، لە حاڵەتی جەذبە و سۆز لێ هاتندا دەستی کرد بەوتنی (انا الحق) واتە من خوام لەسەر ئەمە کوژرا.

(٣) ژاندارک: جاندارک: ئافرەتێکی تێکۆشەری نەبەزی فەرەنسییە بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی لە دەست ئینگلیز ڕاپەڕیوە بەڵام لە ئاکامدا دەستگیر بوو، ساڵی ١٤٣١ی ز سووتاندیان و مرد.

چوار خشتەکییەکان

ئامۆژگاری و سەرزەنشت*

ئەلا ئەی فایقی منداڵی دڵ صاف(١)
لە دنیادا بەویجدان بە و بە ئینصاف
ئەگەر کوفرت ببێ ئەبیە مونەووەر
بە دوو بار (تووتن)یش زوو ئەبیە ئەشراف

**

مەلای بورهان مەلا ولام دی عەجەب دەعیە و ترێکی بوو
کەرێکم دی عەبای پۆشی بوو، ورچێ مێزەرێکی بوو
هەزار ڕەحمەت لە (میرزا صالح)ی ئاغای قەڵاتی بێ
جەماعەو وەعظ و ذیکر و مەجمەعە و چاو شەککەرێکی بوو

بۆ شایستە خان(٢)

دڵ ئەسیری ئاسکێکی ماڵییە
عالەمێ مەفتوونی خەتت و خاڵییە
تا خەیاڵی لێ بکەی شایستەیە
قەلبی عالەم بەستەیی خڕخاڵییە

**

بەبێ ئاثاری فکری و خوان و سینی
بەبێ خزمەت چ بۆ میللەت چ دێنێ
سمێڵی کورت ئەکا ڕیشی ئەتاشێ
لەلای وایە کە بۆتە مۆسۆلینی

**

دەوری کەر سوار بوونە ئێستا نۆبەتی هات دابەزین
عاقڵە هەر کەس ئەگەر فلسێکی بێ نەیدا بەزین
جینسی مەحسووسی کە مەخصووصی سواری خاصە بوو
کەوتە ژێر کورتان و جەنجەڕ بار ئەبا مات و حەزین

**

چ خۆشە! گەر لەپڕ یاری سەمەن ڕوو یاسەمەن بۆ بێ
لە بەر چۆگانی زوڵفیدا سەری من هەروەکو گۆ بێ
خەیاڵی چهرەیی گوڵ ئاتەشینی گەر لە دڵ گوم بێ
ئیلاهی مەجمەری سینە سەراپا پڕ لە پشکۆ بێ

**

عارەب ئابلاخی دەخیلتم وەکو عارەب، بەوەفات
بمدەرێ کونە عەگاڵێ بەهەدیە و بەخەڵات
تاکو بیبەستم و خۆم گڤ کەم و فش کەم سەروڕیش
ببمە مەردومەکی دیدەیی ئاغا و سادات

**

مانگی ڕەمەزان کە بیست و نۆ بێ
صاحێب شەرەفە هیلالی شەووال
ئەمما ڕەمەزان کە (سیی)ی تەواو بێ
قەدری نییە مانگ بەدانگ و میثقال

**

وەعدەی من و تۆ ئەی ڕەمەزان ڕۆژی جەزا بێ(٣)
دیوانی من و تۆ لە حضوور باری خوا بێ
ئەم لالە ڕوخانە هەموو ڕەنگ زەردی دەسی تۆن
کێ دیویە کە لالە بەرەقانی بەسەرا بێ

**

دیقەتم کردە حادیثاتی فەلەک
هاتوچۆی فەسڵ و مانگەکان یەک یەک
لێم عەیان بوو کە جەنەت و دۆزەخ
عەهدی جوانیی و پیرییە بێ شک

**

بەینێکە ون بووە حادیشە وا خۆی نواندەوە[٤]
کانوونی سینە ئاگری تێدا گەشاندەوە
دوکتور (حسین)ی شەهیری وەتەن پەروەری ئەدەب
بادی ئەجەل چراغی حەیاتی کوژاندەوە

بۆ سەری پاکەتە جگەرە[٥]

بۆ ڕەواجی ئەم سیغارە قەلبی خۆشنوودم ئەوێ
ڕەسمی شیرین، ئیسمی شێخم، شێخ مەحموودی ئەوێ
کاغەزێکی صاف و بێ غەش خالص و خاص و تەمیز
موشتەریی نازک تەبیعەت صاحیبی جوودم ئەوێ

**

صاحیبی موڵک و ئەراضی دڵی غەمباری بوو
ڕووی لە تاپۆ کە ئەکرد قەلبی پڕ ئازاری بوو
«حمدللّه» کە تاپۆ شەرەفی پەیدا کرد
خوا لە تاپۆ فەرەجی کردەوە ڕزگاری بوو[٦]

**

لە جێی فڕنی و پلاو و گۆشت و شفتە
وەکو جوو ئیحتیاجم کەوتە کفتە
دەبا قولاپی چنگی لێ (گرێ) دەین
نەوەک بڕوا لە چنگ ئەم کفتە موفتە

**

بەحەبسی یوسفی ثانی دڵی عالەم موکەددەر بوو
دڵی زیندان بەتالع بوو، بەدیداری مونەووەر بوو
لە تەشتی سینە و جامی سەرا سەد پەنجە ئەشکێنم
هەتاکو موژدەییێکم دێتە گوێ ئەو مانگە وا بەربوو[٧]

**

تۆ بەورتەی ئەم و ئەو قەت دڵی خۆت ڕەنجە مەکە
مەجلیسی غەیبەت ئەگەر جەننەتە تیا لەنجە مەکە
قەولی من بێ غەرەزە، دۆستی هەموو عالەم بە
فەرقی حاتان و توجار باشیی بەرزنجە مەکە[٨]

**

شەوی جومعە ئەگەر مانگەشەوبێ، لەلام
حەرامە ئەگەر ماچ نەکەی لێوی جام
چ جامێ؟ وەکو گەردنی سادە بێ
دەروونیشی پڕ ئەرخەوان بادە بێ

**

ئەو مەیل و شەوقە بوومە قەدیم ئێستە باقییە
گوێم هەر لە دەنگی موطریبە، چاوم لە ساقییە
قەت نامەوێ نیگار فەرەنگ ڕەنگی تورک خوو
ڕوحم ئەسیری پەرچەمی کوردی عیراقییە

**

بۆ موتالا و خوێندنم صەفحەی جەماڵت کافییە
ڕەنجی بێ هوودە نەکێشم با لە شەرحی کافیە
ئیبن و سینا و شیفای ئەو با لە مەیدانا نەبن
چاوەکانت بۆ عیلاجی دەردەکانم کافییە[٩]

**

وەحشەتم زۆر لە لا پەسندە ئەگەر
مەدەنی بن ستالین و هیتلەر
گەر موسوڵمانی وەک هەنێ کەس بێ
دینی (بووذا)ت لە لا موقەددەس بێ

**

ئەگەر چاو نەبڕی قەت لە چاودێری
لە جەمعییەتی بەشەردا نێری
ئەگەر قەت نەتهێشت قەرزت لەسەر بێ
غەیبەت کەرەکەت مەگەر هەر کەر بێ

**

هەروەک کەسێک لە خۆشی لە پڕ دێتە سەر گرین
من هەر لە ناخۆشی زەمان دێمە پێکەنین
چۆن وەصفی نەوبەهار و صەفا و ڕەنگی گوڵ بکەم
واتێک چووە زەمانە کەوا سوور بووە بە شین

**

گوڵ خوار و ژوور ئەکا بەشنەی بایەکەی شەماڵ
یا شوکری حەق ئەکا بەرۆکووع و بەئیعتیدال
شەکراوە ئاوی کانییەکەم بەشەکر نەبێ
بەفراوە ئاوەکەم دە نەبێ بەفری شاخ و چاڵ

**

بۆ دەروێش شەریفی چایەچی

هەزاران ئافەرین دەروێش لە پیرت
لەبەر ئەم شیرە صافە و چای مونیرت
هەچی رووی کردە ناو چایخانەکەی تۆ
ئەڵێ دەروێش شەریف ڕەحمەت لە شیرت

**

ئەی خانمی ئەلمۆدەی نەشمیلەیی قژ ڕووت
لێم مەگرە کە لێوم بخەمە سەر دەم و سەر ڕووت
بیستوومە شیوعیت و منیش ئێستە هەژارم
قانوونی موساواتە من و تۆ کە ببین جووت

**

پەروەردەیی پەنجەی ئەدەبی پیری بەتەسکین
نووری نەظەری میللەتی کوردە غەزەتەی ژین
بیست ساڵە ئەکا خزمەتی قەومی بەدڵ و گیان
تەبریکی ئەکەم لائیقە بۆ حورمەت و تەحسین

....

ئەم چوار خشتەکییانە بەزنجیرە لە ل٢٤٨-٢٥٤ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوە.

(١) فایق: مەبەستی فایق زێوەری کوڕیەتی.

(٢) بچووکترین کچی شاعیرە.

(٣) ئەم چوارینە لە ل٦٥ی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا چاپی ساڵی ١٩٤٦ی ز چاپ کراوە بەچوارینی ئەو دانراوە. بەڵام نەجمەدین مەلا لە پەراوێزی کەشکۆڵی (أ) ل٢٥٠دا نووسیویەتی کە ئەم (روباعی)یە هی زێوەرە و هی شێخ ڕەزا نییە.

(٤) زێوەر ئەم چوارینەی بەهۆی لە دنیا دەرچوونی دکتۆر حوسەینی باباجانەوە گوتووە کە ساڵی ١٩٢٤ی ز کۆچی کردووە.

(٥) تۆپە سیغارەکە بۆ پروپاگەندە ڕەسمی شێخی لەسەر بووە، مەبەستی لە جگەرەی تورکی بوو کە کارخانەکەی هی عەبدوڵڵا لوطفی بووە.

(٦) زێوەر ئەم چوارینەی بەهۆی گۆڕانی مودیری طاپۆی سلێمانی فەرەج ئەفەندی و هاتنی ئەوڕەحمان شەرەف لەجێی ئەو وتووە.

(٧) زێوەر ئەم چوارینەی بەهۆی حەپس کرانی شێخ مەحموودی نەمرەوە وتووە.

(٨) زێوەر ئەم چوارینەی بۆ شێخ عەبدولقادری حەفید وتووە.

(٩) وەکو دەڵێن: زێوەر ئەم چوارینەی بۆ کچێک وتوە ناوی (کافیە) بووە لەم ڕووەوە دەبێ مەبەستی بە (کافیە) لە کۆتایی نیوە دێری یەکەمدا ناوی کچەکە بێ. مەبەستیشی بە (شەرحی کافیە) کتێبی (الفوائد الضيائية = جامی)یە کە هی عەبدولڕەحمان ئەلجامی کۆچکردووی ٨٩٨ی ک-١٤٩٢ی ز.یە (کافیە)ش کتێبی (عوثمان)ی کوڕی عومەری شارەزووری کە بە (ابن الحاجب) بەناوبانگە، کۆچکردووی ساڵی ٦٤٦ی ک. (کافیە) و شەرحەکەشی کاتی خۆی فەقێکانی کوردستان دەیانخوێندن و لەبەریان دەکردن.

مەبەستیشی لە وشەی (کافیە) لە کۆتایی چوارینەکەدا مانا لوغەوییەکەیەتی واتە بەسمە و کیفایەتمە.

(شیفا)ش کتێبی (الشفا)ی ابن سینایە.

مامۆستا زێوەر ئەم چوارینەی لە کۆتایی وتارێکا کە بەبۆنەی تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژین)دا نووسیوە. لە (ژین)ی ژمارە (٨١٩)ی ساڵی ١٩٤٦ی ز دا بڵاو کراوەتەوە.

مەحکەمەی ئیستیبداد*

وا بینای ظولم و فەسادیان نا مەحکەمە
ئابرووی ئیسلامیان برد مەحکەمە
باسی ڕیشوەت کاری و ئەفعالیان
گەر بەقەد سەگ دابنێم هێشتا کەمە

....

* ل٥٣ی سۆزی نیشتمان.

بۆ ڕەفیق حیلمی

ئەی ڕەفیقی موحتەرەم، ئەی خاوەنی شیرین مەقال
هاتە بەر مەددی نەزەر فیکرت وەکو ئاوی زولال
من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میللەتە
نەک خەیاڵی خۆت سەرف کەی تۆ لە ذیکری خەت و خاڵ

تاک تاکە*

زەمانی گورز و ڕم ڕابورد و ئێستا پاڵەوان عیلمە
سیلاحی دەستە صەنعەت باریقەی تیغ و سینان عیلمە[1]

**

مەعاشی مارتی فەوتاندین کە پاشا
(بحمد الله) جەزای خۆی دی لە پاشا

**

خۆشە زستان دوو شت یەکێکی لەچک
دووەمین مەنجەڵت لەبان کەوچک

**

قوربان بەیادی تۆوە گوڵی ئارەزووم گەشە
چ بکەم کە ناگەمە قەدەمت بەختەکەم ڕەشە

**

پەیای کورد وێڵەدەر شکڵی هیلالی
بەهار ڕەوشەن ئەکا صوبحی جەمالی(١)

**

پیاو کە دووچاری ڕۆژی نەگبەت بوو
دۆستی گیانیشی لێ ئەبێتە عەدوو

**

حیزی و دزی و خیانەت نە مەحکوومیی ئەسیری
هیچیان دەماغ شکێن نین وەک عیللەتی فەقیری

**

کەسێ سەگ تاوی لێ دا دابنیشێ وازی لێ دێنێ
لە سەگ کەمتر کەسێکە حەملە بۆ سەرکەوتووان دێنێ

**

مەدحی کاک ئەحمەد ئەکەم ئەو شاهی مەه جاهە بەنام
ئەولیای عەصری هیلالن ئەو وەکو ماهی تەمام

**

(میسیو وێلسۆن)ی کورد و (جۆرج)ی دەشتی موکریان
وا لە جەمیانە مەچۆرە ئەوروپا بۆ سەیران

**

پیرێ بچێتە مەجلیسی جوانانەوە کەرە
جوانێ بچێتە مەجلیسی پیران مونەووەرە

....

* ئەم شیعرە تاک تاکانە لە ل٢٥٥-٢٥٧ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە.

(١) نەجمەدین مەلا ئەڵێ: ئەم فەردەی مامۆستا زێوەر، حاجی مستەفا پاشای یامڵکی لەسەر لەوحەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان نووسیبووی.

(١) وێڵەدەر: دێیەکە لەسەر زنجیرە شاخی گۆیژە کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، شاخەکەیش بەناوی (دێ)یەکەوە ناو ئەبرێ زستانان بەفرێکی زۆری لێ ئەبارێ بەڵام کە بەهار نزیک بووەوە بەفرەکە دەست ئەکا بەتوانەوە لە دواییدا بەفرەکە شکڵێکی هیلالی پەیدا ئەکا وە ئەمەیش سەرەتای بەهارە. (ن.م)

هەڵسین با هەڵسین هیچ ڕانەوەستین
لەناو مەکتەبا کۆمەڵ ببەستین
غەزاتەی شاران بخوێنینەوە
فیکری ئەوروپا بهۆنینەوە
زۆر چاک تێ بگەین لەو دەوڵەتانە
چۆن هەڵئەسوورێن لەگەڵ زەمانە

زێوەر

**

بەغدادی دڵم زارە لەبەر سەهمی نیگاهی
بەم کەوکەبەی حوسنە بڵێ نادرە مەحموود
عاشق کوژە غەددارە دڵ ئازارە

جەفاجۆ

**

خوێن ڕێژە شەرەنگێزە مژەی خەنجەرە

مەحموود

**

جەبرا دڵی (هەمی) بەخەمی کاکولی بەندە
حوسنی کە ببێ زیب و زەڕ و (زێوەرە)

مەحموود

ئەم هەڵبەستە دووقۆڵییە زێوەر و شوکری فەزلی وتوویانە کە نازناوی شوکری (هەمی) بووە.

مووەززەف*

مووەززەف گەورە و بچووک ئەدەن ڕەنج
هەموو ئەجووڵێن وەک بەردی شەترەنج
با ئیسراف نەکرێ ئینساف بێتە پێش
پەنجایی چل بێ چوار دیناریش پێنج(١)

....

* ئەم چوارینە لە ل٩٩ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) نەجمەدین مەلا لەسەر ئەم دێرە نووسیویەتی دەڵێ: «مامۆستا زێوەر مەرامی ئەوەبووە ئەوانەی مانگانەکەیان زۆرە هێندێکی لێ کەم بکرێتەوە بدرێ بەوانەی کە مانگانەکەیان کەمە».

بەشی فارسی و تورکی

غزلت

تیر نگاه با غبان گلرا پریشان میکند
بیچاره بلبل چون کند ناچار افغان میکند
ای نازنین گلبدن، ای ماه روی سیمتن
آنز خمها در جان من، آپخشم و مژگان میکند
آنصفحه یعنی روی تو، آنعطر یعنی بوی تو
محراب آن ابروی تو، کافر مسلمان میکند
باما مکن جور و جفا ، ایسنگدل ای بیوفا
دارد وصال تو صفا بیمار درمان میکند
افتاده ام در راه تو بینم رخ چون ماه تو
دیدم جمال شاه تو، شب را درخشان میکند
در کلبهء احزان من، یعنی میان جان من
یوسف رخ مهمان من دلرابکنعان میکند
در باغ حسن دلبری، دارم مقام سروری
کی بو به [زیور] بنگری چون ابرگریان میکند
دارایی جوان بختی و سرخیل جوانان
نزیبد که بهتو فخر کند خطهء ایران
ای روی تو ازشمع گرو برده وازماه
وی چشم تو صیاد دل و رهزن ایمان
حاجت نبود بر کمرت خنجر خونریز
صد کشته براهت فتد از جنبش مژگان
آرایش حسن تو نهخط است و نهخال است
از مور مزین نشود ملک سلیمان
تابان شده تا (بانه) ز انوار جبینت
در دیدهء عالم چوتوی مهر فروزان
با مشک برا برنکنم پرچم پر خم
در هر سرموی تو معلق شده صدجان
فریاد کههم عقل زسر بردی و هم هوش
کافر نکند آنچه بما کرد مسلمان

گرسرو به پیش قد تو سجده نیارد
صد لعنت ما بر سروی باد چو شیطان
ور نشئه چنین است که در چشم و رخ توست
باید که شود میکده و بتکده ویران
بگزاده نهی بلکه تو شهزادهء حسنی
بر طزهء زلفت نگرد بیعت خوبان
بر تخت لطافت چوتو امروز ندیدم
گل دریبر رخسار تو خاریست مغیلان
زیبد که کند بندگیت خسرو پرویز
شیرین پسری چون تو ندیده است بدوران
سنبل برموی تو گیا هیست ببازار
نرگس بر چشم تو سفالیست بمیدان
سرتا قدمت روی بهرسوی نمایم
ابله شوم و والهو سرگشته و حیران
هرچند بود منزل مه برج سماوات
در ارض محال است کند جلوه و جولان
گرماه دل افروز نهی شوق تواز چیست
در مملکت و بادیه و کوهو بیابان
ای سیم بدن سرو چمن لالهء جنت
در مملکت حسن توی صاحب فرمان
اعجاز لبت مرده کند زنده بخنده
کوشاه سکندر که توی چشمهء حیوان
هر شعر که در وصف تو گفتم عجبی نیست
گیرندز (زیور) بد و صد لعل بدخشان
نهئه که درین عصر کی شعر نخواهد
صد شعر بیکپاره و صد فرد بیکنان
جز حضرت محمود حفید زاده که طبعش
چون آب روان است کفش ابر بنیسان
آن شاهسواری کرم و ملک سماحت
شهباز هنر پرور و صیاد زر افشان

در مجلس وی بادنگارا چو تو هردم
صد شاهد و شمع و شکر و یارخوش الحان

***

مامۆستا زێوەر لە کاتی کۆچەکەی لەگەڵ بنەماڵەی شێخی نەمر لە گوندی قەرەگوێز، (شایستە خانم کچی مظفر السلطان) خوشکی نەسرەت خانمی ژنی «مصباح الدیوان (ئەدەب)» دەبینێ و حەزی لێ دەکا و بەم شیعرانە تاریفی دەکات:

ابروی هلال و رخ چون شمس تو دید است
در بیرق خوددولت عثمانی کشیده است
شمس و قمری هست که بر روی سماوات
در کسف و خسوف که آن روی بدید است
تو آن صنمی گر بەلب بام برآیی
چون برهمنت سید زنبیل مرید است
چوگان دو زلفت بەکف پای حنایی
شایسته ای گویی زنخ سیم سفید است
چون عیسی مریم بکند نطق بەخوبی
هر طفل دوماهه که زاسم تو شنید است
«زیور» نتواند که کند وصف جمالت
از کف بشکست خامه و کاغذ بدرید است

**

ای آنکه لب و زلف توبک نوش و یکی نیش
نوشم نرسیده بلب از نیش جگر ریش
ازما گرهی درخم ابروی تو گر هست
از زلف تو درخاطر ما صدره تشویش
مهری ز تو دیدیم بەزلف تو خزیدیم
شاها بەجفا برمکن این سایه ز درویش
هر آنچه بەما جور روا ازتو خوش آید
اربیش و راندک ز تو تریاق بود پیش
از عاشق بیدل مطلب کیش که جز عشق
درخانقه مرشد ماکفر بود کیش
بیگانه زخود خواند مرا دوست، خطا خواند

بیگانگی خویش که از خویش بود خویش
انجام بدیدیم که زین جام چشیدیم
صوفی بکش این جام و زانجام میندیش
آمد بەسرما بت ما، لیک زمانی
کزعمر من خسته نمانده رمقی بیش
باهمت پیران چه توان کرد ادب را
آفاق سراسر بودم خصم بد اندیش

لە کتێبی (تاریخ فرهنگ و ادب موکریان) تألیف: ابراهیم افخمی»

مامۆستا زێوەر ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی ساڵی ١٣٢٦ھ لە شەهیدبوونی خوالێخۆشبوو «حاجی شێخ سەعید» و «شێخ ئەحمەد»ی کوڕیدا بەفارسی وتووە کە لە موصڵ شەهید کران:

لەسەر ئیملای فارسی

یارب بنای عیش جهان بی قرار باد
غم در درون اهل زمان استوار باد
آل علی چو باز گریبان دریده شد
چشمان اهل دهر همه اشکبار باد
شیخی که چون همای درین ملک سایه داشت
در کوشتنش زمین و زمان سوگوار باد
شیخی که جانشین دو قطب عراق بود
ناحق شهید گشت فلک بی مدار باد
هرکس مسبب است درین کارزشت و بد
محروم از عواطف پروردگار باد
خواهم زبارگاه خواوند کبریا
گر یک دعا کنیم اجابت هزارباد
اشعار جانگداز چه سود است خواندنش
پس ماندگان حضرت او پایدار باد
محمود نوجوانش بەاقبال بر خورد
دایم خزان آرزوش نوبهار باد
دنبال توسنش همه دم سایەء مراد
اندر حمایت نظر چاریار باد

دل آب گشت، آب بخون، خون چو آتش است
آتش چودود، در نظر روزگار باد
فریاد از جفای ستمکار این زمان
خواهم که دشمن علوی خاکسار باد
هم چون زمان پردهء عصمت بەماتمند
زنهار مدعی همه در زار زار باد
باب و پسر شهید سنان دگر شدند
ملعون باد قاتل و باغش بەنار باد
تأریخ جوهری توز (زیور) شنو چەگفت
ب سد ابر دیدهء خورشید تار بار،١٣٢٦هـ[١]

**

در وفات حاجی ملا سعید کرکوکلی زاده این رباعی گفته است:

وجود حاجی جای مفخرت بود
فراقش داغ قلب مملکت بود
نظر کردم بتأریخ وفاتیش
چنین دیدم (سعید آخرت بود) ١٣٥٧

تێبینی: (مامۆستا زێوەر) شیعری فارسی زۆرە بەڵام ئەمەندە بەسە کە لێرەدا نووسراوە چونکە ئەمڕۆ فارسی باوی نیيە.

....

(١) ئەم نیوە شیعرە حەرفە نوختەدارەکانی بەئەبجەد ئەکاتە ١٣٢٦.

بەشی تورکی

سوکواری بۆ شیخ سعیدی حفید

زمانک وضعنی گورکیم نحوسندن نەکار ایتدی
ینه آل رسولی خون ایچندە خاکسار ایتدی
بتون اشرافک اهل ماتم ایچر اوردی خنجرله
مصائبدن دل آلی عبایی داغدار ایتدی
شقاوت اهلینه وردی شطارتلر مسرتلر
بنی هاشم لرێ ظلم ایله غرق غبار ایتدی
ایر شمردامنی گردونه دستی کوتهم یارب
که قلب حضرة زهرایی ناصل زحمدار ایتدی
حفید حضرة کاک احمد اول شیخ سعید ئاثار
که جودی نعمتی بو عالمی غرق مسار ایتدی
شهید اولسەیره دوشسه روایی شرع و قانونده
نەحکمت در بزه گوستردی خالق ئاشکار ایتدی
نەروم ایلر نەبلغار ایلیور بو ظلم مستکره
بو فعلک فاعلی کندی سنی مقبول نار ایتدی
نەو حشتلکدر اول اطوار ناهموار موصلده
دگل اسلامک اهلی، اهلی کفری شرمەسار ایتدی
ندر برسیدی عالی نسب مقتولی نظم اوڵسه
که شو قومی لعیندن حضرة یونس فرار ایتدی
صناعتجه، تجارتجه، ترقی ایلدی موصل
سفائن یرلرنده قان ایچنده لاشەکا ایتدی
سیاستله، عدالت شمدی پک لازم ولایتده
بر وقعه صفحهء تأریخ دهری لکەدار ایتدی
سنادر روضه[١] تأریخی وفاتی سویدلدی (زیور)
دیدی چوقدن برو بوزاته جنت انتظار ایتدی

له ستایشی متەصەرفی سلێمانی عەبدولمەجید بەگ یەعقووبی زادە و

مێژووی خانووی متەصەرفساڵی ١٩٣٨ک فەرموویەتی:

یکی بر رنگه گیرمش شهرمر رنگی بشارتدر
اهالی هر طرفدن غرقی شادی و شطارتدر
سعات یوزنی مخلوقه گوسترمکده درشمدی
شقاوت ذلتیله داخلی چاهی اسارتدر
بو تأثیراتی گونا گوندن حیرتلره دوشمه
سعادتلو (مجید بگ) بانیی عدل و ارادتدر
لوامز مهره بکزر بر عزیزه مالک اولمشدر
اوت یعقوبی زاده یوسفی شیرین اشارتدر
معارف و سمعت آلمش پک گوزل عمرانه باشلانمش
زراعت انتماده هرکسک فکری تجارتدر
اهالینک رفاهی حالنه ئاسایشی ملکه
شوقیمتلو وجودی همدمی رنج و مرارتدر
ندر افکارینه تک بر لوانک ایشنی گدرمک
حقیقت با قیلرسه حقی کورسی یی وزارتدر
وطن پرور فخامتلو (جمیل المدفعي) مزوار
یدقیسه بن دیوردم آن ایی حقی صدارتدر
یشا ذاتی معلاسی که مجدیله مخمر در
یشا اوصاف والاسی که غیرتدن عبارتدر
زماننده یاپلمش بربنا اصطخری فارسدر
رجال عصره شایانی تماشا و زیادتدر[١]
عدالت خانه در کشورمزه جوهرلی تأریخی
حکوومەت خانەسی دنیادە آن اعلا عمارتدر

....

(١) (عدالت خانه در کشورمزه) پیتە نوختەدارەکانی بەئەبجەد ئەکاتە ١٣٥٧ کە مێژووی خانووی متەصەرفە.

چی لەسەر زێوەر نووسراوە و خۆی چیی نووسیوە

مەلا عەبدوڵڵا زێوەر

زێوەر لەسەرئامەدانی شوعەرای دەوری دوایییە لەناو هاو عەسرەکانما، شیعری زێوەر لە هەموویان ڕەوانتر و ناودارترە، وەک لە شیعرا باڵایە لە دیانەت و ئەخلاقی چاکیشدا دوو باڵایە، شیعر و ذەکا و خوڵقی وەهبی و خودا دادە ئایا بەئەسرە ئایا بە هونەر، خزمەتی وەتەنی زۆرە، دریغا مەعاریف ئیستیفادەی لێ نەکرد، ئێستاکە موعەلیمی تەقاویتە.

پیرەمێرد ئەڵێ: ئێستایش مامۆستای هەموو مامۆستاکانە و ئوستادی هەموو شاعیرەکانە، ڕووی مار ڕەش بێ کە کلکلی پەڕەسێلکەی گەست و، فێرنەگولە ئەخوێنێ.

لە نامیلکەی گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم

بەقەڵەمی عەلی باپیر ئاغا نووسراوە،

لە چاپخانەی (ژیان)ی پیرەمێرد لە سلێمانی چاپ کراوە.

١٩٣٩-١٣٥٨ لاپەڕە (٣٤)

زێوەر

پەنجەی مەرگ بەرۆکی زێوەری بەرنەدا ڕایکێشا بردی لەسەر ڕێی (هەڕوتە و دۆڵە میران)دا خستیە ژێر خاکەوە. تەنها شیعرەکانی لە پاش بەجێ ما کە لەم تەنگانە و گرانییەدا و لەم زەمانەدا ربەیە ئارد بۆ ماڵ و منالە هەژارەکەی ناکا!!! بەڵێ شیعری زێوەر و زێوەر خۆی و زێوەری هەمو شاعیری کوردەوارین.

ئەمرۆ نەبێخود نە بێکەس نە پیرەمێرد نەگەیشتوونەتە زێوەر ساخوا کوڕەکەی بەختیار کا شوێنی باوکی بگرێتەوە.

زێوەر ئەخلاقی لە شیعری جوانتر بوو بە هەموو مەعنایەکەوە دیندار و بەویقار و قەناعەتکار بوو. لەکیسمان چوو داخی دووری ساریش نابێتەوە. ماوەیەک پێش ئەوەی کۆچ بکات زۆرم بیر ئەکرد. پیر و ئیفتادە هەر چۆنێ بوو خۆم گەیاندە لای، ئۆف چەند دڵتەنگ بووم لەمن نەخۆشتر و حاڵی ناخۆشتربوو.

من کە ساڵی ١٣٠٥ی ڕومی ١٨٨٩ی میلادی لە سیتەک. باشکاتب بووم و باوکی ئەو مەئموری ضەبط بوو لەگەڵ باوکیا دامەمان ئەکرد، ئەو هێشتا پێ نەگەیشتبوو. دوایی کە بۆ ئەستەموڵ و هاوڕێی بەحر و بەڕ و سەفەر و حضرم بوو کە دەستی کرد بەشیعر گەلێ لەپێش من و هەموو شاعیرەکانی زەمان و زمانی خۆمانەوە بوو. لەم دواییەدا چەند شیعرێکی پاشەرۆکی بۆ ناردبووم لەچاو شیعرەکانیا ئێستای خۆیەتی، ئەڵێ:

بێ فـــائیـــدە و ســـەودا زەدە بێ پارە و پوولی
بێ سـوودە کـە بەسـتـراوی خـەمی پەرچەمی لوولی

پیرەمێرد: پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی.

ئومێد ئاشنا. بەرگی یەکەم. لاپەڕە (٣٧) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠١

زێوەر

شابازی خۆش پەروازی بەرزی میللەت، ئاهووی بەباهووی چەراکانی مەرزی قەومییەت، دڵی هێلانەی پەروانەی شەمناسان بووە، گیانی ئاوێنەی بێ وێنە خاڵ خاسان بووە، پەندی لە بەندی کۆمەڵی کوردا قەڵایەکی دەستەوشار، ڕەنگی بەدەنگی پێ بەنی دەردا سەڵایەکی دوورەوشار، فیکری لە گوڵزاری ئامۆژگاریدا گوڵی هەمیشە بەهار، زمانی لە باخچەی ڕاوێژکاریدا نەمامی جۆشی بەهار، لە ڕەندیدا شۆخی ناو شاران، لە قەلەندەریدا شێخی کۆساران، حەقبێژ و حەقپەرست، بیربێژ و خواپەرست.

علاءالدین سجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم

زێوەر

(مەلا عەبدوڵڵا)

مامۆستا زێوەر یەکێکە لەسەر ئامەدانی بوێژەکانی کوردستانی عێراق. شارەزای زەمانەکانی تورکی و فارسییە. لە زمانی عەرەبیشا مەلایەکی تەواوە. لە کوردییا کە زمانی خۆیەتی یەکێکە لە مامۆستایانی (شیعر و ئەدەب) شیعری زۆری بوێژە تازەکانی سلێمانی ڕەنگە لە (بۆ دەقە)ی ئەدەبی مامۆستا زێوەرەوە تێپەڕبووبێ و قاڵ کرابێتەوە گۆرانی نیشتمانی مامۆستا (زێوەر) گەلێ دەنگ خۆشی سولەیمانی خستوتە زەمزمە، لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبەوە خزمەتی میللی و نیشتمانی زۆرە.

(نووسەر) لە ڕوشدیەی عەسکەری و لە ئەعدادی موڵکی قوتابی ئەم مامۆستا بەنرخە بووم، زۆرم خۆش ئەویست و بەچاوێکی ئێجگار بەرزەوە تەماشام ئەکرد، لە ساڵی ١٩٤٢دا موفەتیشی مەعاریف بووم. بۆ پشکنینی قوتابخانەکانی لیوای سولەیمانی لەو ناوە بووم چوومە (بەرزنجە)یش نەمدەزانی کە مامۆستا (زێوەر) لەوێ موعەلیمە، مامۆستاکان و مودیری مەکتەب بەپێی عادەتی دەرەوە تا قەراغ (دێ)ی بەرزنجە هاتبوون بەپیرمەوە، لە دوورەوە کە چاوم بەمامۆستا زێوەر کەوت، لە (سەییارە) کە هاتمە خوارەوە و ڕووم نەکردە مودیر و مامۆستاکانی تر تاوەکو خۆم گەیاندە مامۆستا خۆشەویستەکەم. بەگەرمێکەوە دەستەکانم ماچ کرد و بەزۆر، پێش خۆم و ئەوانی تردا. ئینجا لەگەڵ خەڵقەکەی تر دەستم کرد بەخۆشی و چلۆنی.

مامۆستا زێوەر، شیعر و گۆرانی نیشتمانی و پەند و مەوعزەی ئەدەبی کۆمەڵایەتی گەلێ زۆرە. لە (وەصف) و (نەعت) و عەشق و غەرامیاتیشا زۆر شیعری جەوان و بەهاداری داناوە لەبەر ئەمە لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردا وەکو ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگاوی دیارە و ئەدرەوشێتەوە.

ڕەفیق حیلمی – بەرگی دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی

چاپخانەی الشباب / بەغدا ١٩٥٩م – لاپەڕەکانی (٣٨ و٣٩ و٤٤ و٤٥ و٤٧)

«... لەم چەرخەدا جۆرە کەسانێک پەیدابوون بەرگەیان گرت و خۆیان ڕاگرت لەبەر کرداری چەوتی چەرخی کەچ ڕەفتاردا، نیشتمانەکەی خۆیان بەجێ نەهێشت کۆڵیان نەداوە، ورەیان بەرنەدا... هەزار زۆر و ستەم و ناخۆشیان هاتە بەردەم. بەڵام لە خەباتی گشتی نەکەوتن.

ئەوانە زانا و وێژەوانی تەواو، خواناسی تەواو، نیشتمانپەروەری تەواو بوون... کە پێویستە چیرۆکی ژیانیان بەسەرکەفی زێڕ بنووسرێتەوە...»

یەکێک لەو جۆرە کەسانە (مامۆستا زێوەر) بوو.

شاکیر فەتاح: نامیلکەی (زێوەر) ١٩٧٤

چاپخانەی کامەرانی سلێمانی: لاپەڕە: ٤

گەر لە شیعرا کەم کەمێ خاوەن فەرم
فەخرە بۆم شاگردی باشی زێوەرم
ئەو بوو هانی دام کە من هیچ کۆڵ نەدەم
هەر ئەوە ئوستاد و شێخ و ڕابەرم
گەر لە شیعرا هێز و ڕێزم دەست کەوێ
بێگومان هەر زێوەرە تاجی سەرم
گەر خوای شیعر و ئەدەب دڵگیر نەبێ
من ئەبێ سوجدە لەبۆ زێوەر بەرم
مەدحی شیعری بەرزی ئەو نابێ تەواو
گەر بنووسم چل کتێب و دەفتەرم

شاری عەلی عارف ئاغا

١٩١٠-١٩٩٥

زێوەر

ئەم قەڵەمە ئەیەوێ وردە وردە لەبەر خۆیەوە – هەرچەندە زمانیشی نییە– بۆت بێتە قسە. هەر لەبەر دەردی کۆچی زێوەر بوو کە بەدڵنیایی سەری خۆی دانەواند بۆ قەڵەم بڕ بۆ ئەوە ئەو سکاڵایە کە ئەیکا شاهیدی بریندار جەرگی بۆ بدات، بۆ ئەوە ئەو ئاوە کە خواردیەوە تا لە قامیشەوە بوو بەقەڵەم دڵۆپ دڵۆپ بیتکێنێتەوە، تا بپرژێتە سەر گۆڕەکەی زێوەر سەرلەنوێ قەڵەمێکی تر بەقەڵەم دەربچێتەوە جا ئەو لەوێدا بەزمانی دڵ، دڵ ڕاتەکێنێ بڵێت:

ئەوە زێوەرە کە گوێ و دڵی نەتەوەی کوردی لە سۆزی میللیەت و لە ئاوازی نیشتمان دۆستی پڕکردبوو ئەمەتە لێرە!!

ئەگەر میللەت بینی بەراوردی خۆی بکا. با یەکێکی تر بیخاتە تای تەرازوو و هەڵی سەنگێنی هیچ شتێک تاکی تەرازووەکەی قورس ناکا و هیچ دەستەگوڵێک نییە کە ببێت بەنیشانە و بخرێتە پێش چاوی ئەو کەسە تەنها شاعیر و ئەدیب نەبێت. چونکە ئەمانە بەخەیاڵاتی بەرز و بەبیری تیژی مووبڕ سەر ئەبەنە دەریای ئەو ئارەزووانەی کە هۆشی تێکڕای ئەو میللەتەی تێدا بێ هۆش ئەبێت و چاوی بینایان بەجارێ خەو خۆی ئەدا بە سەریا.

لێرەدا گەوهەرێکی شەوچرا دەردێنن، لە تیشکەکەی تاریکی خەوە تار ئەنێن، لە پرشنگەی عالەمێک ڕووناک ئەکەنەوە، لە تاپوکەی دیمەنێکی دڵ کەرەوە دروست ئەکەن بۆ ئەوە عالەمی بێگانە بەبێ ئیختیار ڕووی دڵ و دیدەیان تێ کا و لە بەین خۆیانا بکەونە قسە و بڵێن: ئەو گەوهەرە شەوچرایە هی ئەو میللەتە دڵگوشادەیە.

ئەم زێوەرە کە ئەم داستانەی ئەخوێنینەوە، ئەو زێوەرە بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو بەبیرە وردەکەی، بە خەیاڵە بەرزەکەی، بەشیعرە ناودارەکەی گۆشی نەمامی کوردی ئەکرد و سروودی قەومی کوردی ئەخوێندەوە، بەرزی ئەکردینەوە لەسەر شاخی پیرەمەگروون دای ئەناین بۆ ئەوەی بکەوینە بەرچاوی میللەتان. بۆ ئەوە تۆزێ لە فریشتەکان نزیک کەوینەوە تا بەهێمنی گوێیان لە دەنگمان بێ و بۆنی جەرگی هەڵکڕووزاومان بۆن بکەن. کە وابوو قەرزاری ئەو ئاوەین کە زێوەری کرد بەو زێوەرە، قەرزاری ئەو خاکەین کە زێوەر کردی بەمەڵبەندی ئەبەدی.

زێوەر هەر لە دەوری منداڵیدا بێجگە لە دیمەنەکانی کوردستان تام و بۆنی شیعرەکانی (مەولەوی) و (نالی) لە هەموو دەمارەکانیا کاری کرد بوو، خووی دابووە دیوانی ئەو شاعیرانە، سایەقەی سامانی کوردستان، جریوەی ئەستێرەکانی ئاسمان، خوڕەی ئاوی کانیاوەکان، نەسیمی فێنکی بەری بەیانیان، شاخی ڕنگاوڕەنگی وەختی بەهاران، ئەمانە هەموو هەر لەو دەرەدا پەیکەری شیعریان پیشان ئەدا، ئەمانە هەموو دڵی زێوەریان کردبووەوە بۆ ئەوەی باوەش بکا بەئیلهامی خەیاڵاتا، لە پێشا هات (زێوەر)ی کرد بە(تخلص) بۆ خۆی و خەیاڵاتی بەرزی بە وتەی جوان (زێوەرارا) کرد.

ئەم زێوەرە کە ئەم باسەت لێ خوێندەوە تەنها ئەو زێوەرە نەبوو کە خەیاڵاتی هەر لە زمانی کوردیدا ئیش بکا بەڵکو چ سروشتییەکی لە زمانەکەی خۆیدا لەبابەت شیعر و فەلسەفەوە بووە لە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبیشدا ئەو مەیدانداریییەی هەر کردووە. ئەمە تۆزێک بوو لەو زێوەرە کە لەوانە لە تەمەنی پانزە ساڵی بەدواوە بەفیکری بەرزی خزمەتی کوردەواری کردووە.

بەکورت کردنەوەوە لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (١٢)

ساڵی (١٩٤٨)ەوە وەرگیراوە

زيور

قضى زيور يوم ١٩٤٨/١١/٢٠ في مدينة السليمانية، وترك هذه الدنيا التي تعج بالآلام والشرور الى الأبد. وانطوت صفحة رائعة من صفحات الشعر من سجل الحياة، لتفتح محلها صفحة وصفحات، وهكذا الدنيا بين خلق وفناء. واذا ذهب زيور من هذه الدنيا وتركنا نحن اليها، افننسى جميله الينا والى ابناء قومنا ؟

كلا! ومن الحق علينا وعلى أبناء قومنا ان يذكروا زيور، وآخرين غيره، ممن قضوا حياتهم في سبيلهم، يدافعون عنهم بارواحهم، ويعلنون أمجادهم باقلامهم. إذ كان وهو شيخ طاعن في السن، يحمل روحاً فياضة بالحماسة والوطنية، وهو يعتبر رائد القومية، وشاعر الوطنية، وأناشيده الحماسية الوطنية تتردد على السنة صبيان المدارس وصباياها.

كان زيور أحد شعراء كردستان الافذاذ الذي لا تجود البقعة بمثاله إلا قليلاً. اسمه عبدالله ولقبه الشعري (زيور). ولد في مدينة السليمانية عام ١٨٧٥م واكمل دراسته فيها، وسافر الى الاستانة عام ١٣١٧ رومي، وعند تخرجه منها عين معلماً في المدرسة الرشدية العسكرية في السليمانية سنة ١٣٢٤ رومي، وقد سميت هذه المدرسة في الحرب العالمية الاولى بالمدرسة التشويقية، ثم عين من بعد في المدرسة الاعدادية الملكية. وعندما تأسست الحكومة العراقية خدم في التعليم مدة ثلاثين سنة.

وقد اشتهر المرحوم الشاعر، اضافة الى ما تحلى به من كرم السجية وصفاء النية، بالظرف وحبه للنكت، وقد كان محبوباً لدى عارفيه، يستذوقون شعره ويستطيبون اخلاقه وله ديوان شعر غير مطبوع باللغة الكردية.

والى القاريء الكريم نتفاً من بعض اشعاره مترجمة الى العربية: (المعرفة تعلي من شأن الاقوام الفقيرة)

ولكن الجهالة تمحو أشد الشعوب، حتى لو كانت بكثرتها العددية كالتتر
ان العلوم والفنون كانتا سبيل السعادة
وما كان الجهل الا مسبباً للخيبة والخذلان

ومن اقواله يطعن اولئك المتعلمين الذين يستنكفون من ابناء بلادهم:

لا تستنكف ان تنتسب الى قومك حتى لو كنت محظوظاً ونابغاً،
لان العقوق أشد اعداء العبقري.
فلتكن كلمة الوطن بين شفتيك تتردد كما يتردد هديل الحمام بين منقاره.
وليكن ابداً على طرف لسانك وخافقاً في جوانح قلبك ليل نهار.

وقد كان ذات ليلة مع جماعة من الاخوان يستروحون في تموز على قمة جبل (تاريەر)، فوصف تلك الليلة:

النار تشع الحرارة على وجه الارض

والقمر وهو في السماء يبعث برودته على رؤوسنا
بخ بخ لحفيف اوراق السرو والعرعر
زەزە لغدير الحجل الذي يصيح في الجبال وقت السحر
فبرودة هذه الليلة المقمرة وحرارة هذه النار الملتهبة
اعطنا حالة معتدلة في ذلك المستقر
فمن جهة يتصاعد أزيز (السماور) وشنشنة اللحم
وقد أصبح لنا من الخاثر الحامض الطعم مزة للشاي المحلى بالسكر

هذه كلمة صغيرة في حق (زيور) راجين ان نعود الى اعطاءه حقه في مرة أخرى.

گۆڤاری نزار ژمارە (١٨) ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ ساڵی یەکەم.

ئەوەڵ و ئاخیرم نەزانی و جەهالەت بوو*

* لە ئەرشیفی کاک (مەحمود زێوەر)ەوە وەرگیراوە.

زێوەر نووسیویە:

ئەو ڕۆژەی کە ناردمیانە قوتابخانە تەصادفی نەورۆزی کرد، مامۆستاکەم وەرەقەیەکی نەورۆزنامەشی دا بە من پارەی بۆ بەرم، منالآن لە هەموو لایەکەوە هەڵئەپەڕین و نەورۆزنامەیان ئەخوێندەوە، منیش سەیرم ئەکردن. نەم ئەزانی بیخوێنمەوە، کە هاتمەوەماڵەوە دەستم کرد بەگریان، باوکم وتی بۆچی ئەگری ئەوە پارە بۆ مامۆستا، ئەوەش بۆ خەرجی خۆت، وتم بۆ پارە ناگریم، ڕەفیقەکانم هەموو ئەم کاغەزە ئەخوێننەوە من هیچ نازانم، وتی ڕۆڵە عاجز مەبە من فێرت ئەکەم، مقدارێک لەگەڵم خەریک بوو شیعرێ فێربووم (نوروز شد نوروز شد) ئەمجار وام زانی میرزا شەفیعم، خولاسە چەند ساڵێ لە قوتابخانە دەوامم کرد ئیملا و ئینشایەکی مختەصەر و سیادێکی چاکم پەیدا کرد لەو زەمانەدا مشاعرە باز بوو منیش ئەی شدە و افتاب و غەزەلی حافظ و کلیاتم ئەغلەب لەبەربوو، کەس نەبوو لە مشاعرەدا مەغلوبم بکا.

هەوەسی قوتابخانەم نەمابوو بە واسطەی نزیکی ماڵەکەمانەوە بەمزگەوتەوە مەیلی خوێندنی فەقێکانم کرد (مجاوەرە بە تأثیرە) زۆرم پێ خۆش بوو منیش دەوربکەمەوە (ئیلی بابەی) پێوە بلەرێنمەوە وەکو عادەت بوو دەستم کرد بەتەصریف و عەوامل، لەم کتێبانە چەند ساڵ دەوامم کرد: نحو، صرف، وضع و استعارە، منطق کلام و باقی علومی مستەعملە لە هەر شتە شتێکم خوێند ئیتر وام ئەزانی خۆم تەفتازانی زمانم، لە ئاخریدا لە عیلمی هەیئەت و حکمەت و حساب لە خزمەت عرفان ئەفەندیدا دەوامم کرد غرووریکی وام بەسەردا هات لە دڵا ئەم وت، ئیمامی شافعی، ابن حجر چین تابع بەقسەی ئەوان بم، ئەوان عەرەب بوون عەرەبی و صەرف و نەحوێکیان زانیوە و حەدیثی زۆریان لەبەر کردووە، حەدیث و ئایەتەکانیان کۆکردۆتەوە ناوی خۆیان ناوە (مجتهد) لە پاشا کە علمی تاریخ و جغرافیا بەعضێ لە طەبیعاتم تەعەلم کرد مەلای پێنجوین و مەکتەبەکانی سلێمانیم لا بووە نەخوێندەوار ئەم ووت ئەم فەقیرانە هەر شیعرێ ئەزانن ئەویش لە کتێبا، یا چەند کتێبێ ئەزانن هیچ لە دەرەجەی منا نابن، خولاصە کەوتمە ساڵەوە بەرەبەرە کتێببی تازە و مجەلەی تازە کە تەماشا ئەکەم وەکو ئەوەڵ ڕۆژەکەم لێ هاتووە کە چوومە قوتابخانە باوکیشم نەماوە مەقالەیەکی تازەم تەعلیم بکا با وجود ئەگەر بشمایە ئەویش ئەی زانی بەعضێ محاضەرەی رجالی عەصر لە غەزەتەکانا ئەخوێنمەوە هەر نازانم باسی چی ئەکا.

لە الهلال والمقتظفدا بەعضێ مەقالە ئەبینم بەقەدەر نەوروز نامەکەی لێ حاڵی نابم، بووم معلوم بۆ کە زۆر جاهل و نەخوێندەوارم، بەزەییم بەخۆما دێ کە عومرم هەموو صرف کرد و تێ نەگەیشتوو دەرچووم.

ژین ژمارە ٦١٨ شوباتی ١٩٤١

پێڕست

پێشەکی 7
زێوەر 10
بەشی کۆمەڵایەتی 17
پاڕانەوە و سکاڵا 19
لە کوردستانا گرانی 19
بۆ وەستا بیلال 21
گۆرانی ئینحیصار 22
گۆڕینی شیعری سەعدی شیرازی 24
لەسەر شێوەی هەورامی 25
بەهاری زێوەر 26
تەیارە 26
دیسان 27
سینەما 27
گاڵتە و گەپ و خۆ هەڵکێشانی قرژاڵ 28
چایخانەکەی دەروێش شەریف 30
درۆ 30
ئەزانم بینووسم 31
بولبولێ لای گوڵێ 32
بەرخی بێ دایک ئەگەر دەباڕێنێ 32
سەد تاجری دین 33
فەلسەفە 34
نەفست مەگەسە 35
باسی زستان 35
خەرقەیەکم هەیە 37
عەرەق ناخۆم 42
خۆڵ بارانی سلێمانی 44
ئابووری 45
وەرن یاران 46
نیشانەی مەحەببەت 47
دیاری 48
پەند و ئامۆژگاری 48
گاڵتە و قەشمەری 49
ئامۆژگاری 50
دیسان پەند و ئامۆژگاری 51

پەند و ئامۆژگاری 52
پەند و ئامۆژگاری 52
ئەی عالمانی حەق بین 53
گرتنی چەخماخسازەکان 53
کاربەدەستانی ئیستیبداد 55
ستایشی ئاسایش 56
باسی دونیا 57
سەرگوزەشتەی کاربەدەستانی دەوری عوسمانی 58
سیاسەت 60
ئامۆژگاری 60
چ خۆشە 61
من ئەلێم 62
شێتە هەر کەس 63
سیاسی نیم 63
تێک ڕژاون 64
فەلەستین 65
ئیستقبال بۆ تازە پێگەیشتووەکان 66
ئەی بولبولی 68
وەرامی زێوەر بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح 69
خوا بی خەرگۆشی 73
ئەم سپی و سوورە 74
بڕوام پێ بکەن 75
فەلسەفە 76
شاخی تاریدەر 77
مەتەڵ 77
جوابی مەتەڵ 79
خانەنشین 80
پردی وەتەن 80
نامەوێ 81
بەشی کوردایەتی 83
ماڵ جوێکردنەوە 85
ئەی شەماڵ 85
ئەم کوردە 88
کوردە ڕۆژی غیرەتە 89
کێیە 90

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان 91
هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن 94
مەعاریف 94
فەلسەفە 95
سەرزەنش 96
کوردێکم ئەوێ 96
لەم وەختە 97
خۆشەویستی و ئەوین 99
لابدە پەردە 101
بنازم 105
باعیشی دووریتە 106
کە تۆ ڕۆیی 107
ئەی نەفسی دەنی 108
دەماغ ئەمشەو 109
شێتی ڕووتە 110
مەحبووسی جەفات کردم 111
پەرێشانم 112
ئەساسی عەیشی 113
شکاندی 114
ئەنجومەن ئارایە 115
چ شیرین جیلوەیێکی گرتووە 116
کەسێ تەشبیهی باڵای تۆ 117
زاهید وەرە 117
یەک لەحظەی ویصالت 118
چاوی وەک بادامی تۆ 119
صوبحی گوڵشەن 120
هەرگیز 121
لە گۆشەی حوزنەدا 122
لابوون لە پەیوەندی 123
لە هیجرا 124
بەم فیرقەتی تۆ 125
چریکەی بولبولی دڵ 126
ئەی دولبەری شیرین 127
وا مەستی مەیی 128
بلە نەخشین 130

بەستراوی ڕاوی 131
بەینێکە 132
چ شیرینە چایی 133
پێم خۆشە 134
ئەم دەستە کە لەم شارە 134
لە عەشقی دوختەری ڕەز 135
مۆژەت 136
دنیـا 137
نەوبەهاری باخی حوسنم 138
گوڵبوونی قەدد 138
مەیتەری عەقلم 139
خۆراک و خەو 140
بێ ڕوویی تۆ 140
لە بەختی من 141
من لە سایەی حوسنی تۆ 142
قوربان 143
بە دوو زولفی 144
چۆن ڕەحمی ئەبێ 144
حەواسم 145
تکاندی ئابڕووی 146
دەمـێکە 147
تابی هیجرانم نەماوە 147
تا زولفی لەسەر چیهرە 148
دڵ 149
چاوەکەت بۆ من 150
دڵی من 150
تالیبی ڕووتم 151
ساقی بە جیلوە هەستە 152
ئەمـڕۆ 153
سـەبەب 154
هەموو دەم 155
گرتوومە لە عالەم صەنەمێ 156
نیگارا 157
کەوتمە داوی 158
لە غەیرە خاڵییە 159

با نەچێتە لای ڕەقیبان 159
بەئێشی نێشی 160
شوعاعی شەمس 161
بەهاری 161
وەک قەدەح چاوم 162
حەکیمی دەردی من 163
ئەو دولبەرە 164
چاوت شەهەنشەهێکە 165
یارێکی دڵ ئازاردەر 165
بەقامەت 166
مووچەم غەمە 167
گۆرانی و سرووده نیشتمانییەکان 169
ئەی کوردینە 171
گۆرانی هیوا 171
وا وەتەن خەملّیوە وەک گوڵ 172
فەخرە بۆ ئێمە کوردستان 172
ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی 173
وەتەنی من کوردستانە 174
کوردستان وەتەنمانە 174
بولبول بە نەغمەی 175
گۆرانی بۆ قوتابییان 176
ئەساسی ئەم مەدرەسەیە 176
گۆرانیی شاگرد 176
ئەی شاگردانی وەتەن 177
سەرکەوە کوردە 178
صلاح الدین سوڵتان 178
سندوقچەیی نەقدی بەدەنی 179
ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە 179
ئەی گوڵی گوڵزاری دین 180
قسەی شاگردێک 181
بۆ منالآنی قوتابخانە 182
بالۆرەی کچە کوردێک 182
ئەی عێراق ئەی عێراقم 183
خاکی بەرزنجە چەندە دڵگیرە 184
قسەی قوتابییەک 185

بناڵێنە بولبول 186
ئێمە وا دائیما بەدڵ و بەگیان 186
عەسر و زەمانی خوێندنە 187
خاکی عێراقم 187
جوگرافیای عێراق 187
حدود و چوار طەرەفی عێراق 188
ئیدارەی عێراق 188
نەهرەکانی عێراق 189
تیجارەتی عێراق – صادرە 189
تیجارەتی عێراق – واردە 190
نفووسی عێراق 190
خواناسین 190
بــاوک 191
دایــک 191
قوتابییەک نەصیحەتی ڕەفیقانی دەکات 192
گۆرانی فەلاح 192
گۆرانی کەشافە 193
قوتابی صەنعەتکار 193
حەکیم 193
سەعات 194
تۆپی پێ 194
شاگردێ تەشویقی ڕەفیقانی ئەکا بۆ خزمەتی وەتەن 194
دوو ڕێوی تەماعکار 195
پشیلەی ڕیاکار 196
تەمثیل 196
ژمـاره 196
ناوی ڕۆژکـان 197
بۆ کچان 197
شاری سلێمانی لەلام 198
قیرەقیری بۆق بەشەو (خلدونیة) 198
گۆرانی بەیداخ 198
لە مابەینی زەنبەق و گوڵەباخ دا 199
هاودەم 199
ئاشتی دوو دۆست 199
نیشانەی زانین 200

هەنگ 201
ورچی خەتیب و مەیموون 201
کۆتر و ڕاوکەر 202
هەموو شتێ قسە ئەکا 203
خوا 204
تــاووس 205
ستایش و پیاهەڵدان 207
ستایشی پێغەمبەر 209
بۆ جەژنی مەولوود 209
بۆ جەژنی مەولوود 210
جەژنی ڕەمەزان 210
سیتایشی حەزرەتی غەوثی گەیلانی 212
کاک ئەحمەدی شێخ 213
ستایشی شێخ عەلائەددینی بیارە 214
ستایشی شێخ مستەفای نەقیب 215
ستایشی شێخ عەبدولقادری سۆلە 217
بۆ صالح زەکی ساحێبقران 217
ستایشی ئەفراسیاب بەگ 218
لە ستایشی فەتاح خانی کوڕی حاجی ئەحمەدی سۆفی 219
لە ستایشی سەید عەلی کوڕی حاجی شێخ مستەفا 220
بۆ موفتی پێنجوینی 221
ستایشی باخی مزگەوت 222
خێرت قوبووڵە 223
ستایشی شاری بەغداد 223
ستایشی بەرزنجە 225
عەلی کەمال بەگ (بەیانی حەقیقەت) 226
شارێکی کوردستان (خانەقین) 227
بۆ ناجی بەگی هورمزی 228
چۆنیەتی ڕابوردووی شاری سلێمانی 229
لە ستایشی باخ 229
ناخوونی جەوری فەلەک 231
بۆ خدمەتی میری ڕەوشەن ضەمیرەمە عەلی بەگ زادە حەسەن بەگ تەقدیم 232
دوو حەسەن ئیبنی عەلی شوهرەتیان تاقافە 233
دوعای خالیسانەم 234
چ بەدبەخت چ سەرسەختم 235

مـوژده بێ 236
ڕۆژی جـەژن 237
نـزا 238
کێ شێخە 238
بۆ خزمەت شێخ مەحموود 239
دیسان بۆ خزمەتی شێخ مەحموود 241
بۆ خزمەتی شێخ مەحموود 241
ئەی خوێندەوارەکان 241
بۆ گۆڤاری گەلاوێژ 242
ئەمـڕۆ 242
بۆ گۆڤاری ڕۆژی کورد 243
بۆ بانگی کوردستان 243
سەرگوزەشتە 245
چیـرۆک 246
چیرۆکی سێ هاوڕێی چاوبرسی 248
چیرۆکی کۆمەڵایەتی 252
چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچی 256
کوڕە مەترسە 257
سەرگوزەشتەی خێوی ناو مزگەوت 260
ڕۆڵە بخـوێنە 263
سەرگوزەشتەی خوشک و برایەکی ئازا 264
باسی صۆفی کەریمی چەرچی 265
صۆفی کەریم خوازبێنی گوڵ بەهار دەکات 266
گواستنەوەی گوڵ بەهار 267
باوەخوون کردنی گوڵ بەهار 268
کەوتنە ڕێگای گوڵ بەهار و ڕەنجبەر 269
گرەوکردنی کوێخا لەگەڵ سەردار 273
پێنج خشتەکی لەسەر شیعری شاعیران 277
تێهەڵکێش لەسەر شیعرێکی حافزی شیرازی 279
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی مەلا ڕەشید (مائیل) 279
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی شێخ ئەوڕەحمان (نەسیب) 281
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی 282
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی طاهیر بەگ 283
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی مەحوی 285
پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی سەید ئەحمەد ئەلنەقیب 288

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی مەلا صاڵحی (حەریق) 290
پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی وافی 291
پێنج خشتەکی لەسەر شیعرێکی عەرەبیی جەمیل صدقی الزهاوي 292
چوار خشتەکییەکان 293
ئامۆژگاری و سەرزەنشت 293
بۆ شایستەخان 293
بۆ سەری پاکەتە جگەرە 295
بۆ دەرویش شەریفی چایەچی 297
مەحکەمەی ئیستیبداد 298
بۆ ڕەفیق حیلمی 298
تاک تاکە 298
مووەززەف 300
بەشی فارسی و تورکی 301
غـزلت 303
لەسەر ئیملای فارسی 306
بەشی تورکی 308
سوکواری بۆ شیخ سعیدی حفید 308
لە ستایشی متەصەرفی سلێمانی عەبدولمەجید بەگ یەعقووبی زادە 309
چی لەسەر زێوەر نووسراوە و خۆی چیی نووسیوە 311
ئەوەڵ و ئاخیرم نەزانی و جەهالەت بوو 319
پێڕست 320